# دێو بەهمەن

# دێو بەهمەن

ناوی نووسەر:محەمەد کەریم

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ:

نۆرەی چاپ: ٢٠١٧

تیراژ: دانە

نرخ: دینار

چاپ: چاپخانەی

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە

رۆمان

# دێو بەهمەن

محەمەد کەریم

1

# مژدەی مەرگ

هەر دەڵێی گلاراوم گرتووە! وەکو باڵندەیەکی کێوی کە تازە کرابێتە قەفەزەوە، لەناو زیندانە تاکە کەسییەکەمدا، ئارامم نییە، جێگە بە خۆم ناگرم، بە ناو ژوورەکەدا سەروملر دێم و دەچم. ئێستا ئیتر من پیاوێکی نیگەرانی چاوەڕێم، چاوەڕێی مەرگم.

لە مێشکی ئاڵۆزو جەنجاڵی خۆمدا، هەرچەند شتەکان تاوتۆێ دەکەم، هەست دەکەم، دەرەتانم نییە، دەرگای ئومێدم لێداخراوە. هیچ چارەیەکم نییە جگەلەوەی پێشوازیی لە مردنی خۆم بکەم، کە هێندە لێمەوە نزیکە بۆنی دێتە لووتم، زرم زرم، دەنگی پێی دێتە گوێم.

ئا، دڵنیام، تەمەنم چەند سەعاتێکی بێفەڕی ماوە، هەر چەند سەعاتێکی ترە، دێن و دەمبەن لە پەنایەکدا گوللە بارانم دەکەن. رەنگە چاویشم نەبەستنەوە، هەروا بمبەن و بمدەنە بەر رێژنەی گولله. گوایە دەیانەوێ بەو شێوەیە چاوشکێنم بکەن. ئای! کە گێل و دەبەنگن! ئێ خۆ من هەر دەمرم ئیتر چاوشکێنی چی؟ ئیتر تەڕەماشی چی؟ بەڵێ، بە دڵنیاییەوە دەمرم.

ئای! خۆ دەڵێی نوقڵانە بۆ مردنی دوژمنێك لێدەدەم! بەڵام چی بکەم؟ ئەمە راستییەکە و ناتوانم خۆمی لێ گێل بکەم. چۆن دەتوانی خۆت لە راستییەك گێل بکەی کە بەڵگەنەویستە؟ ئەگەر بمەوێ خۆمی لێ گێل بکەم. رێك دەبمە بلە بڕنەوی بەرزە دێ.

ئێستاش نازانم بۆچی ئەو بڕنەوە وەکو قیرو زفت بە ناوەکەیەوە دەلکێ، هەزار جار بلێی حاجی برایمی بەرزە دێ، یان حاجی برایم بالابەرز، کەس نازانێ کێیە، بەلام کە دەڵێی بلە بڕنەو یەکسەر ماڵەکەیانت پیشان دەدەن، سەیر لەوەدایە ئەم بلە بڕنەوە رقی دنیای لە هەموو چەك و چۆڵەیەك دەبێ، رەنگە لە رقی ئەوەی رقی لە چەك دەبێ ئەو ناوەی بەسەرا دابڕن. بلە بڕنەو تەمەنی حەفتاو حەوت ساڵی خشت دەبێ، تووشی شێرپەنجە دەبێ، سەرباری ئەوەش بای شەلەل لێی دەدا، لایەکی وشك دەکات، دەمیشی خوار دەکات، ئاخری دکتۆر پێی دەڵێ، دوو مانگت ماوە لەم دنیا رووناکەدا، کەچی خۆی لە هەموو شتێ گێل دەکات و بە دەمە خوارەکەی ناوە ناوە هەر دەڵێت: (ژن دێنم، ژن!) سەیر لەوەدا

دەبێ، ژنەکەی باوەڕ دەکات، ئەویش هەموو جارێ دەڵێت: (گوێی لێبگرن، بەخوا ژن دێنێ، ئەمە زاڵمە زاڵم، ئێوە نایناسن ...)

بەیانییە. هێشتا شار خۆی نەکێشاوەتەوە بۆ ئەوەی ماندوێتی شەو لە گیانی دەرکات. بەڵام، لە جیاتی هەموو شتێك مژدەی مەرگی خۆمم دەدەنێ. سەعات هەشتی بەیانییە، سمکۆ رێوی بە خۆی و دوو ئەفسەری تر و کۆمەڵێ پاسەوانەوە کە وەکو پیاوخۆر خۆیان دەنوێنن، دەگەنە سەرم.

وەکو دوێنێ بەیانی زوو لە خەو هەڵدەسم، لەو دۆلکە ئاوەی لە ژوورەوە، بۆیان داناوم دوو شڵپ ئاو دەدەم بە دەموچاومدا، قەیتانی پێڵاوە ئەدیداسەکانم توند دەکەم، شانەیەك دەهێنم بە قژ و ڕیشمدا و لە ژوورەکەی پێشەوە راوێچکە دەکەم.

ئەم ژوورەی پێشەوە، کە دەرگا و پەنجەرەیەکی لەسەرە، گەرچی رووبەرەکەی لە مەترو نیوێك بە دوو مەتر زیاتر نییە، کەچی بەکامی دڵ پیاسەی تێدا دەکەم.

پیاسەکردن لەسەر رووبەرێکی بچووك لە زیندانی بەعسەوە فێر دەبم. شەش دانە مانگ شەست و سێ کەس لە ژوورێکی چوار مەتر بە شەش مەتردا دەبین، بۆ ئەوەی لە بێجووڵەییدا گۆج و ئیفلیج نەبین، بە رۆژ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا جێگایەك چۆڵ دەکەین، کە مەترێك بە سێ مەتر دەبێت، دوو دوو، سێ سێ، بە سەرە پیاسەی تێدا دەکەین.

وەنەبێ من هێندە زرنگ بم و سەرم لە ئەندازیاریی و شتی وا دەربچێت، وەکو ئەندازیارێکی کارامە و بە ئەزموون، هەروا بەخێرایی

و بەتیلەی چاو پانی و درێژیی ئەم ژوورە لێك بدەمەوە. نا، نا، هیچ نەبێ ئێستا، ئەوەندە بەهۆش گۆش نیم، هەر بە کاشییەکانی درێژیی و پانی ژوورەکە حساب دەکەم. رۆژانێك ئیشی کاشیم کردووە، بۆیە هەر بەچاو دەزانم کاشییەکانی سی بە سین، پانییەکەی پێنج کاشی ڕێکە، درێژییەکەشی حەوت کاشییە و لووتی کاشی حەوتەم لە ژێر دیوارەکەدایە.

دەرگای ژوورەکە لە دیوی دەرەوە سێ قوفڵی زلی پێوەیە، لەو سورگییانە دراون کە لە پەنجەکەڵەی دەستم ئەستوورترن. پەنجەرەکەشی وەها بە کەتیبەی ئەستوور تەنراوە، پاڵەوانیش ناتوانێت بەئاستەم، شیشێکی خوار بکاتەوە. ژوورەکەی ناوەوە بچووکتر و تاریکترە. تەنیا یەك پەنجەرەی بچووکی هەوایی تێدایە، کە لە بەرزی بە بنمیچەکەیەوە نووساوە. ئەویش کەتیبەی پێوەیە. لە راستیدا ئەم زیندانەی منی تێدام و پێی دەڵێن زیندانی تاکە کەسی، لە چاو زیندانی تاکە کەسی سەردەمی بەعسدا، کە مەتر بە مەتر بوو، وەکو کۆشك وایە.

دیوارەکانی هەردوو ژوورەکە، وەکو مێزی خوێندکاری تەمەڵ بە نووسینی شەڕە پشیلە و وێنەی سەیرو سەمەرە تەنراون. بە جۆرەها قەڵەم و بە بەردو شتی تیژ لەسەریان نووسراوە و وێنەیان لەسەر کێشراوە، بەڵام هیچیان بەسەر هیچەوە نییە. زیاتر ئاوێنەی داخی دڵی ئەو کەسانەیە کە پێش من لێرە بەند بوون. نووسینەکان لەم بابەتەن: (ئاخ دنیا ! لەسەر وێنەی چەند شاخێك نووسراوە، دڵم

تـــەقی! کەسـێك نییـــە دوو قســـەی لەگـــەڵ بکـــەم. زەمانـــە چـــەند غەددارە! ئاخ فریشتە! لەسەر وێنەی کچێکی قـژ درێـژ نووسـراوە، زۆر جوانە. خودایە تۆ لە کوێی! لەسەر وێنەی پیاوێکی ریش سـپی نووسراوە، شمشاڵ دەژەنێ، مێشکم تەقی!) لەسەر وێنەی پیاوێك نووسراوە، ئەم وێنەیەم لەسەر پاکەتی حەب دیوە.

ئا، هەروەکو دوێـنێ بـەیانی دوای هەنـدێ شـناو و بڕێـك مەشـقی سـویدی، بــە چوســت و چـالاکییەوە هاتوچـۆ دەکــەم. چـاوەڕوانی نیسکێنە گەرمەکەی دوێنێ بـەیانیم. لـەپڕ تەپـەی مەفرەزەیـەك پـێ دێتە گوێم، کە لە تەقەی ناڵی سمی رەوەیەك وڵاخە بەرزە دەچێت، بە تەقەکەیدا هەست دەکەم وردە وردە نزیـك دەبنـەوە. هێنـدە نابـا سمکۆ رێوی و دوو ئەفسەری تر و چەند پاسەوانێکی تایبـەتی لەبـەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا قووت دەبنەوە. لەو یەکەم ساتەدا شتێك زۆر دڵخۆشـم دەکـات، درۆی نـەبێ، زیندانـە تاکـە کەسـییەکەم لـەبیر دەباتەوە. ئەویش ئەوەیە کە خـۆم بـەپێوەم و ناچـار نـیم لەبـەریان هەڵسم. لەوەتەی دوو گوێم رووداوەو هەستم بـەبوونی خـۆم کـردووە، ئەمەم کردووە بە خوو، هەر کـاتێ بـزانم کەسـێ شـایانی ئـەوە نییـە لەبـەری هەڵسـم، ئـیتر تەمـەنی سەدسـاڵ بـێ، سـەرکۆمار، پاشـا، هەرچییەك بێ، بەرلـەوەی بگاتـەجێ هەڵدەسـم و بەشـتێکەوە خـۆم سـەرقاڵ دەکـەم، ئـەو شـەرەفەی نـادەمێ کـە هەسـتبکات لەبـەری هەڵسـاوم. هەرچـەندە ئەمـەی ئـەم بەیانییـەم بـەپێی بەرنامـە

هەمیشەییەکەم نییە، ئەمما بەختەوەرم کە ڕاست لەگەڵ خووەکەی خۆمدا دێتەوە.

هەر لەگەڵ یەکەم سەرنجدا کە گەڵ و گیپاڵ و شێوەی بەستنی ئەستێرە و شتەکانی دیکەی سەرشانیان دەبینم، دەمودەست تێدەگەم هەر سێکیان ئەفسەری فەلن، پاسەوانە تایبەتییەکانیشیان شەپڕێویی و پەڕپووتییان پێوە دیارە. خودی سمکۆ ڕێوی کە نیشانەکانی سەرشانی لە هی دوانەکەی تر زیاترە. حاڵی لەوان شڕترە. لەوە ناچێ لە هەموو ژیانیدا دوو ڕۆژ جلوبەرگی سەربازیی لەبەرکردبێت یان یەکجاریش مەیدانی مەشقی دیبێت. لە کاتێکدا پاسەوانەکانی خێسەم لێدەکەن، خۆی لەوە زیاتر بوار نادا لە بالاّ خوارو خێچەکەی و روخسارە سوورکارەکەی ورد ببمەوە، بە دەنگێکی ناساز، تێم دەخوڕێ:

(تۆ دێو بەهمەنی؟) کەمێك لە دەموچاوە کونجەگەی رادەمێنم، ئەوسا بە ئارامییەوە دەڵێم:

(لەوە دەچێ.)

بزەیەك دەکەوێتە سەرلێوی، کە دەم پان دەکاتەوە ئەو قلّیشەی لەسەر لێوێتی تاڕادەیەك دیار نامێنێ. ئەوانەی دەوریشی کە تەماشای ئەو دەکەن، وەکو ڕۆبۆت جووڵەکەی ئەو دووبارە دەکەنەوە، بە زۆر بزە دەخەنە سەر لێویان. دەستی راستی دەخاتە سەر دەمانچە چواردەخۆرەکەی و بە گاڵتەپێکردنەوە پێم دەڵێت:

(لـەوەی چـی دەچـیٚ؟ وەڵـڵا بابـە ناوەکـەت خەسـار کـردووە، دەبووایە تۆ ناوت بەهمەنە فروج، بەهمەن مێشوولە، بەهمەن قلمۆتك یان شتێکی لەو بابەتە بووایە. لە دڵی خۆمـدا دەمـوت خوایـە دەبـیٚ ئـەم دێـو بەهمەنـە چ نـەڕەدێوێك بێـت. وامـدەزانی وەکـو دێـوی حیکایەتـەکان، زەلام دەکـەی بـە نەرمـەقووت و لـەڕێوە قـووتی دەدەی! تڕحێـوو... وەڵـڵا بابـە کتومـت ئەمەیـە کـە دەڵـێن: نـاوی گەورەو دێی وێران.)

هەموویان پێکەوە قاقا پێدەکەنن. دەنگی پێکەنینەکـەیان وەکـو هاڕەی هەرەسی کەڵەکە بەردیٚ لە ڕاڕەوەکـەدا دەنگدەداتـەوە. ئـەم ساتەوەختە لەو ساتەوەختانەیە کـە بـەهیچ جۆرێـك لـە نازناوەکـەم پەشیمان نیم. دان بەخۆمدا دەگرم هەتا پێکەنینەکەیان تەواو دەبـیٚ و هاڕەی حیلکە حیلکەکەیان دەنیشێتەوە، ئەوسا بەچاوی گـا کـڕین لـە قـەدو بـاڵای هـەموویان ورد دەبمـەوە، لـە کۆمـەڵیٚ سەرسـەری و شەلاتی و هەتیوباز زیاتر لە هیچ ڕەوە دەعبایەکی دیکە ناچن.

سمکۆ ڕێوی سوورفل و کونج، لەو پیاوانەیـە کـە سمێڵـی خۆیـان دەکـرۆژن، بۆیـە سمێڵـی لـە کـولکی سـەگی گـەڕ دەچـێت. دوو ئەفسەرەکەی ئەملاو ئەولای یەکێکیان ڕوخساری بـۆر و تێکسـمڕاو، ئەوی تریان زەردەڵ و لاوازو بێڕۆح. پاسەوانەکان هەموویان دەسـت و دەموچـــاو خـــاڵاویی، هەنـــدێکیان خـــاڵی سێکوچـــکەش بـــە لاچاویانەوەیە. لە کاتێکدا کە بە تەواوی دان بەپیتەکاندا دەنـێم، بـە دەنگێکی زوڵاڵ دەڵێم:

(خۆ بە زلی نییە، قوربان، دەزانی فیلیش زلە، کەچی بەو هەموو زل و زەبەلاحییەی خۆیەوە لە مشك دەترسێت و لە ترسی مشك کونەمشکی لێدەبێت بە قەیسەری!)

لەناکاو، چەشنی کەسانێ کە لە زەماوەنددا هەواڵی مردنی ئازیزێکیان بۆ هێنابن، هەموویان کپ دەبن و ڕەنگیان تێکدەچێت، سمکۆ ڕێوی لە هەموویان زیاتر ڕەنگی دەگۆڕێ، چەند سوورە ئەوەندەی تر سوور هەڵدەگەڕێ. چونکە لە یەك بەیەکیان کەتە و زلترە.

پاسەوانەکان وەکو گورگی برسی، دەکەونە دانەچیڕە لێم، چەشنی چەند سەگێکی هەوشار ساز و ئامادەن و تەنیا چاوەڕێی دەین، بۆ ئەوەی دەرگاکەم لێبکەنەوە و بە شەق و بۆکس و قۆناغە تفەنگ هێندەم بکوتن، هەتا دەبم بە پەڕۆ و زمانم لە گۆ دەکەوێ. گەرچی ئەوەم بەلاوە گرنگ نییە، چونکە گورزی خۆم وەشاندووە. دەبێ چاوەڕێی کاردانەوەش بم، بەڵام سمکۆ ڕێوی نایەوێ ئاواتی پاسەوانەکان بەدیبێنێ. نازانم هۆی چییە؟ ڕەنگە ئەویش هەروەکو سەگ لە پاسەوانەکانی بڕوانێ. باشە من بۆچی هەندێ پاسەوانی تایبەتیی و سەگ بە یەك چاو سەیر دەکەم؟ هەر چەندە لەم ئێرانەی دراوسێمان پاسەوانی تایبەتی، یان (بەدی گارد) بە(موحافز- پارێزگار) ناو دەبەن، واتە خۆی دەکاتە قەڵغان بۆ ئەو کەسەی پاسەوانیی دەکات، بەڵام هێشتا دەبێ داوای بەخشین لە سەگ بکەم. چونکە سەگ سونبولی ئەمەکە و هەندێ پاسەوان هی بێئەمەکی و نمەك بەحەرامی. سەگ یەکجار پارچەیەك نانی بخەیتە

بەردەم و بە ئاستەم خزمەتی بکەی، هەتا دەتۆپێ خزمەتت دەکات. کەچی هەندێ پاسەوانی تایبەتی ئاغاکەی هەرچییەکی بۆ بکات، هەر کە چاوی لێخلافاند، دەیەوێ گزیی لێبکات، دەیەوێ دەست لەگەڵ کچ و ژنەکانی تێکەڵ بکات. سەگ لە کاتێکدا کە هەڵمەتت بۆ دێنێ، ئەگەر بوەستی و لە شوێنی خۆت نەجوڵێی، شەرم دەیگرێ و پەلامارت نادات و قولت ناگرێ، کەچی هەندێ پاسەوانی تایبەتیی کاتێ سەگ ئاسا هەڵمەتت بۆ دێنن، ئەگەر دەست نەکەیتەوە بە هەلی دەزانن و باشترت دەکوتن. بەهەرحاڵ سەگ و پاسەوانی تایبەتی خزمایەتییەکیان هەر هەیە، وەك ئەوەی هەردوولایان بەرماوە خۆرن، هەردوولایان دەخرێنە پشتی ئوتومبیلەوە. هەمیشە بۆ قولگرتنی کەسی بێدەسەڵات حازر و ئامادەن، لەبەردەم ملهوڕیشدا کلکەلەقێ و مامەحەمەیی ... و دەکەن.

ئاخری سمکۆ ڕێوی لە کاتێکدا وەها ڕووی خۆی گرژ دەکات دەتوانم لۆچەکانی تەوێڵی بژمێرم، بە شێوەیەکی بازاڕییانە دەڵێت:

(خۆ دەتوانم ئێستا پاسەوانەکانم بنێرمە ژووری، وەکو ژن بێنە گژت.)

پاسەوانەکانی بۆ ساتێ دەگەشێنەوە، کەچی ئومێدیان دەبڕێ، کە دەڵێ:

(بەڵام، نا، تۆ ڕاست دەکەی قوربان! بە زلی نییە، گاش لەناو گایەلدا زلە، ئەمما هەرچەندە تۆ ڕێوەڵە و گرگنی، دەتوانم زلت بکەم، مەسەلەن سۆندەیەك دێنم و سەرێکی دەبڕمە پاشەڵت، ئەوسا بەم کوڕانە دەڵێم فووت بدەن هەتا بەقەد یەك بەرمیلت لێدێ، بەڵام،

نا، نـەخێر، کەسـت پێـوە مانـدوو ناکـەم، ئـەوە نـاهێنی، خـۆ شـەو ساڵێکی نەماوە، هەرچەند سەعاتێکی ترە، وەکو شاعیرو ماعیرەکان دەڵێن دەبێتە میوانمان، ئەوسا بە گوللە قسـەت لەگـەڵ دەکـەم، بـە دەسـتی خـۆم گوللـە بارانـت دەکـەم، پیـاو نـەبم سـەرت نەکـەم بـە دەغیلەی فیشەك و نەینێرمەوە بۆ باوکە دەویتەکـەت، شەرتبـێ بـە شەرتێ خـوا، بـە دەسـتی خـۆم حـەفتا و پێـنج دانـە فیشـەکت تێدا خەسار بکەم.)

بـەم شـێوەیە ڕێـوی بـە یـەکجاریی خـەونی پاسـەوانەکانی زیندەبەچاڵ دەکات. دەشێ جۆرە دوژمنایەتییەك لە نێـوان سـەگ و ڕێویدا هەبێ و من ئاگام لێی نەبێ.

وشە بە وشەی قسەکانی دەرزی ئاسا دەچن بـە پـەڕەی دڵمـدا و دەرزی ئـاژنی دەکـەن، گەرچـی دەسـتم لـە خـۆم شـۆردووە، بـەڵام نامەوێ بە وشەی بازاڕیی وەڵامی بدەمەوە. هەرئەوەندەم بۆ دەکرێ دەڵێم:

(بـێ منەتبـە.) لا دەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بـڕوات، لـەپڕ بەسـەرما دەنەڕێنێ.

(باشـە، مـن و تـۆ و ئەمشـەو.) کـە مـن بـەبێ بایەخپێـدان و بـە هێورییەوە دەڵێم:

(باششش.)

ئێـدی بێـدەنگ دەکەوێتـەڕێ و ئـەوانیش بـە دوایـدا، تەقـەی پێڵاوەکانیان وردە وردە دوور دەکەوێتەوە، تا دەنگی نامێنێ.

## 2

# بەور

که ئـەوان دەڕۆن ئـیتر کەللـەم وەکـو شـارە زەردەواڵەیـەك کـە دەمی کونەکەی گیرابێ ئاڵۆزییەکی تێکەوێ ئەوسەری دیار نییە. بـە خێرایی دەکەومە پیاسە. مەلی خەیاڵم لە شەقەی باڵ دەدات.

(( تەمـەنم پـانزە شـانزە سـاڵانە، لەگـەڵ چـەند برادەرێکـی چـەتوونمدا لـە گردەکـەی سـەرووی گـەڕەك سـەرقاڵی زەردەواڵـە سەربڕینین. جەژنمانە، چونکە شارە زەردەواڵەکە لـەناو عـەردێکی رووتەندایـە، کارەکـەمان ئاسـانترە وەك لـەوەی لـە نـاو دڕك ودالْ و

پــووش و پەڵاشــدا بێــت. قوتوویــەکی دۆشــاوی تەماتــە دەهێــنین، دەیخەینە ســەر دەمــی کونی شــارە زەردەواڵەکــە، ئینجــا بــە بزمــار کــونێکی بچــووك دەکەینــە ســەری قوتووەکــە، هێنــدەی ئــەوەی زەردەواڵــەی لێــوە بێتــە دەرەوە، مــن پارچــە قەیــدێك دەگــرم بەدەستمەوە، هەر زەردەواڵەیەك لـە کونەکـەوە سـەر دەردێـنێ ئـازا ســەری دەبــڕم. ئــەوان یــەکی پارچــە تەختەیــەکیان گرتــووە بــە دەســتیانەوە و پاســەوانیی مــن دەکــەن. نــەبا زەردواڵــەی تــر لــە دەرەوەی شارەکەوە بێتەوە و پێمەوە بدات. دەبێ ئاگاشـیان لـەوە بێت زەردەواڵەکانی ناو شارەکە لە درز و کـون و کەلەبـەری دیکـەوە ســەر دەرنــەهێنن و پێمانــەوە بــدەن. ئەگەرچــی ئەمــە یارییــەکی قورســە، بــەڵام خۆشــە، بەشــبەحاڵی خــۆم زۆرم لــەلا خۆشــە. لەبەرئەوەی زۆرجار زەردەواڵە پێوەی داوم و ژانی خستۆتە دڵمەوە، بۆیە زۆر لەزەت لە سەربڕینیان دەبینم. هەروا بـۆ خۆشـی نـاو بـەناو سەر دەنـێم بـەزەوی تەنیشـت شـارە زەردەواڵەکـەوە، گرمـەگرمێکم دێتە گوێ و ئالۆزییەك هەست پێدەکەم ئەو سەری دیار نییە.))

هەنووکە سـەری خـۆم بۆتـە ئـەو شـارە زەردەواڵەیـە، ئـەمانیش گەرەکیانە سووك و ئاسان چەشنی زەردەواڵەیەك سەرم ببڕن. هەروا بەخێرایی پیاسە دەکەم، هەرچـەندە لـە تـاو ئـازاری پشـتم خەریکـە ئەژنۆم دەشکێ و بەدەما دەکەوم، بەڵام خۆم دەگرم و توند پـێ بـە زەویدا دەنێم، خەیاڵم بە هەزار لادا پەرتـدەبێ. لـە سـەرێکەوە ژن و

مناڵەکانم و دایك و باوك و خوشك و براو هاوڕێکانم دێنە بەرچاوم، لە دڵی خۆمدا، بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە یەك بە یەك بۆ دواجار ماڵئاواییان لێدەکەم. لە سەرێکی ترەوە ئەم مەرگە خەریکە پرزەم لێدەبڕێت.

ئاخر، چ شتێ لەوە ناخۆشترە لەسەر شتێ بتکوژن کە یەك زەڕە باوەڕت پێی نەبێت؟ چی لەوە ناخۆشترە بە هەموو وجودی خۆتەوە نەفرەت لە شتێ بکەی، کەچی بە زۆری زۆردارەکی بتکەنە مورید و دەرویشی!

قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ئاوا لە بەرامبەر مەرگدا بێدەسەڵات بم، رەنگە هۆی سەرەکی ئەوە بێ کە هیچ باوەڕم بەو شتە نییە کە لەسەری دەکوژرێم. لە داخدا خەریکە کەللەم دەتەقێ، دەگەمە ئەو باوەڕەی بە کەللە لە دیوارەکان بەربم و وەکو بەران خۆم بکێشمەوە و بە سەر لە دیوارەکان بسرەوێنم، بەم شێوەیە خۆم خۆم بکوژم و نەیەڵم سمکۆ رێوی بە ئاهەنگی کوشتنم شاد بێت.

بێئەوەی هەستی پێبکەم زەنگوڵ زەنگوڵ فرمێسکەکانم دەکەونە بەرپێم و سەر پێڵاوە ئەدیداسەکانم. خەریکە چۆکم دەشکێ و توانای ڕۆیشتنم نامێنێ و لەپێ دەکەوم. هێدی هێدی ورە دەدەمە بەرخۆم و دەدەمە لایەنی بێباکی، ئیتر گاڵتەم بە دنیا دێت، خەریکە وەکو ئەو کابرایەم لێدێت لە رقا، هەتا هێزی تێدایە خەنجەرێك لەسەر رانی خۆی دەچەقێنێ.

گەرچی پشتم شەقار شەقارە، پشت ڕاست دەکەمەوە و خۆم ڕێک دەکەمەوە. وەك ئەوەی لە بەردەم جەللادەکانی بەعسدا سردووی ئەی ڕەقیب بڵێم، هیوا وەکو پشکۆ ناخم دەگەشێنێتەوە، بڕست و توانام زیاد دەکات. گۆرانییەکەی ناسری ڕەزازیم بیردەکەوێتەوە، لەبەرخۆمەوە بە دەنگە زوڵاڵەکەی ئەو دەست دەکەم بە چڕینی (هیوا هیوا .. لەناو دڵمانا .. هیوا وا ڕوا ...)

خۆم گرژ دەکەم، خۆم جیڕ دەکەمەوە، قورستر پێ بە عەردەکەدا دەنێم. وادەزانم ئەم زەوییە بۆیە دروست بووە، تا من بە کامی دڵی خۆم، بە کەش و فشەوە بەسەریدا بڕۆم. بە خۆم دەڵێم نابێ هەرگیز چۆك دابدەم، هەتا گوللە یەك بە یەکی دەمارەکانم دەقرتێنێ دەبێ هەروا بە تۆکمەیی و بە ئازایی ڕێبکەم. (مرۆڤ یەکجار دەمرێ و دەبێ بە جوامێریی بمرێ.) ئەمە قسەی ناخی ناخمە.

باشە، ئەم پیاوە ترسنۆکانە چین؟ تا سڵیان لێ بکەمەوە. من دەیانجار ڕووبەڕووی مەرگ بوومەتەوە و سڵم لێ نەکردۆتەوە، گورگم دیوەو لێی نەترساوم، ئاخر ئەمجارە بۆ بترسم؟ بۆ ئازایانە ڕووبەڕووی ئەم مەرگەش نەبمەوە؟ دەبێ هەتا گوللە نەمخات نەکەوم. دەبێ نەیەڵم سمکۆ ڕێوی هەست بە نەشئەی سەرکەوتن بکات، باشە بۆ دەبێ حەفتا ساڵ بژیم؟

ئێستا سی و پێنج ساڵ تەمەنمە، خۆ سی و پێنج ساڵی تریش بژیم هەر دەبێ بمرم، ئیتر بۆ دەبێ سڵ لە مردن بکەمەوە؟ ژیان کەی ئەوە دێنێ خەمی لێبخۆی؟

سی و پێنج ساڵ تەمەنم بەڕێکردووە، دڵنیام باقییەکەی لەمە ناخۆشتر نەبێ، خۆشتر نابێ. یان دووبارەبوونەوەی ئەم ساڵانەیە یان ناخۆشتر. ئیدی خەم لە چی بخۆم؟ ئەسڵەن ژیان ئەوە دەهێنێ خەمی لێ بخۆی؟ ژیان خۆی چییە جگەلە گەمەی بەربەرەکانێ. دەبێ بەربەرەکانێی مردن بکەم. دەبێ تروسکەی ژیان لەناو تونێلی مەرگدا بدۆزمەوە. دەبێ هەتا ئەو کاتەی گوللەکانم پێوە دەنێن، بەربەرەکانێ بکەم، نابێ هەرگیز تەسلیم بم، تازە نابێت فێری تەسلیم بوون بم، (من ئەسڵەن تەسلیم بوون فێر نەبووم.) ئەمەم لە کێ بیستووە؟

کێ دەڵێ دەرفەتێکم نابێ بۆ هەڵاتن؟ نا، نەخێر، تەواو، دەرفەتی هەڵاتنیش نەما، بڕیاربوو بمبەنەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی گوایە ئەو بەڵگانەیان دەستبکەوێت کە پەیوەندیی من بە دەزگای سیخوڕیی حزبەوە دەسەلمێنێ.

خەمی ئەوەم نییە ئەوان چییان دەستدەکەوێ؟ ئەوەی بەلای منەوە گرنگە. ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە بۆ راکردن، هەموو هیوایەکم لەسەر ئەوە هەڵچنیووە، فرسەت بێنم و ڕابکەم. گرنگ نییە

لەوکاتەدا کە رادەکەم لە دواوە تەقەم لێدەکەن و دەمکوژن. گرنگ ئەوەیە هەڵبێم و بە زەلیلی نەمکوژن.

وەلێ تەواو ئەو ئومێدەش نەما، سمکۆ ڕێوی ئەو ئومێدەشی نەهێشت. دەیانەوێ بەرلەوەی دەستم بە کەس بگات بە پەلە بمکوژن و لە کۆڵ خۆیانم بکەنەوە. گوایە پیاوێکی خەتەرم! بۆیە خێرا هەموو شتێك تەواودەکەن. ئەشکەنجەیەکی دەروونیی و لێکۆڵینەوەیەکی فشە، دەیانەوێ زوو بەزوو بمکوژن. کەواتە جگەلە مەرگ هیچم لە بەردەمدا نییە. دەبێ پێشوازیی لە مەرگ بکەم. دەبێ ئازایانەش پێشوازیی لە مەرگ بکەم. دەبێ هەتا دەکەومە سەر زەوی بەربەرەکانێ بکەم.

لەپڕ مناڵەکانم دێنە بەرچاوم، وەکو منالانی شەهیدانی تر، کزۆڵە، مات و مەلوول و چاو بەفرمێسك، باوەش بە شان و ملمدا دەکەن. پێم دەڵێن:

(بەجێمان مەهێڵە، ئێمە بەبێ تۆ ناتوانین بژین.) دەنگیان لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، ناو گوێم پڕ دەکات، ژوورەکەش پڕدەکات، لە دیوارەکانی هەردوو ژوورەکەوە دەنگ دێتە دەرێ. لە چاوی مناڵەکانم دەڕوانم، وەکو باڵندە چاویان تەڕە، بە هەنسك و فرمێسکەوە ماچم دەکەن و دەڵێن:

(باوکە گیان بەجێمان مەهێڵە، ئێمە هێشتا زەڕنەقووتەین، ئاخر بەبێ تۆ چۆن بژین؟ وەکو مناڵەکانی مامە بەرزەك بێنازمان مەکە، ئێمە بەبێ تۆ چۆن ڕێگەی ژین ببڕین، چۆن خوێندن تەواو بکەین؟)

قورگم پڕ دەبێ لە گریان، ئیتر خۆم پێناگیرێ و ورە بـەردەدەم، دەست دەکەم بە گریان، بە هێواشـی دەگـریم و فرمێسـکەکانم هـۆن هـۆن دەکەونـە سـەر نـووکی پیلاوەکـانم. بـە دەم گریانـەوە گۆرانییەکەی حەمە جەزا دەڵێمەوە: (بـرام دوورو خـزم دوورو کەسـم دوور.. بـە نابەڵـەد تەمـەن ئـەمبا بـەرەو ژوور ...) دەگـریم و لـە پیاسەی خۆم ناکەوم.

(( دیمەنێکی بیست ساڵی داهاتووم دێتە بەرچاو. کچـەکەم زانکـۆ تەواو دەکات و داواکاری دێت، بەرلەوەی ماڵی زاوا بێن، کوڕەکەم لە هـەردوو مامەکـەی دەپاڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە ڕۆژی داواکردنەکـەدا ئامادە بن، تا ماڵی زاوا نەڵێن بێکەس و کارن. کەچی هیچیان نایەن، لەبەرئەوەی کچەکەم ئەو کوڕەی خۆشدەوێ، ژنەکەم یەکسەر بەبێ پرسی ئەوان، بـە دڵـی کچـەکەم دەکـات و قایـل دەبێـت بیـدات بـەو کەسەی خۆشی دەوێ. ژنەکەم دەوری باوکیش دەبینێ و لە شـوێنی مـن دادەنیشـێت، کوڕەکەشـم لـە کـاڵیی و بێئەزموونیـدا سـوور هەڵدەگەڕێ و نازانێ چۆن ڕەفتار بکات.))

کـە ئـەم دیمەنـە دەبیـنم دەنگـی گریـانم بـەرز دەبێتـەوە بـانگ هەڵدەدەم. ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر حەزم لە ژیانە، لەبەر هیچ نا لەبەرئەوەی لە داهاتوودا مناڵەکانم بێناز و لارەمـل نـەبن. ئێسـتا لـە هەموو کاتێ زیاتر هەست بە مەسئوولیەت دەکـەم، لەگـەڵ ئەوەشـدا تروسکەی هیوا بەدیناکەم، هیچ چارەیەکم نییە دەبێ بـەرەو مـەرگی خۆم هەنگاو بنێم.

بۆ دۆزینەوەی تروسکەی هیوا، وەکو فیلمێکی سینەمایی دیمەنی ئەو کەسانەم دێتە بەرچاو کە چەند ساتێ بەرلەوەی لە سێدارە بدرێن، فریادڕەسێك فریایان دەکەوێ و لە چنگی مەرگ قوتاریان دەکات.

پیاوێك دەبینم توورەکەیەکی ڕەشی دەکەنە سەر، پەتەکە دەکەنە ملی، لەوەدایە ئەفسەرە ڕەنگ دێزەکە بە جەللادەکە بڵێ:

(ئادەی.) بۆ ئەوەی شەقێك لە کورسی ژێرپێی پیاوەکە هەڵبدات و ئەویش وەکو چۆلەکەیەك کە بە دەست منداڵێکی چەتوونەوە بێ، تەوقی سەری گرتبێ و بڵێ:

(چۆلەکە سەمام بۆ بکە بەرتەیەم.) بکەوێتە سەماو جۆلانە. لەپڕ کەسێك خۆی دەکات بە ژووری سێدارەدا و دەڵێ:

(ڕاوەستن، گەورەم فەرمانی لە سێدارەدانەکە هەڵوەشایەوە.)

***

کابرایەکی دێوانەی سەر و پرچ درێژ دەبینم، سەری خستۆتە سەر ملپەڕێنەکە، کابرای جەللاد شمشێرە دەمپانەکەی دادەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی سەری لە لاشەی جیا بکاتەوە، لەپڕ پاشا کە تەماشای ئەم نمایشە قێزەونە دەکات، هاوار دەکات و دەڵێت:

(ڕاوەستن، ئەم پیاوە تاوانبار نییە، ئەگەر تاوانبار بووایە ئاوا بێباکانە ڕووبەڕووی مەرگ نەدەبۆوە، ئازادی کەن.)

***

دیمەنی ئەو پێشمەرگەیەم دێتەوە بەرچاو کە دەیبەین گوللە بارانی بکەین، بەو تۆمەتەی گوایە خیانەتی کردووە، دە پێشمەرگەین، دەبێ یەکی دوو فیشەکی پێوە بنێین، دەمانەوێ چاوی ببەستینەوە، دەڵێ:

(پێویست ناکات.) چاوانی وەك چاوانی بەور، کاڵ و ترسناکن، ریز دەبەستین و میلی تفەنگەکانمان دەهێنینەوە، دەبێ من یەکەمجار تەقەی لێبکەم، نامەوێ یان ناتوانم سەیری ناو چاوانی بکەم، چونکە پڕن لە بەرائەت و زۆر تۆقێنەرن. پەنجە دەخەمە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەم، دوودڵم، دڵم دەڵێ بێتاوانە، بەڵام هەر دەشبێ تەقەی لێبکەم، فەرمانی حزبە و رەتکردنەوەی بۆ نییە، لەپڕ دەنگێکم دێتە گوێ:

(راوەستن، بەور بێتاوانە.)

ئاهێکم بە بەردا دێتەوە و لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(ئۆخەی، هەر بەڕاستی بەورە.)

***

شەهید فریاد چاوشینم دێتە بەرچاو، کە لەناو شار راوی بەعسیان دەکات، بەدەمانچە چواردەخۆرەکەی زیاد لەسەد کەسی رەوانەی دۆزەخ کردووە، لوولەی دەمانچەکەی دەخاتە ناو گوێچکەی راستی پیاوێکی تێکسمڕاوەوە، لەوەدایە بیتەقێنێ، کابرا بە دەنگێکی زوڵاڵ دەڵێ:

(دڵنیابە لە مەرگ ناترسم، بەڵام دڵنیاشبە لێت گۆڕاوە و من ئـەو کەسـە نـیم کـە تـۆ دەتـەوێ راوی بکـەی.) فریـاد دەسـتی بـە دەمانچەکەیەوە وشـك دەبێـت. بـۆ یەکـەمجار هەسـتدەکات خەریکـە بێتاوانێـك دەکوژێـت. ئەمـە هاوڕێتییـەك لـە نێـوان فریـاد و کـابرای تێکسـمراودا دروسـت دەکـات، هـەتا فریـاد شـەهید دەبـێ، سـوێند بەسەری یەك دەخۆن.

دەیان دیمەنی دیکە دێتەوە بەرچاوم. کەچی هێشتا ئومێدم بەوە نییە، جەللادەکانی مـن ئەوەنـدە دادپـەروەر بـن و نـەمکوژن، بـەڵام نامەوێ ترسنۆکانە رووبەڕووی مەرگ ببمەوە.

وردە وردە چـۆکم شـل دەبـێ، چـیتر نـاتوانم هـەنگاو هـەڵبێنم، دەڵێی لە قوڕدا چەقیوم، دەمەوێ ورە وەبەر خۆم بدەمەوە ناتوانم. دەمەوێ بەسەر پێوە بم ناتوانم، سەرم گێژ دەخوات، بەچیچکانەوە دادەنیشم، دەست دەبەم دوو دەنك حەبی خـەو دەکەمـە دەممـەوە، بتڵـە نایلۆنەکـە دەنـێم بـە سـەرمەوە ئـاودیوی دەکـەم، لەسـەر بەتانییەکە درێژ دەبم، تەواو گێـژم دەکـات، دەمـەوێ بخـەوم. چـش چی دەبێت بابیێت، وردە وردە دەچمە باوەشی خەوەوە.

# 3
# بەزمی دەڵەك

لەپڕ خەبەرم دەبێتەوە، تەماشایەکی چوار دەوری خۆم دەکەم، ئەوسا دەزانم لە کوێم. بەرەبەیانێکی ساردە، مچوڕکە بە لەشی مرۆڤدا دەهێنێ. دنیا رووناك بۆتەوە، بەڵام هێشتا یەکەم گزنگی خۆر دامێنی شاخ و بەرزاییەکانی سنوورەکەی ماچ نەکردووە. تاك و تەرا نەبێ کەس بەخەبەر نییە. ئەو هەموو خەڵکە وەکو کاروانێك، کە رێگایەکی دووری تەی کردبێت، هەریەکە لە جێگایەکدا هەڵاژاون. خۆشگوزەرانیی شاریان بەجێ هێشتووە. سیپاڵێ، بەڕەیەك، پارچە

کومبارێکیـــان راخســـتووە، بەتانییـــەکیان داوە بەخۆیانـــداو لێـــی خەوتوون.

سەرکردەکانیش، کە یەکی ریزێ ئۆتۆمۆبیلیـان پێیـە، بەتایبـەتی ئەوانـــەی هێشـــتا فریانەکـــەوتوون ژن و منداڵـــەکانیان بنێـــرن بـــۆ هەندەران، بەخاو و خێزانەوە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکانیاندا حەواونەتەوە. هێشتا دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە چادر هەڵبـدەن و عـەیش و نۆشـی خۆیانی تێدابکەن.

کەم کەس هەیە وەکـو مـن کیسـەخەوی پـێبێ و گـوێ بـە وشـکە سەرمای ئەم سەر سنووره نەدات. کەمێك زنجـیری کیسـە خـەوەکـەم دەکەمەوە و چاوانم هەڵدەگلۆفم. شاخەکەی بەرامبەرم کـە لەوبـەری ئەو چەمەوەیە کە بە سنوور لە قەڵەم دەدرێ، هەتا چاو هەتـەر دەکا درێژ بۆتەوە و هـەتا دوورتـریش بکەوێتـەوە زیـاتر تەمومـژاوی دێتـە بەرچاو.

لەم بەیانییەدا کە هێشـتا خەڵکەکـە جموجوڵیـان تێنەکـەوتووە و بەیەکدا نەهاتوون، ژاوە ژاوو هاتوهاوار دروست نەبووە. هاژەی ئاوی چەمە گەورەکە، تاکە دەنگی زاڵی ئەم ناوەیە.

کـــە بیردەکەمـــەوە، تووشـــی سەرســـوڕمان دەبم، وەك مـــەرگی لـــەناکاوی کەسـێکی زرت و زینـدوو، ناچـێتە عەقڵمـەوە، هەرچـەند دەکەم بڕوا ناکەم. ئاخر چۆن ئێمە بەم هەموو چـەك و تەقەمـەنی و هێزەوە لە ماوەی چەند سـەعاتێکدا لـە سـنوور تونـد کـراین؟ ئـاخر

دوێنیٚ بەیانی ئەم حەلانە نەك هەر لە شوێنی خۆمان جوولّەمان نەکردووە، بەڵکو مێشیش میوانمان نییە.

دەوری چێشتەنگاوە، قسەی قەڵەو قەڵەو دەکەین و باسی بەرگریی و شتی لەو بابەتە دەکەین. سەیر لەوەدایە من بیٚ خەیاڵ لە بڕیاری سەرکردە ئازاکان! پێموایە دەتوانین بەرگریی بکەین و نەیەڵین دوژمن یەك بست بێتە بەرەوە. هەتا دوای نیوەڕۆش کاتێك لە بارەگاکەمان دەچمە خوارەوە، لە زاڵگەی هێزەکەمان دەوەستم و لێشاوی ئەو هەموو خەڵك و سەرکردەیە دەبینم کە لە شەوێوە بەرەو سنوور کەوتوونەتەڕێ.

هەر کە پرسیارم لێدەکەن یان کە ناسیاوێك دەبینم باسی بەرگریی بۆ دەکەم. دەنك گومانم لەوە نییە دەتوانین بەرگریی بکەین. وەلیٚ دەمەوعەسر کە دەگەڕێمەوە سەرەوە و دەبینم فڕکان فڕکانەو کوڕ ئەو کوڕەیە بتوانیٚ بە زووترین کات سەری خۆی دەرکات و بەرەو سنوور بقوچێنیٚ، وەك ئەوەی لە سەربانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە، تووشی سەرسووڕمان دەبم. دەبینم تەنانەت بارەگاکەی خۆشمان چۆڵیان کردووە. تەنیا تاك و تەرایەکی وەکو من ماونەتەوە. خەڵك و هێزی سەربازیی بە پیادە و بە سوارییە، وەکو ڕێچکەی مێرووله بەرەو سنوور بەڕێوەن. کچ و ژنی ناسك و نازداری وا وادەبینم هەر بە جلوبەرگی مۆدە و پیلاوی پاژنە بەرزەوە کەوتوونەتەڕیٚ، وەك ئەوەی هێزی دوژمن بە دوایانەوە بێت فریای

ئەوە نەكەوتوون خۆیان بگۆڕن. خەڵكی وا دەبینم بەناچاری بەرەو سنوور ملی ڕێی گرتووە، لە ساڵی ئاشبەتاڵەكەوە لە جادەی قیر لای نەداوە، بەڵام ئێستا بۆ بەرژەوەندیی خۆی، خۆی هەڵواسیوە بە حزبی (A) داو تازە شانی خۆی ئارداوی كردووە و لە ترسی حزبی (B) ناوێرێ دابنیشێت. بەلاشمەوە سەیر نییە كە هەندێ خەڵكیش نابینم كە دڵنیام هەتا دوێنێ وەكو مانگا ئەم حزبی (A)یان دادەدۆشی و خۆیان بە كوڕی دڵسۆزی ئەم حزبە دەزانی. چونكە ئەوانە وەكو حەربا وان و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەر ڕۆژەی بەشێوەیەك ڕەنگی خۆیان دەگۆڕن، بەرژەوەندییان لە كوێ بێت، لەوێ كلكیان تۆز دەكات و كوڕی هەموو دەسەڵاتەكانن.

كاتێ سەرنجی بارەگای سەركردە باڵاكان دەدەم كە كردوویانە بە وێرانە و ئەو ئۆتومبیلانەشیان سووتاندووە كە بۆیان دەرنەچووە، دەگەمە ئەو باوەڕەی دوژمن چەند سەد مەترێكی ماوە بگاتە سەرمان. بۆیە بیری بەرگریی لە كەللەمدا دەبێت بە بیری هەڵاتن. دەچمە ژوورەكەی خۆم و بۆ جلوبەرگەكانم دەگەڕێم. وەك ئەوەی دز چووبێتە ژوورەكەم هەموو شتەكانم تێك و پێك دراون. پاڵتۆ سەربازییەكەمیان بردووە، بەڵام كیسە خەوەكەم ماوە و دەستی لێنەدراوە. كە چاوم پێی دەكەوێ ئاهێكم پێدا دێتەوە.

لەئان و ساتدا خۆم ئامادە دەكەم بۆ ڕاكردن. بەرلەوەی بكەومەڕێ براكەمم دێتەوە یاد. ئەوەم بیردەكەوێتەوە كە سەر

لەبەیانی دایکم تەلەفۆنی بۆ کردم و بەدەم گریانەوە پێی وتم، ئاگام لە براکەم بێت. چونکە منالّ و نەکردەیە. کاتێ سۆراغی دەکەم، دەزانم ئەویش بەجێی هێشتووم و تێی تەقاندووە. بەلامەوە ئاساییە و هێندە گرنگ نییە.

هێشتا لەناو بارەگاکەدام دەرگای ژووری فەرماندەی بالای هێزەکەمان کە خراوەتە سەرگازی پشت، سەرنجم رادەکێشێ. یەکەمجارمە ببینم ئەو دەرگایە بەئاچوغی بەجێ بهێلرێ و پاسەوانێك وەکو دار لەبەردەمیدا نەچەقێ.

هێزێکی نادیار پالّم پێوەدەنێ سەرێ بکێشم و چاوێ بە ژوورەکەدا بخشێنم. دەچمە بەردەرگاکە و بە ترسەوە دەمەوێ بچمە ژوورەوە. وێنەی فەرماندە و ژنەکەی لەناو دەرگاکەدا کەوتووە. پێی پێدادەنێم و خۆم دەکەم بە ژووردا، شووشەی وێنەکە لەژێر پێمدا قرچە دەکا و دەشکێ. قرچەی شووشەکەی ژێر پێم، رووداوێکی سەیرم دێنێتەوە یاد.

(( لە پۆلی سێی ناوەندیم، هاتوهاواری خۆپیشاندان دەستی پێکردووە، دیتە چەند مامۆستایەکی عەرەب و بەعسی لە خوێندنگاکەی ئێمەن، هێشتا لای ئێمە هیچ نەبووە، بەڕێوەبەرەکەشمان ئەگەرچی پیاوێکی باشەو بەعسی نییە، ئارامیی خوێندگاکەی پێخۆشە، چونکە ترسی ئەوەی هەیە لە کاتی خۆپیشاندانەدا قوات خاسەکان بێنە وێزەمان و بە کێبلّ و قۆناغە

تفـەنگ کەلەپاچـەمان بکـەن. مـن لـە خـەمی بەڕێوەبـەر تێدەگـەم، چونکە هەموومان بە کـوڕی خـۆی دەزانـێ و نایـەوێ تووشـی کێشـە بین، بەڵام خەریکە دڵم دەتەقێ، مەراقی شتێکمە. چـەند ڕۆژێکـە لـە کـاتی تـەواو بـوونی دەوامـدا دوو دوو ئیزنمـان دەدەن، بـۆ ئـەوەی قەرەباڵغی دروست نەبێت و دەرفەتی خۆپیشاندانمان نەبێت. دوێـنێ لە کاتی تەواو بوونی دەوامـدا مامۆسـتای کیمیـا پێـی وتـین: "تـەنیا بابەتی ترش و تفت و خوێ داخڵە بۆ تاقیکردنەوە." بارانە، دوو دوو بەرەو ماڵەوە رادەکەین و هاوار دەکەین، "ترش و تفت و خوێ." بـۆ یەکـەمجار وانـەی کیمیـا سـوودێکی دەبـێ و نیمچـە خۆپیشـاندانێك دروسـت دەکـات. ئـەمڕۆ خۆپیشـاندانە، مامۆسـتا بەعسـییەکان لـە ترسدا نەهاتوونەتەوە، من تـەنیا مـەراقم شـتێکە، دەچـمە پۆلەکـەی خۆمانــەوە، چــەند خوێنــدکارێکی لێیــە، هــاوار دەکــەن و ســروود دەڵێنەوە. سەیرێکی وێنەکەی سەدام حسێن دەکـەم کـە لـە سـەروو تەختە ڕەشەکەوە هەڵواسـراوە، هـەر لـە شـوێنی خۆیـەتی. لـە دڵـی خۆمدا دەڵێم:"بوەستە ئێستا دەتکەم بە بووك." مێزێك رادەکێشـمە بـن وێنەکـەوە و دایـدەگرم، خوێنـدکارەکانی تـریش دێنـە پێشـەوە، وێنەکە نادەمە دەست کـەس، لەسـەر مێزەکـەوە هەڵیدەدەمـە سـەر کاشـییەکانی بـەردەمی تەختــە ڕەشــەکە، شـڵپە دەکـات، لەســەر مێزەکــەوە خــۆم هەڵدەدەمــە ســەری و وردو خاشــی دەکــەم، خوێندکارەکانی تریش دەیخەنە ژێـر پـێ، ئـیتر دڵـم تـەخت دەبـێ و

مەراقم نامێنێ. داخی هەموو ئەو ڕۆژانەم لە دڵ دەردەچێ کە ماموستا بەعسییەکە هەر ڕۆژەی بە یەکێکمانی پاك دەکاتەوە.)

لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەوەستم، چاوێکی پێدا دەگێڕم. چەند دەرزەنێ ستیان و مایۆ دەبینم کە هێشتا بەکارنەهاتوون. تفێك دەکەمە سەر زەوییەکە و جنێوێك بۆ جەنابی فەرماندە ڕەوانە دەکەم.

بەپەلە دێمەدەرێ و دەچمەوە ژوورەکەی خۆم. وێنەی شەهید بەرزەکی برام هێشتا بە دیوای پشت مێزەکەمەوەیە. لێی دەکەمەوە و دەیخەمە بن دەستم. بەرەو دەرگای دەرەوە دەکەومەڕێ. بەڕێکەوت لەوکاتەدا پاسێکی هێزەکەی خۆمان کە لە خوارەوە دێت دەگاتە بەردەرگا. هاوارێکی لێدەکەم و دەوەستێ. دەستەی زاڵگەکەن، خۆیان پێچاوەتەوە بۆ ڕاکردن. جگەلە (بی کەی سی) یەك هەموو چەکە قورسەکانیان بەجێهێشتووە.

تاڕادەیەك ئێمە کلکی ئەو کاروانەین کە زۆر بەپەلە کەوتۆتەڕێ. هەرچەندە پێشمەرگەکان پرسیارم لێدەکەن و هۆی ئەم هەڵاتنە خێرایەم لێدەپرسن حەوسەڵەی وەڵامدانەوەم نییە، هەر ئەوەندەم دەڵێم، نازانم. لە ڕاستیشدا نازانم چۆن وا لە ماوەی چەند سەعاتێکدا هەموو شتێ هەرەسی هێنا و بەرەو سنوور هەڵاتین! بیر لە قسەی ئەو کادرە دەکەمەوە کە دوو ڕۆژ بەر لەئێستا پێی دەوتین.

(دڵنیــابن ئێمــە قــەت تێــك ناشــكێین، دەزانــن ئێمــە فڕۆكــەی مێگیشمان هەیە!) یەكسەر قسەی ئەو فەرماندەیەم بیردەكەوێتــەوە كە چەند ساڵێ بەر لە ئێستا زوو زوو دەیوت:

(كادر جگە لەدرۆ و فیشاڵ هیچ شتێ نازانێت.)

هەژدە كەس لە پاسەكەداین. پاس هەڵتەك هەڵتەك دەڕوات، هــەر یەكــەمان لــەناو جیهانــە تایبەتییەكــەی خۆمانــداین، كــەس تاقــەتی قسەكردنی نییە. لە نیوەی ڕێگە شەومان بەسەر دێت.

تفەنگەكەم خســتۆتە باوەشمــەوە، چــاوم لێكنــاوە، بــەو نیــازەی سەرخەوێك بشكێنم. لەناكاو هەست دەكەم پاسەكە دەوەستێ. گوێم لێیە باسی ئــەوە دەكــەن، شــوان دەڵــەك بــەخۆی و دە چــەكدارەوە ڕێگــەی گرتــووە، دەیــەوێ هــەر كەسـێك بەبەردەمیـدا بـڕوات چـەكی بكات.

ئەم هەواڵە ئەوەندەی تر ئەژنۆی هێزەكەی ئێمە دەشكێنێ كــە دووســەد كــەس كــەمتر نییــە، بــەبێ ئــەوەی شــەڕی كردبــێ هــەر لــە خۆیەوە ئەژنۆی شكاوە. لەناو پاسەكەدا، دەبێت بە مقۆمقـۆ، باســی ئەوە دەكەن لەبەرئەوەی ئێمە لــە دوای دواوەیــن چــەكمان دەكــەن. كەواتە باشـترین شـت ئەوەیـە، بەچـەند چـەكێ شـوان دەڵـەك قایـل بكەین، تا ڕێگەمان بدات بڕۆین. لەم كاتەدا ئەو كادرەی كــە دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا جەختی لــەوە دەكــردەوە ئێمــە هــەرگیز تێكناشــكێین.

ئێستا جەختی لەوە دەکردەوە ئێمە بەشەڕ دەرەقەتی شوان دەڵـەك نایەین. باشتروایە بە (بی کەی سی) یەکە و هەنـدێ چـەکی تـر رازی بکەین و بڕۆین.

من هەر خۆم بێدەنگ کردووە. بیر لەوە دەکەمەوە چۆن لە رۆژی تێکشـکاندا خـەڵکانی ترسـنۆکی وەکـو شـوان دەڵـەکیش دەبـن بـە قارەمان!

چـاك چـاك شـوان دەڵـەك دەناسـم. لـە ترسـنۆکیدا ئـەو نـاوەی بەسـەردا دابـڕاوە. رێـوی یـان دەڵـەك لای میللـەتانی تـر رەمزیـی زیرەکییە، بەڵام لە کوردەواریی خۆماندا، رەمزی ترسنۆکییە. شـوان دەڵـەك، سـیرمەیەکی کەڵەگەتـە، ئێسـتا کـەمێك سـەرو سمێڵـی بـۆز بووە. دەڵـێن هـەر مرۆڤێـك شـێوەی ئـاژەڵێکی تیایـە، هەیـە لەشـێر دەچێ، هەیە لەپڵنگ، هەشە لە مانگا، هەیـە لـە کـەمتیار، هەیـە لـە بەراز، هەشە لە کەرکەدەن دەچێ. جارێکیان لە دێیەك کابرایەك پێم دەڵێت:(دەزانی تۆ بچکۆلە و چوسـت و چـالاکی هـەر بێچـووە پڵـنگ دەچیت.) منیش دەیکەم بە گاڵتە و دەڵێم:(نـا، نـا، خـۆم دەزانم لـە بەچکە پشیلە دەچم.) هاوڕێکانم قاقا پێدەکەنن، کابراش لە تەریقیدا شین و مۆر دەبێتەوە. ئەم شوان دەڵەکەش هەر بەڕاسـتی بەشـێوە لە دەڵەك دەچێت، دەموچـاوی باریکەلـە و لـووتی درێـژ، ددانـەکانی دەرپـەڕیون. لـە پێشـمەرگایەتیدا شـەڕ نییـە تیایـدا راینـەکردبێت. دواجار لەبەرئەوەی فەرماندەیـەك لەسـەر ئـەو هەڵاتنـەی لـە شـەڕدا

سوێندی لێ دەخوات بیکوژێ. لە ترسی کوشتن خۆی دەکاتەوە بەناو رژێمدا. رەنگە لۆق درێژیی و لەڕولاوازییەکەی هاندەری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی هەمیشە لە شەڕدا رابکات. وەکو دەڵەکیش لێزان و ئۆینبازە، ئەگەر بزانێ شەڕێك کۆتاییەکەی سەرکەوتنە، بەرلەوەی تەپڵی سەرکەوتن لێبدرێ، بەهەمان خێرایی راکردنەکەی لە کۆتاییدا خۆی دەگەیەنێتەوە مەیدانی شەڕەکە.

هەموویان لە بێدەنگییەکەی من بێزار دەبن، خەریکە دیق دەکەن. دواجار کادرەکە کە ئەوەندە قەڵەوە بەر ورگی خۆی نابینێ، لەوە زیاتر خۆی پێناگیرێ و پێم دەڵێ:

(دە تۆش قسەیەك بکە، دێو بەهمەن). بە تووڕەییەوە پێی دەڵێم:

(هەر کەسێ چەك بدات بە شوان دەڵەك بە دەستی خۆم دەیکوژم.)

هەرچەند مقۆمقۆ دەکەن و پرسیارم لێدەکەن، لەوە زیاتر ناڵێم، هەموو راو تەگبیرەکەیان هەڵدەوەشێنمەوە. زۆر لە پێشمەرگەکان پێیان خۆشە. بەڵام کادرەکە لە ترسدا رەنگی پێنەماوە لێوی خۆی دەکرۆژێ و ناوێری هیچیش بڵێت، چونکە ئێستا بازاری قسە نییە و کاتی کردەوەیە، قسە یەك پوولی قەڵب ناکات. مەرج نییە ئەو قسەیەم نیشانەی جەربەزەییم بێت و لە ئازایەتیمەوە سەرچاوە بگرێت. رەنگە لە بێزاریمەوە بێت، چونکە پێم وایە ژیان ئەوە

ناهێنێ مرۆڤ دوای ئەو هەموو ساڵەی پێشمەرگایەتیی و سەربەرزیی سەر بۆ ترسنۆکێکی وەکو شوان دەڵەك شۆڕ بکات. بەشبەحاڵی خۆم ئەوەم پێ قبوڵ ناکرێت.

کاروانەکە وردە وردە دەکەوێتەوە رێ. زۆر لەوانەی ناو پاسەکە رەنگی مردوویان لێنیشتووە. هەندێکیشیان زیتەی چاویان دێت و لە من دەڕوانن، دەزانم ئەوانە هاوڕای منن، بەڵام هیچ ناڵێم و دامناوە بۆ کاتی خۆی. کابرای کادر وەك ئەوەی تازە جەڵتەی دڵ لێیدابێت نەك هەر ئەژنۆی، پەلوپۆشی شکاوە. بەرلەوەی لەو ملەیە نزیك بینەوە کە بە حساب شوان دەڵەك زاڵگەی لێداناوە، دەست دەدەمە تفەنگەکەم و دەڵێم:

(کێ تاقەتی شەڕی هەیە با دابەزێت.)

پێنج کەس دەست دەدەنە تفەنگەکانیان و دادەبەزن، منیش لەوە زیاترم پێویست نییە بۆ کوشتنی شوان دەڵەك و دەستەکەی، بە شۆفێری پاسەکە دەڵێم:

(ماوەیەك بوەستە هەتا ئێمە دەچینە پێشەوە، پاشان بە هێواشی بکەوەرەڕێ.)

دەکەومە پێش هەر پێنجیانەوە، بەلای راستی رێگاکەدا هەڵدەگەڕێین کە بەرزترە و بەسەر ئەو ملەیەدا زاڵە کە شوان دەڵەکی لێ وەستاوە، پێیان دەڵێم:

(قوربانی دەست و تفەنگتان بم، غیرەت و ئازایەتی بۆ ئەمرۆ نەبێت بۆ کەی باشە؟ هیچ باکتان نەبێت و دوودڵ مەبن، هەر کە

نزيك بووینەوە، بەبێ ئەوەی دەنگیان بدەین سەرو مەخزەنیان پێوە دەنێین و تۆزیان دەبەین بە ئاسمانا.) هەموویان سەری ڕەزامەندیم بۆ دەلەقێنن، وەك ئەوەی شكستمان لەبیرچووبێتەوە بە چەند دەقەیەك دەگەینە شوێنی مەبەست. پەنجا مەترێكمان ماوە بچینە سەر ڕێگاكە، پێیان دەڵێم:

(تفەنگەكانتان بخەنەسەر سەلێ و میل بهێننەوە، هەركە دەستی ڕاستم بەرزكردەوە تەقە دەكەین.) دەمەوێ لەگەڵ تەقەكردنەكەدا بە هەموو قووەتی خۆمەوە قوولەیەكی بۆ بكەم و بڵێم:

(من دێو بەهمەنم، خۆت بگرە شوان دەڵەكی ترسنۆك، من هەر پێشمەرگەكەی جارانم.)

مانگەشەوەكەی زۆر ڕووناك نییە، بەڵام بە باشی تارمایی زەلام دەبینی. تەواو لە شوێنەكە وردەبمەوە و سەیری دەوروبەریشی دەكەم یەك كەسی لێنییە. هەناسەیەكی ئۆخەی هەڵدەكێشم، زۆرم پێخۆشە بەو ئاخری و ئۆخرییە خوێنی چەند كەسێك نارێژین و چەند خوشك و دایكێك ڕەشپۆش ناكەین.

پاسەكە لە دوورەوە وەستاوە، چاوەڕێی ئەنجام دەكات، یەكێك لە برادەرەكان دەنێرم، پێی بڵێن بێت بەڕێوە. كە دەچینەوە ناوپاسەكە، تفەنگەكەم دەخەمەوە باوەشم و لێی دەخەوم، كاتێ چاو دەكەمەوە، سەعاتێك دوای نیوەشەوە، گەیشتووینەتە سەر سنوور.

# 4
# لافاوی تەپ و تۆز

سێ حەفتەیە لەناو تەپوتۆزدا دەژیم، قـژم چەشـنی خـوری مـەڕ ڕەق بـووە. بیسـت و یـەك ڕۆژە جگـە لـە دەسـت و دەموچـاوم ئـاو بەرگیانم نەکەوتووە. هێندەی نەماوە ئەسپێ تێمبدات. ناو گەرووم و سییەکانم توێژاڵی قوڕ داپۆشیوە.

بارەگاکەمان لەسەر چەقی ڕێگاکەیـە، ئەگـەر بکـرێ پێـی بـوترێ بارەگا، چونکە لە کەڵەکەبەردێ زیاتر نییە. هـەر سـەرکردەیەك یـان

پاسەوانی هەر سـەرکردەیەك بـە لانـدگرۆزەری مۆدێـل بـەرزەوە بـە خێرایی دەدات بەلاماندا، فەردەیەك تەپوتۆزمان بەسەردا دەبـارێنیٚ. بـەردەوام تـۆز و خـۆڵی ئوتومبیلمـان بەسـەردا دەبـاریٚ. دەڵێـی لـە ناوجەرگەی بیابانەکانی خوارووداین و گەردەلوول هەڵیکردووە.

لـەو بـاوەڕەدا بـووم سـەرکردەکان دەرس و پەنـد لـەم شکسـتە وەردەگـرن و چـیتر خۆیـان لـە خـەڵك و پێشـمەرگە جیاناکەنـەوە. کەچـی هــەر کـە لــە سـنوور دەپەڕینــەوە و لــە شـوێنی مەترسـی دەردەچـین، دیســان دیــوار لــە نێــوان خۆیــان و پێشــمەرگەدا دروستدەکەنەوە. دیسان عەیش و نۆشی خۆیـان دەسـتپێدەکەنەوە. بەکردەوە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەوان لەسەر بەردیش بێت هەر میرن و وەکـو مـیر دەژیـن. بۆیـە ئێسـتا بـە تـەواویی گەیشـتوومەتە ئـەو باوەڕەی کە ئەمانە قەت دەرس و پەند وەرنـاگرن، هـەر لـە تەنگانـە دەرچوون دەچنەوە سەر خووەکەی جارانیـان. پێموابـوو کـردەوەی هەندیٚ لـە سـەرکردەکان لـە نەزانینـەوە سەرچـاوە دەگرێـت، بـەڵام ئێســتا دەزانم بــە دەســتی ئەنقەســتە. هەنووکــە دەزانم زۆربــەی سـەرکردەکانی ئێمـە سـەیرترین ئەکتـەری ئـەم دنیایـەن، هەرچـی دەکەن جگەلە نواندن شـتێکی دیکـە نییـە. هەمیشـە بـە دەم شـتێك دەڵێن و بە کردەوە شتێکی دیکە دەکەن. سەرکردەیەك لەبـەردەمی خەڵکـدا هــاوار دەکــات: (ئێوەمــان لــە پشــت بــیٚ بەغــداش رزگــار

دەکـەین.) کەچـی بـۆ بـەیانی دەیبیـنم بـەرەو سـنوور رادەکـات. سـەرکردەیەك بـڕۆ بـۆ لای وەهـا گوێـت لێـدەگرێت، هـەموو گیـانی دەبێت بە گوێ، کەچی دوای ئەوە هەرچی دەکات پێچەوانەی ئـەو شـتانەیە کـە پێـت وتـوە! سـەرکردەیەك باسـی ئاشـتی و تـەبایی و یـەکڕیزیی دەکـات، کەچـی بـەیانی شـەڕ قـەوماوە و کۆمـەڵێ کـوڕی هەژاریش بوونەتە قوربانی. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیـە درۆ بـەدەم شەهیدەکانیشەوە دەکەن، یان شەهیدەکان دەکەن بـە شـایەتی درۆ و دەلەسەکانی خۆیان، وەها باسی دڵسۆزی و پاکی بێگەردی خۆیان دەکەن، شەهیدەکان قەرزاربار دەکـەن، بـە مـەش هەمیشـە نایـەڵن شـــەهیدەکان لـــە گۆڕەکانیشـــیاندا ئـــارام بگـــرن، هەمیشـــە رایاندەچڵەکێنن.

ئەمێستا ئـەوان شـاهانە دەژیـن و ئێمـەی پێشـمەرگەی دامـاویش خـواردنی سـێ ژەمـەمان بریتییـە لـە ناوسـاجی و چـا. گوایـە ئـەم خواردنانە حازر بەدەستن. بۆیە من تەواو بێزاربووم لەم جۆرە ژیانە. ئەم جیاوازییـەی نێـوان ئێمـە و ئـەوان، وەکـو دارکونکـەرە خـەریکـە مێشـکم کلـۆر دەکـات، هەرچـەند دەکـەم چـیتر ئەمـەم پـێ قـووت ناچێت.

بە هیچ شێوەیەك ئەمەی ئێستا لە پێشمەرگایەتی جاران ناچێت، جاران هەموومان یەکسان بووین، لەسەر یەك خوان نانمان دەخوارد،

پێڵاوی یەکمان لەپێ دەکرد، جلوبەرگی یەکمان لەبەر دەکرد، خۆمان جلوبەرگی خۆمان دەشۆرد، هەموومان خەفەریاتمان دەگرت و خزمەتی یەکتریمان دەکرد، پێکەوە لە یەك سەنگەردا شەڕمان دەکرد، پێکەوە خوێنمان دەڕژا و ئاوێتە دەبوو، هەموومان بەپێ دەڕۆیشتین و پیادە بووین.

دە رۆژ زیاترە بیر لەم مەسەلەیە دەکەمەوە. ئاخری ئەمشەو دەگەمە بڕیاری کۆتایی، کە چیتر ناتوانم درێژە بەم ژیانە بدەم کە لە ژیانی سەگ دەچێت. دەمەوێ هەرچۆنێ بووە خۆم بکەمەوە بەناو شاردا، واز لە هەموو شتێ بێنم و سەری خۆم کز بگرم، هەر ئیشێ بێت دوور لە حزبایەتی بیکەم و ژیانی خێزانەکەم دابین بکەم. بەر لەوەی رابکەین بەشی حەفتەیەك گوزەران پارە لە ماڵماندا هەبوو. نازانم ئێستا بەچی دەژین؟ دەمەوێ هەر ئەمڕۆ، دوای نیوەڕۆ فرتەی بۆ بکەم و چیتر نەبمە مقاشی شەڕی ناوخۆ، کە هەتا ئێستاش نازانم ئەم شەڕە لەسەر چییە و کێ هەڵگیرساندووە؟ ئێمە بۆچی شەڕ دەکەین و لەسەر چی شەڕ دەکەین؟

ئێستا لە قەراغی ئەو چەمە خوڕەم کە لە دۆڵێکدایە و هەر کیلۆمەترێ لە بارەگاکانمانەوە دوورە. سابوونێك و گوێزانێکم پەیداکردووە، دەمەوێ هەرچۆنێك بێت سەرم بشۆم و ریشم بتاشم. دەبێ چەندان شارۆچکەو زاڵگە ببڕم تادەگەمەوە شارەکەی خۆم،

بۆیە ناکرێت بەم سەر و سیمایەوە خۆم بکەم بە شارۆچکەکەی نزیك سنووردا. هەتا بلێی مێشکم جەنجاڵە، دوودڵ و نیگەرانم، لەسەر بەردێك دادەنیشم و گوێ بۆ هاژەی ئاوی چەمەکە شلدەکەم. چاوی تێدەبڕم مەیلەو سەوزە، خۆی دەکێشێ بە تاوێرەکانی ئەملاولایدا و بە خوڕ سەرەو خوار دەکشێ. لەبەرخۆمەوە دەڵێم:

(دەبێ ئاوی چەند چۆمی ئاوا بتوانێت تاوانەکانی شەڕی ناوخۆ بشواتەوە؟)

شەرواڵەکەم هەتا سەرووی ئەژنۆم هەڵدەکەم، دەمەوێ بچمە ناو ئاوەکەوە.

(( هەڵوێستەیەك دەکەم، ئەو کاتانەم بیر دەکەوێتەوە کە لە زیندانی بەعسدا، لە ئاودەستخانەیەکدا خەریکە خۆم دەشۆم، ئاوەکەی زۆر ساردە، بۆیە دەستپێکردن لە دوو شێواز بەدەر نییە، یان دەبێت یەکسەر تەشتێك ئاو بکەم بە سەرما و داچۆقەم پێبکەوێ، یان دەبێ وردە وردە بە کاوەخۆ بە جامولکە ئاو گیانم تەڕ بکەم. شێوازی دووەم فت، چونکە تەنیا یەك چارەکە سەعات کاتم هەیە بۆ خۆشۆردن، دوای ئەوە زیندانیی دوای من دەگاتە سەرم و لە دەرگای ئاودەستخانەکە دەدات و دەڵێ کاتەکەت تەواو بوو. وشکە سەرمای ئەو خوارەش ئەوەندەی تر گیانم دەهێنێتە لەرزین، بە هەردوو دەست تەشتە ئاوەکە بەرز دەکەمەوە بۆ سەر

سەرم، قیروسیای لێدەکەم و دەیکەم بە سەرما، وەك ئاژەڵێکی بەرباران کە خۆی رادەوەشێنێ و باراناوەکە لە خۆی دەتەکێنێ، مچوڕکە بە لەشما دێت و لە حەیبەتا خۆم رادەوەشێنم، خەریکە دڵم دەوەستێ، هەڵم لە گیانم بەرز دەبێتەوە. ))

گاڵتەم بە هۆش و گۆشی خۆم دێت، خەریکە بە پێڵاوەکانەوە دەچمە ناو ئاوەکەوە. پێڵاوەکانم دادەکەنم و وەك ئەوەی پێ بە هێلکەدا بنێم هێواش هێواش دەچمە ناو ئاوەکەوە، ساردییەکەی مچوڕکە بە لەشمدا دێنێ. یەکسەر ترسێك دامدەگرێ. هەرکاتێك دەچمە قەراغی ئاوێکی خوڕ، حیکایەتی ئەو ژنەم بیردەکەوێتەوە کە بەخۆی و شەش منالّی وردەوە لە کەناری چەمێك جل دەشوات، لەپڕ لافاو هەڵدەسێ و بەخۆی و منالّەکانییەوە رایاندەماڵێ و هەموویان دەخنکێن. چەندان ساڵەم ئەم حیکایەتەم لەبیرە بەبێ ئەوەی وردەکاییەکانی بزانم، لەمە زیاتری لێ نازانم، نازانم ئەو ژنە کێ بووەو لە کوێ ژیاوە؟ لەچ سەردەمێکدا ژیاوە، جوان بووە یان ناشیرین، بێوەژن بووە یان مێردێکی مل هوڕی مل قەوی هەبووە. هەوڵیشم نەداوە بزانم، ناشزانم کێ بە منالّی بۆی گێڕاومەتەوە.

بەهەر دەردەسەرییەك بێت سەرم تەڕدەکەم. سابوونەکەی لێدەدەم کەف ناکات. دوای چوار جار تەڕکردن و سابوون لێدان کەف دەکات. ئیدی قوڕ بە لاملمدا نایەتە خوارەوە، بەهەر حاڵێك بێت کەمێك سەرم پاك دەبێتەوە.

لـە ئاوەکـە دێمـە دەرەوە، بـە پشـتوێنەکەم کـەمێك قـژم وشـك دەکەمەوە، بەرامبـەر بـەردێك دادەنیشـم. چـیلکەیەك لـە گوێزانەکـە گیردەکەم، بە ئاوی ئەو قووتوەی لەبەردەمما دامنـاوە، سـابوونێکی باش لەڕیشم دەدەم، لەبەر ئـەو لەتـە ئاوێنەیـەی لەسـەر بەردەکـەی بەردەمم دامناوە، دەست بەڕیش تاشین دەکەم، لەبەر ئەوەی بیست و چوار رۆژە ریشم نەتاشیوە گوێزانەکە بە ئاسانی دایدەماڵێ.

لە روخساری خۆم رادەمێنم. تاڵاوی رۆژگار بە سیمامەوە دیـارە، ئەو زیادە گۆشتەی لەسەر چاوی چەپمە هەر وەکـو خـۆی ماوەتـەوە نـە زیـادی کـردووە نـە کـەم. شـێتییەك لـە نیگامـدا بەدیدەکـەم کـە نیشـانەی سەرسـەختی و کەللەڕەقیمـە، ئێسـتاش وەکـو گـەنجێکی نۆزدە ساڵ رەفتار دەکەم، شتێك باوەڕم پێی نەبێت دێو پێم ناکات. شتێکیش باوەڕم پێی بێت، هەر دەیکەم ئەگەر سەریشم دانابێت.

خـۆش ئەوەیـە تـەنیا بـە قسـەی خـۆم دەکـەم. سـەرکردایەتی بنکردایەتی هەر خۆمم. لەگەڵ خۆم راستگۆم، چـونکە خـۆمم و یـەك دیوم هەیـە بـەبێ رتـوش، چـاك چـاك خـۆم دەناسـم، دەزانم نـاتوانم شتێك بکەم کـە بـاوەڕم پێـی نـەبێت، خـەڵکی چـی دەڵـێن بـابیڵێن، دەمی خەڵکی بە من ناگیرێ، هینی خۆم نییە بینوقێنم، بۆیە قسـەی خــەڵکی فــەرامۆش دەکــەم. ئەگــەر بمــەوێ بــە قســەی خــەڵکی

بجولێمەوە، وەکو مەیمون هەڵمدەپەڕێنن. باوەڕی تەواوم بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت:

(کردە پەشیمان بە نەك نەکردە پەشیمان.) بەخۆم دەڵێم:

(هێی دێو بەهمەن، ئەم سەرچڵی و سەرسەختییەی ئەمجارە سەرت پیێ دانەنیێ، ها!) وەڵامی خۆم دەدەمەوە:

(چییە قارەمان دەڵێی دەترسی؟ لای خۆی بڕیارت داوە هەر قارەمان بیت! شەرم لە خۆت بکە هێشتا هیچ نەبووە، ڕەنگت زەرد بووە، من و ترس؟ ئای لەم داوەشینە! سەرێکە و هێناومە و نایبەمە دواوە، چی دەبیێ بابیێ، مردن مردنە لنگە فرتیێ چییە؟)

(( ساتەوەختێکی سەیرم بیردێتەوە، دەمەو خۆرئاوابوونێکی رۆژانی کۆڕەوەکەیە، چوار پێشمەرگە، بە تاقم و تفەنگەوە لە ئۆردوگایەکین، هەریەکەمان لە ماڵێك، بەرنامەمان وایە بەیانەکی زوو بەرلەوەی هێزەکانی حکومەت بگەنە سەرمان فجوقی بۆ بکەین. لە حەوشەی ماڵەکەدا پیاسە دەکەم، ژنێك بە خێرایی لە گەڕەکی سەرەوە بەرەو خوار دەڕوات، گوێم لێیە یەکێك لێی دەپرسێت: "ئەوە خێرە وا بەپرتاو دەڕۆی؟" وەڵام دەداتەوە: "دەڵێن ئەمشەو هێزی حکومەت دەگاتە ئێرە." بێئەوەی هیچ خۆم تێك بدەم دەچمە ژوورەوە و هیچ بە خاوەن ماڵەکە ناڵێم، دەزانم حکومەتیش بێت، ئەمان پیرەمێردێك و پیرەژنێکن هیچیان بۆ نابێت. هیچ

بەهاوڕێکانیشم نالێم، دەزانم قسە بکەم ڕەنگە بڵێن بە قسەی پڕوپیرەژن ترساوی، وەکو ترسەکەی جەربەزەی لێدێت. بە هەموو حسابێك سبەی نیوەڕۆ هێزەکانی حکومەت دەگەن. بێخەم نان دەخۆم و لێی دەخەوم، دەڵێم چی دەبێ بابێ، پێویست ناکات خۆم سەغڵەت بکەم. هەرچییەکیش ببێت مادەم وەکو بەری دەستی خۆم شارەزای ئەم ناوەم، بە کونی دەرزیشدا بێت دەتوانم بە تاقی تەنیاش خۆم دەرباز بکەم. سبەی بە دەم ڕێوە مەسەلەکە بۆ هاوڕێکانم دەگێڕمەوە، دەڵێن: "باشبوو قسەت نەکرد، دەبابەش بهاتایە تاقەتمان نەبوو بەو ئێوارەیە جووڵە بکەین." ))

دەموچاوم دەشۆم و خۆم دەگۆڕم، بەرەو بارەگاکان سەردەکەومەوە. کزەبایەك لە ڕوخسارم دەدات و مچوڕکە بە لەشمدا دێنێ. بە دەم ڕێوە خەیاڵم دەڕوات، دەیان پرسیار لە مێشکمدا دەوروژێ. دەبێ مرۆڤی سەرەتایی چۆن ژیابێ؟ بەبێ پێخەف، چۆن گەرمی بووبێتەوە؟ بڵێی ئاگر جێگای پێخەڤ بۆ گرتبێتەوە؟

(( ئەو شەوەم بیردێتەوە کە مەفرەزەیەکین و بە ئیشێك دەرچووین، چەند ساڵێ بەر لە ئێستایە، هێشتا نەهاتووینەتەوە ناوشار و ناسك نەبووینەتەوە، باوەڕمان پتەوە، یەك ئەژنۆ بەفر کەوتووە، لە بەردەمی کەوێڵێکدا شەوێك ڕۆژ دەکەینەوە، هەتا بەرەبەیان چا دەخۆینەوە و پشت دەکەینە ئەو ئاگرەی بەردەوام

داری دەخەینەسەر، هەموومان هەتا بەیانی لە چەند دەقەیەك زیاتر ناخەوین، بۆ بەیانی کە دەکەوینەڕێ بە دەم ڕێوە خەومان دێت. چاو لێکدەنێم و بە دوای برادەرەکەمدا بە شارەزایی هەنگاوم دەنێم. چەند چرکەیەك دەخەوم، لەپڕ هەڵدەنووتم و خەبەرم دەبێتەوە، چەند جارێك وادەکەم، دوایی بەدەنم ئیسراحەت دەکات، وەك ئەوەی چەند سەعاتێ خەوتبم، گیانم جوولەی تێدەکەوێتەوە.))

بیر لە کیسە خەوەکەم دەکەمەوە، دەڵێم، ئەگەر لە کاتی ئەم راکردنەدا بیانبردایە، ئەم چەند شەوە چۆن بخەوتمایە؟ رەنگبوو رەق ببوومایەتەوە. ئەو کەسەی کیسە خەوی دروستکردووە چەند ژیر بووە، پێخەفێکی سووکەڵەیە، لەناو بەفریشدا پێی بخەوی سەرمات نابێ، دەچیتە ناوی و وەکو کیسەڵ بەئاستەم سەردەردێنی، دەتوانی سەریش بخەیتە ناوەوە. تەنها کاتی بۆردومانی فڕۆکە ناخۆشە، سەری دنیات لێ دێتەوە یەك، کە سەری زنجیرەکەت لێ ون دەبێت، دەبێت وەکو کرم هەر تل بدەیت و لەبەر رەحمەتی شەستیری فڕۆکەدا بیت. وەکو ئەوە وایە دەست و قاچت ببەستنەوە و فڕێت بدەنە دەریاوە، ناتوانی هیچ پەلەقاژەیەك بکەیت.

کزەبایەکی تر لە روخسارم دەدات، گیانم گرژ دەکات. سەرمای ئەم شاخانە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ، دیسان ژیانی مرۆڤی سەرەتاییم دێتەوە خەیاڵ، مرۆڤ هەر بوونەوەرێکی بێدەسەڵاتە لە بەرامبەر

سروشـتدا، ئـیتر سـەرەتایی بێـت یـان نـا. مـرۆڤ هەرچـەندە ئـازا و قارەمان بێت لە بەرامبەر سروشتدا دەستەپاچە و بێدەسەڵاتە. بـەفر چەند سپی و جوان و بێگەردە، چەند بە ئارامی و بـە کپـی دەبـارێ، کەچی کە یاخی دەبێ مرۆڤ تەفروتونا دەکات. سەرەتا رێگای لێ ون دەکات، مرۆڤ بە شـێوەیەك لـەناو کرێـوەی بـەفردا سـەری لـێ تێـك دەچێت، وەك ئەوە وایە کەوتبێتـە نـاو گێژاوێکـەوە، هـەر بـەدەوری خۆیـدا وەکـو بابـەخولێ دەخولێتـەوە. ئینجـا لـە گـەڵوگون و ناولنگییەوە سەرما دەچێتە گیانییـەوە، وردە وردە رەق دەبێتـەوە، ئەگەر تێر بێت تاڕادەیـەك بـەرگریی دەکـات، بـەڵام کـە برسـی بێـت زووتر پەلوپۆی دەشکێ و زووتر تەسلیمی مردن دەبێت. ئەو دەمانە مـرۆڤ بـە تـەنیا بێـت یـان بـە کۆمـەڵ جیاوازییـەکی ئـەوتۆی نییـە. چـەندین پێشـمەرگە و فەرمانـدە و کـوڕی قارەمـان لـە بـەفردا رەق بوونەتەوە. خۆشم یەکێکم لەوانەی بەڕێکەوت لە رێگەی رەقبوونەوە گەڕاومەتەوە و قوتار بووم، لەو مەرگە ساتەدا فەرماندەکەمان پـێش هەموو شتێك پێمان دەڵێ: (گەڵوگونتان بپێچن.)

هەر کە سەیری لافاو دەکەم، ئەو دیمەنـەم بـیر دەکەوێتـەوە کـە قەت لە یادم ناچێتەوە، یەکەم سات ئاوی رووبارەکە ئارامـە، دەڵێـی بۆسەی ناوەتەوە و فێڵ لە خەڵکەکە دەکات بۆ ئەوەی هەروا مـێش میوانیان نەبێت و بە خۆشحاڵییەوە لە پشتی لافاوەکە بڕوانن. ئان و

سات وەکو فیلێك دەکەوێتە سەرپاشوو و دەقیـژێنێ و هەرچـی بێتـە بەردەمی پان و پلیشی دەکاتـەوە. لـەپڕ لافاوەکـە بەرزدەبێتـەوە و هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا رادەماڵێت، مرۆڤ و ئۆتومبیل و عەرەبانـە و دار و درەختی شکاو، هەرچی هەیە وەکو پووش و پەڵاش دەکەونە سـەر ئاوەکـە و لەگـەڵ خۆیـدا رایانـدەماڵێ، بـەڵام کـەس نـازانێ بـۆ کوێ؟ هـەموو شـتێك دەبێتـە تەختەیـەکی سـەرئاو کـەوتوو و لەبـەر رەحمەتی ئاودایە کە یاخی بووە و هێز نییە ئـارامی بکاتـەوە، هـەتا خۆی ئارام نەبێتەوە.

لـە دۆڵەکـە دێمـە سـەرەوە، تـەپوتۆزی سـەیارەی سـەرکردەکان بەردەوامە، بارەگـاو چـادرەکانم وەکـو خێڵـە قـەرەج دێتـە بەرچـاو. دیسـان لـە دڵـی خۆمـدا بڕیارەکـەم تـاوتوێ دەکـەم. دەبـێ دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بکەومەڕێ. بەپێی ئەو پرسیارانەی سـەبارەت بـە دووریی شارۆچکەکەی نزیك سنوور کردوومە، بەچوار سـەعات و نیـو تـاپێنج سـەعات دەگەمـە ناوەڕاسـتی شارۆچـکەکە. کەواتـە بـەبێ خۆمانـدووکردن لەگــەڵ تاریــك داهاتنــدا خــۆم دەکــەم بــەناو شارۆچکەکەدا. بۆ نەگبەتی شارەزای زۆربەی رێگاکانم، بەڵام هەرگیز بەم رێگایەدا نەڕۆیشتووم و شارەزای نیم.

دوای نان خواردنی نیوەڕۆ سێ ناوساجی دەکەمە پەڕۆیەکـەوە و لە گیرفانمی دەئاخنم. بەبێ ئەوەی کـەس هەسـت بکـات، تاقمەکـەم

دەبەستم و تفەنگەکەم دەکەمە شانم، کیسە خەوەکەم دەخەمە بن دەستم و لەپڕ ون دەبم. دەچم بۆ لای براکەم بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لێبکەم و شتەکانی تەسلیم بکەم. دەیبەمە لایەکەوە بۆ ئەوەی کەس گوێی لە قسەکانمان نەبێت. یەکەم کەس و دوا کەسە کە بڕیارەکەمی پێدەڵێم. هەرچەندە بە سیمایدا دیارە کە پێی ناخۆشە و ترسی ئەوەی هەیە حزبی (B) بمگرێ و لە سێدارەم بدات، بەڵام هیچ ناڵێ، چونکە دەزانێ بڕیارمداوە و سەریشم دابنێم گوێم لێنییە. پێمخۆشە کە دەڵێ:

(من نایەمەوە.) چونکە مەسئوولیاتی ئەویشم دێتە ئەستۆ، بۆ خۆم گرنگ نییە بەلامەوە چیم بەسەردێت، دەگیرێم، دەکوژرێم، گرنگ ئەوەیە ئیتر چڕوچاوی ئەو سەرکردانە نابینم کە وەکو خزمەتکار لە پێشمەرگە دەڕوانن. تەواو گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی ئەوەی ئێستا هەرچییەك بێت کوردایەتی نییە، دەبێ چ کوردایەتییەك لەوەدا هەبێت، لەسەر هیچ کوڕی فەقیرو هەژار بەکوشت بدەی؟ ئەمە نەك هەر کوردایەتی نییە و خزمەتی کورد ناکات بگرە لە هەموو ئامانجەکانیش دوورمان دەخاتەوە، تف کردنە لەوەی لە ڕابردوودا کردوومانە، لەبەرچاوی هەموو دنیا سووك و ریسوامان دەکات. دڵنیام ئەگەر سەرکردەکان خەمی خوێنی

خەڵكیان هەبێت، ئەگەر لە جیاتی زمانی چەك زمانی عەقڵ بخەنە گەڕ دەتوانین شەڕ نەكەین.

تاقم و تفەنگ و كیسە خەوەكەم دەدەم بە براكەم، گیرفانەكانم دەگەڕێم بزانم چیترم پێیە، ناسنامەی پێشمەرگایەتیم پێیە ئەویش دەدەمە دەست براكەم و دەڵێم:

(هیچم پێ نەبێ لەمە باشترە.) كەماڵئاوایی لێدەكەم پێی دەڵێم:

(هەركەسێ لێی پرسیت لە كوێیە؟ بڵێ نازانم، دەمێكە نەمدیوە. یان هەرچییەك بە باش دەزانی و كێشەت بۆ دروست ناكات ئەوە بڵێ. ئەگەر پێویستت بە پارە بوو دەتوانی تفەنگەكەی من بفرۆشیت.)

یەكتری ماچ دەكەین و دەكەومەڕێ، گوندێك لە خوار بارەگاكانەوەیە، نیو سەعاتێ دوورە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم، هەر كەسێ پرسیارم لێبكات، دەڵێم ماڵی خزمێكمان لەو گوندەیە و دەچمە ئەوێ.

# 5
# بوار

سێ رۆژ دوای ئەوەی لە سنوور توند دەکرێین، چێشتەنگاوی رۆژی چوارەم هێزێکی شەڕەخۆری حزبی (B) کە هەر بیست سی کەسێ دەبن، دەگەنە سەرمان و هەندێ تەقە دەکەن، لەناکاو ئارامیی سنوورەکە دەشێوێ و پشێوییەکی سەیر دەکەوێتە ناومانەوە. دەبێ بە فڕکان فڕکان و راکەڕاکێك، دەڵێی (دە) دانە فڕۆکەی جەنگی بۆردوومانمان دەکات.

لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا هەر هەموومان دەکەنە ئەوبەری چەمەکەوە. ئەو هەموو خەڵك و چەکدارە کە ژمارەیان چەند هەزار کەسێ دەبێ لە ترسی ئەو چەند تەقەیەی ئەو هێزە ئەژنۆیان دەشکێ. وەك ئەوەی سەراپایان یادەوەرییان سڕرابێتەوە و سفر بووبێتەوە، تاکە شتێ کە بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە، چۆن بەپەلە دەست بدەنە یەکێك لە کەلوپەلەکانیان و خۆیان بگەیەننە ئەوبەری چۆمەکە، ئیتر چەك و چۆڵە بێت، بەتانی یان راخەر یان قاپ و قاچاخ یان هەر شتێکی دیکە. هەموو باوەڕیان وایە ئەوبەری چۆمەکە جێگای ژیانە و ئەمبەریش گۆڕستانی مەرگ. هێمن گوتەنی (ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور.) لێرەدا دەبێتە فریادڕەس. دیارە ئەو پشێویی و شپرزەییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئێمە هێشتا نەپەرژاوینەتە سەر ئەوەی حەرەسیات دەرکەین، هیچ نەبێ ئاگامان لەو خەڵکە بێت کە دوامان کەوتوون، هەروا بەبێ هیچ را وتەگبیرێك ئەو خەڵکەمان لەو دوڵەدا کۆکردۆتەوە و هەموو شتێکمان داوەتە دەست خوا.

لەو پشێویی و بگرەو بەردەیەدا فەرمانـدەی بـاڵای هێزەکـەمان بەشـەرمەوە، لـە مـن و برادەرانـی تـر دەپاڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی سەرکەوینە سەر شاخ و رووبەڕووی هێزەکەی حزبی (B) ببینەوە.

ئەو فەرمانـدەیـەی کـە جـاران قـەت بـەبێ پرسـگە نەمانـدەتوانی روخساری ببینین و هەمیشە بۆ بچووکترین شت، تەنانەت بـۆ کـڕینی

گسـکێك، بۆمـان دەنووسـی: (ئـەمرت بەچـییە؟) ئێسـتا بەوپـەڕی کەساسـییەوە لێمـان دەپاڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵی سـەرکەوینە سەرشـاخ و بچـینە شـەڕی دوژمـن. گەرچـی ئـەو زۆر پشـتی بـە فەرماندەکـەی ئێمـە قایمـە، بـەڵام مـن دڵنیـام فەرماندەکـەی ئێمـە دەرکردنی ماڵ و مناڵەکەی لە هـەموو شـتێك بـەلاوە گـرنگترە. بۆیـە بەخشکەیی وەکو رێوییەك کلی دەخاتە ناوگەڵی و خۆی دەدزێتەوە، بـەرەو چـۆمەکە ملـدەنێ، کـاتێ دەیبیـنم کـۆڵێکی داوە بـە کۆڵیـدا هێنـدەی یـەك رەشـکە کـا دەبێـت، لەبەرخۆمـەوە دەڵـێم: (ئەمـەش کوڕی تەنگانە!)

هەرچەندە حەزم لە چارەی فەرماندەی باڵای هێزەکـەمان نییـە، چـونکە هـەتا بڵێـی پیـاوێکی لـووت بـەرز و وشـکە، بـەڵام هەرچـەند دەکەم ویژدانم قبوڵ ناکا خۆمی لێبدزمـەوە، بۆیـە کیسـە خەوەکـەم دەدەمە دەست براکـەم و بـە هەورازەکـەدا شـوێنی دەکـەوم. بـەرەو سەرشاخ دەکەوینەڕێ. بە هـەمووومان دە کەسـێ دەبـین. هـەتا سـێ لۆفـەی هەورازەکـە دەبـڕین مـن و فەرمانـدەی بـاڵاو یـەکێ لـە پاسـەوانەکانی دەمێنینـەوە، کـە درێـژێکی رەشـتاڵەی لاوازە، وەکـو سێبەرەکەی قەت لە دوای نابێتەوە، بە دڵنیاییەوە بۆ نـاو ئـاگریش، وەکو کەرێك چاوی بەسترابێتەوە، بە دوایدا ملدەنێ. ئەوانی تر یەکە

یەکـە قـەلفڕی بـۆ دەکـەن. فەرمانـدەی بـالا بـە هەناسـە بڕکێـوە ئاوڕێکمان لێدەداتەوە، کە تەنیا من و پاسەوانەکەی دەبینێ، دەڵێ:

(بابگەڕێینەوە بە سێ کەس شەڕ ناکرێ.)

کە دێمە خوارەوە، بەر لەهەر شتێك چاو بۆ براکـەم دەگێـڕم. لـە قەراغی چۆمەکە وەستاوە، دیارە چاوەڕێم دەکات. کـە مـن دەبـینێ وەکو گـوڵ دەگەشـێتەوە. خـەڵکێکی کـەم لەمبـەرەوە ماونەتـەوە و هێشـتا نەپەڕیونەتـەوە. بوارەکـە پاڵەپەسـتۆیەکی زۆری لەسـەرە. چـاوەڕێی ئـەوەم کـەمێك چـۆڵ بێـت و بەسـەر بەردەبازەکانـدا بپەڕمەوە.

لە پۆلی دووەمی سەرەتاییەوە رقم لەوەیە نـاو پێڵاوەکـانم ئـاوی تێبچێت و گوێم لەو جلقە جلقە بێت کە لـە کـاتی رۆیشـتندا دروسـتی دەکات. ئەم هەراسانییەم لەو ساڵەوە لەلا دروست بووە.

(( بەیانییـەکی سـاردە، لـە پۆلـدام و یـەك کونـدە میـزم پێیـە. وەختە بیکەم بەخۆما، بە مامۆستا سەرسپییە شەلە ورگنەکە دەڵێم:

"مامۆستا بچم بۆ سەر ئاو." دەڵێ:

"دانیشە، جنۆکە." پاش کەمێك هاوارم لێهەڵدەسێ:

"مامۆستا وا میزم کرد بەخۆما بابڕۆم." دەڵێ:

"تێهەڵدانت هاتووە، سەگی سەگباب." رێك میز دەکەم بەخۆما و هـەردوو پـێڵاوە لاسـتیکەکەم پـڕ دەکـەم لـە میـز. مامۆسـتا لەسـەر

کورسییەکەی هەڵدەسێ و بە دار دێتە وێزەم، لە کاتێکدا بە دار بەلاڵووکەکە دەکێشێ بەپشتما دەڵێت:

"دەی، دەی، بۆ ماڵەوە. میزنی بۆگەنی سەگباب." کاتێ بەسەر کاشی پۆلەکەدا هەنگاو دەنێم ناخۆشترین شت بەلامەوە ئەو شلێپەی میزەیە کە لەناو پێڵاوەکانمدا جلقەی دێت. ))

هەتا ئێستاش قەد و باڵا و سەر و سەکوتی ئەو مامۆستایەم لەبەرچاوە، باڵا مامناوەندییەکی قەڵەوی بێ ملە، رێك کەللەی نووساوە بەشانییەوە، وەکو بەراز وایە ناتوانێ ئاوڕ بداتەوە. ئەگەر قژی بۆیاخ نەکات و رەنگی قژی  ئێستا وەکو تەلی ژەنگاوی نەبێت، دەبێ هەنووکە قژی وەکو بەفر سپی بێت. قسەی خۆمان بێت ئێستاش داخی ئەو مامۆستایەم هەر لە دڵدایە، زۆرجار لە پەناو پاساردا چاوی بۆ دەگێڕم، بۆ ئەوەی هەر بۆ خۆشی، یەك بۆکس بکێشم بە ناوچەوانیدا و چاویلکەکەی بشکێنم. بێگومان لەبەر ئەوە نا کە من کەسێکی قین لە دڵم و قەت شتم لەبیر ناچێتەوە و وەکو ناسکە رۆشنبیرەکان دەڵێن، لێبووردە نیم، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو ساڵە هەر لێم نابڕێتەوە. بەهەر شێوەیەك باسی ئاو بێتە ناو ناوانەوە دەڵێت: (وەکو میزەکەی بەهمەن!) ئیتر باسی لافاوی چینیش بێت، دێتەوە سەر من. تا وای لێدێت خۆشی لە بابەتەکە بێزار دەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی تر ئازارم دەدات، هەر کەسێك قسەیەك بکات دەڵێت: (بیبڕەوە مەیکە بە میزەکەی بەهمەن!)

لەو ساڵەوە ناهێڵم ناو پێڵاوەکانم تەڕ بێت. لەهەر ئاوێك بدەم پێڵاوەکانم دادەکەنم و دەیانگرم بەدەستمەوە، یان قەیتانی پێڵاوەکانم دەبەستم بەیەکەوە دەیانکەمە ملم و لەو بەرەوە لە پێیان دەکەمەوە. لەو ساڵەوە رقم لە پێڵاوی بێقەیتانە، هەمیشە حەز دەکەم، پێڵاوەکانم توندو تۆڵ بن.

براکەم پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دەپەڕێتەوە. منیش وەك هەر کاتێکی ئاسایی، هێواش هێواش پێ دەخەمە سەر بەردە بازەکان. پێشمەرگەیەك بەتاقم و تفەنگ و کۆڵەپشتێکەوە دەبینم، بەپرتاو بە پێڵاوەکانییەوە خۆی دەکات بەناو ئاوەکەدا و دەڵێ:

(کوڕە دە خاوە خاو واگیراین.) دەنگەکەی دەناسمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پشتی لێمە، دڵنیا نیم کێیە؟ لەوبەرەوە کە لادەکاتەوە دەیناسمەوە. جەربەزە–یە. چاکی دەناسم، بەڵام ئیهمالی دەکەم. دەزانم ئەگەر مەرحەبایەکی بکەم، ئێستا حیکایەتی دنیام بۆ دەگێڕێتەوە و وەکو قیر و زفت پێمەوە دەلکێ.

جەربەزە، کورتە باڵایەکی موو زەردی چاوشینە. پێش ئەوەی نازناوی جەربەزەی بەسەردا دابڕێ، بە سی بە سی بانگی دەکەن، چونکە لە پشتوێنە بەرەوخواری رێك هێندەی لە پشتوێنە بەرەوژووی دەبێت! زۆرترین شارەزایی لە هەموو جۆرە چەکێکی سووکدا هەیە، بەڵام هەرگیز بەشداری هیچ شەڕێکی نەکردووە.

چونکە جاران ترسنۆکترین پێشمەرگە بووە، ئەوە ئێستاش هەروایە. هەر لە ئەنجامی ئەو ترسنۆکییەیدا فەرماندەیەك هەر بۆ رابواردن ناوی دەنێ جەربەزە. ئیتر هیچ کەسێك بە ناوی خۆیەوە یان بە سی بە سی بانگی ناکات. نەخۆشیی رەبووی هەیە، هەمیشە پەمپێکی لە گیرفاندایە، لە هەورازدا زوو زوو دادەنیشێت و پەمپ لێدەدا. رۆژێك فەرماندەیەك دەهری دەبێت و دەڵێت:(ئەم سەگبابە رەبووی نییە، سەگەنازێتی، دەبێ هەمیشە ئاگامان لێی بێت، باشە ئێمە شۆڕش دەکەین یان رەوزەمان داناوە؟) ئەم نەخۆشییە بۆتە خێر و بەرەکەت بۆی. هیچ فەرماندەیەك نایباتە شەڕەوە هەموو دەڵێن: (بەرگەی راکردن ناگرێت و دەخنکێت.) خۆش ئەوەیە لە دووریشەوە هەر دەترسێ.

(( مانگی سێیە، حەوت رۆژە بووم بە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی شارەزایی لە بەکارهێنانی ئار، بی، جی، کلاشینکۆف، دەمانچە، هەڵدانی نارنجۆکدا، پەیدا بکەم دەمنێرن بۆ لای جەربەزە دەبێ لە ماوەی یەك رۆژدا، بەیانی هەتا ئێوارە فێرم بکات. ئەو رۆژە زۆر بە چاکی فێری ئەو چەکانەم دەکات، بەڕاستی لەو بوارەدا مامۆستایەکی بەتوانایە، ئەوەی لە ماوەی ئەو رۆژەدا فێرم دەکات دەبێتە بنەمایەك و قەت لەبیرم ناچێتەوە. ئێوارە درەنگ مۆڵەت وەردەگرێ، شەو لە ماڵەوە بێت و بەیانی بێتەوە بۆ بارەگا. ئەو

گونـدەی ماڵەکـەی لێیــە، دوو ســەعاتەڕێ لــە بارەگاکــەوە دوورە. سـەعات دوانـزەی شـەو سـەرە حەرەسـیاتی منـە، هێنـدە نـازانم لـە بەردەمما قوت دەبێتەوە، دەڵێ:

"ئەمشـەو سـوپای دوژمـن هێـرش دەکـات." فەرمانـدە لـە مـاڵی ئەنجومەنەکـە کۆنکـەن دەکـات، دەچـم هەواڵەکـەی جەرەبــەزەی پێدەگەیەنم دەڵێ:

"بە جەربەزە بڵێ بێخەم لێـی بخـەوێت، هـیچ نابێـت." قسـەکەی پێــدەڵێم و دەچــێت دەخــەوێت، قســەکەی جەربــەزەش فشــە دەردەچێت، هەتا ساڵێك دوای ئەوەش سوپا هێرش ناکات. ))

لەگــەڵ براکــەم و دوو پێشــمەرگەی تــردا چــوار قــۆڵیی دەکەوینەڕێ. ئەو هەورازەی کـە لەمبـەری چۆمەکەوە وادەزانـی بـە نیو سەعاتێ دەتوانی بگەیتە لووتکەکەی، چەندین ملەی هەیە و هەر درێژدەبێتــەوە، هــەتا دوای نیــوەڕۆ بــە هەناســەبڕکێ و وچـاندانەوە ئینجا دەتـوانین بگەینـە ناوقـەدی. لـەناو قـەدی هەورازەکـەدا کـاتێ دەمانەوێ پشوویەك بدەین، زۆر قسەی سەیر و سەمەرەی هاوڕێکانم لەبارەی هەورازەوە دێتەوە بیر.

(هەرواز، تەنیا لە شیعردا جوانە، دەنـا گـەواد هەیـە بـە هـەورازدا سـەرکەوێ و وەسـفی جوانییەکـەی بکـات؟ —هـەورازی کـووڕ پشـتی شاخێکی بە عومرە، بۆ پێشمەرگە دانەویوە— ئەو شاعیرەی ئەمـەی وتووە، لەوە ناچێت قەت بـە هـەورازدا هەڵگـەڕا بێـت، چـونکە ئـەوە

پێشمەرگەیە کە بۆ هیچ هێزێك دانانەویێ کەچی بۆ هەوراز دادەنەوێ، کاتێ بە هەورازدا هەڵدەزنێ وەك ئەوەی کرنووشی بۆ بەرێت سەری بۆ نەوی دەکات.) ئەمە قسەی پێیشمەرگەیەکە خۆی ناودەنێ هەوراز، کەچی چلەی ناچێ تەسلیم دەبێتەوە و ناوەکەی خەسار دەکات.

هەڵمەت باڵندە رۆژێك دەچێتە بەردەمی هەورازێك، کە وەکو دارسەرو رێك بە ئاسماندا چووە، دەیەوێ سەیری لووتکەکەی بکات، رێك کڵاو و جامانەکەی بە پشت سەریدا دەکەوێتە خوارەوە، سەیرێکی ئاسمانی شین دەکات، تفێك دەکات و لەبەرخۆیەوە جنێوێك دەدات، ئەوسا بە تووڕەییەوە دەڵێت:

(ئاخر من بەچی تێگەیشتووی؟ بە مرۆڤێکی تەمەڵ و تەوەزەل؟ کە هیچ کارێك ناکات و دەخوات یان بە باڵندەیەکی سووکەڵە، کە بە کەیفی خۆی ئاسمان تەی دەکات؟) ئیتر ئەوەندە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە تا پێی دەڵێن، هەڵمەت باڵندە.

ئەم هەورازەی کە دەڵێی شەوی یەڵدایە و هەر نابڕێتەوە، ناودەمی ئەو خەڵکە داماو و نەکردەیەی وشك کردووە، کە پەلەیانە بگەنە لووتکەکەی، لە جیاتی ئەوەی بە شێنەیی و بە هەوای شان رێبکەن، جرت و فرتیانە. بۆیە مەتارەکەی قەدی من بووەتە کارێزی

وەستا شەریف، چەند کەسێ لـە خنکـان رزگـار دەکـەم، هـەر کچـی ناسـك و نـازدارە  لـێم دەپاڕێتـەوە و خـۆی بـە قوربـانم دەکـات، بـۆ ئەوەی بە ئاستەمیش بێت دەمی تـەڕ بکـەم. دەزانم گرنگـی مـەتارە ئاوەکە لە هی کیسە خەوەکە کەمتر نییـە، بۆیـە جـاری وایـە نـاهێڵم ئاوەکە لە قوڕگی نازداریان بچێتە خوارێ لێیان دەگرمەوە.

کاتێ دەگەینە لووتکەی هەورازەکە خۆرئاوا دەبێ، بە ناچاری لـە کەناری گوندێك لادەدەین، شەش پێشمەرگەی تریش لەگـەڵمان دێـن و دەبینـە دە کـەس. تـەنها نـان و چـای وشـکمان پێیـە، دووکـەس دەنێرین بۆ گوندەکـە، تـا بەهـەر نرخێـك بێـت هەنـدێ هێلکـە پەیـدا بکەن، درەنگانێ بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە، خەڵکی گوندەکە بە (دە) بەرابەریش یەك هێلکەیان پێنافرۆشـن، پێشـیان دەڵـێن ئەگـەر چەکتان پێنەبووایە نەماندەهێشت لەسـەر زەویەکـەشمان دابنیشـن. نازانم بۆچی ئەو گوندەی لەناو سنووری ئێراندایە و قەت نەبووینەتـە میوانیان ئاوا رقیان لێمانە؟ بە ناچـاری بـە نـان و چـا رایدەکێشـین، وەکو مرۆڤی سەرەتایی لـە دەوری ئـەو ئـاگرەی بـۆ چـالێنان و خـۆ گەرمکردنەوە کردوومانەتەوە، خڕەبینەوە.

درەنگانێ مـن دەچـمە نـاو کیسـە خەوەکەمـەوە، ئـەوانیش هـەر لەسەر خۆڵەکە رادەکشێن و  بەتانییەکانیان لە خۆیانەوە دەئـاڵێنن، هەتا نیوەشەو خەیاڵات ناهێڵێ خەو بچێتە چـاوم، رێبـوارو سـەریاس هەر دێنەوە بەرچاوم.

(هـەردووکیان پێشـمەرگەی کـۆنن. رێبـوار کـە گـەنم رەنگێکـی باریکەلـەی قـژ پـڕی ناوچـەوان قـۆقزە، بـە ئاسـتەم بـەلای چـەپدا دەشـەلێ، بەڕادەیـەك ئەگـەر جـوان دیقـەتی نـەدەی هەسـت ناکـەی دەشەلێ. خووی بەوەوە گرتـووە نینۆکـەکانی دەکـرۆژێ، کـە قسـە دەکـات زۆرجـار دەسـت لـە گـوێی چـەپی دەدات. هەمیشـە باسـی چـالاکیی و ئازایەتییـەکانی خـۆی دەکـات و باسـی ئـەو بەعسـیانە دەکات کە ئەو کوشتوونی، هـەردەم چوسـت و چـالاکە و لـە ئـەرکی بارەگاکەدا هەرگیز درێغی ناکـات. بـەیانیان زوو لـە خـەو هەڵدەسـێ وەرزش دەکات، باسی ئەوە دەکات ساڵانی پـێش راپـەڕین لـە کـاتی جەولـەدا هەمیشـە لـە پێشـی پێشـەوە بـووە، کـەس نـەبووە لـەڕێ رۆیشتندا پێشـی بکـەوێت و لـە کـاتی لێقەومانـدا هێـز نـەبووە ورەی بڕوخێنێ. لە بارەگاکەمان قەت رۆژێك نابینم خـۆر کـەوتبێ و رێبـوار لەناو جێدا بێت.

سـەریاس پیـاوێکی کەڵەگـەتی سـوورو سـپییە، تـەوقی سـەری رووتاوەتەوە، ددانەکانی رێك و سپی، ئاسـایی قـنج و قیـت دەڕوات، بەڵام ئەگەر بە ئاستەمیش رابکات بە هـەردوولادا دەشـەلێت. سـەری پەنجەی دۆشـاومژەی دەسـتی راسـتی پـەڕیوە. زۆر تاقـەتی قسـەی نییـە بـەڵام کـاتێ دێتـە قسـە، ئەوەنـدەی باسـی دەرمانـەکانی و ئازارەکانی جەسـتەی و پارچـەکانی نـاو لەشـی دەکـات بـواری هـیچ

شتێکی دیکە ناهێڵێتەوە، هەمیشە دەخەوێ و قەت حەرەسیات ناگرێت. ڕێ ڕۆیشتن و هەڵسوکەوتیشی ڕێك لە هی کەسێکی سەقەت و کەمئەندام دەچێ. بەرلەوەی رابکەین ئەمە واقیعی حاڵی هەردووکیانە.

ئەو ڕۆژەی دەقوچێنین و لە سنوور خۆمان دەگرینەوە هەردووکیانم دەبینم، سەرەتا کە بە پاسەکە دەدەین بەلای ڕێبواردا تووشی سەرسووڕمان دەبم، وەك ئەوەی سووننەت کرابێ گەلاو گەڵ دەڕوا و بستێ زمانی دەرکێشاوە، کە پاسەکەی دەبینێ ڕەنگی ڕۆشن دەبێتەوە و تەخت لەسەر ڕێگەکە دادەنیشێت، بەلام دیارە سایەقی پاسەکەش مێشکی بە فیشاڵەکانی پڕ بووە و دەزانێ چەند فشەکەرێکی گەورەیە، بۆیە بەخێرایی لە ڕێگاکە لادەدا و تەپوتۆزەکەی دەکات بەسەریا، دوای لاچوونی تەپوتۆزەکە لەسەری، چاوم لە دەمێتی تۆپەڵێ جنێو ئاراستەی خوشك و دایکی سایەقەکە دەکات. لە ئاوێنەکەشدا چاوم لە روخساری سایەقەکەیە کە بزە دەیگرێ و دەڵێ:

(فشەکەری گەورەی گەلەکەمان، ئاوات لێدەکەم.)

دوای نیوسەعاتی تر کە لە دوورەوە سەریاس دەبینم، یەکسەر بە سایەقەکە دەڵێم، کە گەیشتینە لای بوەستێ بۆ ئەوەی سەرکەوێ. کە سەرنجی خۆگۆڕین و ڕێ ڕۆیشتنی دەدەم پێشمەرگایەتی جاران و ڕێ ڕۆیشتنی جارانی تێدا دەخوێنمەوە.

جـووتێ ئەدیـداس و قـاتێکی کـەتاف و پشـتوێنێکی پـان و تـاقمێکی شـەش مـەخزەنی و لایـت و زەمزەمـی، تفەنگەکـەی کردۆتـە شـانی راستی و کیسە خەوەکـەی بـە پشـتیدا شـۆڕکردۆتەوە، جامانەیـەکی کردۆتە ملی، هەرچەندە سەر دێنم و دەبەم نـازانم سـەریاس پێشـان ئـەم شـتانەی لـە کـوێ قـایم کـردووە، چـونکە سـاڵێ زیـاترە لـەو بارەگایـەدا پێکـەوەین هـیچ یـەکێك لـەم شـتانەم لێنـەدیوە. کاتێـك دەگەینە تەنیشتی پاسەکە دەوەستێ و سایەقەکە پێی دەڵێ:

(فەرموو هاوڕێ سەریاس سەرکەوە.) پێم سەیرە کە دەڵێ:

(زۆر سـوپاس حەزدەکـەم بـەپێ بـڕۆم.) چـەندی پێـدەڵێت سەرناکەوێت. خۆشم دادەبەزم و هەرچەندی پێدەڵێم سـەرناکەوێت، دەست دەدەمە باڵی بۆ ئەوەی بە زۆر سەری بخەم، هەسـت دەکـەم ئەو کەسە نەخۆشەی جاران نییە پێم دەڵێ:

(دێو بەهمەن لێمگەڕێ، ئیدی کـاتی سـەیارە بەسەرچـوو، دەبـێ لاقەکانمان بکەینەوە بە سەیارە.) دەڵێم:

(ئاخر هێشـتا چـوار سـەعات پیـادە ڕێـی مـاوە بـۆ سەرسـنوور.) دەڵێ:

(گـوێی مـەدەرێ بـە هـەوای شـان دەیـبڕم.) بـە ناچـاری وازی لێدەهێنم، بەڵام هەمیشە دیمەنی سەریاسم لەبەرچـاوە و هـەرگیز لـە یادم ناچێتەوە.)

بەیانی، پێش هەموویان خەبەرم دەبێتەوە، لـە کیسـە خەوەکـەم دێمـــە دەرەوە، وشـــکە ســـەرمایەکی وای هەیـــە، دەچـــێتە نـــاو ئێسـقانەکانمەوە. بەهـەر حاڵێـك بێـت ئاگرێـك دەکەمـەوە و قـۆری چاکەی دەخەمە سـەر. لەبەرخۆمـەوە دەڵێم: (هـەر چـاکە، چـاکە.) بەدیار ئاگرەکەوە دادەنیشم، تـەزووی ئاگرەکـە لـەناو لـەپم دەدات، هەستێکی خۆشم پێدەبەخشێت. ئاگرێکی میهرەبانی پێش راپـەڕینم دێتەوە یاد.

(( پـــەنجا پێشـــمەرگەیەین، مـــانگی یەکـــە، نیـــو مـــەترێ بـــەفر کەوتووە، هیچ چارەیەکمان نییـە، جگەلـەوەی دەبـێ لـە ئـاوی ئـەو چەمە بدەین، کە پانییەکەی سەد مەترێ دەبێـت، ئاوەکـەی خـوڕە، هــەتا نزیکــەی پشــتووێنە دێــت، بــەڵام بەدبەدختییەکــە لەوەدایــە ئەوەندە ساردە، کە دەچیتە ناوی هەست دەکـەی ئێسـتا نـا ئێسـتا قاچـت دەیبەسـتێ. بـۆ ئـەوەی ئاوەکـە نـەمانبات دەبـێ دوو دوو بەیەکەوە دەست بگرین و بپەڕینەوە. شـەرواڵ و پـێڵاو و گـۆرەوی و پووزەوانە و تفەنگەکەم دەکەمـە ملـم و دەسـتی هاوڕێکـەم دەگـرم، هەر کە قاچ دەخەمە ناو ئاوەکەوە مچوڕکەیەك لە قاچمەوە بەلەشما هەڵدەگـەڕێت، ئـیتر سـڕبوونی قاچـم دەسـت پێـدەکات، بۆنەگبـەتی هاوڕێکەم تازەیە و قەت لەم ئاوەی نەداوە. دەبێ توند دەستی بگرم و نەیەڵم پەلە بکات، دەبێ هێواش هێواش هەنگاو بنێین، دەنا قاچی یەکێکمان بخزێ ئاوەکە هەردووکمان دەبات، مـن هـەر دەسـتی ئـەو

رادەکێشم بۆ ئـەوەی بـە هێواشـی بـڕوات، قاچیشـم لـەناو ئاوەکـەدا خەریکـە دەبـێ بـە سـەهۆڵ، بەهـەر دەردەسـەرییەك بـێ دەگەینـە ئەوبەر، کاتێ دەچـمە بـەر ئـەو ئـاگرەی هاوڕێکـانم کردوویانەتـەوە، گەرمایی ئاگرەکە کە دەیدا لە قاچم، ئازار و ژانـی نـاو ئاوەکـەم بـیر دەباتەوە. ))

خەریکە چاکە دێتە کـوڵ و ئـەوان هێشـتا لـە خـەو هەڵنەسـاون، گوێم لە دەنگی کۆترەباریکەیەکە دەخوێنێ، زۆر غەمیگن دەخوێنێ، هێندەی تر دڵتەنگم دەکات. هەتا ئێستاش نازانم کاتێ کۆترەباریکـە دەخوێنێ، باسی چی دەکات؟ یان چ حیکایەتێك دەگێڕێتەوە؟ بەڵام هەمیشـــە کـــە گـــوێم لـــە دەنگـــی دەبێـــت، دڵتـــەنگ دەبم. دەبـــێ کۆترەباریکە شیوەن بۆ کێ بکات وا غەمگینانە دەخوێنێ؟

یەکە یەکـە هـەموویان خەبـەر دەکەمـەوە، بەهـەرحاڵێك بێـت دیسان بە نان و چا بەڕێی دەکـەین، خۆمـان کۆدەکەینـەوە و بـەرەو ئەو جێگایە دەکەوینەڕێ کە سواری سەیارەمان دەکەن و دەمانبـەن بۆ بارەگا کۆنەکانی خۆمان کە سالانی پێش راپەڕین لەوێ بووین.

دەوری نیوەڕۆ بە چەك و تفـاقی خۆمانـەوە، لەگـەڵ بیسـت سـی پێشـمەرگەیەکی تـردا، سـواری ترێلەیـەکمان دەکـەن و بـەرەو کۆنـە هـــەوارەکانی خۆمـــان دەکەوینـــەڕێ. ئەوانـــەی کۆنـــە هـــەوارەکانیان نەدیوە زۆر بە گرنگییەوە باسی دەکەن و ناوی دەهێنن وەك ئـەوەی باسی کالیفۆرنیا یان پاریس بکەن، نازانن لـە چـەند دۆڵێکـی تـەریك

بەولاوە شتێکی دیکە نین، کە دڕندە زیاتر هیچ شتێ گـوزەرانی تێـدا ناکات.

بەسەر ترێلەکەوە سەرنجی دارتەلی ئەو گوندانە دەدەم کـە دێنـە ڕێگەمان، لە دڵی خۆمدا ماڵئاوایی لە کارەباو ژیـانی پـڕ ئیسـراحەتی شــار دەکــەم، چــونکە کــەس نــازانێ هەتاکــەی لــەو شــوێنانەدا دەمێنینەوە کە جگە لە پێداویستی ژیانی مرۆڤـی سـەرەتایی هیچـی تیا دەست ناکەوێ.

بیر لەوە دەکەمەوە ئێمە کەی لە شـەڕ لەسـەر پـارە و دەسـەڵات بێزار دەبین؟ کە تەنیا شەڕی جادە بە جادەیە، یان جادە بـە جـادە ئێمە حزبی ( B) راو دەنێین، یان ئەوان جادە بە جادە لە سنوورمان تونـد دەکـەن. هـەر لـە خۆمـەوە گۆرانییەکـەی عـەلی مـەردانم بـیر دەکەوێتــەوە: (کــۆڵان بــە کــۆڵان جــادە بــە جــادە .. نەشمیلــەی چاوجوان پەچەکەت لادە ..) لەوپـەڕی بێزاریـدا دەڵـێم: (دەبـێ ئـەم پەچە بە سەرە، چ رشکنێ بووبێت وا شاعیرەکە و عەلی مەردانیشـی تێکداوە؟)

هەندێکمان دووریی ڕێگاکە بێزاری کردووە، وەکو کیسە چیمەنتۆ بێــدەنگ لەســەر تریلەکــە پاڵیداوەتــەوە. بەوپــەڕی بێزاریــی و بێتاقەتییـەوە، دەمـەو ئێـوارە دەگەینـە شـوێنی کۆنـە هـەوارەکانی خۆمان، سـەیری چـوار دەوری خـۆم دەکـەم، هەسـتناکەم سروشـتی شوێنەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبێ، تەنیا ئەو چـەمەی لەوێش بە سنوور لە قەڵەمی دەدەن کەمێك قووڵ بـووە و ئـاو زیـاتر سکی دڕیوە.

# 6
# گەماڵ

بەشێوەیەك خەیاڵم ڕۆیشتووە، لاقەکانم لە خۆیانەوە هەنگاو هەڵدەگرن، کتومت وەکو شەوکوێرێك ڕێ دەکەم. ناوبەناو تەماشایەکی بەرپێی خۆم دەکەم، نەبا لە بەردێك هەڵنووتم و تەوێڵم بدات لە عەردەکە و کۆتایی بە ژیانم بێت.

بەم حاڵەوە دەگەمە کەناری گوندەکە، وەلێ دیمەنی گوندەکە و خامۆشییەکەی هێندەی تر دەمخاتە ناو داڵغەوە. هەرچەند چاو دەگێڕم نەك مرۆڤێك، تەنانەت داهۆڵێکیش نابینم. وەکو حەسحەسێك کە گوێی زرنگابێتەوە، گوێ هەڵدەخەم، نە کۆکەی پیاوێك، نە قیژەی ژنێك، نە دەنگی گریانی مناڵێك، نە حیلەی ئەسپێك، نە زەڕەی نێرەکەرێك، نە بۆڕەی مانگایەك، نە باڕەی مەڕێ، نە حەپەی سەگێ، نە قوقەی کەڵەشێرێ، نە گارەی مریشکێ، نە تەقەی تەنەکەیەك، نە زڕەی زەنگێ، نە جووکە و جروکەی مەلێ، نە گمەی کۆترێ، نە جریوەی چۆلەکەیەك. هیچ هیچ، نابیستم. دەڵێی بە کەناری گۆڕستاندا رێ دەکەم. دەکەومە گومانەوە کە گوندەکە چۆڵ و هۆڵ بێت.

ئەو پێشمەرگانەم بیردێتەوە کە ڕۆژانە دێنە ئێرە بۆ کڕینی هێلکە و جگەرە و شتی تر. هەر ئێستا لە رێگە چەند پێشمەرگەیەك دەبینم کە لێرەوە دەگەڕێنەوە. ئەوەشم دێتەوە یاد، بەخێرێ ئەم گوندە تازە ئاوەدان کراوەتەوە. هەست دەکەم مێشکی خۆم بە شتێکەوە مژۆڵ دەکەم کە پەیوەندیی بە منەوە نییە. نامەوێ بچمە ناوگوندەکەوە، دەبێ تەنها بە کەناریدا رەتبم، وەلێ داڵغەی چۆڵیی و بێدەنگییەکەی مێشکم جێ ناهێڵێت.

بەدەم خەیاڵاتەوە بە کاوەخۆ رێ دەکەم. لەپڕ حەپەی گەماڵێك کە وەکو هەور دەگرمێنێ و بەرەوڕووم رادەکات وەها

رامدەچـڵەکێنێ، جـەرگ و هـەناوم دەکەوێتـە خـوارەوە. وەهـا دەمتـۆقێنێ، سـەراپای مـووی گیـانم دەبـێ بـە بزمـار و ڕەق رادەوەستێ. بە خێرایی بیردەکەمەوە کە تـەگبیرم چییە؟ نـەك دار یان تێلا، تەنانەت تەزبیحیشم بە دەستەوە نییـە. چـاوێك بـە دەوری خۆمدا دەگێـڕم، نـەك بـەردێ یـان دارێ، زیخێـك یـان چـیلکەیەکیش بەدیناکەم. بەوپەڕی نائومێدییەوە تەماشایەکی ئەو ماڵە دەکـەم کـە سەگەکەی لێوە دەردەپەڕێ. نە لەوێ و نە لـە سـەراپای گوندەکـەدا کەس بەدەرەوە نییە. بیر دەکەمەوە ئەگەر راشبکەم هـەردەمگرێ و لـە دواوە پـەلامارم دەدات. چـاو دەگێـڕم بـۆ دارێ، دیـوارێ، وەکـو چارلی چاپلن یان هـەر ئەکتـەرێکی تـری کۆمیـدی، یـان کەسـێك کـە ورچێك نیشتۆتە سەری، بچمە سـەری و خـۆم لـەو گەماڵـە بپـارێزم. کەچـی هـیچ نـابینم و لـەوەش نائومێـد دەبم. بـە ناچـاری چـاوەڕێی قەدەری شوومی خـۆم دەکـەم، بـزانم قەپاڵـەکانی گەماڵـە بـۆر چـیم لێدەکات.

لەپڕ ئەو قسەیەی دایکمم بیردەکەوێتـەوە کـە بـە منـاڵیی دەیـان جاری داوە بە گوێمدا. (ئەگەر سەگ بۆتهـات لـە شـوێنی خـۆت ڕەق راوەسـتە ئـیتر پـەلامارت نـادات.) بەوپـەڕی نائومێدییـەوە منـاڵ دەبمەوە و بـە قسـەی دایکـم دەکـەم. دەسـتەکانم شـۆڕدەکەمەوە و وەك سەربازێ کە لەڕیزدا وەستابێ ڕەق رادەوەستم. هەست دەکـەم راکردنی گەماڵەکە بەرەو رووم خاو دەبێتەوە. تروسکەیەکی هیوا لـە

دڵما دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا ناتوانم باوەڕبکەم کە بـە کەڵبـەکانی هەلاهەلام ناکات. ڕەوتی ڕاکردنەکەی وردە وردە هێواش دەبێتـەوە، هـەتا دەگاتـە ئـەوەی لـە دووری چـەند هەنگاوێکـەوە لەبەردەممـدا دەوەستێ تەنها دەوەڕێ، من چاوم لەسەرێتی، دڵم بەخێرایی لێدەدا و لـە سـەراپای باڵامـدا تـەنها چـاوانم دەجـووڵێن. کـە نـاوە نـاوە دەیانتروکێنم و تەماشای چاوە زەرد و ڕەگ ڕەگاوییەکانی گەماڵەکە دەکەم.

وردە وردە حەپەی هێواش دەبێتەوە تـا بێـدەنگ دەبێـت. تـەنها سەرنجم دەدات، منیش کە کەمێك ترسەکەم دەڕەوێتەوە و قسەکەی دایکم فریام دەکەوێ زیاتر بە وردی سەرنجی ئەو دەدەم. کـە جـوان جـوان سـەرنجی چـاوی دەدەم، یەکسـەر قسـەی ئـەو خزمـەمانم دێتەوەبیر کە هەمیشە دەڵێـت: (سـەگی گـورگ خنکـێن چـاوی ڕەگ ڕەگاوییە،) کە تەواو سەرنجی لاشـەی دەدەم ئەوسـا باشـتر هەسـت دەکەم چ بەڵایەك ڕووبەڕووم بۆتـەوە. لاشـەی هێنـدەی لاشـەی یـەك بارگیر دەبێت. کلکی خستۆتە سەرشانی و گوێچکە بڕاوەکـانی قـوت کردۆتــەوە، سـەری زل و لمـۆزی ڕەش، دیـارە ئـەویش ڕاکردنەکـە ماندووی کردووە، بۆیە دەمی کردۆتەوە و کەمێك زمانی دەرهێنـاوە. کە سەرنجی کەڵبە زلەکانی دەدەم ئەوسا لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(ئەگەر دایکم فریام نەکەوتایە ئەم کەڵبانە چییان پێدەکردم؟) دەست و قاچەکانی وەك چوار لقە داربەڕووی ئەستوور لە زەوییەکە گیرکردووە. سەرنجی چنگەکانی دەدەم لە دەستی زەلامێکی زل دەچن کە بۆ بۆکس وەشاندن خۆی ئامادەکردبێت. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(دەبێ ئەم سەگە هەوشار بێت، هەیکەل و سەرو کەللەی ڕێك لە هی سەگی هەوشار دەچێت.)

(( بۆ ساتێ ئەو گەماڵە هەوشارەم دێتەوە یاد کە لە گوندێکی دەوری سەردەشت دیم. من و پێشمەرگەیەکی تر لادەدەینە ماڵێکی ئەو گوندە کە لەسەر ڕێمانە، شەوێ دەمەوێ بچمە دەرێ بۆ سەرئاو، گەماڵەکە لە حەوشەکەدا وەستاوە، کە من دەبینێ مڕەیەکی لێوە دێت، خانەخوێکەمان هەر لە ژوورەوە دەنگێکی لێدەکات و دەڵێت:

(بۆرە.) گەماڵەکە بە بێدەنگیی دەچێتە کەنارەوە، دوایی کە دەچمەوە ژوورەوە لەبارەی گەماڵەکەوە پرسیار لە کابرای خانە خوێ دەکەم دەڵێت:

(ئەم گەماڵە هەوشارە، نزیکەی پێنج ساڵ دەبێت هەمە، بە تووتکی گوێچکەیم بڕیوە. بڕوا بکەن بۆ من کوڕێکی شیرین دێنێ، هەرچیم بوێ لە دوورەوە تێی دەخوڕم یەکسەر تێدەگات، لە زۆر مرۆڤ عاقڵ ترە کە بە هیچ شتێ تێناگەن. ))

دوا شت لە بەدەنی گەماڵەکەدا کە سەرنجم رادەکێشیێ، تووکە بۆرەکەیەتی کە وەك تووکی پشیلە نازدارەکانی ئەوروپا، وەك ئەوەی شانە کرا بێت رێك و جوان وەستاوە. قەدەرێکە من و گەماڵەکە بەرامبەر یەك وەستاوین. ئیدی هیچ ترسم نەماوە لەوەی پەلامارم بدات. چونکە دەزانم شەهامەتی لە هی جەللادەکان زیاترە و پەلاماری کەسێ نادات کە دەستی لێ نەکردبێتەوە. کەچی چەند ساڵێ بەر لە ئێستا لە زیندانی بەعسیاندا، هەر کە ڕێك دەوەستام و جووڵەم نەدەکرد جەللادەکە باشتری تێدەسرەواندم. پڕ بە دڵ حەزدەکەم باوەشی پێدابکەم و تێر ماچی بکەم و پێی بڵێم:

(ئەی گەماڵی جوان و میهرەبان، تۆ جوامێرتری یان ئەوانەی هەمیشە باسی ئازادیی دەکەن و دیل و زەلیل دەکوژن؟ تۆ راستگۆتری یان ئەوانەی سەری زمان و بنی زمانیان مافی مرۆڤە، کەچی مرۆڤ بێسەر و شوێن دەکەن؟ تۆ دادپەروەرتر و یەکسانیخوازتری یان ئەوانەی باسی مافی ژن دەکەن، کەچی ژن ئەتك دەکەن، دوایی دەیکوژن و دەیکەنە گونێوە و لاشەکەی توورِ دەدەن! تۆ دیموکراتتری یان ئەوانەی سەری زمان و بنی زمانیان دیموکراتییە، کەچی کاتێ رەخنەیەکیان لێدەگری قوشقی دەبن و لەگەڵتدا دەچنە مەیدانی جەنگی مەغلوبەوە.)

دواجار ئەو دەیەوێت زیاتر من دڵنیا بکاتـەوە کـە شـەهامەتی لـە هی زۆر مرۆڤ زیـاترە، بۆیـە بـە هێواشـی و بـە بێـدەنگیی دەکشـێتە دواوە و بەرەو ئەو ماڵە دەکەوێتەڕێ کە لێیەوە دەرپـەڕیوە. منـیش هێـدی هێـدی بـە وریاییـەوە دەکەمـەوەڕێ. بـە دەم ڕێـوە خـەیاڵێك دیسان ترس دەخاتە دڵمەوە، دیسان قسەیەکی دایکم دێتـەوە بـیر، کە چەند جارێ ئەویشی پێ وتووم:

(ڕۆڵە گیـان هەنـدێ سـەگ هـەن نهێنگـرن، پێـت نـاوەڕن، کـاتێ بەڕێدا دەڕۆی بـە هێواشـی لـە دواتـەوە ڕێدەکـەن و لـەپڕ پـەلامارت دەدەن!) بە وریاییەوە چەند جـارێ ئاوڕدەدەمـەوە، کەچـی سـەگە جوامێرەکە لە نیوەی ڕێگـای گەڕانـەوەی هـەڵتووتاوە، وەك ئـەوەی ماڵئاواییم لێبکات سەرنجم دەدات، بۆ دواجاریش سـەرنجی گوندەکـە دەدەمەوە بەڵام ئەمجارەش کەس بەدیناکەم. لەبەرخۆمەوە دەڵێم:

(بەختم هەیە، گەماڵەکە هەم جـوامێرە هـەم نهێنگـر نییـە، دەنـا لێــرەدا بــە بێکەســیی کەلەپاچــەی دەکــردم و کەســیش فریــام نەدەکەوت.)

نازانم بۆچی سەگی نهێنگر ئـەو بەرپرسـانەم بیردەهێنێتـەوە کـە کـاتێ کێشـەیەکت لەگەڵیانـدا دەبێـت، بـە ڕووکـەش لەگـەڵتا ئاشـت دەبنــەوە و دڵــت پــاك دەکەنــەوە، کەچــی لــەژێرەوە وەکــو ســەگی نهێنگر نەخشەو پیلانت بۆ دادەڕێژن، بۆ ئەوەی بە نهـێنی پـەلامارت بدەن.

هەتا دەمرم بەسەرهاتی غەمگینی سالاری بەهاراتم بیرناچێتەوە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و خۆنەویست و ئازا و قارەمان! جارێک لەگەڵ بەرپرسێکدا کێشەیەك دەکەوێتە نێوانیانەوە، کە دەزانێت ناحەقی لێدەکرێت، قسەی لێ ناخواتەوە و هەرچی پێدەڵێت، پێی دەڵێتەوە. هەندێ کەس دەکەونە نێوانیانەوە و ئاشتیان دەکەنەوە، جەنابی بەرپرس دەعوەتیشی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی سالار هیچی لە دڵدا نەمێنێ. دوو حەفتە دوای ئەوە تاریك و روونی ئێوارەیەك، لە رێگەیەکی دەرەوەی شار بۆسەیەکی بۆ دەنێتەوە و خۆی و ئامۆزایەکیشی دەکوژێت، هەر سێ رۆژی پرسەکەشیان بەپێوە دەوەستێ!!

کە لە گوندەکە دوور دەکەومەوە کەمێ پێ هەڵدەگرم، بەڵام هێشتا نازانم کەی دەگەمە ناو شارۆچکەکە، وام داناوە ئەگەر لەگەڵ تاریك داهاتندا بگەمە قەراغی شارۆچکەکە، ئەوسا لە لاڕێیەکەوە خۆم دەکەم بە ناوشاردا و یەکسەر هەواڵی ماڵی لەیلا دەپرسم، بە پرسیار دەیدۆزمەوە، باشە ناڵێن بۆ هەواڵی ئەم بێوەژنە دەپرسی، ئا کە پرسییان دەڵێم شمەکم هەیە. لەیلا قاچاغچییە، زۆربەی خەڵکی شارەکە دەیناسن، راستە بۆرە خزمایەتییەکمان هەیە، بەڵام ئەو من دەناسێتەوە؟ بڕواناکەم، دەبێ سەعاتێ ناونیشانی بۆ هەڵدەم.

7

## ڕێکەوت

دوو سەعات دەبێ بەڕێوەم، بەبێ ئـەوەی ئـاوڕ بدەمـەوە، بـەلای چـەپی ڕێگاکـەدا ئاسـایی ڕێدەکـەم، لـە مـاوەی ئـەم دوو سـەعاتەدا نزیکەی دە سەیارە دەدەن بەلامدا، بەڵام دەستیان لـێ ڕانـاگرم بـەو نیازەی کاتێ تاریك داهـات بگەمـە کـەناری شارۆچـکەکە. ئەگەرچـی لەوە ناخۆشتر نییە بە ڕێگای ئۆتومبیلـدا بـەپێ بیکـوتی، وەلـێ مـن هەم بۆ پاراستنی سەلامەتی خۆم و هەم بۆ سـەرگرتنی نەخشـەکەم بەلامەوە ئاساییە.

جاروبـار شـتێك نیگـەرانم دەكـات و جارجـارە سـەركۆنەی خـۆم دەكەم. ئەوەی كە تووشی دڵەڕاوكێم دەكات، ئەوەیـە كـە شـارەزای ڕێگاكە نـیم و نـازانم كـەی دەگەمـەجێ. لەبـەردەم شـتێكدام دەڵێـی چارەنووسـە، ئەمسـەری دیـارە و ئەوسـەری دیـار نییـە. نـازانم ئـەم ڕێگایە كەی دەبڕێتەوە و كەی دەگەمە ئەو شارۆچكە كاول بووە. بە دەم ڕێـوە نـاوە نـاوە تەماشـای ئاسمـان دەكـەم. وەكـو سـەری كەچـەڵێك كـە تۆپـەڵ تۆپـەڵ قـژی پێـوە بێـت، گەواڵـە هـەوری پەڕاگەندەی پێوەیە، جـار بـەجارێكیش گرمـە و هـاژەی تـۆپ بـەبێ ئـەوەی بـزانم لـە كوێـوە دێـت و لـە كـوێ دەكـەوێ و ناڵـە دەكـات، هێندەی تر ئاسمـان و زەمـینی دەڤەرەكـە دەترشـێنێ و ناشـیرین و سامناكیان دەكات.

ئـیتر روخسـاری ئاسمـان ئەوەنـدە تـرش و تاڵـە، لـە روخسـاری فەرماندەیـەك دەچـێت لـەم شـەڕە مـاڵ وێرانكـەرەدا گـورزێكی كەمەرشكێنی بەركەوتبێ و لە راكردن بەولاوە هیچ ڕێگایەكی دیكـەی لەبەردەمدا نەمابێت.

گەلێ خەیاڵاتی ترسناك بە مێشكمدا گـوزەر دەكـات، بـەڵام هێـز نییە لە بڕیارەكەم پەشیمانم بكاتەوە. تا دەگەمە ئـەو بـاوەڕەی كـە سوور بـزانم ئەمشـەو گوللـە بـارانم دەكـەن پاشـگەز نابمـەوە و هـەر بەرەو پێشەوە مل دەنێم. پشتم عـارەقی كردۆتـەوە و ئەژنۆشـم ژان دەكات. لەناكاو خەیاڵێك وەكو بروسكە بە مێشكمدا گوزەر دەكات.

(بۆچی سواری ئۆتومبیل نەبم؟ ئەی بڕیارەکەم؟ ئـێ خـۆ بڕیـاری قەرەقوش نییە، ئیتر بۆچی ببمـە کۆیلـەی بڕیارەکـەی خـۆم؟ بڕیـار بڕیـاری خۆمـە چـۆنم دەرکـردووە ئـاوا هەڵیدەوەشـێنمەوە. سـواری ئۆتومبیل دەبم، چی دەبێ با ببێ.)

دوای بگـــرە و بەردەیـــەکی زۆر، بڕیـــار دەدەم کـــە ئـــەمجارە ئۆتومبیل بەلامـدا تێپـەڕی دەسـتی لـێ ڕابگـرم و سـەرکەوم. هـەر وا رێدەکـەم و ناوەنـاوەش بـە نیـازی ئۆتومبیـل ئـاوڕ دەدەمـەوە. بـۆ نەگبەتی من ئیدی ئۆتومبیل قاتی دەبێت.

هەرچەند سەرنجی پێشەوە دەدەم هیچ نیشانەیەکی شارۆچکەکە بەدی ناکەم. وەکو ئەو مەلەوانەم لێقەوماوە کە دەیەوێ بە مەلـە لـە دەریایـەك بپەڕێتـەوە، کەچـی پـرزەی لێـدەبڕێ و کـەناری ئـەولای دەریاکە بەدی ناکات. خەمی ئەوەمە لـەناو قـەدی رێگاکـەدا شـەوم بەسەر بێت و نەزانم بەرەو کوێ مل دەنـێم، ئیـدی ببم بـە خـۆراکی گورگی دووپێ و چوارپێ.

لەپڕ دەنگـی ئۆتومبیلێـك دێتـە گـوێم، ئاوڕدەدەمـەوە هـیچ دیـار نییە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(رەنگە گوێم زرنگابێتەوە.)

دەڕۆم و وەکـو گـورگ بـەردەوام ئاوڕدەدەمــەوە. لــەپڕ وەکــو دەرکـــەوتنی ســـەری تیمســـاح لـــە ئـــاودا، لـــووتی ئۆتومبیلێـــك دەردەکەوێت، دڵم دەگەشـێتەوە، دەڵـێم نـەبادا نەوەسـتێ، دەچـمە

ناوەڕاستی ڕێگاکە بۆ ئـەوەی هەرچـۆنێ بێـت ڕایبگـرم. دەسـتی لـێ رادەگرم و دەوەستێ. لەو تویۆتا پیکابە خاکیانەیە کە پێـی دەڵـێن، میــك زەمــینی، ســایەقەکە و دوو کــەس لــە پێشــەوەن، کــوڕێکی گـەنجیش لــە دواوە ســوار بــووە، منــیش دەبــێ بچـمە دواوە. کـە ســەردەکەوم لــە ســەلام زیــاتر هــیچ لەگــەڵ کوڕەکــە نــاڵێم، کــە باریکلەیەکە تەمەنی بیست بیست و دوو ساڵێك دەبێت و ریشێکی تەنکی هەیە.

ئوتومبیلەکــە هەڵتــەك هەڵتــەك ڕێ دەکـات و چـەرخی خــەیاڵی منیش ئارام نـاگرێ. نـازانم کـەی دەگەینـە شارۆچـکەکە، بـەلام بـەر لەوەی خۆمانی پێدا بکەین، دەبێ من حسابێ بۆ خـۆم بکـەم و هــەر هیچ نەبێ لە یەکەم زاڵگە خۆم دەرباز بکەم. پاشان بچمە ماڵی لەیلا و لەوێ بمێنمەوە و جواب بنێرم لە شارەکەی خۆمـەوە ناسنامەکەم بـۆبێنن، ئەوسـا وەکـو هاووڵاتییــەکی ئاسـایی بــە ڕێـی ڕەسمیـدا بڕۆمــەوە. لـەو حاڵەتــەدا تــەنها ڕێکــەوت دەور دەبـینێ. دەشـێ بـە ڕێکەوت یەکێك لە زاڵگەیەك بمناسێتەوە و قوڕ بکات بە سەرمدا.

نــازانم کوڕەکــە لەگــەڵ ئــەو ســیانەی پێشــەوەیە یــان ئــەویش ڕێبوارێکە و لە ڕێگا سەرکەوتووە. دەبێ ئەوان ئاگادار بکەمـەوە کـە هیچ ناسنامەیەکم پێ نییە، بۆ ئەوەی لە زاڵگەکە شتێکم بـۆ بکـەن و دەرباز بم. ئەوەندەی تر خۆم فەقیر دەکەم و دەچمە لای کوڕەکەوە پێی دەڵێم:

(زۆری ماوه بۆ ناو شارۆچکەکە؟) دەڵێ:

(نا، نیو سەعاتێکی تر دەگەین.) دەڵێم:

(من هیچ ناسنامەیەکم پێ نییە، لە زاڵگەکە پرسیار دەکەن یان نا؟) دەڵێ:

(خەمت نەبێ دەتکەمە برای خۆم، ئەوە من پسووڵەم پێیە، لە شارەوە ناردوویانم بچم دوو براکەم بێنمەوە، بەڵام کەسیان لەگەڵم نەهاتنەوە و گاڵتەیان بە عەقڵم دەهات. تۆ دەکەمە یەکێك لەوان.) خێرا پسووڵەکەی دەردەهێنێ و تەماشایەکی دەکات و دەڵێ:

(تۆ هیوا رەحمان رەحیم– یت و منیش هێمن رەحمان رەحیمم، بیرت نەچێت.) لە دڵێ خۆمدا دەڵێم:

(حەو، خۆ هەر بیسمیلاکەی ماوە.)

هەر ئەوەندەم بۆ دەکرێ سوپاسی بکەم. چ رێکەوتێکی سەیرە! قەت باوەڕم نەدەکرد ئەم کوڕە گەنجە ئاوا بۆم ببێ بە فریشتە و رزگارم بکات. گەلێ قسەو باس دەکەین. باسی خۆیم بۆ دەکات کە دوکانی تەنەکەچی ئۆتومبیلی هەیە. دەچنە سەری و پێی دەڵێن، دەبێت بچیت براکانت بهێنیتەوە، دەڵێ:

(نازانم کاتێ دەگەمەوە ئەوێ چیم پێ دەڵێن، دوور نییە دارکارییەکی باشم بکەن!) منیش پێی دەڵێم:

(ئـێ باشـه، پێیـان مـەڵێ دۆزیمنـەوە و لەگـەڵم نەهاتنـەوە، بڵـێ چەندی گەڕام نەمدۆزینەوە.) دەڵێ:

(خەمت نەبێت قەت راستییان پێ نـاڵێم، ئـەو گێلانـە دەبـێ هـەر درۆیان لەگەڵ بکەی.)

ئێمە دەکەوین بە ڕازی قسەدا و میك زەمینییەکەش جار بـەجاری هەڵمان دەتەکێنێ و ڕێ دەکات. من لەوەنـدە زیـاتری پـێ نـاڵێم کـە هاووڵاتییەکی ئاساییم و دوای قەرەباڵغی کـەوتووم، ئێسـتا دەمـەوێ بچمەوە ناو ماڵ و منالی خۆم.

لــەپڕ میــك زەمینیەکــە دەوەســتێ. پیرەمێردێکــی ڕەقەڵــەی هەڵقرچــاو ســــەردەکەوێت. هـــەر بـــە ســـەر و ســـیمایدا دەزانم، گەرمیانییەکی کوێرەوەری دیو و نەگبەتە.

دوای بەخێرهاتن کاتێ دەیدوێنین، یەکسەر دەداتە پڕمەی گریـان و باسـی ئـەوە دەکـات، دە رۆژی رەبەقـە بەشـوێن تاقـە کوڕەکەیـدا دەگەڕێ، کە لە پاش چوار کوڕ بۆی ماوەتەوە.

دوای شەهیدبوونی سێ کوڕەکەی تری هەموو ئومێدێکی بە کوڕە بچوکەکەی بووە کە لە سایەیدا بحەسێتەوە. تکای دنیای لێکردووە، بەڕیشــی ســپییەوە دەســتی ماچــکردووە کــە لــە چــەکداریی نزیـك نەکەوێتــەوە. کەچـی بـە قسـەی نـەکردووە و بـووە بـە پێشـمەرگە. رۆژێك پێش ئەوەی ئێمە لە سنوور توند بکرێین، پیرەژنەکەی سەری

کـون دەکـات و هـەڵی دەپێچـێ بـڕوات و سـۆراخی بەنـدی دڵکـەیان بکات، دەڵێت:

(پیاوەکە خەوم پێوە دیوە لە خەوما ژنمـان بـۆ هێنـابوو، هـەتا هەواڵی نەزانی سەر نەکەیتەوە بە ماڵدا.) وا دە رۆژە بەشوێنیدا وێڵە کەچی کەس هەواڵێکی راستی پێ نەوتووە، دەڵێت:

(هەر ئەوەندە بە رۆح زیندووبێ هەتا پێنج سـاڵی تـریش نـەیبینم قەیناکە، بەڵام بەخوا عەقڵم نایبڕێ و دڵم ئارام ناگرێ.) نازانم بۆچـی دەمم ناوەستێ و ناوی کوڕەکەی لێ دەپرسم.دەڵێت:

(ناوی –نەژادە– نەژادە بچکۆلی پێـدەڵێن.) یەکسـەر کسـپەیەك لە دڵم هەڵدەسێ، گیانم بەوەیە لەو کاتەدا کابرا تەماشای من ناکـات و بــە پێچــانەوەی ســیغارێکەوە مژۆڵــە، دەنــا هــەموو شــتێك لــە روخسارمدا دەخوێنێتەوە، بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، دەڵێت:

(بۆ بە قوربان تۆ دەیناسی؟) دەڵێم:

(نەخێر، خاڵە گیان نایناسم، نـەوەڵڵا نایناسـم.) لـەدڵی خۆشمـدا دەڵێم:

(دەگ ماڵی درۆت بـەقوڕ گـیرێ، دە رۆژ زیـاترە دەزانـی نـەژادە بچکۆل شەهیدبووە.)

هەڵدەسمە سەر پێ بۆ ئەوەی بزانم زۆرمان ماوە بۆ شارۆچکەکە. چەند مەترێکمان ماوە بگەینە یەکەم سەیتەرە، تووشی شۆك دەبم، بەڵام دەزانم ئەگەر خۆم تێکبدەم رەنگە گومانم لێ بکەن، بۆیە بڕیار

دەدەم خوێنساردی خۆم لە دەس نەدەم و خۆم تێکنەدەم. زیاتر لە بیست چەکدار لە زاڵگەکە وەستاون. کەچی ئوتومبیلەکەمان هێواشی دەکاتەوە و هۆڕینێکیان بۆ لێدەدات و تێدەپەڕێت.

دوای پێنج شەش دەقە ڕێ و دوورکەوتنەوە لە زاڵگەکە دامانددەبەزێنێ و سوپاسی دەکەین. لە گەراجی ئوتومبیلە تەکسییەکان، پیرەمێردەکە و کوڕەکە دەڵێن:

(ئێمە لێرە ناوەستین، تۆش لەگەڵمان وەرە.) یەعنی یەکسەر دەچینە شارۆچکەی دووەم، منیش بێ بیرکردنەوە یەکسەر دەڵێم: (باشە.) قەمەرەیەکی بەرازیلی تەکسی وەستاوە، سەر دەکەوین، من و کوڕەکە دەچینە پێشەوە، پیرەمێردەکەش دەچێتە دواوە، دووکەسی تریش دەچنە دواوە و دەکەوینەڕێ. ئینجا ماڵی لەیلا—م بیردەکەوتەوە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(کێ دەڵێ ئێستا هەر لەوێش ماون؟ خۆ لەیلا دەڵێی قەرەجە هەر دەمەی لە جێگایەکە.) دوایی لە قسەکانی کوڕەکەوە دەزانم، میك زەمینییەکە هی یەکێك لەو حزبە بچووکانەیە کە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا نەبێت کەس حسابی تووریێکیان بۆ ناکات، بۆیە ئەوانیش نایکەنە نامەردی و لە ڕۆژانی شەڕدا دەبنە کەری ناوجۆگەو لە هەردوولاوە دەلەوەڕێن. نێوانی شارۆچکەی یەکەم و دووەم هەر سەعاتێك دەبێت. بە ئاسانی لە سێ زاڵگە دەردەچین، بەڵام لە

دوانیـان داوای ناسـنامە لـە کوڕەکـە دەکـەن، کـە لـە نێـوان مـن و سایەقەکەدایە. هەر لەبەر ئەوەی داماوە کەمێك ڕیشی هەیە.

من دەزانم عەقڵییـەتی ئەوانـەی زاڵگـەکان چۆنە، گـرنگ ئەوەیـە خۆت تێکنـەدەیت و رووت خۆشـبێ. زەمـانی بـەعس ئەگـەر سـەیری کابرای سـەیتەرەت نەکردایـە و خـۆت بـە شـتێکەوە مـژۆڵ بکردایـە، یەکسەر داوای هەویەی لێدەکردی. کەچی لە ئێران بەپێچـەوانەوەیە، ئەگەر سەیری کابرای پاسدار نەکەیت و خۆت مژۆڵ بکەی، یان خۆت بکەی بە خەوتوو، پرسیارت لێناکات.

دەگەینـە زاڵگـەی چـوارەم، چـەند دەمڕووتێکـی لێیـە کـە وەکـو گورگی چوارچاو بەهـەر چـوار دەوردا دەڕوانـن. وەکـو ئـەو ئێرانییـە گەمژانەی پارچە پەڕۆیەك دەبەستن بە تەوێڵیانەوە و ئەنواعی شـتی قـۆڕی لـێ دەنووسـن، پـەڕۆیان لەناوچـەوانیان بەسـتووە. بەڕاسـتی دەترسـم. لـە دڵـێ خۆمـدا دەڵـێم: (تـەواو گـیرام.) دەزانم ئـەم دەمڕووتانە هەر قسەیان لەگەڵدا ناکرێ. هەر ئەمانەش بە شەڕەپەڕۆ شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند. بـەڵام دەزانم ئەگـەر نەشـڵەژێی قـەت عەقڵی کاڵی ئەمانە هی ئەوە نییە دەرك بـە شـت بکـات. بۆیـە بڕیـار دەدەم هـەتا دەسـت دەدەنـە بـاڵم و دەمگـرن خـۆم تێـك نـەدەم. یەکێکیان کە دەم باریکێکە و دەمی رێك لە دەمی رێوی دەچێت، بـە کڵاشـینکۆفێکی چـینییەوە، لێمـان نزیـك دەبێتـەوە، یەکسـەر سایەقەکە لێی دەپرسێ:

(ئــەوە خێــرە ئــەم ئێوارەیــە وا بــە تونــدی گرتووتانــە؟) بــە کەشوفشێکی دەمڕووتانەوە دەڵێ:

(ئەوە لە جاشەکانی حزبی (A) دەگەڕێین، دەمانەوێ قەڵاچۆیان بکەین.) یەکسەر سەر دەهێنێتە ناو سەیارەکەوە، رێك بۆنی رێوی لە دەم و فلْقی دێت، بەسەر مندا داوای ناسنامە لە کوڕەکەی تەنیشتم دەکات. من کە قۆڵم خستۆتە سەر دەرگای ئوتومبیلەکە، بۆ ئەوەی مسۆگەری بکەم کە پرسیارم لێ نەکات پێی دەڵێم:

(ئینجا ئەم زاڵگەیە هەتا کوڕی ئازا و گەنجی خوێنگەرمی وەکو ئێوەی لێبێت مەل بە مەلی خۆی دەتوانێ دەرباز بێت؟) بێئەوەی تەماشای ناسنامەی کوڕەکەی تەنیشتم بکات یەکسەر دەیداتەوە دەستی و دەڵێ:

(دەمخۆش مامۆستا. بە سەری ئێوە دوێنێ نیوەی شەوێ بۆ خۆم بە تەنیا حەرەس بووم، گوێم لە دەنگی ڕیزێ قاز و قولەنگ بوو، دەیانەویست بەسەر سەیتەرەیدا بەبێ پشنکین ملی لێدەن و بڕۆن، ئەوەم بیرهاتەوە کە سەرۆك دەڵێ: (ئێوە هەڵۆن!) وتم:

(شاهۆ، چۆن رێ دەدەی قاز و قولنگان بە بێ پرس بە سەیتەرەی سەرۆکدا تێپەڕن. سەرم هەڵبڕی یەکەم جار هیچم بەدی نەکرد، دووەم جار سەرم هەڵبڕییەوە سی و پێنج دانە بوون، بەڵام لە حەلحەلەی ئاسمان، یەکی هێندەی مێشوولەیەکیان دیاربوو، هەر وامکرد و میلم لێ راکێشان و یەك سەلێم پێوەنان هەر سی و

پێنجیانم بەردایەوە. بە سەری ئێوە ئەم سەیتەرەیە بووە مەل باران. ئەوە سێ ژەمانە لە گۆشتیان دەخۆین هێشتا تەواو نابن.)
هەمووومان پێکەوە دەڵێین:

(ئەی دەستخۆش.) لە دڵی خۆشمدا دەڵێم:

(هەی گەلحۆ ئەوە پێشمەرگەیەکی حزبی(A) لەبەر دەستایە، بەڵام عەقڵت پێناشکێ بیگری، کەچی بە سی فیشەکی کلاشینکۆفی چینی سی و پێنج دانە قازوقولەنگ دەکوژی؟ ئاخر گەمژە درۆ بۆ کێ دەکەی؟ هەی داماو، کلاشینکۆفی چینی هەیە بە جوانی دە فیشەك بتەقێنێ؟ هەمیشە لە فیشەکی پێنجەم و شەشەمدا دەوەستێ.)

ئێستا لەو بڕوایەدام چینییەکان ئەوەندە زیرەکن، دەتوانن پێغەمبەرت بۆ دروست بکەن. بەڵام بە پێی داواکاری خۆت بۆت دروست دەکەن. هەتا پارە زیاتر بدەی باشترت بۆ دروست دەکەن. دەتوانن سێ جۆر پێغەمبەرت بۆ دروست بکەن. یەکەمیان بیست و سێ رۆژ پێغەمبەرایەتیی بکات. دووەمیان دووسەد و سی ساڵ پێغەمبەرایەتیی بکات. سێیەمیان دووهەزار و سێ سەد ساڵ پێغەمبەرایەتی بکات. وەکو ئەو گلۆپە شیرییانەی لەسەر داوای بازرگانەکانی خۆمان دروستی دەکەن. هەیانە سێ سەعاد ئیش دەکات و دەسووتێ. هەیانە سی رۆژ ئیش دەکات. هەشیانە سێ

ساڵ ئیش دەکات. بێگومان بازرگانە سەرسواڵکەرەکانی خۆمان سێ سەعاتییەکەیان دەوێت.

هەر چۆنێك بێت بە بەرازیلییە شڕەکە بە لەرە لەر دەگەینە دوا زاڵگە. لە دوا زاڵگەش هەر داوای ناسنامە لە کوڕەکەی تەنیشتم دەکەن. بەرلەوەی خۆمان بکەین بە شارۆچکەی دووەمدا زریپۆشێك دەبینم لە کەناری جادەکە وەستاوە. دەڵێم:

(ئەمە بۆیە هێزەکەی ئێمە ئەژنۆی شکابوو! تۆمەس ئەم فیلی شەڕی قادسیەیان دیبوو!)

8

# باوکم

باوکم، ئەوەندە کفت و شەکەتە، دەڵێی لە ڕاوە بەراز هاتۆتەوە. کە دەچێتە سەر قەرەوێڵەکەی و رادەکشێ، وەك ئەوەی خەوەکە لە مشتیدا بێت، یەکسەر خەوی لێدەکەوێت. ئەوەتا بەرامبەرمە، هەر دوو هەنگاوێ لێمەوە دوورە. وەکو جەستەیەکی بێگیان لەسەر قەرەوێڵەکەی درێژبووە و چرچی لە خۆی بڕیوە، پرخەی بە ژوورەکەدا بڵاودەبێتەوە. بە دیقەتەوە سەرنجی دەموچاوە

قوپاوەکەی دەدەم، لەگەڵ پرخە و هەناسەیدا گوپەکانی پڕ دەبن و دەنیشنەوە. هەست دەکەم دەم و ددانی کەل و کۆم بووە.

منیش، هەتا بڵێی مێشکم ئاڵۆزە و نیگەرانی بەیانیم. نازانم بەیانیش هەر وەکو ئەمڕۆ خۆم بدەمە دەست قەدەر و ملی پێوە بنێم و هەتا دەتوانم بڕۆم؟ یان لێرە بمێنمەوە و تەلەفۆن بکەم ناسنامەکەم بۆ بنێرن؟ ئەوسا لێرەوە تێی تەقێنم بۆ شارە حەیاتەکەی خۆم.

هەرچەند تاوتوێی ئەم مەسەلەیە دەکەم، ناتوانم بگەمە بڕیاری کۆتایی. لەدڵی خۆمدا دەڵێم: ئەگەر لێرە بمێنمەوە لەم شارە کاولبووەدا کەس ناناسم. ئاخر مەعقولە لە شارێکی دوو سەد هەزار کەسیدا یەك بەشەر نەناسییت؟ نازانم بۆچی قەت ڕێم نەکەوتۆتە ئەم شارە وێرانە. ڕەنگە هۆی ئەوە بێت ئێمە لەم وڵاتەی خۆماندا قەت گوێ بە گەشتوگەڕان نادەین. هەر لە شارەکەی خۆماندا سەری خۆمان کز دەکەین و وەکو مێرووڵە هەر بە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە هەتا دەمرین. بۆیە نە ئاگاداری شار و شارۆچکەکانی وڵاتی خۆمانین و نە کەسیان لێ دەناسین. هەمیشە بیانییەکان لە خۆمان زیاتر شارەزای وڵاتەکەی ئێمەن. بۆیە ئەگەر سبەی گێژە گێژ بکەومە ناو بازاڕەوە، ڕەنگە هەر بە قەڵافەت غەوارە بێمە بەرچاو و گومانم لێبکەن و قیڕ بمگرن. یان لەوانەشە سبەی لە ناو بازاڕدا بە ڕێکەوت یەکێکم لێ پەیدا بێت و بمناسێت و بەرەو زیندان

بەڕێم بکات. ئایە و مایەشم تەنیا هەشتا دیناری سویسرییە. ئەگەر پارەی باشم پێ بووایە بە ئاسانی دەمتوانی دەرباز بم، دەمتوانی یەك ئۆتومبیلی تایبەتی بە کرێ بگرم و لێرەوە تێی تەقێنم و بەبێ وەستان بگەمە شارە حەیاتەکە. چونکە لە زاڵگەکان ئۆتومبیلی تایبەتی راناگرن و یەکسەر دەڵێن برۆ.

(( وا دەزانم ئێستایە، دوو ساڵ پێش ئێستا خۆم دەکەم بە ئێراندا، وەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکم پێ نییە. دەشمەوێ لە مەریوانەوە بچم بۆ سنە و لەوێشەوە بۆ تاران. دەمەو عەسرە کە دەگەمە مەریوان، تەنیا ناسیاوێکم هەیە و دەچمە ماڵی ئەوان. حاڵ و مەسەلەکەی تێدەگەیەنم، دوای نانخواردن دێینە دەرەوە، ئەوەندە نازانم دەست لە قەمەرەیەکی پەیکان رادەگرێ. من کەمێك خۆم دوور دەگرم و ناچمە پێشەوە، پاش کەمێك یەکسەر دەڵێ:

( سەرکەوە کا بەهمەن، بۆ کوردستان دەچێت.)

بەبێ چەند و چون سوار دەبم و بە سێ سەعات دەمگەیەنێتە سنە، بەبێ ئەوەی تەنانەت لەیەك زاڵگەش رامانبگرن. هەر بەگۆڕانی فارسی و قسەو باسی عیراق و ئێران دەگەین. لەوێشەوە فرتەی بۆ دەکەم بۆ تاران و دە دانە رۆژ لە ئێراندا دەخولێمەوە و زۆربەی شارەکان دەگەڕێم، بەبێ ئەوەی هیچ پسووڵەیەکم پێبێت.))

بەڵام ئەمەی ئێرە بە پارە دەکرێ و منیش ئەو پارەیەم پێ نییە. دەنا بە دڵنیاییەوە لەم شارۆچکەیەش وەکو شارۆچکەکانی تر

ئۆتومبیلی تایبەتی ئیشی کرێی پێ دەکرێت. بێگومان سبەی باوکم دەڕوات و لەسەرم ناوەستێ. ئەوسا ناتوانم بێمەوە ئەم ئوتێلەش، دەبێ وەکو ئاوارە بکەومە سەر جادە.

خەمی ئەوەشمە هەر ئێستا ئاسایش بێن و دوای لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێی بمگرن. بێگومان باوکیشم ناتوانێ هیچم بۆ بکات. بەڵام لەم لایەنەوە دوو شت کەمێك باری نیگەرانییەکەم سووك دەکات. یەکەم بۆ خۆشبەختی من، شارەکە سەراپا کارەبای نییە. من هەمیشە نەبوونی کارەبا تووشی نائومێدییەکی قووڵم دەکات. ئەو دەمانەی ئاسمانی شارەکەم لە شەقام و باخچە و کۆڵان و ماڵەکانی رووناکترە. ئەو ساتانەی روخساری ئاسمان بە هۆی درەوشانەوەی ئەستێرەکانییەوە وەکو کراسێکی ڕەشی پوولەکە دەدرەوشێتەوە، کەچی روخساری شارەکەم وەکو کراسی ژنێکی مێرد و کوڕ و کچ ئەنفالکراو دەبێتە قەقنەس. نائومێدیی چەشنی مۆتەکە دەست دەخاتە بینم. دەمرم و هەناسە دەدەم، شەرم لێدەبارێ. هەست دەکەم من و خەڵکی شارەکەم لە کۆمەڵێ سیسرك زیاتر هیچی تر نین، بۆیە کارەبامان لێ دەکوژێننەوە و حوکمی قەرەقوش بە سەرماندا دەسەپێنن کە بە تاریکی شەو بەسەر بەرین. یان دەبێ ئەگەر خەویشمان نەیەت بەناچاری بخەوین، یان بە دیار لایت و چراوە حیکایەتی بەدبەختییەکانی خۆمان بگێڕینەوە.

بەڵام ئەمشەو لە دڵـەوە پێمخۆشـە کارەبا نییـە! چـونکە ئەگـەر ئاسایش ئەمشەو بێنە ئێرەش، بـڕوا ناکـەم لـەم تاریکییـەدا و لەبـەر چرا، نـە بتـوانن گومـانم لێبکـەن و نـە بتـوانن بمناسـنەوە. ئـەم بـێ کارەباییە دوو رووداوی سـەیرم بـیر دەهێنێتـەوە. یـەکێکیان کـۆن و ئەوی تریان تازە، هەمیشەش کـە دێنـەوە یـادم مچـوڕکە بـە گیانمـا دێنن و مووی گیانم گرژ دەکەن.

(( چوار ساڵ بەرلە ئێستایە، تاریکە شەوێکی زسـتانەو کارەبـاش نییە، کچـەکەم پـەڵپی سـاردی و پسـکیتی گرتـووە، ئـۆپلێکی شـڕم هەیە، لە بـەردەرگا رام گرتـووە، دیمـە کـۆڵان، سـلفێك لـێ دەدەم، بەگ دادەنێم، قۆڵم دەخەمە سەر کوشـنەکە و پێـی پیـا دەنـێم، زۆر بـەخێرایی دێمـە دواوە، سـەرەتا لـەناو تاریکییـەدا هـیچ بەدیناکـەم، پاش کەمێك وەك ئەوەی جنۆکە بێت و ئەو دەقەیـە لەوێـدا هـەڵقولا بێت، کابرایـەك دەبیـنم قـاتێ جلـی رەشـی لەبەردایـە، وەك ئـەوەی بچـێت بـۆ دزی بـە یاشمـاخێکی رەشـیش دەموچـاوی هەڵپێچـاوە، مـەترێك بەرلـەوەی لێـی بـدەم و فرێـی بـدەم، ئیسـتۆپ دەکـەم و دەوەستم، خەریکە ناوك و دڵم دەکەوێتە خوارەوە، من هەمیشـە وام هەر کاتێ خەریکە تووشی رووداوێکی سەیارە دەبم، پێش ئـەوە دڵـم دادەخـورپێ و دڵـم بەخێراییـەکی سـەیر لێـدەدات. دادەبـەزم و بـە تووڕەییەوە پێی دەڵێم:

"ئەوە تۆ لە کوێـوە هـەڵتۆقیت کـابرا؟ خـەریك بـوو بـەم تاریکـە شەوە قەتلێك بکەیتە ملمان."

وەك ئـەوەی لەگـەڵ ئەویشـم نـەبێت، نقـەی لێـوە نایـەت، بـەبێ ئـەوەی ئـاوڕیش بداتـەوە بـەڕێی خۆیـدا دەڕوات. بـەڵام ڕۆیشـتنێکی سـەیرو ترسـناك، وەکـو دووکـەڵێکی ڕەش یـان ئـاوی ڕووبارێـك لـە شـەوێکی ئەنگوستەچـاودا شـەپۆل دەدات. لـە دوایـەوە گـوێم لـە دەنگێك دەبێت، وەکو پڕمەی ئەسپ، یان شتێکی لەو بابەتـە، پـاش کەمێك وەك ئەوەی زەوی قووتی بدات یان ئاسمان هەڵیلووشێت، لـە چاوم ون دەبێت... ))

(( تەمەنم بیستساڵی خشتە، کارەبـا نییـە، بـەڵام مانگەشـەوە، قەمسەڵە ڕەشەکەم دەدەم بە شانمدا و دەردەپەڕم، لەگەڵ دەسـتی خۆمـا دەرگـای حەوشـە پێـوە دەدەم. خـەیاڵم ڕۆیشـتووە و بـەرەو دوکانەکەی سەروو ماڵی خۆمان دەکەومەڕێ. لەناکاو سەرهەڵدەبرم، تارماییەك بـەرەو ڕووم ڕادەکـات، زۆر زەبـەلاح دێتـە بەرچـاوم، وەك ئەوەی ئەسپێك بێت و کەوتبێتە سەر پاشوو، مـووی گیـانم هـەمووی گرژ دەبێـت، لـە جیـاتی ئـەوەی ڕابکـەم یـان بـەرەنگای ببمـەوە لـە شوێنی خۆم دەچەقم و قاچـم ڕێ داناگرێـت، دەگاتـە ئاسـتم و تونـد باوەشم پیا دەکـات، وەك ئـەوەی هـاوار بکـەم، زمـان لاڵ دەبێـت و دەنگێکـی وەکـو قروسـکەی سـەگم لێـوە دێـت. لەگـەڵ بـاوەش پێداکردنەکەیدا ماچم دەکات و دەڵێت:

"بەهمەن چۆنی چۆن؟ ئەوە بۆ دیار نیت، شێتە؟"

بە دەنگەکەیدا دەیناسمەوە، کەمێك هۆشم دێتەوە بەر، بەڵام هێشتا ناتوانم یەك وشە قسە بکەم. مەردانە شێتە، پێنج ساڵ زیاترە کردوویانەتە ژوورەوە، نازانم دوای پێنج ساڵ چۆن بەو شەوە لە دوورەوە من دەناسێتەوە. بەڵام زیرەکی مەردانە شێت هەروا سەرسوڕهێنەرە، گەورە و بچووکی گەڕەك بە ژن و پیاو و کوڕ و کچەوە بەجوانی دەناسێت و ناوی هەر هەمووشیانی لەبەرە. بەر لەوەی هیچ بڵێم وەك ئەوەی لێم زویر بێت، دەڵێت:

"دەبرۆ شێتە، پێنج ساڵە لێت نەپرسیوم، ئێستاش نوتقت بەستراوە."

وەك ئەسپێك کە خۆی بۆ پێشبڕکێ ئامادە بکات، کەمێك سمکۆڵان دەکات، لەپڕ وەکو ڕەشەبا بۆی دەردەچێت، ئان و سات، بە هەمان شێوەی کابرا، لەچاوم ون دەبێت. ))

جگە لە نەبوونی کارەبا ئەوەی دڵخۆشم دەکات ئەوەیە بڕوا ناکەم هیچ حزبێك بتوانێ لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کۆنترۆڵی هەموو کون و کە لەبەرێکی وڵاتێك و تەنانەت شارێکیش بکات. بۆیە قەت بڕوا ناکەم ئەمشەو ئاسایش وەکو ئاسایشی وڵاتێك کە سەد ساڵە دەوڵەتی هەیە، بێت و ئەم ئوتێلە بپشکنێت

هەر ئێوارە کە دەگەینەجێ هەست دەکەم شەو کارەبا نابێت. بەبێ ئەوەی فاڵم گرتبێتەوە لە خۆمەوە وا هەست دەکەم. هەندێ

جار هەستێكی وام هەیە فڵان شت دەقەومێ و راستیش دەردەچێت، ئەوە كەسێكی تر بێت دەڵێت كەراماتم هەیە، یان دەڵێ پێشبینی شت دەكەم، لەوانەیە رۆژ تا ئێوارە دابنیشێ و چاو بنوقێنێ، بەو شێوەیەك بە ناوی پێشبینییەوە هەزارو یەك فشە بكات. بەڵام من دەمێكە هەستم بەوە كردووە كە هەندێ جار دەتوانم پێشبینی رووداوی ناخۆش بكەم، ئەمما رووداوی خۆش نا.

بەهەرحاڵ، هەر كە لە بەرازیلییەكە دادەبەزین كورە گەنجەكە وەكو ئەوەی زەوی قووتیدابێت، لەپڕ ونبدەبێت، بەبێ ئەوەی ماڵئاوایی لێبكەین ئیتر چاومان پێی ناكەوێتەوە. من و پیرەمێردەكە پێكەوە دەمێنینەوە، خۆمان دەكەین بە چایخانەیەكدا لە جیاتی ژەمی ئێوارە، نانی ساردەوە بوو و ماست و چا دەخۆین، پێش ئەوەی ئەو هەڵسێت، من هەڵدەسم، هەرچەند كابرای چایچی مشتومڕ دەكات و دەڵێت: (وێر نییە.) پارەی هەردووكمان دەدەم. هەڵویستەیەك دەكەم بۆ ئەوەی پیرەمێردەكە هەڵسێت و ماڵئاوایی لێبكەم و بڕۆم، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانم بۆ كوێ؟ كە هەڵدەسێت دەست دەبات بۆ گیرفانی، دەڵێم پارەكەم داوە. یەكسەر دەڵێ:

( كەواتە بابڕۆین.)

(بۆ كوێ؟)

( دەچینە ئوتێل.)

(ئاخر من ناسنامەم پێ نییە.)

(تۆ حەقت نەبێت، من باوکتم و تۆش کوڕی منی.)

زۆر سەیر لـەو دوودڵیـی و سـەرگەردانییە رزگـارم دەکـات. وەکـو کوڕە گەنجە دەبێت فریشتە بۆم. ئیتر وەکـو جـارانی بـاوکم شـوێنی دەکەوم. شـەقامێك دەبـڕین و لەبـەردەمی ئوتێلێکـدا هەڵوێسـتەیەك دەکـات و بــە لاچـاوێك ســەیرم دەکـات. تێدەگــەم یــانی ( وەدووم کـەوە.) بـە کۆمـەڵێ پلیکانـەدا سـەردەکەوین. لەبـەردەمی مێـزی خاوەن ئوتێلەکەدا ناسنامەکەی خۆی دەردەهێنێ و دەڵێ:

(ناومان بنووسـە، هـەیاس مـەردان، بەهمـەن هـەیاس مـەردان.)

چاوم لە دەستی کابرایە، بە دەستی چەپ ناوەکان بە جـوانی وەکـو خۆی دەنووسێت. کە دەچینە ژوورەکەی خۆمان، دەڵێت:

(ناوی دایکت توبا ئیبراهیم سەمینە، لە بیرت نەچێت.)

لە جیاتی ئەوەی بڵێم سوپاس یان مەمنوون، وەکو ئێرانییـەکان، بە رێزەوە سەری بۆ نەوی دەکەم. هەر لە خۆمەوە شتێکی کۆمیـدیم بیر دەکەوێتەوە.

(( تەمەنم هەژدە ساڵانە، بۆ یەکـەمجار مەلایـەکی خزمـی بـراژنم، ژنی برا گەورەکەم میوانمانە. بە رێکەوت ئـەو شـەوە بـاوکم لـە مـاڵ نییە. ئەوە یەکەمجاریشە شەوێك باوکم لە ماڵ نەبێت. شـەوێ کـاتی خەوتن لێمان دەبێـت بـە مشـتومڕ، مـەلا لـە کـوێ بخـەوێت، منـیش دەڵێم: "با لە شوێنی بـاوکم بخـەوێت." کەسـیان گـوێ بـە قسـەکەم نادەن و لە بیری خۆیانی دەبەنەوە. مـن هەسـت دەکـەم حسـابم بـۆ

ناکەن، دەمەوێ قسەی خۆم هەبێت و گوێم لێبگرن، دەیلێمەوە: "با لە شوێنی باوکم بخەوێت!" ئەمجارەش کەس گوێم پێنادات، برا گەورەکەم لێم مۆڕ دەبێتەوە، کەچی ئەمجارە بە دەنگێکی زوڵاڵتر دەڵێم: "با مامۆستا لەشوێنی باوکم بخەوێت." هەست دەکەم براکەم تەریق دەبێتەوە. مەلا خۆی دێتە دەنگ و دەڵێت: "کوڕی لاو من لە شوێنی خۆم دەخەوم." ))

سالانێ دوای ئەوە لە نوکتەکە تێدەگەم، من دەمەوێ چ شەکرێك بشکێنم. تومەز بەو عەقڵە ساویلکەیەم دەمەوێ لەگەڵ دایکم بخەوێت. یانی سووك و ئاسان ویستوومە بیکەم بە باوکم. سەیر لە وەدایە ئەم کابرایە دەبێ بە باوکم، بەبێ ئەوەی دایکم لە ئارادا بێت.

هەر ئەمدیو دیو دەکەم و خەوم لێناکەوێت. باوکم چەند جارێك خەبەری دەبێتەوە و سەیرێکی چواردەوری خۆی دەکات و دەخەوێتەوە، کەچی من هەر خەوم لێناکەوێت. ئێستا و ئەوساش نازانم کەی خەو بەسەرما زاڵ دەبێت.

# 9
# نەڕەدیۆ

بـەیانی زوو حـاجی هـەیاس خەبـەرم دەکاتـەوە بـە بـانگێکی پڕسۆزی وا وەك ئەوەی هەر بەڕاستی باوکم بێت دەڵێت:

(هەستە ڕۆڵە، هەستە بەهمەن، هەستە کوڕم با پشـت بـە خـوا و پێغەمبەر و وەلی و پیاوچاکان بەڕێکەوین. خوا حەزکا دوو سـەعاتی تر بە سەلامەتی دەگەینە شار.)

بێئەوەی هیچ خۆم گیربدەم یەکسەر راست دەبمەوە و دەموچاوم دەشۆم و دەڵێم:

(بابڕۆین). بەرەو گەراج بەڕێدەکەوین، هەوایەکی فێنکی نەشئەبەخش لە ڕوخسارمان دەدات. نازانم بۆچی وا هەستدەکەم حاجی هەیاس لە هەزار ناسنامە و پسووڵە، بۆ من باشترە. زۆر سەیر پشتم پێی قایمە. هەست بە دڵنیاییەکی سەیر دەکەم لەگەڵ ئەودا. ئەو دڵنیاییە مەگەر بە منالیی دایکم پێی بەخشیبم. بە منالیی هەر کاتێ باوکم وەکو هەوری بەهار دەیگرماند و دەینەڕاند بە سەرما، یان کە فرۆکە دەهاتە سەر شار و دەستی بە بۆردومان دەکرد، خێرا دەمزیراند و خۆم بۆ باوەشی دایکم دەکوتا، کە دەگەیشتمە باوەشی توند دەیگوشیم بەخۆیەوە، ئیدی باکم لە هیچ مەترسییەك نەبوو. پێموابوو لە سەنگەرێکدام کە کەس زەفەری پێنابات.

حاجی هەیاس سواری قەمەرەکە دەبێت، منیش لە تەنیشتییەوە دادەنیشم، پیاوێکی تریش لەولای حاجی هەیاسەوە دادەنیشێ، بەڵام پێشەوەی قەمەرەکە کەسی تیا نییە. کابرای سایەق دەکەوێتەڕێ و دەڵێ:

(نەفەرێکی ئاشنای خۆم لەڕێ سەردەخەم.)

پێنج سەد مەترێ دەڕوات و لەبەردەمی ماڵێکی دەرگا ڕەساسیدا دەوەستێ و هۆڕینێك لێدەدات. کابرایەکی هەتابڵێی کەتە و زەبەلاح

دەردەپــەڕێ، دوو بــرۆی پــەیوەســتی رەشــی زل و لــووتێکی بــەرانی. سمێڵە زلەکەی تەواوی بەر لــووتی داپۆشــیوە کــە تاڵــە تاڵــەی ســپی تێکەوتووە. سەری هێندە زلە جامانەکەی وەکو دەسڕی مناڵان وایــە بە سەریەوە. چەپکێ قژی ماشوبرنجی لەسەر تەوێڵیوە دەرهێنــاوە. قاتێکی خاکی لەبەردایە کە قەمسەڵەیەکی ئــەمریکی بەســەردا لەبــەر کردووە. نازانم ئەمریکییەکان چۆن توانیویانە قەمسەڵەی قیاسی ئەم کەرتە دێوە بدوورن. لەپڕ بیرم دەکەوێتــەوە کــە قەبــەترین زەلام لــە ئەمریکایە. دەڵــێن قــولانجی ئــەمریکا مەترێکــە! کــە دەست دەبــات دەرگــای ســەیارەکە بکاتــەوە ســـەرنجی چــنگ و پـــەلی دەدەم پەنجەکانی هێندەیان لــە مەچــەکی مــن کــەمتر نییــە. هــەتا ئەوکاتــە زەلامی وا کەتەم بە چاوی خۆم نەدیوە. کــە ســەردەکەوێت یەکســەر قەمەرەکە بەو لایەدا دەنیشێت.

شارۆچکەکە بەجێدەهێڵین و زاڵگــەی یەکــەممان لێدەردەکــەوێ. ئاگام لێیە حاجی هەیاس دەست دەکات بە خوێندنی ئایەتەلکورســی و بە ملاو بە ولادا فوو دەکات، بۆ ئەوەی من بە سەلامەتی دەرچــم و پرسیارم لێنەکەن.

لە سێ زاڵگە بە دوعا و ئایەتەلکورسییەکانی حــاجی دەردەچــم. لە جێگایەك لادەدەین بۆ ئەوەی نانی بەیانی بخۆین. زاڵگەیەك ســەد مەترێ لێمانەوە دوورە دەبێ دوای نانخواردن پیایــدا تێپــەڕین. لــەو باوەڕەدام ئەم زاڵگەیە پرسیار زۆر دەکەن و زۆر لە شت دەکۆڵنەوە،

بە مسۆگەری لەوێدا دەگیرێم و دوعاو نزاکانی حاجی هەیاس فریام ناکەون. بۆیە خۆم دەکەم بە نەخۆش و واخۆم نیشان دەدەم ژانە سەرێکی پیسم گرتووە، بە حەبی ئەسپرین نەبێ سەرم چاك نابێ. بەرنامەشم ئەوەیە بە پیادە بەناو زاڵگەکەدا تێپەڕم، لەو حاڵەتەدا وادەزانن خەڵکی ئەو شوێنەم و پرسیارم لێناکەن. کاتێ بە سایەقەکەم دەڵێم:

( کە حەبەکانم کڕی لەسەر جادەکە چاوەڕێتان دەکەم.) دەڵێت:

( حەبی سەرئێشەم پێیە.) خەریکە هەموو نەخشەکەم هەڵدەوەشێتەوە. من بەوپەڕی بێئومێدییەوە دەوەستم، ئەویش دەستدەکات بە گیرفانی شەرواڵەکەیدا، کە حەبەکان دەردەهێنێ و تەماشایان دەکەم، لە ناخەوە دەگەشێمەوە. چونکە حەبەکانی فلۆئاوتن، دەڵێم:

( ببوورە عەزێتم دای، بەڵام من خۆم فێری حەبی ئەسپرین کردووەو بەو حەبە نەبێت ژانە سەرەکەم چاك نابێتەوە.) دیارە کابرا گێلۆکە و خۆشباوەڕە دەڵێ:

(باشە گیانە لەسەر جادەکە بوەستە با بەجێنەمێنیت.) بەرەو ئەو دوکانانە دەکەومەڕێ کە لە ئەملاولای جادەکەن. دوای پێنج دەقەیەك گورگ ئاسا ئاوڕیان لێدەدەمەوە، بزانم لە چاویان ونبووم، کە دەزانم دیارنین خێراتر هەنگاو هەڵدەگرم. بۆ ئەوەی بە درۆ نەکەومەوە دەمەوێ هەر بەڕاستی حەبەکە بکڕم، هەرچەند دەگەڕێم

نییــە، دەســتی لێهەڵــدەگرم و بەســەر جادەکــەدا بــەرەو زاڵگەکــە دەکەومەڕێ، وا خۆم نیشـان دەدەم کـە خـەڵکی ئـەو شـوێنەم و بـۆ کشتوکاڵ دەچمە دەرێ.

(( ئەو زاڵگەیەی ساڵانی بەعسم دێتەوەیاد کـە بـە دەمانچـەیەکی چواردەخۆر و دوو نارنجۆکەوە، دوانزە ساڵ بەرلە ئێستا بـە ئاسـانی بە پیادە پیایدا تێدەپەڕم. وەك ئەوەی بۆ سەیران بچم هیچ ترسێکم لە دڵدا نییە، هەروا وردە وردە لە زاڵگەکە نزیك دەکەومەوە. لە خۆم دەپرسم:"باشـە بۆچـی ترسـم نییـە و بێبـاکم؟ متمانـەم بـە خـۆم و دەمانچەکەم و نانجۆکەکانە؟ یان باکم لە مەرگ نییە؟" ماوەیەك ئەم دوو پرسـیارە لـە مێشـکی خۆمـدا تـاوتوێ دەکـەم. سـەرەتا وەکـو تەرازوویــەك هاوســەنگ دێتــە زەینمــەوە، دواتــر وردە وردە بــەلای پرسیاری دووەمدا لاسەنگ دەبێت.

پێنج سەد شەش سەد مەترێ بەرلەوەی بگەمە زاڵگەکە کابرایەك دەبینـم بـارێ داری لـە هێسـترە ماچـەیەك بـارکردووە. ئـازا خـۆم دەگەیەنمـە کـابرا و ماندوونـەبینی لێدەکـەم، خـۆم دەکەمـە بـرای بـاوکی. هێـدی هێـدی بـە دەم ڕازی قسـەوە بـە دوای هێسـترەکەدا دەگەینـە ئاسـتی زاڵگەکـە. سـەربازێکی ڕەشـتاڵە سـێ مـەترێك لـە دووری رێگـا چـەوڕێژەکەوە لـە سـەرمادا هەڵدەلـەرزێ. سـڵاوێکی لێدەکـەین و بـە ددانەچـۆقێوە وەڵام دەداتـەوە. کـابرا هێسـترەکەی ڕادەگـرێ بـۆ ئـەوەی باوەشـێ دار بـدات بـە سـەربازەکە. مـن وەك

ئەوەی دەمێك بێ کابرا بناسم ماڵئاوایی لێدەکەم و خۆم دەکەم بە ناو شارۆچکەکەدا. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

"ئەمشەو لەم شارۆچکەیە ئەستێرەیەك بە دەستی من دەکشێ، ئەوسا بۆ دەربازبوون پێویستم بە خۆت و هێستره ماچەکەت نییە. چونکە شەو وەکو تەمتومان، باشترین پەردەی خۆشاردنەوەیە، "لە شەودا پشیلەکان هەموویان یەك رەنگیان هەیە." ئەمەم لە کوێدا خوێندۆتەوە؟ "هەژدەی برۆمیری لویس بۆناپارت" منیش رۆژگاری مارکسی بووم، بڵێی رستەیەکی مارکسم بیر نەمابێ!!" ))

کە بەسەر شەقامەکەدا هەنگاو هەڵدەگرم، خەیاڵم لای ئەوەیە کە ئەگەر ئێستا یەکێك بمناسێتەوە ئای چیم بەسەردێت؟ دەگەمە ناوەڕاستی زاڵگەکە لەپڕ دەنگێك لە ناخەوە ڕامدەچڵەکێنێ کە دەڵێ:

(بەهمەن، بەهمەن، هۆ بەهمەن، لەگەڵ تۆمە.) لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(ئەرەوەڵڵا گیرام!) وەختە ئاوڕ بدەمەوەو بڵێم:

(فەرموو.). دەنگەکە دیسان دێتەوە گوێم:

(بەهمەن، بەهمەن، هۆو بەهمەن، لەگەڵ تۆمە دەهەڵسە حەرەسی، بۆچی ئەوەندە خەو خۆشی، خۆ کوڕی عەقاری نیت.)

نازانم ئەم دەنگەکە رێك هی چەند ساڵ لەمەوبەرە، بەڵام دەزانم

خاوەنی دەنگە لە ڕاپەڕیندا شەهیدبوو، بەڵام بۆچی لەم دەقەیەدا دەنگی دێتەوە گوێم؟

ئاسایی بەناو زاڵگەکدا تێدەپەڕم، بیست مەترێ دوور نەکەوتوومەتەوە کە سەیارەکە لە تەنیشتمەوە دەوەستێ و کابرای سایەق دەڵێت:

(فەرموو سەرکەوە کاك بەهمەن.) وەها دەشڵەژێم دەمەوێ لە دەرگای دوای سایەقەکەوە سەرکەوم. کابرا دەڵێ:

( لەودیوەوە ئەزیزم ئەو دەرگایە ناکرێتەوە.) هەر بەو شڵەژاوییەوە سەردەکەوم. کاتێ دێمەوە سەرخۆم ئەوسا دەزانم حاجی هەیاس لەناو سەیارەکەدا نییە. کە پرسیاری دەکەم پیاوەکەی تەنیشتم دەڵێ:

( لە چایخانەکە کابرایەکی تووشبوو، وتی کوڕەکەتم دیوە، گەڕایەوە و بە شوێن قسەی کابرادا چوو.) لە دڵی خۆمدا دەڵێم: (دیارە ئەو ناوی منی پێ وتوون.)

کە سواری قەمەرەکە دەبمەوە، هەر کە دەرگاکە دادەخەم و پاڵ دەدەمەوە، پیاوە زەبەلاحەی پێشەوە یەکسەر دەڵێت:

(تۆ سەر بە حزبی(A) یت.) کەمێك دەساکێم، دوایی دەڵێم:

(نا، وانییە.) دەڵێت:

(ئێ باشە، بۆچی خۆت گورگە دەکەی؟ خۆ ئێمە وەکو حزبەکەی ئێوە دیکتاتۆر نین.) دەڵێم:

(مـن تەنەکەچـی سـەیارەم نـە تاقـەتی حزبایـەتیم هەیـە و نـە پێشمەرگایەتی.) دەڵێت:

(خـوای دەکـرد ئەنـدامی سـەرکردایەتی دەبـووی، بـە وەعـدی شەرەف وەرە مـن پسـووڵەت بـۆ دەکـەم کەسـیش حـەقی نـەبێ بـە سەرتەوە.) دەڵێم:

(باوەڕبکە من هیچ نیم و پێویستیشم بە پسووڵە نییە.)

لـەوە دەچـێت سـایەقەکە بـاوەڕی کردبـێ کـە مـن تەنەکەچـی سـەیارەم، بۆیـە ناونیشـانی شـوێنی دوکانەکـەم لێـوەردەگرێ، بەونیازەی حەفتەی داهاتوو بێت و هەندێ قوپاویی سـەیارەکەی بـۆ چاك بکەمەوە. هەر لەخۆمەوە ناونیشانێکی دەدەمێ. ئیدی ئـەویش و کـابرای زەبـەلاحیش بێـدەنگ دەبـن، منـیش دەچـمەوە ناودنیـای خەیاڵاتی خۆم و بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن هـەروا بـە بـێ حسـاب خۆم داوەتە دەست قەدەر و هەر ملدەنێم.

سـەیارەکە ئاسـایی ڕێ دەکـات، ئێمـەش بێـدەنگ گوێمـان بـۆ گۆرانییەکی حەسەن زیرەك شل کردووە کە دەڵێ:

(بە تۆبە، تۆبە، ئەسمەر تۆبەکەم فێڵە ...)

مـن دڵـم دەکەوێتـە مەترسـییەوە، کـێ دەڵـێ ئـەم کـابرا کەتەیـە بـەگرتم نـادات. کـێ دەڵـێ بـەم هێمنییـەی فـێڵم لێناکـات و بـەکڵاو نامگرێ و نامخاتە داوەوە؟ بیر لەوە دەکەمـەوە ئەگـەر ئـەم کابرایـە پەلامارم بدات، بەچی خۆمی لە دەست دەرباز بکـەم؟ خـۆ دەتـوانێ

بمخاته بن هەنگڵی و ڕۆژەڕێیـەك دامنەنـەنێت! ئەوسا چۆلەكەیەكی بەستەزمان دەبم بەدەست منالێكی چەتوونەوە. حاجیش لێرە نییـە فریام بكەوێ و بمكاتەوە بـە كـوڕی خـۆی. هـەرخۆم دڵخۆشـی خـۆم دەدەمەوە، تۆ بڵێی ئـەم كـابرا كەتـەو زلـە، كـە لـە سـەرو سیمایدا هێنـدەی عەشـایەرێكی ڕەسـەن و وەجـاخزادە بەدیـدەكرێ، نیـو ئەوەندە كەسێكی حزبی وشك و كەللەڕەق بەدیناكرێت، فێڵم لێبكات و بمخاتـە داوەوە؟ هەرچـەند لێكـی دەدەمـەوە، ناچـێتە عەقڵمـەوە ناجوامێریی وای لـێ بوەشـێتەوە، بـە تایبـەتی كـاتێ دەڕوانم، كـابرا دنیادیـدە و كامڵـە و دەمـڕووت و كـوڕو كـاڵ نییـە. چ سـەختە بـۆ كەسێكی وەكو من لەگـەڵ نـەڕەدێوێكی وادا چـنگ بـدات؟ ئەمـە نـە زۆرانی دووكەسی بەرامبەرە و نە شـەڕی دووگروپـە كـە هـەدوولایان چەكدارن. ئەمـە ڕێـك لـە شـەڕی چـەكدار و بێچـەكێك دەچـێت. لـەو حاڵەتەدا دەبێ بێچەكەكە واتە بەندە پەنا بۆ تاكتیك بەرێت. وانـەبێ ئەم فیلەگێژە بەچی بەیدەست دەبێت؟

(( ئەو ئەفسەرە قایش رەنگە دێو ئاسایەم دێتەوەیاد كە بـەر لـە ڕاپەڕین لە شەڕێكی دەستە و یەخەدا هێرشم بۆ دەهێنێ و دەیـەوێ هەروا بە دەسـت بمگرێت. هـەر كـە سـەر هەڵدەبڕم وەكـو گایـەكی قەترانی دێتە بەرچاوم كە بە پشتی هەردوو شاخە زلەكـەی هەڵمـەت دەبات و حسابی هیچ بۆ بەرامبەرەكەی دەكات. كـابرای ئەفسـەریش لەناكاو لە پەنای دارهەنجیرێكەوە دەردەپەڕێ و شاڵاوم بۆ دێنێ. لە

ڕاستیدا دەتوانێ دەسبەجێ تەقەم لێبکات و بمکوژێ، بەڵام نازانم دەرچووی چ کۆلیژێکی سەربازیی لاکۆڵانە پێی وایە لە شەڕە تفەنگیشدا جیاوازیی لە نێوان کەتە و ڕیوەڵە و کەڵەگەت و کورتەباڵادا هەیە. بۆیە یەکەم دەست تەقەم لێناکات و دەیەوێ بەهێزی کۆنفۆ و کاراتی دەسگیرم بکات و وێڕای نیشانەی ئازایەتی، پارەو ناوبانگێکی باشم پێ پەیدا بکات، وەلێ ئاواتەکەی دەباتە ژێر گڵ. پێنج شەش هەنگاوی ماوە دەستی بمگاتێ و بە یەك گورز تەختی زەوییەکەم بکات. من زووتر لێی دێمە دەست و هەتا وزە لە قامکی دۆشاومژەی دەستەڕاستمدایە، دەست دەنێم بە پەلەپیتکەی کلاشینکۆفەکەمدا و دە فیشەکی ڕێکی پێوەدەنێم، هێندە بەڕقەوە شاڵاوم بۆ دێنێ هەتا هەموو گوللەکان لاشەی نەسمن ناکەوێ. بۆیە ڕاست دەکەوێتە بەرپێم. لە ڕاستیدا ئەم دەستوبردەم لە مکاتەدا هێندەی لە ترسی مەرگە نیو ئەوەندە لە ئازایەتی و جوامێرییەوە نییە. وەکو هەندێ ترسنۆك هەمیشە وشەی ئازایەتیی و جوامێری لەسەر زاریانە و خۆیانی خۆیانی پێوە بادەدەن. گیانم بەوەیە پێشان تفەنگەکەم لەسەرپێیە و لەسەر ڕێژنەشە دەنا فریای میل هێنانەوەش ناکەوم و دەبم بە نێچیری کابرای ئەفسەر. بە سەرسامییەوە تەماشای لنگەفرتێ و گیانکێشانی دەکەم، وەك ئەوەی خوێن گرتبمی لە شوێنی خۆم جوڵەم بۆ ناکرێ.

کـاتیٚ یـەك دوانـیٚ لـە هاوڕێکـانم دەگەنـە لام بـۆ ئـەوەی مـژدەی ئەوەم بـدەنیٚ کـە بۆسـەکەمان سـەدی سـەد سـەرکەوتنی بەدەسـت هێناوە و دەبیٚ بە خێرایـی پاشەکشـە بکـەین. سـەرهەنگ چاوشـین، هەر کە چاوی بە ئەفسەرە کوژراوەکـە دەکـەویٚ بـە هـەردوو دەسـت دەکێشیٚ بە سەری خۆیدا و دەڵیٚ:

"ئەی باوکەڕۆ! لەم نەڕەدێوە کوشتوتە!! وەڵڵاهی حەقە نـاوت بنـێین دێـو بەهەمـەن!" ئیـدی لـەو سـاتەوە ئـەو نـاوەم بەسـەردا دادەبڕیٚ.))

باشە ئەگەر ئەم کابرایەش وەکو ئەفسـەرەکە نیـازی خـراپ بێـت تەگبیرم چییە؟ وەکو یەدەك، چەند پلانێك دادەڕێژم. ئەگەر ویسـتی دابەزیٚ دەبیٚ من لە پێش ئەودا دابەزم بۆ ئەوەی لـەناو سـەیارەکەدا قۆڵبەسـتم نـەکات. ئەگـەر ویسـتی پـەلامارم بـدات دەبـیٚ بەرلـەوەی دەستی بمگاتیٚ نەخشەی شەڕەکەی باوکم بەکاربێنم، ئەوسا فرتـەی بۆ بکەم.

(( وەکو گرتەیەکی سینەمایی شەڕێکی بـاوکمم دێتـەوە بەرچـاو، بەم چاوانەی خۆم دەیبینم، باوکم لەگەڵ یەکیٚ سـەرقاڵی مشـتومڕ و شەڕە جنێوە، کابرایەکی تر لە تەنیشتەوە بە تێڵایەکەوە هێرشی بۆ دێنیٚ، چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە باوکم، من هـەتا لـە گەروومدایـە دەقیژێنم: "باوکە وریابە" باوکم هیچی بە دەستەوە نییە، نـە تـێڵاو نـە هـیچ، کەچـی هـەر ئەوەنـدە بلێـی یـەك و دوو، خشـتێکی کـاڵ

هەڵـدەگریٚ و دەیسـرەوێنێتە کەللـەی کـابرای تـێلا بەدەسـت، کـابرا وەکو مریشـکی سـەربڕاو دەکەوێتـە لنگـەفرتیٚ، مـن لـە دڵـی خۆمـدا دەڵێم: "مرد" کەچی هەڵدەسێتەوە و بەسەری شـکاوەوە رادەکـات. باوکیشم بەو گورزە شەڕەکە دەباتەوە ! ))

ئەمما، ئەگەر یەکسەر گرتمی، دەبیٚ پەلاماری گونی بدەم، وەها رایکێشم کە بمەویٚ لە رەگ و ریشەوە دەریبێنم، هەتا لە هۆش خۆی نەچێت بەری نەدەم، دوایی قەلفڕی بۆ بکەم.

دەزانم لێرەوە بۆ شارەکەی خۆم تەنها دوو زاڵگـە مـاوە، زاڵگـەی یەکەم باشترین تاقیکرنەوەیە بۆ ئەوەی لە نیازی کابرا تێبگەم. خۆم هەڵدەگرم بۆ ئەوەی بگەینە زاڵگەی یەکەم، جارێکی تـر لـە ئاوێنـەی سـەیارەکەدا هەرچـۆنێك بێـت تەماشـایەکی سـەر و سـیمای کـابرا دەکەمـەوە. هـیچ نیـاز خراپیـەکی تێـدا بـەدی ناکـەم. وەك ئـەوەی بمەویٚ سەرخەویٚ بشکێنم بە هێمنی چاو لێك دەنێم. ئەگەرچـی پـێم وانییە نەخشەیەکی زیرەکانە بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێـت، دەمـەوێت خۆم بکـەم بـە خـەوتوو بـزانم کـابرا شـتێك لـە نیـازی خـۆی ئاشـکرا دەکات. پـاش پێـنج شـەش دەقەیـەك وەك ئـەوەی هـەر بـە ڕاسـتی خەوتبم دەست دەکەم بە پرخە پرخ.

(( یەکسەر قسەی ئەو هاوڕێیەم بیر دەکەوێتـەوە کـە سـەبارەت بە یەکێك لـە خەفیـەکانی نـاو زینـدان بـۆم بـاس دەکـات. هاوڕێکـەم دەڵێت: کابرای خەفیە بە شەو کە دەزانیٚ ئێمە خەوتووین ناخەویٚ و

هەتا بەیانی جگەرە دەکێشیٚ و کتێب دەخوێنێتەوە. بەڵام بە ڕۆژ کە دەزانیٚ ئێمە دادەنیشین و قسە دەکەین، خۆی دەکات بە خەوتوو و پرخەی دێت، ئێمەش ئەگەر سووریش بزانین خەوتووە قسەی جدی لە ژوورەوە ناکەین، هەمیشە ئەو کاتانە بە قسەی خۆش و نوکتە بەسەر دەبەین، بۆ قسەی جدیش دەچینە گۆڕەپانی زیندانەکە. ڕۆژێك ئێمە لە گەرمەی نوکتە گێڕانەوە و قسەی خۆشداین، کابرا لەپڕ قیژەیەکی لێوە دێت و بەرزە پیٚ هەڵدەسیٚ. تومەز جرجێك گاز لە لووتی دەگریٚ . دیارە جرجەکە ئەوەندە لەو شوێنەدا کابرا بەبیٚ جووڵە دەبینیٚ وادەزانیٚ مردووە، چونکە زۆرجار هەناسەش نادات. ))

هەر لە خۆمەوە وا هەست دەکەم ئێستا جرجێك گاز لە لووتم دەگریٚ، چاو دەکەمەوە. ئەو ماوەیەی خۆم دەکەم بە خەوتوو، نەك هەر کابرای کەتە، کەس سرتەی لێوە نایەت، تەنانەت دەنگی هەناسەی کابرای تەنیشتم دێتە گوێم. دەگەینە زاڵگەی یەکەم، من تەواو خۆم تەیار دەکەم. بەڵام کابرا جووڵە ناکات ئاسایی تێپەڕین. ئیدی لە جامی سەیارەکەوە تەماشای دەرەوە دەکەم، ئەوانیش قسە و باسی خۆیان دامەزراندووە، بەڵام من تاقەتی قسەکردنم نییە. هەر لە خۆمەوە دڵم بەو دیمەنانەی دەرەوە ناکرێتەوە، وەك ئەوەی تەماشای روخساری پیرەمێردیٚ بکەم کە هیچ ئومێدێکی بە ژیان

نەماوە و بێهوودە هەنگاو دەنێ و لاشەی بەسەر زەویدا بەکێش دەکات، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا خشەیەك لە زەویەکە هەڵدەسێنێ. لەهەر دیمەنێ لەو دیمەنانەی دەرەوەدا جگە لە نائومێدیی و مەرگ هیچی دیکە ناخوێنمەوە. نازانم ماوەی چەند لە دەرەوە رادەمێنم، کە لە دوا زاڵگە نزیك دەکەوینەوە، یەکسەر ئەوەم بە خەیاڵدا دێت کە خۆم لە زاڵگەی دەروازەی شار نەدەم. هەم لەبەر کابرا و هەم لەبەر ئەوەی نەبا داوای ناسنامەم لێبکەن. لەو گەڕەکەی کەناری جادەکە ماڵە خزمێکم هەیە بڕیاردەدەم بچمە ئەوێ و لەوێوە بنێرم ناسنامەکەم بۆ بێنن، ئەوسا دەمەو عەسر بڕۆمەوە. کە دەڵێم: (دابەزین هەیە.) هەم سایەقەکە و هەم ئەوانی تریش سەرسام دەبن لەم بڕیارە کوتوپڕەم، بەڵام کەسیان نقە ناکەن. کە دادەبەزم لەبەرچاوی ئەوان بە ئاراستەیەك مل دەنێم کە حەوت فرسەخ لە ئاراستەی ماڵە خزمەکەمەوە دوورە. خزمەکەم دەنێرم ناسنامەکەم و پسووڵەیەکیشم بۆ دەهێنێ کە گوایە لایەنگری حزبی (A) بووم و هاتوومەتەوە. عەسر کە لەگەڵ خزمەکەمدا بە زاڵگەکەدا تێدەپەڕین داوای ناسنامە لەو دەکەن، کەچی پرسیار لە من ناکەن.

## 10
# ئەسپە شێ

حەفتەیەکـە وەکـو گەشــتیارێکی نــامۆ لــە شــارەکەی خۆمــدا دەخولێمەوە. هەرچەندە ترسێکیشم لە دڵدایە، بەڵام بۆ ئـەوەی بـە تــەواوی لــە بــارودۆخی شــار تێبگــەم، بــە شــەو و بــە ڕۆژ زۆربــەی شوێنەکانی شار دەگەڕێم.

ئەگەر ئەم شارەم بەم حاڵـەوە نەبینیایەتـەوە، بـە تـەواوی لـەوە تێنەدەگەیشتم کە برینەکانی شەڕی ناوخۆ چەندە قووڵن! هەنووکـە

لەو باوەڕەدام ئەگەر رۆژێ لە ڕۆژان ئـەم شـەڕە کۆتـایی بێـت، ئـەوا چـەندین سـاڵی دەوێـت تـا زامـەکانی شـەڕی نـاوخۆ سـارێژ دەبـن. ئەگەرچی لەو باوەڕەدام کە هەندێ زامی تا ئەبەد سارێژ نابن.

ئێسـتا شـار کتومـت لـە ژنێکـی رەشـپۆش دەچـێت، هـیچ بـزە و نەشـئەیەك لـە روخسـاریدا نـابینی. کـپ و خـامۆش دەلێـی شـاری خامۆشانە. جگە لە ساڵانی پێشمەرگایەتیی هەموو تەمەنی خۆم لەم شارەدا بەسـەر بـردووە. پـێم وایـە لـە ئەسـپێکی کـەحلان دەچـێت، لەوەتەی هەیە ئازا و ئـازاد خولْقـاوە، لـە مـاوەی زیـاتر لـە دووسـەد سـاڵی تەمەنیـدا، هـیچ هێزێـك چـەند خـاوەنی چـەك و جبەخانـەش بووبێت، چەندە دڕ و دڵڕەقیش بووبێت، نەیتوانیوە جلّـەوی بکـات و ئازایی و ئازادی لێ زەوت بکات.

ئــەم ئەســپە شــێیە تــەنیا بــە ئــازادی و لــە ســایەی ئازادیــدا دەگەشێتەوە و لە مەیدانی جریتبازیدا لەگەڵ با دا دەردەچێت. هـەر بە ئازادی حیلەی دەگاتە کەشکەلانی فەلەك. ئەوەی بیەوێت ئازادیی لەم ئەسپە شێیە زەوت بکات، هەرگیز ناتوانێت لە گەڵیدا هـەڵبکات. رەنگە لە سەرەتادا بێدەنگ و خامۆش بێت، بەڵام هەر کـە حیلانـدی و کەوتە سەرپاشوو، ئیدی گوێچکەی هێـزی زەوتکـەری ئـازادی کـەڕ دەکـات و بەرلـەوەی چـلەی بچـێت، شـار بـەدەری دەکـات و حـەوت بەردی لە دوا هەڵدەدات.

من دێمەوە بۆ ئەوەی سەری خۆم کز بگرم و چیتر نەبمە سووتەمەنی شەڕی ناوخۆ و ئاگری شەڕەکە خۆش نەکەم. دوور لە چەك و جەنگ کارێك بدۆزمەوە و بژێوی خێزانەکەم دابین بکەم. بەڵام هەر زوو تێدەگەم مەحاڵە بیەڵن بە ئارامی بژیم. کە دەبینم دەست لە پەیکەری شەهیدەکانیش ناپارێزن، ئیتر دەست لەو بیرۆکەیە دەشۆم. شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگاری بەهادارترین سەرمایەی مەعنەویی ئەم گەلەن. زۆربەی شەهیدەکانی ئێمە ئەو گەنجە خێر لە خۆ نەدیوانەن، کە بەرلەوەی لەزەت لە ژیانی خۆیان ببینن، لە پێناوی ئازادیی ئەم خاکەدا گیانی شیرینی خۆیان بەخت کردووە. هەمیشە ئەگەر بەراورد لە نێوان دەسکەوت و قوربانییەکانماندا بکەین، تەرازووەکە بەلای قوربانییەکاندا لاسەنگ دەبێت، ڕەنگە هەر چەند درەخت و گوڵێکی ئەم خاکە بە خوێنی شەهیدێك ئاودرابن و گەشابنەوە. بۆیە دەبێ هەمیشە شەهیدەکان تاجی سەرمان بن و شانازییان پێوە بکەین. هەموو بێڕێزییەك بە شەهید بێڕێزییە بە یەکێك لە پیرۆزییەکانی ئەم گەل و خاکە، هەر کەس و لایەنێك بێڕێزیی بە شەهید بکات ڕووبەڕووی ڕقی ئەستووری خەڵك دەبێتەوە و لە کۆتاییدا بەشی ڕیسوایی دەبێت.

لە زۆر شوێنی گرنگی ئەم شارەدا پەیکەری شەهیدە ئازیزەکانی شار دانراوە. بە شۆفلێ دەکەونە وێزەیان، ورد و خاشیان دەکەن، هەروا بە ئاسانی وەك ئەوەی چڵە ڕێواسێ هەڵکەنن، لە ڕەگ و

ریشەوە هەڵیاندەکەنن، ئەوسا خۆڵ و خاکەکەیان دەکەنـە گەلاّبـەوە و لە دەرەوەی شار تووڕی دەدەن. بە چاوی خۆم دیمـەنی تێکـدانی پەیکەری ئازیزترین شـەهیدی شـار دەبیـنم، کـە ئێسـتاش ناوەکـەی وێردی سەر زمـانی خـەڵکی شـارە و هـەمووان سـوێند بـە گۆڕەکـەی دەخۆن. بە دڵنیاییەوە ئەوەی بە پەیکەرەکـەی دەکـرێ بکوژەکـانی بە تەرمەکەیان نەکردووە.

بـە ڕێکـەوت لـەوێوە تێدەپـەڕم کـە نـەڕەی شـۆفلێك وریـام دەکاتەوە، شۆفلّ لەبەردەمی پەیکەری شەهیدەکەدا دەوەستێ، کـە بەسەری بەرزەوە لەبەردەمی بەرزترین باڵەخانەی شـاردا وەسـتاوە، شۆفلّەکە لە چاو بـالاّی شـەهیدەکەدا، لـە کەرکـەدەنێك دەچـێت کـە لەبەردەمی زەڕافەیەکدا وەستابێ، بالاّی بەرزی پەیکەرەکە ئامـاژەی شکۆ و مـەزنی شـەهیدەکەیە. چـەك بەشـانێك لـە تەنیشـت سـایەقی شـۆفلّەکەوە دانیشـتووە، ئـەمر بـە سـایەکە دەکـات دەسـتبکات بـە شکاندنی پەیکەرەکە. لە سیمای شۆفێری شۆفلّەکەدا بـیم و بێزاریـی دەخوێنمـەوە. بەرلـەوەی کێلـەی شـۆفلّەکە بـەرز بکاتـەوە، لـە روخسـاری شـەهیدەکە دەڕوانـێ و چـاوە شـینە بەقووڵاچـووەکانی لێکدەنێ، وەك ئـەوەی بڵـێ: (گـەورەم بـە گـەورەیی و بەخشـندەیی خۆت بمبەخشە، ئەمە بە ویستی خۆم نییە، ئەمـە زۆری زۆرداره ... ) وەك ئەوەی چاوەڕێی رووداني موعجیزەیـەك بکـات، چـەند سـاتێك

هەروا دەوەستێ. هەتا کابرای چەك بەشان دەستێك لە پشتی نەدات و شتێکی پێ نەڵێت، دەستبەکار نابێت. یەکەم کێلە دەسرەوێنێتە سەری پەیکەرەکە، وەکو کەسێکی لە سێدارەدراو، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ دەبێتەوە و چاویلکەکەی دەشکێ، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دەدا هەتا سەری لە لاشەی جیا دەکاتەوە. ئینجا دێتە سەر کتێبەکانی بن دەستی، چەندان کێلەیان لێدەدا هەتا کتێبەکان شڕ و وڕ دەکات.

چەند کەسێکی کەمی لێیە کە لەو کردەوە قێزەونە دەڕوانن، هەموو فرمێسك لە چاویاندا قەتیس ماوە، کەس نقەی لێوە نایەت. دەزانم ئەو خەڵکەش وەکو من ئەم دیمەنە لە یادەوەرییاندا هەڵدەگرن و هەرگیز لە یادیان ناچێتەوە. شۆفڵەکە رەگ و ریشەی پەیکەرەکە دەردەهێنێ، ئینجا گەڵابەیەك دێت و سیمێك لە ناوقەدی شەهیدەکە دەبەستێ و بە دوای خۆیدا بەرەو دەرەوەی شار بەکێشی دەکات. لەم کاتەدا فلاشی کامێرایەك کابرای چەك بەشانی سەر شۆفڵەکە وریا دەکاتەوە. کامێراکە بە دەست گەنجێکی قژدرێژی زیتەڵەوە دەبینم، دیارە وێنەی هەموو دیمەنەکانی گرتووە، دواجار لە ترس و پەلە پەلیدا دەستی بەر فلاشەکە دەکەوێ. کابرای چەك بەشان کە قەڵەوێکی کورتە بالایە، بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە، بە هێواشی لە شۆفڵەکە دادەبەزێ، وەك ئەوەی تەواو

دڵنیابێ بە ئاسانی دەتوانێ گەنجە کامێرا بەدەستەکە بگرێ و کامێراکەی ورد و خاش بکات، بەبێ ئەوەی تفەنگەکەی لە شانی دابگرێ، گەلاو گەلێ بەرەو لای گەنجەکە دەچێت، ئان و سات ماتۆڕ سوارێك دەچێتە بەردەمی گەنجەکە، سوار دەبێت و بەخێرایی بەرەو قەرەباڵغی ناو بازاڕەکە دەردەچێت. هەتا کابرای چەك بەشان تفەنگەکەی لە شانی دادەگرێ و چەند تەقەیەك بە ئاسماندا دەکات، ماتۆڕەکە لەناو قەرەباڵغییەکەدا لە چاون ون دەبێ.

بکوژەکانی شەهید بەو هەموو دڕندایەتییەوە، کاتێ لە گوندێکدا شەهیدی دەکەن، دەست لە تەرمەکەی نادەن نە چاویلکەکەی دەشکێنن و نە بە دوای سەیارەدا رایدەکێشن. لێدەگەڕێن خەڵکی گوندەکە  کە وەکو گلێنەی چاویان خۆشیاندەوێ وەکو ئازیزێکی خۆیان بەوپەڕی رێزەوە لە گۆڕستانەکەی خۆیاندا بە خاکی بسپێرن. ژنانی گوند وەکو خوشك و دایکی خۆی شیوەنی بۆ دەکەن و بە کوڵ بۆی دەگرین.

دوای ئەم دیمەنە و چەندان دیمەنی دڵتەزێنی تر دەگەمە ئەو باوەڕەی مەحاڵە بتوانم لەم شارە دیلەدا بژیم.  بە تایبەتی بەسەرهاتی شەهیدکردنی باکۆ شێرە تەواو بێتاقەتم دەکات، چونکە غەدرێکە کە قەت لە یاد ناچێتەوە.

باکۆ شێرە لە سەرەتای دووەم ساڵی راپەڕینەوە چەك دادەنێ و ئیتر بە هیچ جۆرێك نایەتەوە بەلای پێشمەرگایەتیدا. حەوت ساڵ پێش راپەڕین کاتێ دێتە دەرەوە نانەوا دەبێ، دەچێتەوە بەلای نانەواییەکەی خۆیدا و بە تەواوی لە چەك و چۆڵە دادەبڕێ.

بەڕاستی باکۆ شێرە، شێرێکە بۆ خۆی. ئازاترین و رۆحسووکترین فەرماندەی مەفرەزە، کە لە هیچ شەڕێکدا شکست ناهێنێ. تێکسمڕاوێکی رەشتاڵەی باڵامناوەندی، چاو و برۆ رەش و لووت بەرانی، ئەوەندە تۆکمە و پتەو دێتە بەرچاو، لە پشتت بێت وا دەزانی پاڵت بە کێوێکی سەختەوە داوە. کتومت وەکو شێر دەنەڕێنێ بەهۆی زیرەکی و ئەو نەڕەیەوە، چەندین بۆسەی ئاڵۆزی دوژمن دەشکێنێ، خۆی و مەفرەزەکەی دەرباز دەکات بەبێ ئەوەی خوێن لە لووتی پێشمەرگەیەك بێت. کە دەچێتە پەنای دەوەنێکەوە و بە هەمووی هێزی خۆیەوە دەنەڕێنێ، ئەوەت لێ دەبێتە یەقین کە شێرێك لەو ناوەدایە. ئەفسەرێك سوێند دەخوات کە لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەدا شەڕی کردووە شێریان پێبووە.

کاتێ هێزەکانی حزبی (B) دەگەنە ناوشار، دووەم رۆژ تاقمێك دەنێرنە سەر نانەواکەی باکۆ شێرە، ئەو هەرچەند دەڵێ پەیوەندی بە هیچ شتێکەوە نەماوە، ئەوان هەر سوور دەبن لەسەر ئەوەی ببیەن، دواجار دەهەری دەبێت مقاشێك دەسرەوێنێتە تەوێڵی

سەردەستەکەیان و شەبەقێکی  تێدەکات، ئەوانیش تەقەی لێدەکەن و لەناو نانەواکەی خۆیدا شەهیدی دەکەن.

ئیتر دەگەمە ئەو باوەڕەی وازهێنان لای ئەوان یەك پـوولی قـەڵب ناکات. لـەم وڵاتـەدا هـەر ئەوەنـدەت زەحمەتـە تـا دەبیتـە ئەنـدامی حزبێك ئیتر ئەوە وەکو مۆر بـە تەوێڵتـەوە دەلکـێ و هەرچـی بکـەی هەر لەسەر ئـەو حزبـە حسـابت بـۆ دەکـەن. بۆیـە دەبـێ بەرلـەوەی بمگرن و بە دەردی  باکۆ شێرەم بەرن هەتا زووە خۆم دەرباز بکەم. یەك دەنك باوەڕم بەو وەرەقەیەش نییە کە بۆیان کردووم.

# 11
# هاوڕێ

پێنج ساڵێك دەبێت بارامی ساله بەراز هاوڕێمە، نازانم بۆچی ئەو بەرازە بە ناوی باوکییەوە لکاوە. کاتێ فەرماندەی ئەو پێشمەرگانەم کە پارێزگاریی بنکەیەکی گومرگ دەکەن، چێشتەنگاوێك بارام بەخۆی و جیبێکی لاندرۆڤەرەوە لە زاڵگەی بنکەکەمان وەستاوە، بۆ ئەوەی دوای تەماشاکردنی ناو جیبەکەی بە ڕێی خۆیدا بڕوات.

تفەنگەکەم کردۆتە شانم و چەند هەنگاوێك لەولای زاڵگەکەوە پیاسە دەکەم، سەیری ئەو ئۆتومبیلانە دەکەم کە ریزیان بەستووە

تا دوای پشکنین بەرەو شار بڕۆن. لە ناکاو تویّتا پیّکابیّك کە لە شارەوە دیّت و باریّکی قورسی پیّیە، لە جیاتی ئەوەی بچیّتە لاوە و بوەستێ بۆ ئەوەی بارەکەی بۆ گومرگ بکریّت، کە دەزانێ پیّشمەرگەی زالّگەکە سەرقالّی ئوتومبیلەکانی لاکەی ترە، هیّواشی دەکاتەوە و پیّی پیّدادەنێ و بۆی دەردەچێ. تفەنگەکەم لە شانم دادەگرم و هاواری لیّدەکەم:

(بوەستە، بوەستە). هەر گویّشی ناداتێ و باشتر تیّی دەتەقیّنێ. هەندێ تەقەی بەسەردا دەکەم، هیچ سوودی نییە. سەیریّکی ئەملا و ئەولای خۆم دەکەم. سەیارەکەی خۆمانی لێ نییە، جیّبەکەی بارام خەریکە بەرەو شار دەردەچێ. رادەکەم خۆم فریّدەدەمە پیّشی جیّبەکەکەوە و دەلّیّم:

(بگەڕیّرەوە دوای ئەو پیکابە بکەوە.) بیّئەوەی هیچ بلّیّت پێچ دەکاتەوە. لەم کاتەدا دوو پیّشمەرگەی تریش خۆیان هەلّدەدەنە ناو جیّبەکەوە. هەتا ئیّمە دەگەڕیّینەوە پیکابەکە لە چاو ون دەبێ. بەبێ ئەوەی هیچ بیّزارییەك بە روخسارییەوە دیاربیّت، بارام زۆر بە خیّرایی جیّبەکە دەهاژوێ. من لەبەرخۆمەوە دەلّیّم:

( ئەگەر بە تەواوی لیّمان ون بیّت زەحمەتە بتوانین بیدۆزینەوە.)

ئەو بیّئەوەی تەماشای من بکات دەلّیّت: (خەمت نەبێ کاك بەهمەن، رەقەمەکەیم گرتووە.)

یەکسەر دەڵێم: (ئـەی ئافـەرین، بـەخوا پیـاوی!) پـێم سـەیرە چۆن ناوی من دەزانێت. بێـدەنگ دەبم و سـەرنجی سـەر و هەیکـەلی دەدەم.

گـەنجێکی تەمــەن بیســت و ســێ، بیســت و چــوار ســاڵ، ئێسـك سووك، ریشـێکی تـەنکی هەیـە، قـاتێکی کـەتافی قـاوەیی لەبەردایـە، دەمانچـــەیەکی مـــەکاریۆڤ دەســـك ســـووری کـــردووە بـــە بـــەر پشتوێنەکەیدا، قژی خاو و درێژ، دەنگی زوڵاڵ و خۆش، نە زیقـن نـە دەنگ گڕ. هەر لەو یەکەم دەقەیەوە دەچێت بە دڵما...

پیکابەکـە بـۆ هەمیشـە لـە چـاومان ونـدەبێت. یەکسـەر بـەرەو سـنوور ملـی ڕێ دەگرینەبـەر. نزیکـەی سـەعات دوانـزەی نیـوەڕۆ دەگەین. کەمێك دەخولێینەوە ئوتومبیلەکە لە هیچ جێگایەکدا دیـار نییە. لەپڕ بارام پێم دەڵێت:

(کاك بەهمەن ئـەو پیکابـە دەبینی لـە ژێـر ئـەو کـەپرەدا، ئـەوە خۆیەتی.) جێبەکە لـە دوور رادەگـرین و لەگـەڵ دوو پێشـمەرگەکەدا بـەرەو لای پیکابەکـە دەڕۆیـن. کەسـی لـێ نییـە، هــەروا بـەجێیان هێشتووە، بەو ئومێدەی هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری بین، دەڵێم:

(ئادەی حەمە گوربە چەتاڵیکە، بابیبەین.)

حەمە گوربـە کـە بـە سـەر و سمێـل و چـاوە بزەکانیـدا هــەر لـە پشیلە نێرە دەچێت، ئەوەندە شارەزای سەیارەیە هەڵیدەوەشێنێ و دروستی دەکاتەوە. تەلێك لە گیرفانی دەردەهێنێ و یەکسەر هەردوو

دەرگاکەی دەکاتەوە، یەك دەقە نابات، ئیش بە تویۆتا بۆر دەکات.
پێشمەرگەکەی تریش سەردەکەوێ، دەڵێم:
( حەمە گیان بە دوای ئێمەدا وەرە.)

بەرەو لای جێبەکەی بارام دەکەومەڕێ. لەپڕ تەقەی دەمانچەیەك وریام دەکاتەوە. کابرای خاوەنبار لەولای کەپرەکەوە دەردەپەڕێ و هاوار دەکات:
(ئەرێ ئەو سەیارەیە بۆ کوێ دەبەن؟ ئێوە جەردەن، چین؟)
یەکسەر میلی لێ دەهێنمەوە و دەڵێم:

( رێك لە شوێنی خۆت ئەو دەمانچەیە دانێ، ئەگینا تەختی تەوێڵت هەڵدەگرم.) حەمە و پێشمەرگەکەی تریش یەکسەر دادەبەزن و میلی لێ دەهێننەوە. کابرا یەکسەر دەمانچەکەی دادەنێ و لە شوێنی خۆی رەق رادەوەستێ. دەڵێم:
(ئادەی مام پیاو وەرە پێشەوە بزانین کێ جەردەیە؟) حەمە ناوەستێ تا کابرا بە پێی خۆی بێت، یەکسەر رادەکات، هێدەکی دەمانچەکە دەردەهێنێ، فیشەکەکەی دەداتەوە، دەیکاتەوە هێدەکەکە، هێدەکەکەی تێدەکاتەوە و دەیکات بە لاقەدیدا. ئینجا مەچەکی کابرا دەگرێ و دەهێنێ، حەزناکەم لە وێدا هیچی لەگەڵ بڵێم، دەڵێم:
(حەمە با خۆی سەیارەکەی لێبخورێت بە دوای ئێمەدا وەرن.)

لەگـەڵ بـارام سـەردەکەومەوە و سوپاسـی دەکـەم. تەقریبـەن هەموو ڕێگـای گەڕانەوەکـە بـە بێـدەنگی دەبـڕین، بـارام کاسـێتێکی ئەحمەد شەماڵ دەخاتە سەر ریکۆردەری جێبەکە، هـەر خـۆی مـاڵی ئەوەیـە بـە بێـدەنگی گـوێی لێبگریـت و لەگەڵیـدا ئـاخ هەڵکێشـی و خەفەت بخۆی، بـەڵام مـن گـوێی لێنـاگرم، خـەیاڵم دەڕوات و لەسـەر چەند دیمەنێکی ڕۆژانی ڕابردوو دەگێرسێتەوە:

(ئەو پیاوە دێتەوە بەرچاوم کە لە داخـدا تەلەفزیۆنەکـەی ورد و خاش دەکات. کابرا بە دڵ و بە گیان لە شـار تەلـەفزیۆنێك بـۆ مـاڵی خـۆی دەکڕێـت و دەیـەوێ بیباتــەوە بـۆ ماڵــەوە لـە شارۆچـکەکەی خـۆی. کادرەکـانی گـومرگ لێـی دەئـاڵێن و دەڵـێن: دەبـێ گـومرگی بکەی. هەر چەند هاوار دەکات: بۆ ماڵی خۆمە و بۆ فرۆشـتن و شـتی وام نییـە. هیچـی لێنابیسـتن، سـێ چـارەکە سـەعات گـیری دەدەن. منیش هەوڵێکی بۆ دەدەم وازی لێبێنن بڕوات. سـوودی نییـە، کـابرا کە قژلوولێکی سوورو سـپییە، هـەروا دەسـتی خسـتۆتە کەلەکـەی و پـــیش دەخواتـــەوە، ئـــاخری تەلەفزیۆنەکـــە لەســـەر قەمەرەکـــەی دادەگرێ و بەرەو کادرێکی گومرگ دەیگرێ و دەڵێ:

(کاکە، فەرموو تەلەفزیۆنەکە بۆ خۆتان، من دەبێ بڕۆم.)

کادرەکە دەڵێ: (خێرمـان پـێ مەکـە، گـومرگی خـۆت بکـەو خـوا حافیزت بێت.)

کـابرا دەهـری دەبێـت، تەلەفزیۆنەکـە دەخاتـە سـەر سـەری و دەیکێشێ بە زەوییەکەدا، بەوەشەوە ناوەستێ و هەڵی دەگرێتەوە و دیسانەوە دەیکێشێتەوە بـە زەوییەکـەدا، شـەش حـەوت جـار ئەمـە دووبارە دەکاتەوە، هەتا تـەواو ورد و خاشـی نـەکات دەسـتبەرداری نابێـت. دواجـار کـە سـەیری ناوچـاوی دەکـەم، لـە تووڕەییـدا وەك ئەوەی بگـری چـاوانی پـڕ دەبـن لـە فرمێسـك. سـواری سـەیارەکەی دەبێـت و بـە خێرایـی پێـی پێـدا دەنـێ و جـیڕە لـە جادەکـە هەڵدەسێنێ.)

ئەحمەد شەماڵ هەر ئاخ ئاخێتی، بەڵام من گوێم لێی نییە و جگە لەو ئاخ و ئۆفە نازانم باسی چی دەکات.

(هەرکاتێ کردەوەی ئەو دوو گەنجە کۆمیدییەم بـیر دەکەوێتـەوە پێکەنین دەمگرێ. جاریوایە لەناو بازاڕدا بـیرم دەکەوێتـەوە و نـازانم چۆن کۆنترۆڵی خۆم بکەم. عەسرێکی درەنـگ دوو گـەنجی کەشـخە، بە سـەیارەیەکی کەشـخەوە دەگەنـە بنکەکـەمان، کـادرێکی گـومرگ دوای ئـەوەی سـەیارەکەیان ئەمـدیو دیـو دەکـات، دوانـزە بـیرە لـە سـندوقی سـەیارەکەیاندا دەدۆزێتـەوە، لـەناو فلینەیـەکی پـڕ لـە سەهۆڵدایە و ئامادەیە بۆ خواردنەوە، کادرەکە دەڵێت:

(دەبێ گومرگی بکەن.) هەردووکیان بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی دەکەن، ئەوەی سەیارەکە لێدەخوڕێ دەڵێت:

(خۆ دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ناوشار، مادەم هەر دەبێ گومرگی بکەین، دەچین سەیارەکە پڕ دەکەین لە بیرەو دەگەڕێینەوە.) کادرەکە بە گوێپێنەداوە دەڵێت:

(بەڵێ، بە دڵی خۆتان.) شۆفێرەکە بە بێ ئەوەی پێچ بکاتەوە، هەروا بە بەگ دەگەڕێتەوە، سەد سەد و پەنجا مەترێك لەولای ئێمەوە لە کەناری جادەکە، دەوەستێ. کابرای کادر سەرقاڵ دەبێت، بەڵام من هەر چاوم لە سەریانە، فلینەکە دەردەهێنن، دادەنیشن و دەستدەکەن بە بیرەخواردنەوە، بەردەوام سەیری لای ئێمەش دەکەن، وەك ئەوەی گاڵتە بە عەقڵی کابرای کادر بکەن، بیرە هەڵدەدەن و قاقا پێدەکەنن. پاش نیو سەعاتێ یان زیاتر، بە خۆیان و سەیارە کەشخەکەیانەوە لەبەردەممانـدا قـوت دەبنەوە. کابرای کادر کە ئاگای لە دنیا نییە، دێتەوە بەردەمی سەیارەکە، سەیرێکی دەکات و دەڵێت:

(چ زوو هاتنەوە، ئەی کوا خۆ پڕتان نەکردووە لە بیرە.) شۆفێرەکە هەر لە شوێنی خۆیەوە سندوقی سەیارەکە دەکاتەوە، دەڵێت:

(وەڵڵا قوربان دەستمان نەکەوت، شار هەمووی بیرە خۆرە. قەیناکە ئەو دوانزە دانەیەمان بۆ گومرگ بکە، چارمان چییە.) کادرەکە سەیری فلینەکە دەکات هیچی تیا نییە، بەوپەڕی گێلێتییەوە دەڵێت:

(تیا نییە، لە کوێدا شاردوتانەوە؟) ئەوی تریان کە تـەواو سـەری گەرمبووە دەڵێت:

(لـە جێگایەکدا شـاردوومانەتەوە کـە نـەتوانی گـومرگی بکـەی.) کادرەکە لێی دەبێتە مەتەڵ، هەروا گێـژ گێـژ بـۆ بیرەکـان دەگـەڕێ، شۆفێرەکە لە ئاوێنەکەوە سەیری دەکات، دەڵێت:

(خـۆت مانـدوو مەکـە بـرای شـیرین، نایدۆزیتـەوە، ئـەوەتا لـە سکمانا، ئەگەر دەتوانی گومرگی بکە.) من قاقا پێدەکەنم، ئـەوانیش لەگەڵ مندا پێدەکەنن. بەڵام کادرەکە لە تەریقیدا بزەش نایگرێ. بە توورەییەوە سندوقی سەیارەکە دادەخاتەوە و دەڵێ:

(دەرچـۆ کاکـە دەرچـۆ، هـەتا لـەوە زیـاتر نـەبووین بـە مـەزە.) شۆفێرەکە پێ بە بەنزینـدا دەنـێ و بـۆی دەرەدەچـێ، هـەردووکیان دەستی راستیان بۆ ماڵئاوایی رادەوەشێنن.)

هـەر بـەدەم رێـوە چـەندان رووداوی تـری لـەم بابەتـەم دێتـەوە خەیاڵ. باری کابرا شمەکی ئۆتومبیلە. تەسلیمی کادرەکانی گومرگی دەکەم، دەست بەسەر شتەکانیدا دەگرن و رەوانەی گـومرگی شـاری دەکـەن. چـونکە بردنـە دەرەوەی شمـەکی ئۆتومبیـل قەدەغەیـە. بەخششێکی باشیش دەدەن بە بارام.

ئەوە دەبێتە یەکەم وێسـتگەی یەکترناسـینی نێـوان مـن و بـارام. هەتا دێت زیاتر دەچێتە دڵمەوە. دوای ئـەوە بـارامیش دەسـتدەکات بـە بارهێنـان، ئـیتر کادرەکـانیش لـە گـومرگی شـتەکانیدا یارمـەتی

دەدەن. تـاوای لێـدێت تێکـەڵاوی خێـزانییش لـە نێوانمانـدا دروسـت دەبێت.

من سەرەتا باوەڕناکـەم بـارام ژن و منـاڵی هـەبێت. کەچـی ئـەو رۆژەی داوەتمان دەکات، دەبینم ژنـی هەیـە و سـێ منـاڵی وردیشـی هەیە. لەو شارۆچکەیەی کـە پـەنجا کیلۆمـەترێ لـە شـارەوە دوورە، خانوویەکی خنجیلانەیان هەیە. هـەتا دێـت هاوڕێتییەکـەمان بـەتینتر دەبێت، ژنەکانیشمان دەبنە هـاوڕێ و مـانگی یـەك دووجـار داوەتـی یەکتری دەکەین. شەوان من و بارام لە مـاڵی یـەکتری دەخۆینـەوە و ئەوانیش بـۆ خۆیـان دەکـەون بـە ڕازی قسـەدا و شـێر و ڕێـوی دنیـا دەهێننەوە. بارامیش وەکو من شـەیدای ویسـکییە دەڵێـت: (عـەرەق خواردنـەوەی سەرسـەرییەکانە. حەیفـە لەسـەر شـیری شـێردا پیـاو هیچی تر بخواتەوە.) یەك جیاوازیمان هەیە، ئەو جگەرە دەکێشـێ و من دوژمنی جگەرەم. رۆژێك پێم دەڵێت:

(کاك بەهمەن ئەگـەر پارەتـان هەیـە بـۆ نـایهێنی لەگـەڵ ئـەوەی خۆمدا کاسپی پێوە بکەم، هەرچیشم دەسکەوت وەکـو بـرا پێکـەوە بەشی دەکەین.)

کەمێك دەوەستم، دوایی دەڵێم:

(وەڵڵا خـۆ مـردوو لەمـە پـاکتر ناشـۆرێ. راسـتی هەنـدێ پـارەی ئـاڵتوونی ژنەکـەم هەیـە، بـا قسـەیەکی لەگـەڵ بکـەم.) لـە راسـتیدا متمانەیەکی تەواوم بـە قسـەکانی هەیـە، دڵنیـام لـەوەی هاوڕێیـەکی

دڵسۆزە و بە دڵسۆزییەوە ئەو کارە دەکات. بۆیە کاتێ قسە لەگەڵ ژنەکەم دەکەم، ئەویش بێ سێ و دوو رازی دەبێت. زیاتر لە دوو ساڵ ئیش بەو پارەیەوە دەکات و هەموو جارێ قایمەیەکم بۆ دێنێ و دینار بە دینار بۆم حساب دەکات، چەندی دەسکەوتووە. هەموو مانگێ بەشی خۆمم بۆ دەهێنێ. من پێموایە هی سەر راستی و راستگۆییەتی کە بەو شێوەیە کاسپی دەکات و قازانجیشی هەیە.

12

# بۆنی شار

لەناو پاسێکی کۆستەردام، جانتاکـەم لەبەرپێمـدا دانـاوە، بـەرەو ئەو شارۆچکەیەی ماڵی بارامی سالە بەرازی لێیـە، بـەڕێوەم. رەنگـە چارەکێکی تر بگەمەجێ. ژاوە ژاوی خەڵکی ناو پاسـەکەو گۆرانییـە میللییە بێتامەکەی، ئاوازێکی ناخۆش دروست دەکەن و مێشکی پیاو بەردەدەنـەوە. بـەو ئومێـدەی لـە دەوروبـەری خـۆم دابـڕێم چـاو لێکدەنێم.

دوو ساڵ زیاتر دەبێ بارامم نەدیوە. هەواڵی دەزانم بەڵام بۆ ساڵ زیاتر دەچێت یەکتریمان نەدیوە. دۆزەخی شەڕی ناوخۆ و خەمی دوای شەهیدبوونی بەرزەکی برام هۆشی لە سەردا نەهێشتووم. بارامیش لەبەر سەرقاڵی بە ئیش و کاری خۆیەوە هەمیشە لە سنوورە. بە دوو سێ مانگ جارێکیش ناپەرژێ سەر بە شاردا بکات. دەزانم ماڵیان هەر لە شوێنەکەی جارانە، بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ مناڵەکانی چەندە گەورە بوون، دەبێ مناڵی تریان نەبووبێت؟

هەر کاتێ لەم شارە دوور دەکەومەوە هەستێکی سەیر داگیرم دەکات. وەك ئەوەی لە ئازیزترین کەسم دوور بکەومەوە، دڵم دەگیرێ و قورگم پڕدەبێ لە گریان.

(( ئای چەند جوان لە یادمە! کە دەچم بۆ پێشمەرگایەتی چەند دڵم تەنگە! دەمەو نیوەڕۆ لە شار دەردەچم، لە ژێر پردەکە سواری ئەو پیکابە شۆفرلێتە شڕە دەبم کە دەچێتە ئەو گوندەی دەبێ لەوێوە بچمە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

ئەگەرچی لە سەعات هەشتی بەیانییەوە لە گەراج قوت بوومەتەوە، بەڵام نەفەرە سەیر و سەمەرەکانی دەمخەنە نوێژی نیوەڕۆ. هەر یەکەی پرزۆڵێك شت دەخەنە ناو بۆدی پیکابەکەوە و وندەبن، پاش ماوەیەکی زۆر هەندێ شتی تر دەهێنن و دیسان وندەبنەوە، هەمیشە چوار پێنج نەفەر دیار نین. ئاخری هەموو نەفەرەکان ئامادەبن، دڵم خۆشە دەکەوینەڕێ، ئەمجارە شۆفێری پیکابەکە وەك ئەوەی زەوی قووتیدابێت، لەپڕ ون دەبێت، کەس

نازانیٚ سەری کردووە بە چ کونێکدا؟ یەك سەعاتی ڕێکی پێدەچێت، ئـاخری سەروسـەکوتی دەردەکەوێتـەوە. مـن هـەر کـە لـە پـێڵاوە پۆلیسییە ڕەشەکانی ورد دەبمەوە کـە بریقـەیان لێـوە دێـت، دەزانم ئەو سەعاتە لە پێڵاو بۆیاخکردن بووە.

زۆرم پەلەیە بۆ ئـەوەی هەرچـی زووتـرە بکەوێنـەڕیٚ و چـاوم لـە چاوی پیاوە ڕەزاگرانەکانی ڕژێم بێت. لـە لایـەکی تریشـەوە خـەیاڵی سـەیر سـەیر بـە مێشـکمدا دێـت هەرچـەندە جگەلـەو کەسـەی لـە ڕێکخسـتندا ئیشـی لەگـەڵ دەکـەم و نامـەی چـوونە دەرەوەی بـۆ هێناوم، یەك کەس نازانێت بـە نیـازی چـوونە دەرەوەم، چـونکە لای یەك کەس باسم نەکردووە، لەبەرئەوەی تاسەر ئێسـقان بـاوەڕم بـەو قسەیە هەیە کە دەڵێـت: "نهـێنی ئەگـەر لـە دوو کـەس تـرازا نهـێنی نییە." ))

کەچـی هـەر لـە خۆمـەوە بـیر لـەوە دەکەمـەوە ڕەنگـە لـەناکاو پیکابێکی قوات خاسە بگەنـە لای سـەیارەکە و بمگـرن. تەنانـەت لـە چاوەڕوانیی نەفەرە سەیرەکاندا کاتیٚ بە چیچکانەوە بۆ چەند سـاتیٚ چاو لێك دەنێم، پیکابی قوات خاسەکە دێتە بەرچاوم، وەکو سەگەل لـە پیکابەکـەوە خۆیـان فڕێدەدەنـە خـوارەوە و ئـەو نـاوە دەگـرن. سەرەڕای ئەو مەیلە زۆرەم بـۆ زوو دەرچـوون لـە شـار. هـەر کـە لـە جادە شەسـت مەترییەکـە دەردەچـین، وەکـو چـۆن هـەورێکی ڕەش ئاسمانی شاری تەنیوە، وردە باران شـار ئاورشـێن دەکـات. هـەوری خەمیش دڵی من دەتەنیٚ و چاوەکانم فرمێسکی تیـا قـەتیس دەبـیٚ.

گیانم بەوەیە  چاویلکەیەکی ڕەشم لە چاو کردووە، دەنـا نەفـەرەکان هەست بە گریانم دەکەن و بە پرسیار دام دەگرنەوە.

وەك ئەوەی عاشقێکی سەودا سەر بم و دەستی ڕۆژگار بە تـۆپزی لە دڵدارەکەم دابڕێت، دەگریم و بـۆنی دار و بـەرد و خـاك و خـۆڵ و باران، هەتا قووڵایی سییەکانم هەڵدەمژم، دەزانم هەتا ماوەیەکی زۆر نـەك هـەر شـار نابینمـەوە، بـەڵکو لێشـی نزیـك ناکەومـەوە، بۆیـە دەمەوێت وەکو ڕێحانە ڕەشەیەکی وشـککراوە، ئـەو بۆنـە تایبەتانـە هەڵبگرم و لەگەڵ خۆم بیانبـەم، هـەرکاتی بـیری شـارم کـرد دیسـان بیانهێنمەوە بەر لووتم و تێر تێر هەڵیانمژم.

بەڵام ئێستا، وا زیاتر لە نیو سەعاتەڕێ لە شار دوور دەکەومـەوە کەچی هەست بە هیچ ناکەم، وەك ئەوەی منیش لە شار تۆرابم، وەك ئەوەی دۆزەخێك بێت بـۆم، هەست دەکـەم هـەتا زووتـر لێـی دوور بکەومـــەوە درەنگـــە، ئەگەرچـــی ئەمـــە، ئەوپـــەڕی بێئاکـــاریی و ترسنۆکییە.

کاتێ شارەکەت لە مەینەتییدایە بەجێی بێڵـی و پشـتی تێبکـەی، ئەمە بەرامبەر شارەکەت بکەی بەرامبـەر نیشتمانەکەشـت دەیکـەی، بـەڵام ئـەم خوێنسـاردی و بـێ هەسـتییەی مـن لـەوەوە سەرچـاوەی نەگرتووە، ئەمە ئەو هەستەیە لە منالییەوە لەگەڵمایـە و زۆرجـاریش لەسەری سەرزەنشت کراوم. کاتێ کەسێکی ئازیزم بریندار دەبێ یان نەخۆشییەکی خراپی تووش دەبێت، نامەوێ سەردانی بکەم، نامەوێ بە کەساسی و بێبڕستیی ببینم.

(( ئەو ساڵەی باوکم لە شەڕێکی لاوەکیدا بریندارده‌بێ، دوو مانگ لە نەخۆشخانە دەکەوێت، من نامەوێ سەردانی بکەم و حەزناکەم باوکم بە کۆڵەوارییی ببینم. ئاخرین رۆژەکانێتی لە خەستەخانە خۆی داوا دەکات سەردانی بکەم، بە ناچاری و بە ترس و لەرزەوە لەگەڵ دایکم دەچم، هەرکە لەفاف و گەچ بە قاچی باوکمەوە دەبینم یەکسەر سەرم گێژی دەخوات و دەبوورێمەوە. ))

ئێستاش ئەو دیمەنانەم لەیاد نەچۆتەوە. بە منالّیی هەرکاتێ خوێنم بە کەسێکەوە ببینیایە دەمقیژاند و دەگریام. وردە وردە لەگەڵ ئەوەش رادێم، بەڵام ئێستاش حەزناکەم کەس بە کەساسی و گردەنشینی ببینم. لە کاتی شۆردنی تەرمی بەرزەکی برامدا، هەرچەندە هەوڵ دەدەم ناتوانم تەماشای تەرمەکەی و گوللەکانی جەستەی بکەم، کاتێ بۆ دواجاریش ماڵئاوایی لێدەکەم، هەر لەسەر کفنەکەیەوە ماچی دەکەم. ئێستا شارەکەم بۆتە بەرزەکی برام و نامەوێ بەدیلی و کەساسی ببینم، بۆیە بەوپەڕی خوێنساردییەوە لێی دوور دەکەومەوە.

دوای ئەوەی بۆم دەردەکەوێت بە هیچ جۆرێك ناتوانم لەناو شاردا بمێنمەوە، ئیتر ئەو نەخشەیەم لە بێخەوە هەڵدەوەشێتەوە کە سەری خۆم کز بگرم و بە کارو کاسپییەکەوە خۆم سەرقاڵ بکەم، هەتا خوا دەروویەکی خێرمان لێدەکاتەوە، بڕیاری کۆتاییش دەدەم کە نەچمەوە بەلای چەکداریدا و بەشداری شەڕی ناوخۆ نەکەمەوە.

هەر لەو رۆژانەدا بیرۆکەیەکم بە خەیاڵدا دێت، بەو حوکمەی لە کاتی پێشمەرگایەتیدا چەند ساڵێك لە ئێران ژیاوم و شتێك فارسی

دەزانم، بیر لەوە دەکەمەوە بچم لە ئێران کاریَ بدۆزمەوە و دوایی ژن و منالّەکانیشم ببەم و لەویَ دایکوتم هەتا باروذۆخ بە لایەکدا دەکەویَ. ئەو شەوەی ئەم بابەتە لەگەلّ ژنەکەم دەکەمەوە، سەرەتا وەکو شیر هەلّدەچێت، پاشان دەست دەکات بە گریان و دەلّێت:

(من چەند سالّە خەریکم مالّ پێکەوە دەنێم، ئێستا تۆ دەتەویَ مالّم کاول بکەیت و بمبەیتە ژیانی ئاوارەیی، من چەند جارم وت بابڕۆین بۆ هەندەران و ئەم ولاّتە کاولە بەجێبێلّین، تۆ رازی نەبوویت و شیرینیت بەم وێرانەیەدا چووە، ئێستاش دەتەویَ بچین بۆ ئێران بۆ ژیانی کولەمەرگی و بە کرێکاری بەخێومان بکەی، ئاخر تۆ چەند سالّ پێشمەرگایەتیت کرد بۆ ئەوەی ئاخری ببیتە کرێکار؟ من لێرە ئەگەر لێشم بقەومیَ بەس نییە کەس و کارم لێمەوە نزیکن و فریام دەکەون، لەویَ بشمرین کیَ فریامان دەکەویَ. وەلّلا نایەم و خۆم و منالّم ناخەمە تالوکەوە، بشمکوژی نایەم، تۆ خۆت بۆ کویَ دەڕۆی برۆ، بەلاّم من نایەم، نایەم.)

دەداتە پرمەی گریان، دەزانم کەفوکولێکە، بۆیە لێیدەگەڕێم بە کەیفی خۆی داخی دلّی هەلّڕێژێت، سوور دەزانم دوایی زۆر بە ئاسانی دەتوانم قەناعەتی پێبکەم. سبەی شەو دیسان بابەتەکەی لەگەلّدا دەکەمەوە، ئەمجارە ناگری، بەلّکو بە ئارامی گوێم بۆ دەگرێت، منیش ورد ورد هەموو نەخشەکەی بۆ شیدەکەمەوە. باسی ئەوەی بۆ دەکەم نامەویَ چارەنووسی ئەو و منالّەکانم وەکو

چارەنووسی براژنەکەم و منداڵەکانی لێببێت، بە دڵنیاییەوە ئەگەر من شتێکم بەسەر بێت هەمان چارەنووسی ئەوانیان دەبێت. وردە وردە سەری ڕەزامەندییم بۆ دەلەقێنێ و دەڵێت:

(من لەگەڵ تۆدا دەتوانم لەسەر بەردی ڕەقیش بژیم، من خۆم بێباوك گەورە بووم و دەزانم دەردی بێباوکی چەند گرانە، بۆیە ژیانی کولەمەرگیم زۆر لەوە پێباشترە کە منداڵەکانم لارەمل و هەتیو بن، من ڕازیم بۆ کوێ بڕۆی لەگەڵت دێم.) توند لە باوەشی دەگرم و دەینووسێنم بە خۆمەوە، دڵم پڕدەبێ لە گریان. دەڵێم:

(منیش حەزم نەدەکرد ئەمە چارەنووسمان بێت، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد خۆشترین ژیانتان بۆ دابین بکەم، بەڵام چی بکەم؟ نایەڵن.) تەگبیر دەکەین زۆربەی شتی ناو ماڵەکە بفرۆشین، من نیوەی پارەکە لەگەڵ خۆم ببەم، نیوەشی بۆ ئەوان جێبێڵم. یەکەمجار من بڕۆم کە ئیشم دۆزییەوە بێمەوە بە شوێنیاندا، خانووەکە بدەین بە کرێ و بیانبەم. ئینجا دەکەوینە بەر ڕەحمەتی کۆنەفرۆش، هەرچی نرخێك داوامان دەکەین، ئەوان چارەکی ئەوەشمان نادەنێ، هەرچۆنێ بێ لەو دەردەش ڕزگارمان دەبێت.

بەڵام ژنەکەم لە من زیاتر دڵی بە شتی ناو ماڵەکە دەسووتێ، هەندێ شت هەر نافرۆشێت. ڕۆژێك لە خۆیەوە دەڵێت:

(ئەرێ کابرا تۆ حسابی ئەوەت نەکردووە، هەموو سنوورەکان گیراون، لە کوێوە دەرباز دەبیت؟.) دەڵێم:

(خـەمی ئـەوەت نـەبێ حسـابی ئەوەشـم کـردووە.) ئینجـا باسـی ئەوەی بۆ دەکەم سەرەتا دەچمە ماڵی بارامی سالە بەراز، دیارە ئەو هەموو کون و کەلەبـەری سـنوورەکان شـارەزایە و ئاشـنا و رۆشـنای زۆرە، لەو ڕێگەیەوە بە ئاسـانی دەربـاز دەبم، کـە چـوومە ئـەودیوی سنووریش ئیتر خەمی هیچم نییە. ئەوەی زۆر پێخۆشـە، ژنەکـەم لـە من زیـاتر متمانـەی بـە بـارامی سـالە بـەراز هەیـە. ئـەوەش لـەوەوە سەرچاوەی گرتووە، هەموو ئەو ماوەیەی کە پارەکەی ئێمـەی لایـە، یەك دیناریشمان لێ ناشارێتەوە. کە داوای پارەکەشی لێدەکەمـەوە، دوای چەند رۆژێك بۆم دەهێنێتەوە. ژنەکەم هەمیشە دەڵێت:

(مرۆڤی پاك و سەر راست هەر بە سـەرو سـیمایدا دیـارە.) بـەڵام سـەبارەت بـە خومـاری ژنـی بـارام رایـەکی جێگیریـی نییـە، دەمێـك دەڵێت:

(ژنێکی شڕ شێت و گێلۆکەیە.) دەمێك دەڵێت:

(ئۆینبـازی وەکـو خـۆی نییـە، بیـەوێ پێغمبـەریش لـە خشـتە دەبات.)

من لەناو خەیاڵاتی خۆمدا نغرۆ دەبم و هەروا چاوم لێکناوە، ئاگام لێیـە پاسـەکە دەوەسـتێ، تۆمـەز دەگەینـەجێ، جانتاکـەم دەکەمـە شـانم و وردە وردە بـەرەو مـاڵی بـارامی سـالە بـەراز دەکەومـەڕێ. ژنەکەی لەبەردەرگایە، کە لێی نزیك دەبمەوە خەریکـە نەیناسمـەوە، ئەوەندە قەڵەو بووە، کاتێ دێت و جانتاکەم لە دەسـت وەردەگـرێ، هەناسە بڕکێی پێدەکەوێ.

# 13
# چەقەڵ

پـاش ئـەوەی ماڵئـاوایی لـە ژنەکـەی سـەرداری سمـە چـەقەڵ دەکەین، سواری ئوتومبیلەکە دەبـین. سـەرەڕای پەسـتی خـۆم، کـە ئیشەکەم سەری نەگرتووە، بیر لەو ژنـە زەحمەتکێشـە دەکەمـەوە، سـوور و سـپییەکی رەقەڵـەی جوانکیلـە، هـەتاو دەموچـاوی سووتاندووە، ئەوەندە گورج و گۆڵە، ئـەو نیـو سـەعاتەی لـە ماڵیـان دەبین نابینم بۆ ساتێکیش دابنیشـێت. ئـاو دەهـێنێ، چـا دەهـێنێ،

منالّ ژێر دەکات، دان بۆ مریشك و جووچك ڕۆ دەکات، وریایی ئەو مەنجەڵەش دەکات کە لە ناوەڕاستی حەوشە گەورەکەدا خستوویەتییە سەر ئاگر، ناوە ناوەش دەڵێت:

(یاخوا بەخێر بێن، بەخێر بێن سەرچاوان.) ئەوەندە بەخێرهاتنمان دەکات، نازانین چی جواب بدەینەوە. قسەی ئەو هاوڕێیەم بیردەکەوتەوە کە هەمیشە دەڵێت:

(کورد ئەوە عادەتێتی، میوان خەریکە دەڕوات، کەچی تازە بە تازە خانەخوێ پێی دەڵێت: بەخێر بێی یاخوا، یاخوا بەخێر بێی.)

بارام ئوتومبیلەکە لێدەخوڕێ، بێ ئەوەی سەیری من بکات دەڵێت:

( سەرداری سمە چەقەڵ قەت ناکەوێتە ماڵەوە، دەڵێی سەگی پێ سووتاوە، هەمیشە قاچێکی لەمدیوی سنوورە و قاچێکی لەودیو، مەگەر بۆسەی بۆ بنێینەوە، ئەگینا قەت دەستمان لێی گیر نابێت، لەوە ناچێت ئەم کابرایە بە نیازی مردن بێت، هەمیشە رادەکات، قەتیش نانێکی ئیسراحەت ناخوات، نازانم بۆ کەی کۆدەکاتەوە؟ بڕوا بکە بە قەد جوولەکەیەك سەروەت و سامانی هەیە، کەچی هەر رادەکات و ئارام ناگرێت، دەزانی کتومت لە چەقەڵیش دەچێت؟)

لە تاو بێتاقەتی و پەستی خۆم، حەوسەڵەم نییە بە قسەکەی پێبکەنم، منیش هەروا سەیری پێشەوەی جادەکەم دەکەم، دەڵێم:

(تۆبڵێی دەستمان لێی گیر نەبێت، ژنەکەی نەیوت سێ ڕۆژی تـر دێتەوە؟) بارام کە دەستی بە دوگمەی رادیۆیی سەیارەکەوەیە و بـۆ گۆرانییەکی خۆش دەگەڕێ دەڵێت:

(خەمت نەبێت ئەمجارە لە دەستمان دەرناچێت.)

(خــەمی ئەوەمــە ئیشــەکەم دوا بکــەوێ، نامــەوێ لــەوە زیــاتر ئێوەش بخەمە عەزێتەوە.) (عەزێتی چی کاك بەهمەن، مـاڵی خۆتــە، عەیبە ئەو قسانە دەکەی، خۆ دۆم نین بـرا گیـان.) ئـیتر گۆرانییـەك بە دڵی خۆی دەدۆزێتەوەو هەردووکمان بێدەنگ دەبین.

****

بۆ نەگبەتی ئـەو ڕۆژەی مـن دەگەمـە مـاڵی بـارامی سـاڵە بـەراز، کارەبایان نییـە، شـەویش کارەبـا نایەتـەوە، بۆیـە هیچـمان تاقـەتی خواردنـەوەمان نییـە، سـەرپێی قسـەیەکی لێدەکـەین، بـەڵام دوایـی هەردووکمان لە بیری خۆمانی دەبەینەوە. لە تاو گەرما من و بارام بۆ خەوتن دەچینە سـەربان، دەزانم هــەتا بەرەبـەیان مێشـوولە نایـەڵێ بخەوین، بۆیە کـاتێکی باشـم لەبەردەسـتدایە، بـۆ ئـەوەی دوو قـۆڵی قسە بکەین و مەبەستی سەردانەکەمی بۆ باس بکەم.

بە وردی هەموو شتێکی بۆ روون دەکەمەوە. ئەویش باسی حـاڵی خۆیم بۆ دەکات، بە ماڵەوە رادەکەن و دەچـنە سـەر سـنوور، بـەڵام دوایی لەبەرئـەوەی حزبـی (B) جـوابی بـۆ دەنێـرن و بـەڵێنی ئیشـی باشی پێدەدەن دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەوان بەڵێنەکەی خۆیـان ببەنـە

سەر ئەوا ئیشیان لەگەڵدا دەكات. لە ڕاستیدا ئەمە بەلای منـەوە زۆر سـەیرە، راسـتە بـارامی سـالە بـەراز ئەنـدامی حزبەكـەی مـن نییـە، چونكە ئەو زیاتر خەریكی كارو كاسپی خۆیەتی، بەڵام هەمیشە رقـی دنیـای لـە حزبـی (B)یـە، دەیانجـار لـە كـاتی خواردنـەوە و كـاتی تریشدا، بە ئاشكرا جنێو بۆ یەك بە یەكی سـەركردەكانی ئـەو حزبـە رەوانە دەكات، چەندینجار ئەوەی لێ دەبیستم كە دەڵێت:

(بچم لە قەحبەخانە ئیش بكـەم و سـەری خومـار بگـرم، نـابم بـە ئەندامی ئەو حزبە.) كە دەزانێ هەڵوێستەكەی بە لای منـەوە مایـەی سەرسامییە، دەڵێت:

(كاك بەهمەن چی بكەم كاروكاسپی نەماوە، خۆ مـاڵ و منـاڵ بـە هەوانتــە بــەڕێوە ناچــێت، بــەڵێنیان داوە بمكــەن بــە لێپرســراوی زاڵگەیەك، ئێستا نانەكە لەوێدایـە، دەبابـەش بێـنن دەسـت ناهێنمـە ڕێگەیان، شیرینی خۆم وەردەگـرم و دەڵـێم بـابڕوات، خـوای دەكـرد شارەكەیان ئاودیو دەكرد، بە یەك مانگ دەتـەقم، ئەوسـا وازدێـنم و پارەكانم دەخەمە ئیشەوە.) پێی دەڵێم:

(تۆ كەیفی خۆتە چی دەكەیت و لەگەڵ چ حزبێكدا ئیش دەكەی، تۆ ئازادی، مادەم بڕیاری خۆت داوە، من هیچ قسەیەكم نییە و تەنیا پیرۆزباییم لەسەرە. بەڵام من بە تەواوی رقـم لـەم وڵاتـە هەڵسـاوە و دەمەوێ سەری خۆم هەڵگرم و هەتا بارودۆخەكە بەلایەكدا نەكەوێت، سەر نەكەمەوە بـەم وڵاتـەدا. ئـیتر دڵـم بـە هـیچ شـتێكی ئـەم وڵاتـە

ناکرێتەوە، شەڕی ناوخۆ هەموو شتێکی لەبەرچاو خستووم، براکەم و هەرچی برادەری خۆشەویستم هەبوون، بەرلەوەی هیچ نەبێت چەند ساڵێك بە ئاسوودەیی و دوور لە شەڕ و کوشتار لەگەڵ کەس و کارو ماڵ و مناڵی خۆیاندا بژین و لەبەری رەنج و خەباتیان بخۆن، بە نامرادی و بە گەنجی و جوانی، سەریان نایەوە و بوون بە سووتەمەنی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە.) ئەو دەیەوێ قسەیەك بکات بەلاّم مێشوولەیەك، کسپەی لێهەڵدەسێنێ و بابەتەکەی پێ دەگۆڕێت، دەڵێت:

(ئەو شەوەی کارەبامان نەبێت لە ترسی مێشووله لەرزم لێدێت، مێشوولەی ئێرە وەکو هی شار نییە، وەکو دووپشکه رەشە پێتەوە دەدات.)

دوایی دێتەوە سەر باسەکەو بە سووربوونەوە دەڵێت:

(ئێمە هەرچییەك بین، نەك هەر هاوڕێی یەکین برای یەکیشین، لە هەر جێگایەك بین هەمیشە پشت و پەنای یەك دەبین و هیچ شتێك ناتوانێت کەلێن بخاتە نێوانمانەوە و هاوڕێتیمان تێك بدات. بۆ مەسەلەی چوونە ئێرانیش، باوەڕ بکە، من پێم ناخۆشە بڕۆیت، مادەم تۆ وەرەقەی حزبی (B)یت پێیە بڕوا بکە هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا مادەم بڕیاری خۆت داوە من سەرم لە رێتایە.)

(زۆر زۆر سوپاس من هەر ئەوەت لێ چاوەڕوان دەکەم.)

ئینجا وەك ئەوەی باسی قارەمانێکی نەتەوەیی بکات دێتەسەر باسی سەرداری سمە چەقەڵ دەڵێت:

( لەم هەراو هوریایەدا، چوونە ئێرانی تۆ بە سەلامەتی، بیٚ کێشە و سەرئێشە، چوونە ئێرانی ژن و منداڵەکانیشت بە هەمان شێوە بە سەرداری سمە چەقەڵ نەبێت، بە کەس جێبەجیٚ ناکرێت، بەوەی باشە ئەم سەردارە ئامۆزای خومارە، بۆ خۆشی پیاوێکی پیاوانەیە و دەم و لەبزێکی وای بەلاوەیە، قەناعەت بە بەردیش دەکات لەبەردەمیدا نەرم بێتەوە، راستە پارەخۆشەویستە و هەر کۆی دەکاتەوە، بەڵام پیاوەتی وام لیٚ بینیووە، خەڵکی تر بە ملیۆنیك دۆلار نەیکردووە، کەچی ئەم بە مەرحەبایەك جێبەجێی کردووە. دیتە شارۆچکەکەیان کەوتۆتە سەر شارێی سنوورەکە، لەمدیو و لەو دیو ئیش و کاری وەك ئاو دەڕوات، ئەوەی بە کەس ناکرێت ئەم بە کوتە نامەیەك جێبەجێی دەکات. ئەوەندەی ئاشنا و رۆشنا هەیە لە ڕۆژی رەشیشدا پەکی ناکەوێت و ئیشی دەڕوات، سبەی سێشەممەیە رۆژی چوار شەممە لەسەر خێر تێی دەتەقێنین و دەچینە خزمەتی، بە بیٚ ئەوەی یەك فلسیشی بدەینیٚ ئیشەکەی پێدەکەین، بەس خوا بکەم لە ماڵ بێت و لەو دیو نەبێت.)

(ئەگەر پارەشی بوێت کێشە نییە، دەتوانین شتێکی بدەینیٚ.)

(حەیفت نەکرد، حەدی چییە داوای پارە دەکات، ئەو ئیشەکە بۆ من دەکات، ئێمەش هەر حەڵاڵمان لە یەك جیایە، دڵنیابە بە

سەلامەتی دەتباتـە ئـەودیوی سـنوور و لـەوێش تەسـلیمی کەسـێکی باشت دەکات، ئیتر لەوێشەوە شوکر تۆ کێشەت نییە، هـەم زمانیـان دەزانیت و هەم شارەزای وڵاتەکەشی.)

(بەڵێ، من هەر ئەوەندە بچمە ئـەویو کێشـەیەکم نابێـت، لـەوێش دۆست و برادەرم هەیە پەکم ناکەوێت. دەڵێم بۆچی بـەیانی نەچـین؟ بۆ من هەتا زوو بێت باشترە.)

(چاوەکەم تۆ ئەمڕۆ گەیشتووی، بەیانیش دنیایـەك ئـیش و کـارم هەیـە، ڕۆژی پێـنج شـەممەش ئەسـکەندەری قالـە یەکانـە داوەت دەکەم، بەڵکو مشورێکی ئیشەکەم بخوات، خۆ ئەم سـەگبابانە هـەتا دەمیـان چـەور نەکـەیت، هیچـت بـۆ ناکـەن و جوابیشـت نادەنـەوە، کەواتە لە ڕۆژی چوار شەممە باشتر هەڵناکەوێت.)

(باشە، دەسەڵات نییە.)

بەم قسە و باسانە و کۆمـەڵێ قسـەو باسـی تـرەوە شـەو درەنـگ دەکەین. دەبـێ ئـیتر بخـەوین. ئـەو شـەوباش دەکـات و بەتانییەکـە دەدات بە سەریدا، پاش کەمێك گوێم لە پرخەیەتی، بەڵام مێشوولە و خەیاڵاتی سەیرو سەمەرە خەو لە من دەزڕێنێ.

هــەتا بــەرە بــەیان هــەر ئەمــدیو و ئــەو دیــو دەکــەم و خــەوم لێناکەوێت. مێشوولە وەکو کۆپتەری سـاڵانی پێشـەرگایەتیی بەسـەر سەرمەوە دەخولێتەوە و نایەڵێت ئارام بگرم. بەو حاڵەوە ئـەو دێـڕە

شـیعرەم بیردەکەوێتــەوە کـە لـە پێشــمەرگایەتی هــەر هــەموومان لەبەرمانــە، بــە کــەیفی خۆمــان دێــڕە شــیعرێکی شــێرکۆ بێکــەس دەســکاری دەکــەین و بــۆ خۆشــی هــەر دەیڵێینــەوە و قاقــا پێــی پێدەکەنین. شیعرەکە دەڵێت:

(گەردەلوولـە گـەردەلوول .. گـەردەلوولی گەرمیانـە ..) ئێمـەش ئاوای لێدەکەین:

(گیـزە گیـزە، گیـزە گیـز .. تومـەز گیـزەی مێشـوولەی حیـزە.)

ئەگەرچی هێشتا دنیا تەواو ساردی نەکردووە، بەڵام دەکـرێ بـەتانی بە خۆتا بدەیت و لێی بخەوی.

بــەڵام بــۆ نەگبــەتی، مــن لەوەتــەی هــەم ســەرم داپۆشــم و بەتانییەکەم نەفەس بڕ بێت دەخنکێم و خەوم لێناکەوێ. دەبێت یان سەرم بە دەرەوە بێت یان دەلاقەیەك بۆ هەوا گۆڕکێ لە ئاستی دەم و لووتمـدا بهێڵمـەوە، دەنـا قـەت خـەوم لێناکـەوێت. کـە دەلاقەکـە دەهێڵمەوە مێشوولەکان بە وڕە وڕ بۆم دێنـە ژوورەوە و بـە دەم وت لووتمدا دەنووسێن و شێتم دەکەن، کـە سەریشـم دەردەهێـنم وەکـو کۆپتەر بە وڕە وڕ بەسەر سەرمدا دەخولێنەوە. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە، لە خوارەوە لەسەر ئەو بەتانییە پڵنگە ئەستوورەوە بە قـاچ و قوولمدا دەنووسێن و چزەم لێهەڵدەسێنن.

لـه لایـەکی تـرەوە بـۆ یەکـەمجار، خـەیاڵاتی سـەیر و سـەمەرە سەبارەت بە بارام بە مێشکمدا دێت، دەڵێم:

(باشە من شێت نیم هەموو متمانەیەکم بـەم کابرایـە هەیـە، بـەبێ ئەوەی برای باوکم بێت، یان بە تەواوەتی بـن و بنەچـەی بناسـم، تـا بواری ئەوەی نەبێت خیانەتم لێبکات و سەرم بکـات بـە گۆمـا. باشـە کـێ دەڵـێ ئـەم کابرایــە بــە تــەواوەتی خــۆی بــە حزبــی (B) نەفرۆشتووە؟ خۆ ئەوان هەموو شـتێکیان لـە دەسـت دێـت و بۆیـان بکرێـت بـە پـارە و پلەوپایـە هـەموو خـەڵك دەکـڕن. هـەموو هـەوڵی خۆیـان دەخەنـە گـەڕ تـا کەسـێك دەکـڕن، سـەرەتا هـەموو شـتێکی دەدەنێ و خەنی دەکەن، هەتا لەبەرچاوی خەڵکی دەخـەن و سـووك و چروکی دەکەن، ئەوسا وەکو کاڵایەکی بۆگەن فەرامۆشی دەکـەن، بە شێوەیەك کە هیچ لایەنێکی دیکە پوولێکی قەڵبی پێنادات، ئەوسا ئیتر وەکو سەگێکی بێوەفا بـە نانەسـکێ دەیـژێنن. دڵنیـام سـەرەتا ئـەوەش لەگـەڵ بـارام دەکـەن، کـێ دەڵـێ بـارامیش مـن ناکاتــە دەستەگوڵی خۆی؟ باشە من بۆچی متمانەم بەم پسووڵە حیزە هەیە کە بە ناوی لایەنگرەوە بۆیان کردووم، هەر ئەمە بەسە کـە بـارامیش دەیزانــێ بــۆ ئــەوەی قــوڕم بــۆ بگێڕێتــەوە.) پاشــان هــەر خــۆم سەرزەنشتی خۆم دەکەم.

(ئـەرێ تـۆ بـۆ لـە خۆتـەوە گومـان لـە بـارام دەکـەی؟ لەوەتـەی هاوڕێتە یەك شتی خراپـت لـێ دیـوە؟ کەسـێك کـە عەشـایەر بێـت و خاوەنی کەس و کار بێت چۆن دەتوانێت هەروا بـە ئاسـانی خیانـەت لە هاوڕێکەی بکات؟ باشتر وایە بە خۆتا بچیتەوە و چیتر خـەیاڵی وا قۆڕ لێنەدەی.) تەماشایەکی بارام دەکەم و دەڵێم:

(ببوورە بارام گیان هاوڕێ دڵسۆزەکەم من لە خۆمەوە گومان لە تۆ دەکەم ببوورە.)

بەرەبەیان وردە وردە خەوم لێدەکەوێت.

لە کەناری جادەکە بارام سەیارەکە رادەگرێ. دەچینە چایخانەی پیـاوە پشـت کووڕەکـە، پشـوویەك دەدەیـن، یـەکی سـێ چـا دەخۆینەوە، کاتێ هەڵدەسین بارام شەکرێکی کوڵاو دەخاتە دەمی و دەڵێت: (ئەم کابرایە خۆشترین چای هەیە، کەچی خەڵك ناویان نـاوە خولە گەماڵ پشت!) دەڵێم:

(ئینجـا خــەڵك خوایــان هەیــە؟ هەرچــۆنێك بیــت، هــەر نــاو و ناتۆرەیەکت بۆ دەدۆزنەوە.)

دەکەوینەوە رێ، بارام دیسان بۆ گـۆرانی دەگـەڕێت. منـیش بـیر لەوە دەکەمەوە بۆچی بەم چایچییە دامـاوە دەڵـێن: (خولـە گـەماڵ پشت!) کە دەیهێنمەوە پێش چاوی خۆم دەڵێم:

(خۆ پشتی لە هی گەماڵیش دەچێت!)

## 14

## زمانیان لێدام

دوای نـانخواردنی نیـوەڕۆ و ڕۆیشـتنی میوانـەکان مـن و بـارام سەرخەوێك دەشکێنین. هەرچـەندە بـارام دەیـەوێت بچـێتە دەرەوە، بەڵام کە دەبـینێ مـن ڕاکشـاوم و بـەنیازم سـەرخەوێك بشـکێنم، بـە ناچاری لەولای منەوە ڕادەکشێ، دەڵێ:

( ویسـتم بڵـێم بچـینە دەرەوە و سـەرێکی بازاڕەکـە بـدەین، سەرخەوشکاندنەکەی تـۆم بیرچـوو بـۆوە، قەیناکـە دوایـی دەچـین، بەس نەچی هەتا بانگی شێوان بخەوی. ها.)

(نا، نا، خەمت نەبێت، نیو سەعات سێ چارەك زیاتر نییە.)

پاش دە دەقەیەك من دەخەوم، بـەڵام ئـەو هـەر ئەمـدیو ئـەودیو دەكات، هەتا ئەو دەقەیەی خەویش دەمباتەوە، ئاگام لێیـەتی، وەك ئەوەی نیگەرانی شتێك بێت خەو ناچێتە چاوی، چـەند جـارێكیش ئەمدیو دیو دەكەم و خەبەرم دەبێتەوە، ئەو هەر نەخەوتووە.

لەوەتەی بە بیرم دێت، ئەوەم لێبووە بە خوو، هەموو نیوەڕۆیەك دوای ناخواردن دەبێت سەرخەوێك بشكێنم، دەنا گیانم دادەهێزرێ و تووشی سەرئێشەیەكی خراپ دەبم.

(لـە سـاڵانی پێشـمەرگایەتیدا ئەمـە گـەورەترین كێشـەی منـە. زۆربــەی جــار دوای نــانخواردنی نیــوەڕۆ بەڕێدەكــەوین، مەســافە وەردەگـرین، جاریوایـە دە سـەعات رێ دەبـڕین، ئینجـا پشـوویەك دەدەین. من بـەدەم ڕێـوە چاو لێكـدەنێم و بـە شـارەزایی بـە دوای هاوڕێكەمدا رێ دەكەم، ئەگەر تەختایی بێت، ماوەیـەكی زیـاتر چـاو لێكدەنێم، بـە دەم ڕێـوە چـەند دەقەیـەكی پچـڕ پچـڕیش دەخـەوم، گیانم ئیسراحەت دەكات.)

كـاتێ خەبـەرم دەبێتـەوە بـارامی سـالە بـەراز خۆشـی گۆڕیـوە و چاوەڕێی من دەكات. خێرا دەموچاوم دەشۆم و خۆم دەگۆڕم، لەبەر ئاوێنەی هەیوانەكەدا قژ و ریشم دادەهێنم.

لەپڕ لە دەرگـا دەدرێ، دیتـە دەرگاكـە لەوحـە بـە قـایمیش لێـی دەدەن، وەكو دەهۆڵ زرمەی دێت، من رادەچڵەكم، بارام دەڵێ:

(كێیە؟). دەنگی پیاوێك دەڵێ:

(خۆمانین). بارام بە شڵەژاوییەوە سەیرێکی من دەکات، بە نا بەدڵییەوە بەرەو دەرگاکە دەچێت، قاچی لە بەردێکی حەوشەکە هەڵدەنووتێ، خەریکە لە سەردەم دەکەوێ، خۆی بە دەرگاکە دەگرێتەوە، لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا، چوار کەس بە جلی سەربازییەوە خۆیان دەکەن بە ژووردا، یەکێکیان روو دەکاتە بارام و دەڵێ:

(تۆ بارامی سالە بەرازی؟) بارام دەڵێ:

(بەڵێ.)

یەکێکی تریان ئاماژە بۆ من دەکات و دەڵێ:

(کەواتە تۆش دێو بەهمەنی؟) دەڵێم:

(بەڵێ.)

یەکسەر تێدەگەم زمانیان لێداوم و قورم بۆ گیراوەتەوە. هەر ئەوەندەی بلێی یەك و دوو سواری لاندگرۆزەرێکی کۆنمان دەکەن. من و بارام دەخەنە ناوەڕاستەوە، یەکێك لای راستمان و یەکێکی تر لای چەپمانەوە سەردەکەوێت. یەکێکیش دەچێتە دواوە، ئەوەشیان کە زیاتر لە فەرماندەیان دەچێت، دەچێتە پێشەوە. بە پشتوێنەکانی خۆمان خێرا چاومان دەبەستنەوە، ئەوەندە بەپەلە دەمانفرێنن، تەنانەت ژن و مناڵەکانی بارامیش خەبەریان نابێتەوە. کە بارام دەڵێ:

(هیچ نەبێ با ژنەکەم ئاگادار بکەمەوە.) فەرماندەکەیان بە ساردییەکەوە دەڵێ:

(پێویست ناكات، ئاخری هەر دەزانن.)

نزیكەی چارەكە سەعاتێ هەروا بێدەنگ دەڕۆین و كەس قسەیەك ناكات. من خەریكە دڵم دەتەقێ، دەمەوێ بزانم كێ زمانی لێداوم، چۆنی تووش كردووم، چی لەسەر وتووم، بۆ ئەوەی نەخشەیەك دابنێم و بەرگریی لە خۆم بكەم. كەچی وەك ئەوەی زمانیان بڕابێت كەسیان نقەی لێوە نایەت. هەرچەند سەر دەهێنم و دەبەم، هیچ هەڵناكرێنم.

كە لە شارۆچكەكە دەردەچین و دەگەینە سەر جادەی چۆڵ، چاومان دەكەنەوە. ئەوسا دەزانم لە جیاتی ئەوەی بەرەو شارەكەی خۆم بمانبەن بەرەو شارۆچكەیەكی ترمان دەبەن.

بەرلەوەی هیچ بڵێم هەندێ لە سەر و سیمایان ورد دەبمەوە. هیچ خێرو بەرەكەتێك بە ڕوخسارییانەوە دیار نییە. ئەوەی پێشەوە پیاوێكی رەشتاڵەی مڕومۆچی چڵكنە، تەمەنی سی و پێنج بۆ چلساڵێك دەبێت، هەروا سەیری پێشەوە دەكات، ناوەناوەش ئاوڕێك لە من دەداتەوە، بەڵام هیچ ناڵێت. تەنیا لاونیو دووانەكەی ئەملاو ئەولام دەبینم. هەردووكیان ریشن و لەڕ و لاواز دیارن، زیاتر لەوەی لە دوو كەسی ئیسلامی دەم و ددان زەرد بچن، كە هەمیشە بۆنێكی تایبەتیان لێدێت، لە دوو كەسی سەرسەری دەچن، كە دەمێك بێت ئاو بەر گیانیان نەكەوتبێت. ئاوڕێك دەدەمەوە سەیرێكی ئەوەی دواوە دەكەم. هاتۆتە پێشەوە و روویكردۆتە من. منداڵكارێكی لووسكەی لووت بەرانی گەنمڕەنگی مەیلەو بۆرە. چاوانی قاوەیی

کاڵ و لێوەکانی گۆشتن، کەمێك دەمی دەرپەڕیوە. وەك ژنێك کە قژی مێش کردبێك، قژی زەرد کردووە. لە ئاوێنەکەدا تەماشایەکی سەر و سیمای سایەقەکە دەکەم، رووناکی لە ڕوخساریدا بەدیناکرێت، یەکسەر تێدەگەم بە زۆرەملێ هێناویانە، بۆیە بە ڕقەوە بە خێرایی سەیارەکەی لێدەخوڕێ و نایەوێت لە هیچ جێگایەك بوەستێن. روو دەکەمە فەرماندەکەیان، دەڵێم:

(کاکە بۆ کوێمان دەبەن؟ بۆچی ئێمەتان گرتووە؟) بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە هەر وا بە ساردییەکەوە دەڵێ:

(با بگەینە ئاسایش، ئەوسا هەموو شتێك دەزانیت، پەلەی چیتە، جارێ بیسمیلا خۆ هێشتا نیو سەعات نابێ گیراوی؟ ناشێ پەلەی مەرگت بێت؟)

(مەرگی چی؟ بۆچی چیمان کردووە؟ ئەوە نییە وەرەقەی خۆتانم پێیە و هاتوومەتەوە.)

(باسی ئەو وەرەقەیە هەر مەکە، کەس بە یەك پوولی قەڵب نایکڕێ، ئەو کابرایەی خزمەت بە خزمایەتی بۆی کردووی، حساب لەگەڵ ئەویشدا دەکرێت. ئەوا وەرەقەکەشم دڕاند.) وەرەقەکە لەت و پەت دەکات و لە جامی سەیارەکەوە فڕێی دەداتە دەرەوە.

(کاکە من گوناهم چییە؟ من چوومەتە لای و ئەو وەرەقەیەی داومەتێ، کە کەس حساب بۆ وەرەقەکەی ناکات بۆچی وەرەقە بۆ خەڵك دەکات؟)

(باشتر وایە ئەم قسانە هەڵگری بۆ لای ئەفسەری لێکۆڵینەوە، من هەر ئەوەندەم لەسەر بوو بتانگرم و تەسلیمی ئاسایشتان بکەم. حەز دەکەم بزانی ئێمە ئەوەندە گێل و ساویلکە نین، نەزانین دێو بەهمەن کێیە و پێمانوابێت لایەنگرێکی ئاسایی حزبی (A) ە.)

هەتا ئەو دەقەیەش سێ چەکدارەکەی تر ورتەیان لە دەم نایەتەدەرێ. بارامی سالە بەرازیش نقە لە خۆی دەبڕێت، بە چاك و بە خراپ هیچ ناڵێت. بەردەوامیش سیخورمە لە من دەدات بۆ ئەوەی بێدەنگی لێبکەم و هیچ نەڵێم. ئەوسا زیاتر لەوە دڵنیا دەبم سەیارەکەیان بە سوخرە هێناوە و نایانەوێ خاوەنەکەی هیچ بزانێت، هەست دەکەم کابرای سایەقیش گوێ هەڵدەخات بۆ ئەوەی شتێکی لێحاڵی بێت. دڵنیام بارامی سالە بەرازیش ئەو سایەقە دەناسێت، بۆیە هیچ ناڵێت، وردە وردە گومان لەویش دەکەم، کە هەر خۆی زمانی لێداوم و دەیەوێ بمکاتە دەست و دیاری خۆی بۆ ئەوەی کارەکەی مسۆگەر بکات.

(هێی مام رێوی، لەو باوەڕەدابووی هەروا بە ئاسانی دەتوانی کڵاو بکەیتە سەرمان، وەکو مشکی حیز بە کەیفی خۆت لەم شار بۆ ئەوشار تەراتێن بکەیت و حیز فرسەتانە دەست لە هەڤاڵانمان بوەشێنیت. بەخوا چاك کلکت بوو بە تەڵەکەوە. دڵنیابە ئەمە دوا هەنگاوی ژیانت دەبێت، ئیتر ژنەکەت بێوەژن دەکەوێ و بۆ لەتێ نان لەشفرۆشی دەکات. خۆ لەوانەیە ژنەکەت سوورو سەپان و جوانیش بێت، قسەی خۆمان بێت لەوانەیە پارەی باشیش بکات.)

لادەکەمەوە، منداڵکارە لووسکەکەیە ئەم قسانە دەکات. بە هەڕەشەوە پێی دەڵێم:

(ئاگات لە دەمت بێت، خۆت خوشك و دایکت نییە، وا ئەو قسە قۆڕانە دەکەی، ئاخر دەمڕووتێکی وەك تۆ ... )

یەك بۆکس دەکێشێ بە ناو دەمما و دەمم پڕ دەبێت لە خوێن. بە پشتوێنەکەم دەمم دەسڕم و دەڵێم:

( دەستخۆش، دیارە لە کۆڵان پەروەردە بووی.)

(راست دەکەی دایکت بە لەشفرۆشی گەورەی کردووم.)

فەرماندەکەیان تێمان دەخوڕێ:

(بەسە بیبڕنەوە، ئەو چەنەبازییەتان لە چییە.)

لە ئاوێنەکەوە سەرنجی کابرای سایەق دەدەمەوە، تەواو بێتاقەت دیارە، دەیەوێ هەرچی زووترە ئێمە بگەیەنێتە جێ و لەم بێگاریی و بێدەسەڵاتییە رزگاری بێت. بارامیش وەکو تاوانبارێك کە پێی وایە هەموو دنیا ئاگای لە تاوانەکەیەتی و هەرچی دەکات ناتوانێ خۆی ئاسایی نیشان بدات. زیاتر دەچێتەوە قاڵبەکەی خۆی و ئەوەندە خۆی بچووك دەکاتەوە چنگێکی دەمێنێتەوە، دیسان نقەی لێوە نایەت. هەتا دێت گومانم زیاتر دەبێت، کە ئەو داوەکەی بۆ ناومەتەوە.

( دەبێ چۆنی بۆ تێچاندبم؟ بە قسەی ئەو لووسکەی دەمڕووتە، هاتوومەتەوە بۆ کوشتنی هەڤاڵانیان، کێ دەڵێ ئەم دەمڕووتە لە

خۆیەوە ئەو قسەیەی فڕێ نەداوە؟ تۆ بڵێی بارام بەو شێوەیە زمانی لێدابم؟ بە خوا دایکم راستی دەکرد کە هەمیشە دەیوت:

(بێگانە، هەر بێگانەیە، هەرچییەکی بۆ بکەی، هەر بێگانەیە، باشە من بۆچی ئەم کابرایەم کردووە بە برای باوکم، بۆچی هەموو متمانەیەکم پێبەخشیوە. بە خوا باش داوی بۆ نامەوە و تووشی کردم.)

ئەو دیمەنەی حەوشەکەم دێتەوە بەرچاو، دوای نانخواردن کاتێ ئەسکەندەری قالە یەکانە و حیمایەکانی دەیانەوێ بڕۆن. دکتۆر نەهرۆی نالەدێز ئەسکەندەر دەباتە لاوە، ماوەیەکی زۆر چپە چپ دەکەن، ئەسکەندەری قالە یەکانە تەماشایەکی من دەکات، سەری رەزامەندیی بۆ دکتۆر نەهرۆ دەلەقێنێ. کاتێ ئەو سەیری من دەکات دکتۆر نەهرۆ شتێکی پێ دەڵێت، وەك ئەوەی پێی بڵێت: (سەیری مەکە با تێنەگات.)

(( ئای خوایە من چەند گەمژەو دەبەنگم، دەبوو لەو دیمەنەوە یەکسەر تێبگەیشتمایە بەنیازن بمخەنە داوەوە، دەبوو یەکسەر بەبێ ئەوەی بارامی سالەبەرازیش هەست بکات خۆم ون بکردایە و خۆم بگەیاندتایە شار. ئێستا تێدەگەم چ بەزمێکیان لەژێر سەردابوو، بەڵام تازە سوودی چییە؟ بە خوا گێل و ساویلکەم. باشە بۆ لەوە حاڵی نەبووم دوای نانخواردن خوماری ژنی بارام ئەسکەندەری قالە یەکانەی بانگ کردە ژوورەکەی تر و ماوەیەکی زۆر پێکەوە قسەیان کرد. لەوەشەوە هەر هیچ حاڵی نەبووم، ئای من چەند گێلم! ئێستا

تێدەگەم بە هەموویان چ داوێکیان بۆ ناومەتەوە، خوماریش ئاگای لە مەسەلەکەیە، بۆیە لە تەقەی دەرگاکە و هاتنی ئەمانەش خۆی دەکات بە خەوتوو، وەك ئەوەی ئاگای لە دنیا نەبێت. ئێستا بە تەواویی نەخشەکەیانم لەبەرچاوە، دڵنیام ئەسکەندەری قالە یەکانەیش پەیوەندییەکی ژێر بەژێری لەگەڵ خوماری ژنی بارام هەیە. دڵنیام هەر ئەمڕۆ براکەی بارام بە هەڵەداوان خۆی دەگەیەنێتە ماڵی ئێمە، وەکو کەسێك کە ئاگای لە هیچ نەبێت، خۆی غەمبار و بێتاقەت نیشان دەدات. ئەگەرچی بە بەدەنە رەقەڵە و قژە لوولەکەی و ددانە رەشەوەبووەکانیدا کتومت لە قەلەڕەش دەچێت، روو بکاتە هەر جێگایەك شەڕێك یان هەرایەك دەقەومێ یان کەسێك دەمرێت، کەچی هەمیشە وەکو فریشتە خۆی نیشان دەدات و پێیوایە پێی بە خێرە. وەك ئەوەی لە ماڵی باوەگەورەی بێت، پاش ئەوەی ئاو دەخواتەوە و چایەك فڕ دەکات، سەر دادەخات و کەمێك تەزبیحە دەنك زلەکەی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر دەژمێرێ و بە دەم ئەوەوە هێدی هێدی دەکەوێتە قسە. باسی ئەوە دەکات بەبێ ئەوەی ئاگا و خەبەرمان لە هیچ بێت و من و بارام لە لایەن حزبی (B)یەوە گیراوین. ئەوان لای خۆیانەوە هەوڵدەدەن و بارام بەرەڵا دەکەن، بەرەڵاکردنی منیش دەکەوێتە ئەستۆی ماڵی ئێمە. کاتێ کڵاشەکانی دەکات بەسەر پێوە و ماڵئاوایی دەکات. بە ژنەکەم دەڵێت: "براژن، بۆیە بەخێرایی خۆم گەیاندە ئێرە، تا پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ فریای کاك بەهمەن بکەون." ))

هەروا بە بێدەنگی دەڕۆین بەبێ ئەوەی کەس نقەی لێوە بێت، بەرەو چارەنووسی رەش و نادیاری من دەچین، من ئیتر دیمەنەکان بە ڕوونی دەبینم، تێدەگەم هەروا بۆ چاوبەستەکی و بۆ فریودانی من بارامی ساله بەراز دەگرن، هەر کە گەیشتینە ئاسایش ئەو بەردەدەن و خەڵاتیشی مسۆگەرکردنی ئیشەکەیەتی. لەلاوە تەماشای بارام دەکەم، لە ڕەنگ و روخساریدا بە پێچەوانەی جارانەوە، فێڵ و تەڵەکەبازیی و گەوادی دەخوێنمەوە، رێک وەکو بەرازێك دێتە بەرچاوم، ئیتر تەواو دڵنیا دەبم، ئەم شۆرەتی بەرازە پڕ بەپێستی خۆیەتی. ئاواتمە، بۆ یەك رۆژ بمێنم بۆ ئەوەی بە کەیفی خۆم دوو تف بکەمە ناو چاوی و پێی بڵێم: (گەوادی هیچ وپووچ، ئاوا پاداشتی چاکەو پیاوەتی من دەدەیتەوە؟ خۆ دەتوانم وەکو سەگ بتتۆپێنم، بەڵام ئەوەندە هیچیت شایانی کوشتنیش نیت، هەی گەوادی هەتا مردن گەواد.)

دەگەینە بەردەمی تونێلەکە، هەروا سەیرێکی ئەوسەر دەکەم، بزانم هیچ تروسکاییەك بەدیدەکەم. تاریکاییەکی ئەنگوستەچاوە. (چارەنووسی منیش وەکو ئەم تونێلە تروسکایی تیا نییە، بڕواناکەم ئەمجارە دەربازبم.)

# 15
# کوڕی دێز

ڕۆژی پێـنج شـەممە لـە چێشـتـەنگاوەوە، بـارامی سـالە بـەراز و خومـاری ژنـی سـەرقاڵن. خومـار هـەر داوای شـت دەکـات و بـارام دەچێت لە بازاڕەکە دەیهێنێ. دیسان داوای کۆمەڵێ شتی تر دەکـات و بارام دیسان وندەبێت و دێتەوە. خومار جاربـەجارێ لەبەرخۆیـەوە قسە دەکات و وەکو توانج دەیدات بە گوێی مندا:

( شـێر پیـاوە، شـێر پیـاو، خـۆ حـەیای خـۆم نابـەم؟ دەبـێ خـواردنێکی وای دەرخـوارد بـدەم، هـەتا مـاوە بڵێـت، ئـەی ئافـەرم بارامی سالە بەراز بـۆ خـۆت و ژنـت، دەبـێ خـواردنێکی وای بـدەمێ دەس و دەمی پێوە بخوات. ئاخر ئـەو شـێر پیـاوە چـۆن بـە کەچـە خواردن تێر دەبێت، بەقوربانی خوا بم، دەبوو من ژنی شێر پیـاوێکی ئـاوا بوومایـە، نـەك ئـەم بارامـە کوونییـە، ئـاخر رەخـش قـابیلی رۆستەمە، نەك هەموو رەشسوار و بۆرەسوارێك.)

من هـەر ئـەو کاتـە وا هەسـت دەکـەم رەنگـە شـتێك لـە نێـوانی خومار و ئەسکەندەری قالە یەکانەدا هەبێت. ئیتر هەر دێـت و لەبـەر خۆیەوە دەڵێت:

(رەخش قابیلی رۆستەمە.)

شەرواڵێکی لەپێ کردووە. ئەوەندە گوج و گۆڵ و تۆکمـە بـە نـاو ماڵەکەدا هاتوچۆ دەکات، دەڵێی ئەسپی تۆپخانەیە. ناو ماڵەکەی پڕ کردووە لە بـۆنی پـلاو و قەرەخـەرمان و گۆشـتی مریشـك و گۆشـتی سـوور و رۆن و پیـاز و جۆرەهـا داودەرمـانی چێشـت. کـاتێ هـەموو خواردنـەکانی ئامادەکـات و وەکـو ژنـە سـەرەیەك کـە سەرپەرشـتی زەماوەندێك بکات. هەموو شتەکان بەسەر دەکاتەوە و دەزانـێ هـیچ کەم و کەسرێك نییە. لە ماستاوی خەست و خۆڵەوە هەتا پلاوەکە.

ئینجا شەرواڵەکەی دادەکەنێ و قاتێ جلـی کـوردی لەبـەردەکات، کە هەر لە خۆی دێت. کراسەکەی ئەوەنـدە تەنکـە، جەسـتەی لـەناو

ژێر کراسەکەیدا، ڕێك وەکو پەیکەر ڕێك و وەکو ماسی لووس دیارە. ئاوەڵکراکەسەی ئەوەندەیتر سمت و کەفەڵیان زلکردووە، بە شێوەیەك بە لەنجەولار دەڕوات لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا وەکو سەماکەرە فارسەکان هەموو بەدەنی دەلەرێتەوە. مەکیاجێکی کاڵی کردووە، بەڵام سووراوە چەورەکەی لێوی ئەوەندە تۆخە بریسکە دەداتەوە. وەها چاوی رەشکردووە، پیاوم دەوێت بتوانێت ساتێك سەیری ناوچاوی بکات و مچوڕکە بە گیانیدا نەیەت. ئیتر گومانم نامێنێ کە بۆ ئەسکەندەری قالە یەکانە خۆی لەتەل داوە.

من هێشتا لە نزیکەوە ئەسکەندەری قالە یەکانە-م نەدیوە، بەڵام ناوبانگیم بیستووە. کە پیاوێکی لەبلەبانی فێڵبازی شەیتانە، لە چەند قۆناغێکی شەڕی ناوخۆدا بەشداری دەکات، چەندین جار داوی وردی بۆ دەنێنەوە کەچی هەمیشە خۆی دەرباز دەکات. دەڵێن لە شەڕێکدا لە سێ بۆسەی تۆکمە، بە تاقی تەنیا خۆی دەرباز دەکات، لە دوا بۆسەدا پێشمەرگەکانی دەستەکەی یەك بە یەك بەکوشت دەدات، ئاخری جلی یەکێك لە پێشمەرگەکانی لەبەردەکات، بە بەرچاوی گروپی سێیەمی بۆسەکەوە بەبێ چەك خۆی دەردەکات، دیتە ئەوان تەنیا خۆیان مەبەستە، گوێی پێ نادەن کە وا دەزانن پێشمەرگەیەکی نەگبەتە.

لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە بارامی سالە بەراز دکتۆر نەهرۆی نالەدێزیش داوەت دەکات. ڕۆژی چوار شەممە کە دەچین بۆ ماڵی

سەرداری سمە چەقەڵ بەرلەوەی بکەوێنەڕێ لە بازاڕەکە دکتۆر نەهرۆ دەبینین، ئەو سەرقاڵی شت کڕینە. کەچی بارامی ساڵە بەراز وەك ئەوەی چەند ساڵێك بێت چاوی بە چارەی نەکەوتبێ بانگی دەکات، لە کاتێکدا هەموو رۆژێك لەو بازارە کاولە یەك دەبینن، کە دەڵێی شەیتان بازاڕە و لە کۆمەڵێ عەرەبانە بەو لاوە شتێکی دیکە نییە. هەموویان بەیەکەوە لکاندوون و چەند بەینێکی بچووکیان لە نێوانیاندا هێشتۆتەوە. ئەو دێزە بەرەو روومان دێت و تەوقەمان لەگەڵ دەکات. بارام بە یەکمان دەناسێنێ، من ئەوەم زۆر بەلاوە ناخۆشە، ئەو کە گوێی لەناوی من دەبێ، هەڵوێستەیەك دەکات، هەست دەکەم ناوی منی بیستووە و شتێك لەبارەی منەوە دەزانێت. منیش کە ناوی ئەو دەبیستم یەکسەر هەموو شتێکم بیردەکەوێتەوە. کەمێك لە روخسارە دێزەکەی رادەمێنم، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(ئەمەیە دێز کوڕی دێز!)

رەقەڵەیەکی باڵا مامناوەندی، لە روخساریدا دنیایەك فێڵ و کەڵەك و رق و کینە دەخوێنیتەوە، بە ئاشکرا هەست دەکەی کەسێکی سینە ساف نییە، هەر کەسێك لە حزبەکەی خۆی نەبێت بە چاوی دوژمن لێی دەڕوانێت. پێم سەیرە بەو کەسایەتییە بوغزاوی و سینە پیسەیەوە جەنابی دکتۆرە! چەند جارێك لەسەر سیخوڕیی و راپۆرت نووسین دەگیرێ. دووەم جار کۆمەڵێ راپۆرتیشی پێ

دەگیرێ کە لەسەر کارمەندەکانی خەستەخانەکەیان دەنووسێ، گوایە سەر بە حزبەکەی ئێمەن، لە ڕاستیدا ئەوانە کۆمەڵێ کارمەندی دڵسۆزن و تەنیا کارەکەی خۆیان بەلاوە گرنگە، نەك حزبایەتی و شتی وا. کاتێ داوایان لێدەکات ژێر بەژێر کار بۆ حزبەکەی ئەو بکەن، پێی دەڵێن: ئێمە خزمەت دەکەین و پێویستمان بە حزبایەتی نییە. ئیتر ئەمە دەکاتە بیانوو و ڕاپۆرتیان لەسەر دەنووسێت.

ئەو ئەفسەری ئاسایشەی دۆسێکەی دکتۆر نەهرۆی نالەدێزی لایە، برادەرمە، ئەو هەموو شتێکم بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێت: ( پێم گوتوە تۆ دکتۆری، یانی پەیامێکی گەورەی ئینسانیت هەڵگرتووە، چیت داوە، لە سیخوڕیی و ڕاپۆرت نووسین. دەڵێت سەرەڕای بەڵگەکان هەر نکۆڵی لە هەموو شتێك دەکات.)

پێم وا نییە وەك چۆن من ئەو دەناسم، ئەویش ئاوا من بناسێت، دوای هەندێ قسەی ئاسایی خوا حافیزیی لەیەك دەکەین. ئەمڕۆ ئەو پرسیارە خەریکە وەکو خۆرە مێشکم دەخوات. داخۆ لەو ڕۆژەوە بارامی سالە بەراز لەبارەی منەوە هیچی پێ گوتووە؟

دەمەوێت بەهەر شێوەیەك بێت خۆم لە میوانداریییەکە بدزمەوە، ترسی ئەوەم هەیە بارام هەموو شتێکی لەبارەی منەوە بە دکتۆر نەهرۆ وتبێت، یان لە کاتی داوەتەکەدا لای ئەسکەندەری قالە یەکانە باسی من بکات. لەگەڵ ئەوەشدا حەز لە چارەیان نییە، حەز ناکەم

لەسەر خوانێك لەگەڵیان دابنیشم، بەڵام نازانم بۆ کوێ بچم و ئەو چەند سەعاتە لە کوێ خۆم ون بکەم.

ئاخری ئەوەم بە خەیاڵدا دێت بێئەوەی بە کەس بڵێم، بچمە دەشتەکەی لای ماڵی بارامەوە، تەواو دوور بکەومەوە و هەتا عەسر لەوێ خۆم مژۆڵ بکەم. ئەم بیرۆکەیەم زۆر بە لاوە باشە. بۆ ئەوەی خومار لە پڕ بە تانوتەوە پێم نەڵێت:

(کاك بەهمەن ئۆغر بێ؟). نامەوێت خۆم بگۆڕم، بڕیار دەدەم پێڵاوەکانم لەپێ بکەم و هەروا بە کراس و شەرواڵەوە بە دزییەوە فرتەی بۆ بکەم. قەیتانی پێڵاوەکانم توند دەکەم و بێ ئەوەی کەس هەست بکات بەرەو دەرگای حەوشە دەڕۆم، دەست دەبەم بۆ دەرگاکە بیکەمەوە، کەچی لەودیوەوە لە خۆیەوە دەکرێتەوە. تۆمەس بارام حەبلەکەی راکێشاوە، لە کاتێکدا دەست بۆ ژوورەوە رادەکێشێ فەرموو لە ئەسکەندەری قالە یەکانە و دکتۆر نەهرۆی نالەدێز دەکات.

ئەسکەندەر دێتە ناو دەرگاکەوەو لە من رادەمێنێ، بارام بە یەکتریمان دەناسێنی و دەڵێ: (کاك بەهمەن کاك ئەسکەندەر) بێدەنگ تەوقە دەکەین، ئینجا دکتۆر نەهرۆ دێتە ناو دەرگاکەوە کاتێ تەوقە دەکەین، دەڵێ: (ئەو رۆژە تەعاروفمان کرد.) پێم خۆشە، بارام تەنیا بە ناوی خۆمەوە بانگم دەکات و هەست ناکەم ئەسکەندەریش بایەخ بە ناوەکەم بدات، دوو حیمایەی پەڕپووتیش

دێنە ژوورەوە. تاکە شتێ کە لـە وێـدا سـەرنجم رادەکێشـێ ئەوەیـە، نازناوەکەی ئەسکەندەریش کە لە باوکییـەوە بـۆی ماوەتـەوە وەکـو نازناوەکەی دکتۆر نەهرۆ کتومت وەکو خۆی دەرچووە.

ئەسکەندەر کەتەیـەکی رەشـتاڵە، سمێڵـی پـان و پـڕ، دوو بـرۆی ئەستووری رەش، خاڵێکی رەشی زل لەسەر روومەتی چەپێتی، ملـی کوڵ و ئەستوور، لـەو مـل ئەسـتوورانەیە کـە نـاتوانن ئـاوڕ بدەنـەوە تەنانەت ناشتوانن بە ئاسانی لابکەنەوە، بەڕاستی نازناوەکەی باوکی ون نەکردووە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

( ئەمە یەکەمجارە ببینم دوو کەس نازناوی باوکیان هەڵگرتبێت و رێك چووبێتنەوە سەر باوکیان.) بەڕوویـەکی گەشـەوە لای سـەرووی ژوورەکـەوە دادەنیشـێت. پـاش ئـەوەی شـەپۆلی بـەخێرهاتن تـەواو دەبێ. سفرە رادەخرێ و بارام و خومار و حیمایەکان دەست دەکەن بە کێشکردنی خواردن و قاپ و قاچاخ و شتەکانی دیکە. ئەسکەندەر هەڵدەسێت بچێت دەستی بشوات، ماوەیەکی زۆری پێدەچێت، کـاتێ دێتەوە زیاتر پێکەنین لە روخساری دەبارێت.

دوای نانخواردن هەر لەخۆیەوە دەستدەکات بە قسەکردن. کـاتی خۆی زۆرمان پێوتن: (بابە بە شەڕ دەرەقەتی ئێمە نایـەن، وەرن بـا بـۆ خۆمـان رێکـەوین، هـەروەکو جـاران پـەنجا پـەنجا دەیخـۆین و میللەتیش لەبیر ناکـەین، ئـەوان هـەر سـووربوون لەسـەر ئـەوەی بـە تەنیا بیخۆن و شەڕیان هەڵگیرسان، ئاخری لە سنوورمان توندکردن،

ئێستاش بۆژەیان کردووین، رۆژانە یەك بە یەکی مەسئوولەکانیان نامەمان بۆ دەنێرن و دەڵێن دێینەوە. باشە ئاخر ئەمەتان لەچی و ئەوەتان لەچی؟) دکتۆر نەهرۆی نالەدێز هەر لەخۆیەوە هەڵدەداتێ:

(کاك ئەسکەندەر، ئاخر شەق دەزانێت قۆناغ لە کوێیە. هەتا نەیانیایە تەبەق نەیانوت ئەلاهو سەدەق. بە شەرەفم وەها تووشی شکست بوون، هەتاماون نایەنەوە مایە.)

وەك ئەوەی حەزی لە چارەی دکتۆر نەهرۆ نەبێت، درێژە بە قسەکانی نادات. جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و هەروا بێدەنگ دەکەوێتە مژ لێدانی. بۆ ماوەیەك بێدەنگیی باڵ بەسەر ژوورەکەدا دەکێشێت. خومار سینییەك چا دەکات بە ژووردا، هەر خۆی دەستدەکات بە دانانی چاکان، ئەسکەندەر لەگەڵ مژلێدانی جگەرەکەیدا، بە وردی دیقەتی سنگ و مەمك و سمت و کەفەڵی دەدات.

کە خومار دەڕوات ژوورەکە هەروا بێدەنگە، دەنگی کەوچکەکان لە کاتی تێکدانی چاکاندا دەنگی زاڵی ناو ژوورەکەیە. ئەسکەندەر جگەرەکەی لەناو تەپڵەکە شووشەکەدا دەپلیشێنێتەوە و دەستی بە کەوچکەکەوەیە، دەستدەکات بە گێڕانەوەی ئەو شەڕەی خۆی و شەش کەس گوایە هێزێکی سەد کەسی حزبی(A) یان شکاندووە. دوای ئەوەی بیست تەرمیان پێبەجێ دەهێڵن، زیاتر لە سەعاتە

ڕێیـەك ڕاویـان دەنـێن. کـاتێ چـاکە دەبـات بـۆ دەمـی و قـومێکی لێدەدات دەڵێت:

(هیچ شەڕێك لە شەڕی ناوخۆ خۆشـتر نییـە، نـە ترسـی فڕۆکـەت هەیە نە دەبابە، خاڵە، دەمەو عەسرە، هەواڵم بۆ دێت هێزێکی سـەد کەسی بەنیازن هێرش بکەنە سەرمان، ئازا بـە جیهازەکـە داوادەکـەم هێزێکی خۆمان بێن بە هانامانەوە، بە وەڵامەکەیانـدا دیـارە، بـە دوو سەعاتی تریش فریامان ناکەون، دەزانم ئەگەر دەستپێشخەری نەکەم و گورزێکیان لێنەوەشێنم، هەر بەکڵاو دەمانگرن و هەر هـەمووشمان گولله باران دەکەن. دەستدەدەمە بی کەی سییەکە و دەڵـێم ئـادەی کوڕینـە ڕۆژێکـە و ئـەمڕۆ بتـانبینم، خـۆم لـە پێشـی پێشـەوە ملـی پێوەدەنێم، کیلۆ مەترێك لە دووری بنکەکەی خۆمان دادەمـەزرێین و گوێ قوڵاغ دەبین.

عەدەد ئار بی جییەکە لە شانی ڕاستمەوەیە، دەڵێم کە من تەقەم کرد ئێوەش لەگەڵ مندا. بێخەم دێنە پێشەوە، ئـەوەیان لـە خەیاڵـدا نییـە، کـە مـن ئاگـاداری نەخشـەکەیانم، حسـابی ئـەوەیان کـردووە، هێشتا ماویانە بگەنە سەر بنکەکەی ئێمە، بۆیە بە کۆمەڵ دێن، وەڵڵا خاڵە خوا یارمەتیم دەدات، بە بـی کـەی سـییە بـۆر تێیـان دەکـەوم، لەگەڵ مندا ئار بی جییەکە و کلاشـینکۆفەکانیش دەیکـەن بـە هـەرا، هەر یەکەم دەست زیاتر لـە دە تـەرمیان لێدەخـەم، ئینجـا دەکەونـە ڕاکردن، بواری هیچیان نـادەم دەنیشـمە سـەریان، بـە دەم تەقـەوە

بەرەو پێشەوە رادەکەم، سەرەڕای ئەوەی ئەو بی کەی سییە قورسەم پێیە، کەس لە پێشمەرگەکان بە تۆزی پێمدا ناگەن.)

یەکێك لە حیمایەکانی دەڵێت: (ئۆباڵ بەم گەردنەم وابوو، ماڵت ئاوابێ، قوربان تۆ دەتگوت ئاسکە کێویت راتدەکرد.)

ئەوی تریان دەڵێت:

(بەخوا قوربان ئازایەتی تۆ نەبووایە، ئێستا کەسمان نەمابووین.)

(ئەوا ئێمە، تەرمەکان رووت دەکەینەوە و گیرفانی هەموویانمان پشکنیوە، تازە هێواش هێواش هێز دێت بە هانامانەوە.)

نازانم بۆچی هەر لە خۆمەوە، باوەڕ دەکەم، ئەو شەڕەی باسی دەکات، ئەگەر سەدیش وانەبووبێت، راستییەکی هەر تێدایە، کاتی لە سەر و سەکوتی ورد دەبمەوە لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(باشە ئەم یەکانەیە، ئەگەر ترسی فڕۆکە و دەبابەی نەبێت، ملی پێوە بنێت بە چی دەگەڕێتەوە.)

ئیتر قسە و باسی لەم جۆرە زۆر دەکرێ، تاکە شتێك کە باسی لێوە ناکرێ، ئەوەیە، من کێم و لە ماڵی بارامی سالە بەراز چی دەکەم؟ بۆیە منیش بێخەمم و باوەڕ ناکەم، بارام هیچی لەبارەی منەوە بە دکتۆر نەهرۆش وتبێت. کاتی رۆیشتنیش بە گەرمی تەوقەم لەگەڵ دەکەن.

16

# چنگی پڵنگ

که له تونێلەکه دەردەچین دیسان چاومان دەبەستنەوە، پاش کەمێك هەست دەکەم سەیارەکه دەوەستێ، چاومان دەکەنەوە، لەناو حەوشەی ئاسایشداین، بەخێرایی دادەبەزین، من بەرەو ژوورێك دەبەن و بارامیش بەرەو ژوورێکیتر. ئیتر گومانەکەم لەسەر بارامی ساله بەراز زیاتر دەبێت، هەست دەکەم ئەویان هەر بۆ چاوبەستەکی گرتووه و یەکسەر بەرەڵای دەکەن. مناڵکاره قژ زەردەکه دەستم دەگرێ بەرەو قاتی خوارەوەی بیناکه. به مۆڕەیەکەوە پێم دەڵێ:

( هیوادارم زوو نەتکوژن، مادەیەکی باشی بۆ رابواردن، ئەوسا فێریشت دەکەم من لە کوێ پەروەردە بووم خوشك ... )

تەماشایەکی دەکەم و دەڵێم:

(بەزەییم بە عەقڵتدا دێتەوە، ئاخر کەس هەیە رقی لە یەکێك بێت کە قەت چاوی بە چارەی نەکەوتبێ، من و تۆ بە خەونیش یەکمان نەدیوە.)

(خەمت نەبێت یەك دەناسین، دەرفەت هەبێ بتبەینەوە بۆماڵەوە ژنە جوانەکەشت دەناسم.)

بە شایەنی ئەوەی نازانم وەڵامی بدەمەوە بێدەنگ دەبم، دەگەینە بەردەمی ژوورێك کلیلەکە لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەرگاکە دەکاتەوە. ژوورێکی گەورەیە و دە دوانزە کەسی سەر و ریش هاتووی تێدایە، پاڵێکم پێوە دەنێ بۆ ژوورەوە. یەکسەر یەکێك لەوانەی ژوورەوە تەوقەم لەگەڵ دەکات و دەست دەکات بە ماچکردنم. لەگەڵ هەموو ماچێکیشدا دەڵێت:

(یاخوا بەخێر بێی کاك بەهمەن، چاوم روونبۆوە.)

قژ زەرد کە دەزانێ یەکتری دەناسین یەکسەر دەڵێ:

(وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە.) دەمباتە بەردەمی ژوورێکی تر و دەرگاکە دەکاتەوە. ئەمجارە خۆم دەچمە ژوورەوە، بەلام بە وریاییەوە، چونکە ژوورەکە وەك ئەوەی تر رووناك نییە. بەرلەوەی دەرگاکە دابخاتەوە، بە گاڵتەپێکردنەوە پێم دەڵێت:

(تۆ پیاوێکی موهیم و خەتەری، بۆیە دەبێت لە سجنی ئینفرادیـدا بیـت، دەزانــی هــەر بـۆ رابـواردن بردمـی بـۆ ئـەو ژووره، وتم بـزانم کەسیان دەتناسن، تۆ دەبێـت بـە تـەنیا بیـت، بـەڵام خـەمت نـەبێت بێتاقەت نابیت، هەرکاتێ تاقەتم نەبوو دێم کەمێك پێت رادەبوێرم.)

چاوێك بە ژوورەکەدا دەگێـڕم، پـیس و پـەڕپووت، سـەیر دەکـەم ژوورێکی بچووکتریشی لەسەره، گڵۆپە زەردەکەی ئەمدیو بە ئاستەم ئەودیو رووناك دەکاتەوە. لە ژوورەکەی پێشەوە دەسـت دەکـەم بـە پیاسە، تەواو نیگەرانم، نازانم ئەوان چـی لـەبارەی منـەوە دەزانـن و من دەبێ چۆن وەڵامیان بدەمەوە.

گومانم لەوە نییە، کە بارامی ساله بەراز و خوماری ژنـی و دکتـۆر نــەهرۆی نالــەدێز پێکــەوە بۆیــان تێچــاندووم، ئەســکەندەری قالــە یەکانەیش لەبەرخاتری چاوە رەشـەکانی خومـار خـۆی نـامگرێ، بـۆ ئەوەی ئەوان تووشی کێشە نەبن، ئاسایشی ئەم شارۆچکەیە ئاگادار دەکاتــەوە بـێن بمگـرن. وردە وردە خەریکـە دنیـا تاریـك دەبێـت. کەللەی سەرم ئەوەندە ئاڵۆزە ناتوانم تەرکیز لەسەر هیچ شتێ بکەم.

تاکـە شـتێ کـە دڵـم پێـی خۆشــە ئەوەیــە، کـاتێ گیرفانــەکانم دەپشکنن و هەویە و شـتەکانی تـرم لێدەسـێنن، ئـەو پارچـە حـەبی خەوە نادۆزنەوە کە حەفتەیەك زیاتر دەبێت پێمە. لەو بڕوایـەدا نـیم هەتا بەیانی لـێم بپرسـنەوە، ئەوەنـدەش پیاسـەم کـردووە، ئـەژنۆم دەیەشـێ، بۆیـە دەمـەوێت هەرچـۆنێك بێـت خـۆم لـەم نیگـەرانی و

دوودڵییە بدزمەوە و ئیسراحەتێك بە مێشکی خۆم بدەم. دوو حەب دەکەمەوە ناو دەممەوە، کەمێك ئاو دەخۆمەوە، ئەو بەتانییە بۆرە شڕە رادەخەم کە لە گۆشەی ژوورەکەدایە، لەسەر پشت لەسەر بەتانییەکە رادەکشێم و پێڵاوەکانم دەکەم بە سەرین، پاش ئەوەی کەمێك ئەمدیو و ئەو دیو دەکەم، خەوم لێدەکەوێت.

نازانم چەندە خەوم لێکەوتووە، لەزرمەی دەرگاکە خەبەرم دەبێتەوە، قژ زەردە، خواردنی ئێوارەی بۆ هێناوم. بەرلەوەی دەرگاکە بکاتەوە دەڵێت:

(تۆ یان پیاوێکی زۆر قارەمان و ئازایت و دەستت لە خۆت شۆردووە و باکت لە مردن نییە، یان پیاوێکی گێل و گەمژەیت و باریان کردوویت و بە خۆت نەزانیووە، ئەگینا کەس هەیە وەکو تۆ کەوتبێتە داوەوە و کوشتنی مسۆگەر بێت، خەوی لێبکەوێت؟)

(خەمت نەبێت هیچیان نیم، بابایەکم وەکو تۆ.)

(خۆت مەکە بە هاوڕێی من هیچ و پووچ.)

سەرزەنشتی خۆم دەکەم، دەبوو وەڵامی نەدەمەوە، هەتا دڵی شەق دەبات. لەم کاتانەدا هیچ شتێك بەقەد بێدەنگیی کاریگەر نییە. کاتێك کەسێك دەیەوێت بە زۆر پەلکێشمان بکات بۆ چەلەحانێیەك کە خۆی بۆ ئامادەکردووە، بە بێدەنگی دەتوانین وای لێبکەین لە داخا دڵی شەق ببات، وەکو دووپشکێکی لێدێت کە

دەیـــەویٚ ژەهـــر بکاتـــە نـــاو جەســـتەی کەســـێکەوە، لـــەو کاتـــەدا جەستەکەی لیٚ دوور بخەرەوە دوور نییە ژەهرەکە خۆی بکوژێت.

دەرگاکـــە دەکاتـــەوەو قاپێـــك ســـاوەری ســـوور و نانێـــك لەبەردەممـدا دادەنـێ و دەرگاکـە دادەخاتـەوە. بەرلـەوەی بـڕوات دەڵێت:

(ئەمشەو دەتبەین بۆ حەفلە ئاگـات لـە خـۆت بێـت، بێخـەم لێـی مەخەوە.)

هیچ باوەڕ بـە قسـەکەی ناکـەم، لـە دڵـی خۆمـدا دەڵـێم، بۆیـە وا دەڵێت تـا ئیسـراحەت نەکەوێتـە گیـانم. هەرچـەند دەکـەم دڵـم هـیچ نابات، بۆیە قاپە ساوەرەکە دەخەمە لاوە. دەستەوئەژنۆ دادەنیشتم و دەکەومە بیرکردنەوە.

هەرچەندە لێکی دەدەمەوە، دەربازبوونم بۆ نییە، لەوانەیە وەکـو کەسـێکی عەسـکەری هـەروا دوای لێکۆڵینەوەیـەکی ئاسـایی، گوللـە بـارانم بکـەن. سیامەند و سـەریاس و سـوپا–م بیردەکەوێتـەوە کـە بارامی ساله بـەراز بـۆی باسـکردم، دوای بـە دیـل گرتنیـان یەکسـەر گولله بارانیان دەکەن. هەرسێکیان بـاش دەناسـم، سـێ فەرمانـدەی ئـازاو چـاونەترس، پـێم سـەیرە چـۆن هـەروا بـە ئاسـانی بـە دیـل دەگیرێـن. یەکســەر قســەکانی مامۆســتا توانــام بیردەکەوێتــەوە، هەمیشە دەڵێت: (مەرج نییە جەنگاوەری ئازا و جەربـەزە لـە هـەموو

شەڕێکدا سەرکەوتوو بێت، جاریوایە زۆر بە ئاسانی تێدەکەوێ و تیا دەچێت، خراپترین سیفەتی جەنگاوەر بێباکیی یان حساب نەکردنە بۆ دوژمن، یان شلەژان و دیارینەکردنی شوێنی پاشەکشەیە، جەنگاوەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە هەرگیز ناشلەژێ و هەمیشە شوێنی پاشەکشە یان راکردن لە یاد ناکات ... ) دیارە لەو شەڕەدا ئەوان زۆریان لێ کوژراوە، بۆیە دوای بە دیل گرتنیان بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك و بەبێ ئەوەی تەنانەت چاویشیان ببەستنەوە، گوللەبارانیان دەکەن. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(کێ دەڵێ منیش وەکو ئەوان گوللە باران ناکەن؟) نازانم چەندیکە شتەکان لێك دەدەمەوە و خەیاڵات دەمباتەوە. گوێم لە تەپەی پێیە کە بەسەر کاشی هۆڵەکەدا دێن و وردە وردە لێم نزیك دەبنەوە، دەگەنە بەردەمی ژوورەکە، قژ زەرد و یەکێکی ترە، قژ زەرد هەروا بێدەنگ سەیرم دەکات، ئەوی تریان دەڵێ:

(ئادەی خۆت کۆبکەرەوە.) هەتا دەرگاکە دەکەنەوە، پێڵاوەکانم لەپێ دەکەم و قەیتانەکانم توند دەکەم. دەستم لە دواوە کەلەپچە دەکەن، بە پشتوێنەکەم توند چاوم دەبەستنەوە. ئەوەندە توند چاوم دەبەستنەوە، وەکو کوێری تەواوم لێدێت. لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەی نیازی فڕینم هەبێت، یەکی لە لایەکەوە قۆڵم دەگرن، بە ڕیزیك قادرمەدا سەرم دەخەن، هەست دەکەم هەمان ئەو قادرمانەیە کە ئێوارە پیایدا هاتمە خوارەوە، دەزانم بەرەو دەرەوەم دەبەن.

ئیتر گومانم نامێنێ کە هـەروا بـەبێ هـیچ لێکۆڵینەوەیـەك دەمبـەن و گوللە بارانم دەکـەن. بـەهۆی کاریگـەری حەبەکانـەوە هێشـتا گێـژم، بۆیە وادەزانم بەدەم خەوەوە دەڕۆم، نازانم چۆن هـەنگاو بنـێم، دوو سێ جار هەڵدەنووتم. بە دەنگیدا دەزانم قژ زەردە کە دەڵێ:

(دەگ یاخوا زیڕە بکەی خۆ هێشتا هیچ نەبووە، خەریکە ئەژنۆی دەشکێ، بە شەرەفم پـێش ئـەوەی گوللـەبارانی بکـەین، دەبێـت بـە پـەڕۆ بـە عەردەکـەوە دەنووسـێ و پێمـان راسـت نابێتـەوە ! هـای ترِحێو ! ئەمە دێو بێت ئەبێ رێوی چۆن بێت ؟ )

حەوسەڵەی یەك وشەشم نییە، لە ڕاستیشدا زۆر دەترسـم، دەزانم ئەمانە بە خوێنی سەری هەر هەمووومان تینوون و هەرچی نەشێت لـە دەستیان دێت.

جـیڕەی کردنــەوەی دەرگایــەکم دێتــەگوێ، هــەردووکیان قــۆڵم بەردەدەن، هەتا تینیان تێدایە وەکو ئەسپێك کە سمکۆڵان بکات پێ دەکوتن بە زەویدا، منیش لە شوێنی خۆم رەق رادەوەستم. گوێم لـە دەنگێکی قرخنە دەڵێت:

(ئێوە بچنە دەرەوە.) جیڕەی دەرگاکەم دێتەوە گوێ. دەزانم لـە بەردەمی ئەفسەری لێکۆڵینەوەدا وەستاوم. چاوەڕێم چاوم بکاتەوە، لەبەرئەوەی دەستم لە پشتەوە کەلەپچەیە خـۆم نـاتوانم بیکەمـەوە. بۆ ساتێك بێدەنگیی فەرمانڕەوایە. گـوێم لـە هـەمان دەنگـی قرخنـە دەڵێت:

(بەهمەن میرزا کەریم، ناسراو بە دێو بەهمەن.)

قەدەرێکی باش گوێم لە دەنگە ناسازەکەی دەبێت، لە دەنگی کەسێك دەچێت کە جگەرەکێشێکی وابێت، جگەرە بە جگەرە داگیرسێنێ و دووکەڵی جگەرە وەکو ئەگزۆزی دڕاو دەنگی گڕ و قرخن کردبێت. حیکایەتی ژیانی من دەخوێنێتەوە، ئەگەرچی بینی گرتووە، بەڵام وەك ئەوەی خوێندەوارییەکەی باش نەبێت یان نووسراوەکەی بەردەستی بە خەتێکی ناشیرین نووسرابێت، زوو زوو ساتمە دەکات و شتەکان بە هەڵە دەخوێنێتەوە. راپۆرتەکە وردەکاریی تەواوی تێدایە، لەو رۆژەوە بووم بە پێشمەرگە هەتا راپەڕین، لە چەند چالاکیدا بەشداریم کردووە، چەند جار بریندار بووم، چەند جار لێپرسینەوەم لەگەڵدا کراوە، تەنانەت ئەوەشی تێدایە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا چەند جۆر چەکم گۆڕیوە، چەند ئار بی جیم تەقاندووە، چەند نارنجۆکم هەڵداوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە نووسراوە لە تەمەنی (دە) ساڵیدا نەشتەرگەریی فتقی بۆ کراوە. هەرچەند دەکەم نازانم ئەو زانیارییەیان لە کێ وەرگرتووە؟ چونکە راستە.

لەپڕ دەوەستێ و دەڵێ:

(ئێ، دێو بەهمەن.)

(قوربان، چاوم زۆر توند شەتەك دراوە، چاوم بکەرەوە.)

(پێویست ناکات.)

دیسان دەست پێدەکاتەوە.

(لە دوای راپەڕینەوە، پەیوەندیی کردووە بە دەزگای سیخوڕیی حزبەکەیەوە، یەك ساڵی رەبەق، لەلایەن پسپۆڕانی ئەمریکییەوە، مەشقی لەسەر دەمانچەو ویزە پێکراوە، دوای ئەوە توانیویەتی لە دووری بیست مەترەوە بە دەمانچە لە جگەرە بدات. بە ویزەش لە دووری پەنجا مەترەوە جگەرە دەپێکێت، دێو بەهمەن سەردەستەی گروپێکە بە ناوی (چنگی پڵنگ) کە تەرخانکراون بۆ کوشتنی کەسانی دیار لە حزبەکانیتر، تەنیا گوللەش دەنێن بە سەرو سنگی قوربانییەوە و گوللە لە قاچ و دەستیدا بە خەسار نادەن.) کەمێك دەوەستێ، ئینجا وەك ئەوەی بوارم بدات قسە بکەم دەڵێ:

(ئی، دێو بەهمەن.)

(قوربان ئەوانەی پێش راپەڕین هەمووی راست بوون، بەڵام ئەوانەی دوای راپەڕین یەك وشەشی راست نییە، من لەوەتەی هەم هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ دەزگای سیخوڕیی حزب نەبووە و قەتیش نامبێت.)

(تۆ دەتەوێ ئێمە فێر بکەی؟ بە کەروگامان دەزانیت؟ ئێمە خۆمان هەموو شتێك دەزانین و لەسەدا سەد دڵنیاین.)

(ئێ کەواتە من بۆچی قسە بکەم؟ ئێوە خۆتان دەیبڕن و دەیدوورن و لەبەریشی دەکەن.)

(کێ وتویەتی تۆ قسە بکەی؟ ئێمە پێویستمان بە یەك وشەی تۆ نییە.)

دیسان دەست پێدەکاتەوە:

( ئەمجارەش دوای ئەم شکستەیان، ئەم و چەند ئەندامێکی تری -چنگی پڵنگ-یان ناردۆتەوە، هەتا ئێمە دێینەوە سەر خۆمان، دەست بوەشێنن و هەڤاڵە دیارەکانمان تیرۆر بکەن. دیۆ بەهمەن چەند ڕۆژێ پێش ئێستا ڕێگای دەرچوونی بۆ سنوور تاقیکردۆتەوە و بەنیاز بووە لە ڕۆژی شەممەوە دەست بەکاربێت.) کەمێك دەوەستێ ئینجا دەڵێت:

(تەنیا یەك شتمان لە تۆ دەوێت.)

(چیتان دەوێت؟)

(قەڵەمێك بگرە بە دەستتەوە و ئەم ئیفادەیەمان بۆ ئیمزا بکە.)

(وتم ئەوەی دوای ڕاپەڕین، یەك وشەی ڕاستی تیا نییە؟ وەڵلاهی پەنجەم ببڕنەوە، ئیمزا لەسەر ئەوە ناکەم، ئینجا کە دەتەنانەوێ بمکوژن بمکوژن و تەواو، ئیتر بۆچی بوختانم بۆ دەکەن.)

گوێم لێیە زەنگێك لێدەدات، یەکسەر دەرگاکە دەکرێتەوە، دوو کەس دێنە ژوورەوەو پێ بە زەویدا دەکوتن. ئەفسەر دەڵێت:

(چل). تێناگەم مەبەستی چییە، یەکێکیان چەپۆکێ دەکێشێ بە ناو شانما و دەڵێ:

(بکەوەرە سەر چۆك.) دەنگی دەناسمەوە، قژ زەردە، لە شوێنی خۆم جووڵـە ناکـەم، شـەقێك لـە پشـتی ئـەژنۆی راسـتم هەڵـدەدات، خەریکە دەکەوم بـە دەمـا، دەمگرنـەوەو بـە هـەردووکیان دەمخەنـە سەرچۆك. ئەفسەر دەڵێ:

(شەرعی مـار بـە دار). تێدەگـەم دارکارییـە. دەمودەسـت دەزانم چی دەکەم، لە زینـدانی بەعسـیاندا ئـەوە ئـەوە فێـردەبم، لـە کـاتی ئەشکەنجەدا، جەستەم لـە خـۆم دابـبڕم، واتـە پەیوەنـدی لـە نێـوان مێشکم و جەستەمدا نەهێڵم، ئیتر وا هەست دەکەم ئەوە بەدەنی من نییە کە لێی دەدرێت، بۆیە هەست بـە ئازارەکـەی ناکـەم. یـەکێکیان لە لای راستەوە بە دار دامدەگرێتەوە، بە چاوی شـەتەك دراوەوە بـە زیهن سەیری جەستەی خۆم دەکەم، دەیبنم کابرا چـەپلەرە و وەکـو تەرزە پشتمی داگرتۆتەوە، دارەکەش دەبینم، دار چوالەیەکی تەڕە، ئەستوورییەکەشی هێندەی پەنجە کەڵەمـە. بـە خـۆم دەڵـێم: ( لـەت لەتیشـت بکـەن نـابێ ورتــەت لــە دەم بێتــە دەرەوە ...) وەکـو پشیلەیەك کە چنگی لە عەرد گیرکردبێ، خۆم توند دەکەم بۆ ئەوەی هاوسـەنگیم تێـك نەچـێ و نەکـەوم بـە دەمـا. یـەك یـەك دارەکـان دەژمێـرم، لـە بیسـتەم داردا دەوەسـتێ. وەك ئـەوەی دارەکـان لـە جیاتی پشـتم لەسـەر سـنگم درابـێ، خەریکـە بـە تـەواوی هەناسـەم دەگیرێ. فریای یەك هەناسەی قووڵ دەکـەوم. ئـەوی تریـان لـە لای

چـەپەوە بـە هـەمان دار دامدەگرێتـەوە، دەزانم قـژ زەردە، چـونکە قایمتر و خێراتر لێم دەدات. تەنیا شـەقەی دارەکـەم دێتـە گـوێ. لـە رقا زیاتر کۆنترۆڵی خۆم دەکەم، بە خۆم دەڵێم: "ئەوە بـەدەنی مـن نییە." لە بیستەم داردا ئەویش دەوەستێ.

دیـارە بـە ئامـاژەی کـابرای قـرخن دێنـە ژێـر بـاڵم و هـەڵم دەسـێننەوە سـەرپێ. دیسـان دەرگاکـە دەکرێتـەوە، یـانی ئـەوان دەچنەوە دەرەوە. قرخن دەڵێت:

(وتت چی ئیمزای دەکەی؟) وەك ئەوەی بزمارم قـووت دابـێ کـە قسە دەکەم وشەکان بە گەروویەکی بریندااردا گوزەر دەکەن. دەڵێم:

(هەردوو دەسـتم ببڕنـەوە ئیمـزای ناکـەم.) بـە دەم پێکـەنێنێکی دەسکردەوە دەڵێت:

(قوربان پێویست ناکات هیچ خۆت سەغڵەت بکەی، ئێمـە خۆمـان لە جیاتی تۆ ئیمزاشی دەکەین، یـەك زەرە بوختانیشـت بـۆ ناکـەین، تەنیا راستییەکەت پێدەڵێین. تەنیا یەك شت مـاوە، ئەگـەر پێویسـت بکات، رەنگە سبەی بتبەینەوە بۆ ماڵەوە، بـۆ دەسـت بەسـەراگرتنی ویزە و دەمانچەکەت کە ژمارەکانیشمان لایە.)

(ئەی ئەگەر وانەبوو، هیچتان دەستنەکەوت؟)

(وتم، ئەگەر پێویست بکات، دەزانی ئەگەریان چاند سەوز نـەبوو. ئێمـەش هێنـدەی سـەرە دەرزییـەك عـەقڵمان هەیـە، قابیلـە دیـۆ بەهەمەنی سەردەستەی چـنگی پڵـنگ ئەوەنـدە گێـل و نـەکردە بێـت

تفـەنگ و ویزەکـەی لـە جێگایـەك دابنێـت، کـە ئێمـە بـە ئاسـانی دەستمان پێی بگات؟)

(بڕوا بکە ئێوە تووشی وەهم بوون، کە دڵنیام بڕواش ناکەی، من نە دەزانم چنگی پڵنگ چییە و نە شارەزاییم لـە بـەکاهێنانی ویـزە و دەمانچەدا هەیە، من تەنیا لەبەر یەك شت هاتوومەتەوە.)

(ئادەی بزانم لەبەرچی؟)

(من هیچ بـاوەڕم بـەم شـەڕە ماڵوێرانکـەرە نییـە و نامـەوێ یـەك فیشەکی تیا بتەقێنم، دەمەوێ واز لـە هـەموو شـتێك بێـنم و سـەری خۆم هەڵگرم. بێزم لە خۆم و لە پێشمەرگایەتیش دێتەوە.)

(بڕۆ بابە بۆ حەلاوی باسکە، ئێمە ئەوەندە گەمژە نین باوەڕ بـەم قسە قۆڕانە بکەین. تۆ خەتەرێکی گەورەی لە سەرمان، خۆت بـەپێی خۆت هاتوویتەتە بەردەستمان، بۆ کەرین بستت بە قەرز بدەین؟)

تەواو دەزانم قسە هیچ سـوودێکی نییـە، بێـدەنگ دەبم. هەرچـیم لێدەپرسێت وەڵام نادەمەوە، وەك ئەوەی هەر زگمـاگ کـەڕولاڵ بم و بێـدەنگ دەبم. هـاوار لـە پاسـەوانەکان دەکـات، بمبەنـەوە بـۆ ژوورەکەی خۆم. قژ زەرد دێتـە لای راسـتمەوە و ئـەوی تـریش دێتـە لای چەپمەوە. سـەرەڕای ئـازاری پشـتم و قۆڵـەکانم، ئەوەنـدە تونـد چاویان بەسـتوومەتەوە، خەریکـە هـەر بـە تـەواوی کـوێر دەبم. وەك ئەوەی حوشتر بە پلیکانەدا بەریتە خـوارەوە، هـەر قـاچ دەخەمـەوە

سەرقادرمەکە یەکسەر قاچم دەخزێ. هەرچۆنێك بێت بە کەوتن و هەڵسانەوە بەرەو خوارەوەم دەبەن. لێرەدا شتێك سەد ئەوەندەی دارکارییەکە، ئازارم دەدات، هێندەی ئازاری مەرگ، هەست دەکەم قژ زەرد دەست بۆ پاشەڵم دەبات و بوزم پێوە دەکات، هەرچۆنێك بێت دەمەوێت بەرگەی ئەو سووکایەتییە بگرم، بۆ ئەوەی کەسەکەی لای چەپم پێنەزانێ و ئەو حسابە هەر لە نێوانی من و قژ زەرددا بێت. کەچی قژ زەرد لەگەڵ دووبارە کردنەوەی رەفتارە ناشیرینەکەیدا بە پێکەنینەوە دەڵێت: (پاشەڵێکی باشی پێوەیە!) ئەویش دەڵێت: (تۆ زۆر خوێریت، ئەم پیاوە هیچ نەبێ رۆژێك لە رۆژان پێشمەرگە بووە. راستە ئێستا بێدەسەڵاتە، بەڵام هەتا مردن ئەوەی لە بیر ناچێتەوە.) ئەویش دەڵێت: (ئەمشەو دەیکوژن و دەستی بە مووی گونیشم ناگات.)

لەبەردەرگای ژوورەکەی خۆمدا کەلەپچەکەم دەکەنەوە ئینجا چاوم. بە قژ زەرد دەڵێم: (یەك دەقەم لە ژیاندا مابێ، بۆ تۆ دەمێنم.)

17

# بەهەشت

ڕۆژی یەکەم کە دەگەمەماڵی بارامی سالە بەراز، دیتە بەرەبەیان خەوم لێدەکەوێ، بەیانی کە تیشکی خۆرەکە خەبەرم دەکاتەوە چاوم هەڵنایەت. بارام پێش من هەڵساوە، هەرچۆنێك بێت جێگاکەم کۆدەکەمەوە و لەگەڵ خۆم دەیبەمە خوارەوە، ماڵەکە بێدەنگە، وەك ئەوەی کەس لە ماڵەوە نەبێت، ئەو ئارامییەم زۆر پێخۆشە. جێگاکەم دەبەم لە ژوورەکەی پشتەوە دایدەخەمەوە، لەسەر پشت

تەخت لێی رادەکشێم، یەکسەر خەوم لێدەکەوێتەوە. نازانم چەند سەعات دەخەوم، وردە وردە هەست دەکەم شتێکی نەرم و گەرم دەهێنرێ بە لێوما، وەك ئەوەی قامکی کچێکی ناسکۆڵە بێت. هەست بە خۆشییەکی سەیر دەکەم، ئەگەرچی خەبەرم دەبێتەوە، بەڵام هێندە کەیفخۆش و خومارم، حەز ناکەم چاوەکانم بکەمەوە. وەك ئەوەی بە دەم مۆسیقا لێبدەم، هێدی هێدی گیان و جەستەم لە شادییەکی بێسنووردا سەما دەکات. بە کاوەخۆ چاوەکانم دەکەمەوە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(خودایە چی دەبینم! بڵێی من لە بەهەشت نەبم!) ئەوەندەی تر مەست و خومار و سەراسیمە دەبم، خومار دەبینم خۆی رووت و قووت کردۆتەوە، لای سەرمەوە چۆکی داداوە، گۆی مەمکی چەپی دەهێنێ بە لێوما. کە دەبینێ چاوم کردۆتەوە، کەمێك سڵ دەکاتەوە، بە مەکر و پاڕانەوەیەکەوە، کە بەرد دەتوێنێتەوە، بە هێواشی دەست دەخاتە سەردەمم و دەڵێ:

(شششش، توخوا مەیکە بە جارەکەی تر، ئەم دنیا رەنگینەم لێ تێك مەدە. تۆ هیچ مەکە بەس سەیرم بکەو هیچیتر.)

هەرچی وزە و توانای خۆڕاپسکاندن و خۆ دەربازکردن لە گیانما هەیە، وشکایی دێت. دەبینم رووت و قووتم، ئەمەش ناتوانێ وزە و توانای خۆ راپسکاندن لە گیانما ببووژێنێتەوە، خۆم دەدەمە دەست قەدەر، دەڵێم:

(چی دەبێت با ببێت، کەس هەیە لە دەستی ئەم ئاسکە کێوییە پڕ خەت و خاڵە هەڵبێت؟ کەس هەیە ئەوەندە گەمژە بێت لەم بەهەشتە جادووییە رابکات؟)

کە دەزانێ جادووی لێکردووم و جووڵەم پێناکرێت، وەکو یاریزانێکی زۆر شارەزای باڵێ، لەسەر نووکەپێ، دەکەوێتە سەما، نازانم خەوتووم، یان بێدارم، مردووم یان زیندووم، خودایە لە جوانی ئەو قەدو باڵا گۆشتن و پتەوەی، کە لەگەڵ هەر جووڵەیەکیدا دەلەرێتەوە، ئەوەندەی تر حەیرانم دەکات. ئای لەو مەمکە قوت و خڕانەی کە گۆکانیان بەرەو ئاسمان بەرز بۆتەوە! لەگەڵ هەموو جووڵەیەکدا وەها دەجولێنەوە، ئەوەندەی تر وزە و توانای جووڵەم لێدەبڕن.

بەدەنی وەك ماسی لووس و پتەو بەبێ ئەوەی گرێیەکی تێدا بێت. پاو پووزی وەك شووشە، جووڵەی هەناوم دەبڕن. نازانم ئەم ژنە لادێیە ئەم سەمای بالێیە، لە کوێ فێر بووە؟ ئەی دەنگی ئەو مۆسیقایە لە کوێوە دێت؟ لەگەڵ ئاوازی مۆسیقاکەدا، بە هەموو جەستەی سەما دەکات و دەم و لێو و چاو و برۆ و تەنانەت گوێشی لەگەڵ ریتمی مۆسیقاکەدا دەجولێنێ. ئەوەندە مەست و حەیرانی شەرابی نازم، نازانم بۆچی بوومەتە کارەکتەری فیلمێکی رۆمانسی؟ ئەی ئەگەر فیلمە کامێرامان و سیناریست و دەرهێنەر و ئەکشن و ئەو قسەقۆڕانە لە کوێن؟ ئەگەر دیمەنی زینا و ئەو قسە

بێمانایانەیە، خۆ دەبێت بۆ سەلماندنی چوار شاهید زەق زەق سەیری تێکوتە و تێبڕەکە بکەن، ئەی ئەو برا مسوڵمانە گەوادانە لە کوێن؟

دیوارەکانی ژوورەکە وەکو هۆڵی دیسکۆ پڕن لە گڵۆپی رەنگاو رەنگ و بریسکەی گڵۆپەکان تەواو بەشەوارەم دەخەن، دەڵێی بەرازم لەپڕ فوول لایتیان لێداوم، نازانم ماوەی چەند تەماشای سەماکەی خومار دەکەم، ساڵێك یان ساتێك؟ لەپڕ مۆسیقاکە خاودەبێتەوە، دەبێت بەو مۆسیقا خاوانەی لەسەر ریتمەکەی، ژن و پیاو یان کوڕو کچ، بە ئارامی باوەش بەیەکدا دەکەن و هێدی هێدی سەما دەکەن، دەچنە دنیای مەستی و جادووییەوە. وردە وردە تین دەدەمە بەرخۆم و هەڵدەسم، خومار لە دوورەوە ئامێزی بۆ گرتوومەوە، باوەش بەیەکدا دەکەین و هێواش هێواش دەکەوینە سەما. دەست بە جەستەی رووتی یەکدا دەهێنین، جەستەی خومار خز و لووسە، دەستم لەسەر جێگایەکی ئارام ناگرێ. دیتە ئەو سەمای کردووە، بەدەنی لەهی من گەرمترە. کاتێ دەست بە سمتە خرپنەکانیدا دەهێنم، یان مەمکە خڕەکانی لە سنگم دەخشێن، مچوڕکە بە لەشمدا دێت و ئەسپی ئارەزووم دەکەوێتە سەرپاشوو و دەحیلێنێ، وای لە بۆن و بەرامەی جەستەی چۆن مەستم دەکەن. حەز دەکەم بچینە سەر ئەو سیسەمە گەورە و رازاوەیەی لای

سەرووی ژوورەکەوەیە، لەویَ وەکو لاو لاو لە یەك بئالێین و تێکەڵی یەك بین. کەچی خومار وەکو ژنێکی زۆر شەهوەتباز و شارەزای سێکس، هەر دوام دەخات و دەیەوێت تامی تامیم پێبکات. جار بەجاریَ پشتم تێدەکات، منیش لە دواوە توند باوەشی پێدا دەکەم، وەکو دوو میزەڵان یاریی بە مەمکە زلەکانی دەکەم. ئەویش لێزانانە پاشەڵیم لیَ توند دەکات و لە گیانمی دەخشێنیَ. ئەوەندە سەما و گەمە دەکەین هەتا هەردووکمان شەکەت دەبین. ریتمی مۆسیقاکە خاوتر دەبێتەوە. خومار وەك ئەوەی بووکێکی عەیار بێت و دەستی زاوا بگرێت، بۆ ناو قەفەزی زێرین، دەستم دەگریَ و هێدی هێدی بەرەو سیسەمەکەم دەبات. من وەکو کوردی دۆنەدیو خۆم هەڵدەدەمە سەر سیسەمەکە و لەسەر پشت درێژ دەبم، ئەو قاقایەك لێدەدا و ماوەیەك بەو شێوەیە لێم رادەمێنیَ، دەڵێت:

( خەریکە بڕوا نەکەم، ئەمە خەونە یان راستی؟ ئەوە تۆی بۆ من کەوی بووی؟ ئای چەند بە عەزرەتی ئەم ساتەوەبووم!) دەمەوێت شتێك بڵێم دەست دەخاتە سەر لێوم و دیسان دەڵێتەوە:

(شششششش.) نایەڵێت یەك وشەم لە دەم بێتە دەرەوە. دەکەوێتە ماچکردن و لستنەوەم، لە سەرەوە هەتا خوارەوە، یەك قولانجیش لە بەدەنم ناپەڕێنیَ، ناوە ناوەش بە هێواشی بە نازەوە گازم لێدەگریَ. هەر کە خەریکە شاگەشکە دەبم و دەگەمە لووتکەی

لەزەت، دەكشێتەوە و خاوم دەكاتەوە. دێتە تەنیشتمەوە رادەكشێ و لە یەك دەئاڵێین، ئەوەندە گەرم و گوڕ و شەیتانانە ماچم دەكات و نازو نووك دەكات، دەڵێی نۆبووكێكە و یەكەمجارە لـە ژیانیدا خـۆی بـە رووتـی دەبـینێ، هێنـدەی نـەماوە بـە نـاز و عیشـوەی زۆڵانـەی بتوێمەوە.

ماوەیەكی زۆر لەسەر سیسەمەكە لە یەك دەئاڵێین و ئەمدیو دیـو دەكـەین. مـن هـەر سـەرم لـەوە سـوڕماوە، ئـەم ژنـە لادێیـە چـۆن هێندەی ژنێكی ئەوروپایی شارەزای سێكسـە و هـەموو شـێوازەكانی دەزانێـت! ئـاخری دێتــە سـەرم و سیسـمەكە لـە ژێرمانـدا دەبێتـە ئەسـپێكی خۆشـبەز و ئێمـەش لـە دەشـتی لەزەتـدا غـار دەكـەین و هێندەی نەماوە باڵ بگرین، هەتا وردە وردە خاو نەبینەوە، یـەكتری بەرنادەین، ئەوسا هەر یەكەمان لەسەر پشت دەكـەوین و بـەو پـەڕی ئازادییەوە روو لە ئاسمـان دەكـەین. بـۆ یەكـەمجار هەسـت دەكـەم، ژوورەكە بنمیچی نییە، ئاسمانی سامالّی پڕ ئەسـتێرە چاوشـاركێمان لەگـــەڵ دەكـــات. ئەســـتێرەكانی وەهـــا دەدرەوشـــێنەوە لەگـــەڵ تیشـكەكانی نـاو ژوورەكـەدا شـەڕ دەكـەن. هێـدی هێـدی خـەو دەمباتەوە. خەوێك كە حەز دەكەم هەرگیز خەبەرم نەبێتەوە. وەكـو جەماعەتی ئەشكەوتەكە نەك سێ سەد سالّ، سێ هەزار سالّ پرخەم بێت و خەبـەرم نەبێتـەوە. ئـاخر چ داوایـەك لـەوە ئاسـانترە؟ بلّێـی نامەوێ خەبەرم بێتەوە؟

لەپڕ خەبەرم دەبێتەوە، هەست دەکەم وەك ئەوەی میزم بە خۆمدا کردبێت، شەرواڵەکەم تەڕە. زۆرم پێناخۆشە کە خەبەرم دەبێتەوە، دەزانم خەوم لێناکەوێتەوە، بەڵام تاقەتی ئەوەشم نییە لە شوێنی خۆم جووڵە بکەم. بێهوودە هەوڵ دەدەم بخەومەوە، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی لەم دنیا جەنجاڵە رزگارم بێت و بچمەوە ناو دنیای خەیاڵات. هەرچەند چاو دادەخەم و جووڵە لە خۆم دەبڕم لێکۆڵینەوە سەیر و سەمەرەکەی شەوێ و چارەنووسی شوومم نایەڵێ ئارام بگرم. لەوەتەی گەیشتوومەتە تەمەنی باڵغ بوون، دەرکم بەوە کردووە هەر کاتێ رووبەڕووی مەترسی مردن دەبمەوە، خەیاڵم بەلای سێکس و ئەو شتانەدا دەچێت. یان شەیتانی دەبم یان ئەوەندە هەستی شەهوەتبازیم بەرز دەبێتەوە شتێك دەقەومێنم.

هەتا ئەم دەقەیەش نازانم بۆچی وام لێدێت؟ لە راستیدا قەت لە رووشم نایەت لەم بارەیەوە پرسیار بکەم. بەهەرحاڵ لەم کاتانەدا شتی سەیرو سەمەرەم بەسەرهاتووە.

(بەسەرهاتێکی سەیر وەکو خەو دێتەوە بەرچاوم. گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵم، بە تاقی تەنیا لە ماڵەوەم، خۆشم نازانم بۆچی ماڵەکە وا چۆڵ و بێدەنگە، خەریکی خوێندنەوەی رۆمانێکم، بێدەنگیی ماڵەکە بۆ من دەسکەوتێکی گەورەیە، بۆیە ناپرسم ماڵەکە بۆچی وەها چۆڵ و بێدەنگە. زۆرجار دایکم دەرگای حەوشە بە نیمچە کراوەیی دەهێڵێتەوە و بۆ شتێکی بچووکی وەکو سەلکە

سیرێك، دەرزییەكی پەرەمێز، دوو لیمۆ بەسرایی، یان هەر وردە شتێكی لەو بابەتە دەچێتە یەكێ لە ماڵە دراوسێكان، كەچی دەكەوێت بە رازی قسەدا و دوو سێ سەعاتی پێدەچێت. لەناكاو دەنگی ژنێكم دێتە گوێ كە دەڵێت:

(ماڵەكە، لە ماڵن؟) پێم وایە دەنگەكە لە ماڵی دراوسێكەمانەوە دێت، كە دیوارێكمان بەینە، گوێی نادەمێ و سەر لەسەر كتێبەكە هەڵنابڕم، بەسەرهاتی رۆمانەكەم لە هەموو هەموو شتێ بەلاوە گرنگ ترە. وردە وردە دەنگەكە لەو ژوورە نزیك دەبێتەوە كە منی لێم. بە هێواشی دەرگاكە دەكاتەوە و دەڵێت:

(بەهمەن، ئەوە لە ماڵی؟ ئەی دایكت لە كوێیە؟)

(نازانم، بەو پێیەی دەرگای حەوشەی دانەخستووە دەبێ لەم نزیكانە بێت، بۆچیتە؟)

(هەواڵێكی ناخۆشم بیستووە، ویستم پێی بڵێم.) دڵم دەكەوێتە پەلە پەل، كچی دراوسێكەی خوارمانەوەیە. سێ مانگە شووی كردووە، بیست رۆژێك دەبێت تۆراوە، بێئەوەی چاوەڕێ بكات، من بڵێم چی بووە، چی قەوماوە، دەڵێت:

(كامەران مەردان شەهید بووە.) هەواڵەكە سستم دەكات، دەكێشم بە سەری خۆمدا، كامەران هاوڕێیەكی خۆشەویستمە، ساڵێك دەبێت بووە بە پێشمەرگە. هەڵدەسم خۆم بگۆڕم و بچم بۆ ماڵیان، ئەو وەكو ئەوەی پەیكەرێك بێت و لەوێدا دانرا بێت، لە

لایەکی دەرگاکەوە وەستاوە، کـە سـەیری لـەش و لاری دەکـەم، زۆر سەیر زەوقم دەجوولێت، ئەویش وەکو ئـەوەی مـن شـەریفی مەککـە بم، بەو جەستە نەرم و شل و سکێسییەی خۆیـەوە هـەر وەسـتاوە و جووڵە ناکات. وەك ئەوەی بمەوێ بچم لە ژوورەکەی تر شتێك بێـنم، بەرەو لای دەرگاکە دەچم، لە شوێنی خـۆی جووڵـە ناکـات، دەچـمە ژوورەکەی تـر بێئـەوەی بـزانم بۆچـی چـووم، چـاوێك بـە ژوورەکـەدا دەگێڕم و دەگەڕێمـەوە، ئـەو وەك ئـەوەی بـە ئاشـکرا هـای گۆشـت بکات، هەر لەوێدا وەستاوە، بـۆ سـاتێ بـە وردی سـەرنجی دەدەم، لێوە گۆشتنەکانی و بەشی سەرەوەی مەمکە زلەکانی کە لە یەخـەی کراسە کوردییەکەیەوە دەرکەوتوون، تەواو سەرنجم رادەکێشن. ئیتر ئـارەزووم وەکـو ئەسـپێکی تێـر و تەسـەل هەڵدەبەزێتـەوە، لـەوەدا نامێنێ پێم کۆنترۆڵ بکرێت. باوەش بەناو قەدیدا دەکەم، لەسەر ئەو دۆشەکە ئیسفنجەی کتێبەکـەم لەسـەر دەخوێنـدەوە پـاڵی دەخـەم، هەرچـەند پەلـەقاژە دەکـات چـڕنووقم لێـدەگرێت گـوێی نـادەمێ، شـێتانە دەم و لێـوی و سـنگی مـاچ دەکـەم و دەلێسـمەوە. سـەیر لەوەدایە هاوار ناکات، هەر هێواش هێواش دەڵێت:

(ئەوە چیتە، شێت بـووی؟ بـۆ وائەکـەی؟ نەکـەی، بـەخوا هـاوار دەکەم دەستم بەردە ... ) هەتا دەرپـێ کوردییەکـەی دادەکـەنم بـە هەموو هێزی خۆیەوە پەلەقاژە دەکات. کە دەستم دەگاتە ناو لنگـی و دەگاتە سەر گۆشت، وردە وردە شـل دەبێـت. وەك ئـەوەی لەبـەر هەتاو بووبێت گیانی زۆر گەرمە، بەدەنێکی وەها گۆشـتن و لـووس و

نەرم و نیانی بەلاوەیە، سەراپای گیانی بووە بـە ئەنـدامی سێکسـی، ڕەنگە شلبوونی هۆی ئەوەبێت، لێی بڕاوە و ژەم بردەیە....

که ئارەزووم دادەمرکێتەوە، بە تیلەی چاو سەیرێکی دەکەم، لە نۆبووکێکی گەوزاو یان لە سوور گوڵێکی شەمزاو دەچێت. بە ئارامیی دەرپێکەی لەپێ دەکاتـەوە، یـەك زلـلـەم تێدەسـرەوێنێ بەقـەد یـەك دەمانچـە دەنگـی دێـت، نـازانم بۆچـی ئـەو زللەیـەم لێـدەدات؟ لەبەرئەوەی ئەو گۆڵـەم کـرد؟ یـان لەبەرئـەوەی گۆڵەکـەم بـە باشـی نەکرد؟

دەزانم خەوم لێناکەوێتـەوە، هەڵدەسـم لـەناو ژوورەکـەدا دەسـت دەکەم بە پیاسە. تازە خۆر کەوتووە، ئەم کاتانەی بەیانییان هەست بە نەشئەو خۆشییەکی سەیر دەکەم، هەر کاتێ شەو بە دەم ئازارێك یان خەمێکی قووڵـەوە خـەوم لێدەکـەوێت، کـە بـەیانی زوو خەبـەرم دەبێتەوە هیچم لەبیر نـەماوە. ئـەمڕۆش ئـاوام، زیـاتر لـە سـەعاتێك پیاسە دەکەم، تەواو خـۆر گـەرم دەبێـت، کەچـی کـەس دیـار نییـە. دوایی بە دەم پیاسـەکردنەوە لێکـی دەدەمـەوە، بـۆم دەردەکـەوێت ئەمڕۆ هەینییـە، کەواتـە ئـەمڕۆ لـێم ناپرسـنەوە و ناشـم بەنـەوە بـۆ ماڵەوە. دیسان بێتاقەتیی و نائومێدیی یەخەم دەگرێتەوە. کەچی لە پیاسە ناکەوم. وەکو وڵاخە بەرزەیەك کـە بەرچـاوی خـۆی نـابینێ و کوێرانە هەنگاو دەنێ، بەو ئومێدەی ڕێگاکەی خۆی کورتتر بکاتـەوە و بارە قورسەکەی دابگرن. منیش خەیاڵم لـە جێگایەکـە و قاچـەکانم لە خۆیانەوە هەنگاو هەڵدەگرن.

# 18
# خەون

دەوری نیوەڕۆ قژ زەرد لە خەو رامدەپەڕێنێ، پێم سەیرە سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و نیگەرانی و دوو دڵییە، ئەو ماوەیە خەوم لێدەکەوێت. دیارە بەهۆی ئەو حەبانەوەیە کە خواردوومە. ئەم لووسکەیە وەها کوێرانە رقی لێهەڵگرتووم پێی ناخۆشە بشخەوم. لە کاتێکدا زۆر بە قایمی لە دەرگاکە دەدا دەڵێت:

(هەستە، سەگباب هەستە، خۆ دیوەخانی ماڵی باوکت نییە، بێخەم لێی بخەوی. تۆ ئەمشەو دەکوژرێی ئیتر چۆن خەوت لێدەکەوێ؟ ئەرێ تۆ ورچی یان بەراز وا گوێ بە هیچ نادەی؟)

خەون دەبینم لە زرم و کوت و نەڕە نەڕەکەی خەبەرم دەبێتەوە. هەست بە ئازاری پشتم و قۆڵەکانم دەکەمەوە، هەر ناشزانم خەونەکەم چییە و مانای چییە. هەڵدەسمە سەرپێ و دێمە بەردەمی پەنجەرەکە بەرامبەری دەوەستم. بە تەواوی لە سەرو سیمای ورد دەبمەوە. سەرەڕای حاڵی زاری خۆم لە ناخەوە بەزەییم بە حاڵی ئەویشدا دێتەوە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(دەبێ بە چ شێوەیەك وەها مێشکیان داگیرکردبێ و کەریان کردبێت؟ دەبێ چارەنووسی ئەم گەنجە پف دراوە چی بێت؟ ئاخۆ دەبێ چۆن پاداشتی ئەم دڵسۆزییە کوێرانەیەی بدەنەوە.)

(بەداخەوە ناتبەنەوە بۆ ماڵەوە، ژنە نازدارەکەشت نابینین!)

(دەتوانم یەك پرسیارت لێبکەم؟)

(بەڵێ، قوربان فەرموو!)

(تۆ مەبەستت چییە لەوەی ئاوا ئازاری من دەدەی؟ ئاخر خۆ تۆ من ناناسی!)

(من دەزانم تۆ چەند خەتەری بۆ حزبەکەی ئێمە، دەمەوێ پێش ئەوەی گوللە بارانت بکەین بە خەفەتەوە بتکوژم!)

(ئەها، بڕوا بکە بەزەییم بە حاڵتا دێتەوە، چونکە من هیچ لە مردن ناترسم، کوشتنی کەسێك کە لە مردن ناترسێت، هیچ تامێکی تیا نییە، بۆیە دڵنیات دەکەم دوای کوشتنی منیش خۆشحاڵ نابیت، چونکە لە  مردن ناترسم، هەتا دوا هەناسەم هەر گۆرانی بۆ ژیان دەڵێم. ئیتر تۆ چۆن دەتەوێ من بە خەفەتەوە بکوژی؟)

کاتێ ئەم وشانەم لە  دەم دێتەدەر، مچوڕکە بە لەشمدا دێت. دەزانم درۆ دەکەم، بەڵام هیوایەك هەر لە ناخمدا هەیە، وەك ئەوەی لە خۆپەرستی خۆمدا بڕوا بە مەرگی خۆم نەکەم. لەوە دەچێت وشەکانم کاریان تێکردبێت، ڕەنگێك دەهێنێ و دەبات، ئەوسا دەسدەکات بە جنێوی ناشیرین بە خوشك و دایك و ژنەکەم، هەرچی جنێوی بازاڕی هەیە بە دەمیدا دێت. سەیری دەکەم و پێدەکەنم، ئەوەندەی تر شێت دەبێت، وردە وردە دەکەوێتەڕێ و دەڕوات، گوێم لێیە لەبەرخۆیەوە دەڵێت:

(راستدەکات ئەم سەگبابە هیچی بە خەیاڵدا نایەت. ئەگینا کەس هەیە چەند سەعاتێ پێش مردنی وەکو مردوو خەو بیباتەوە  و بتۆپێ؟)

هێشتا گێژم، تاقەتی پیاسەم نییە، دەچمەوە سەر جێگاکە و لەسەر لا رادەکشێمەوە، خەیاڵم بەلای هیچ شتێکدا ناچێت، چاو لێکدەنێم، وەك ئەوەی دەمێك بێت نەخەوتبم دیسان خەوم لێدەکەوێتەوە.

(له جێگایەکی زۆر قەرەباڵغم، نازانم ناوبازاڕە یان شەقامێکی ئاسایی؟ خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە، وەك ئەوەی بۆ خۆپیشاندان خۆیان ئامادە بکەن، یان چاوەڕێی گەیشتنی سەرکردەیەك بکەن. ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەیان گرتووە، بە ئاستەم لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا رێگای تێپەڕینی ئوتومبیلێك ماوەتەوە، بەڵام هیچ ئوتومبیلێك دیار نییە. وەك ئەوەی تاریك و لێڵی دوای خۆرئاوابوون بێ، یان تەمومژ باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشابێت، هیچ شتێك روون نییە، هەرچەند سەیری سەروسیمای خەڵکەکە دەکەم، وەك ئەوەی لە شارێکی غەریب بم کەس ناناسمەوە، گەرچی هەمووشیان جل و بەرگی کوردییان لەبەردایە، کەچی وەك ئەوە وایە قەت چاوم بە چارەیان نەکەوتبێ.

لەپڕ لەوسەری قەرەباڵغییەکەوە کەسێك بە تاقی تەنیا بە شوێنی ئوتومبیلەکەدا بەرەو ئەمسەر دێت، من هەر تارماییەکەی دەبینم، سەرەتا زۆر گەورە دیارە، وەك زەبەلاحێك دەردەکەوێ، کەچی هەتا لە من نزیك دەبێتەوە بچووك دەبێتەوە. وردە وردە شێوەی دەکەم، خەریکە دەیناسمەوە، ئاخری دێتە بەردەمم، دەیناسمەوە، باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم، قژ زەردە! یەکسەر پەلاماری دەستم دەدات و ماچی دەکات، ئینجا بە دەم پاڕانەوەوە دەڵێت:

(توخوا پێیان بڵێ با نەمکوژن!) سەیر دەکەم دوو شمشێر بە دەستی ریش درێژی زەبەلاح لە دوایەوەن. ددانە زەردەکانیان

ئەوەنـدەی تـر ترسـناك و دڕنـدە نیشـانیان دەدات. شمشـێرەکانیان هەڵکێشاوە، دەیانەوێت وەکو لقەدارێك لە سەرەوە تـا خـوارەوە دوو لەتی بکەن، تەماشـایەکی مـن دەکـەن، لـە چـاویاندا بـێ سـێ و دوو ئەوە دەخوێنمەوە کە چاوەڕێی ئاماژەیەکی مـنن، تـا بـەبێ ئـەوەی یەك وشەم لە دەم بێتەوە دەرەوە، هەر بەسەر لەقاندن بڵێم:

(ئا) و دوو لەتی بکەن. بەڵام بە هەستی داکۆکیکردن لـە برایـەکی خۆمەوە، هاواردەکەم:

(مـەیکوووژن، بیبەخشـن بـە مـن..) سـەرەتا هـەروا لـێم ورد دەبنەوە، ساردبوونەوەیەك لە ڕوخسارياندا دەبیـنم، لـە دڵـی خۆمـدا دەڵێم:

(تەواو، بەقسەم دەکەن.) شانازیی بە خۆمەوە دەکەم چۆن ئـەو دوو زەبەلاحە شمشێر بە دەستە کە هێندەی نووکە دەرزییەك رەحم لە دڵیاندا و مێشك لە سەریاندا نییە، ئەوەندە ملکەچی مـنن، کەچـی بە پێچەوانەی روخساری هەمیشە گرژ و مۆنیانـەوە، لـەپڕ یـەك قاقـا لێدەدەن، وەك ئەوەی کەڵەکەبەردێ بڕوخێ، دەنگ دەداتەوە و ئـەو نـاوە پـڕ دەکـات، لـە چـاوتروکانێکدا پێکـەوە سـەرو شمشـێری لێدەدەن، وەك ئەوەی دوو لقی دارێك دابێنن، هـەردوو قـۆڵی لـە بنـا دەبڕن و قۆڵە براوەکانی دەکەونە سەر عەردەکـە، وەکـو دوو ماسـی کە تازە لە ئاو دەرهێنرابن، هێشتا دەجووڵێنـەوە، وەهـا دەقیـژێنم، لە قیژەی خۆم خەبەرم دەبێتەوە.

گوێم لە دەنگ و تەقە  و رەقەی کردنەوەی دەرگاکانە، بۆ ئەوەی بمانبەن بۆ سەرئاو و دوای ئەوە نانی نیوەڕۆمان بۆ بێنن. نازانم چەند زیندانیی تری لێیە، بەڵام هەمیشە لە کۆتاییدا دەرگای ژوورەکەی من دەکەنەوە. چونکە ژوورەکەی من لە پەنادایە، پێشیان وایە من زیندانییەکی خەتەرم و نابێ ئەوانی تر بمبینن.

حەز دەکەم قژ زەرد بێت و پێی بڵێم خەوێکی ناخۆشم پێوە دیوی بۆ ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێی بکەم، کەچی نایەت. پاسەوانێکی تر دەرگاکەم بۆ دەکاتەوە، بێئەوەی یەك وشە قسەم لەگەڵ بکات، دەمبات بۆ سەر ئاو و دەمهێنێتەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە قاپێ شلەی بامێ و نانێکی کۆنم بۆ دەهێنێ و دەرگاکە دەکاتەوە  و خواردنەکە دەداتە دەستم هیچ ناڵێت. منیش بێدەنگ لووتێك لە خواردنەکە دەدەم. کاتێ بیرم دەکەوێتەوە چەند سەعاتێکم لە ژیاندا ماوە  و ئەمشەو گوللەبارانم دەکەن، دڵم دەگیرێ و ئیتر هیچم بۆ ناخورێ. کەمێك ئاو دەخۆمەوە  و هەڵدەسم و دەست دەکەم بە پیاسە.

وەکو پشکۆیەك کە لە تاریکیدا بگەشێتەوە، دیسان تروسکەی هیوا لە دڵما دەگەشێتەوە، نازانم ئەم تروسکەی هیوایە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا هەر بە ڕاستی باکم لە مردن نییە و فشەم پێی دێت؟ یان وەکو حوشترمەل بۆ ئەوەی مەترسییەکە نەبینم سەری خۆم دەکەم بەژێر لمدا و چاوی خۆم دەشارمەوە و خۆم لەو

مەرگە دەدزمەوە کە چەند سەعاتێکی ماوە یەخەم بگرێت. بەڕاستی لەم سێ و دووەی ناخی خۆمدا ناگەمە هیچ ئەنجامێك. بەڵام هەست دەکەم کاتێ بە پێوەم دڵ و دەروونم پتەو ترە و کەمتر ترس و دڵەڕاوکێ زەفەرم پێدەبات، نازانم شتێکی وا لە ناخمایە ئەگەر بە پێوە بم رەنگە بتوانم باشتر رووبەڕووی مەرگ ببمەوە و بە شانازییەوە بمرم.

دڵنیام کاتێ گوللەبارانم دەکەن بە پێوە دەبم. هەر لە خۆمەوە چەندین دیمەنی لە سێدارەدانم بە کورسی کارەبایی دێتە بەرچاو کە لە هەندێ فیلمدا دیومن. قەت نەمتوانیووە بە تەواویی سەیریان بکەم، چونکە زۆرم رق لێیەتی. چەندین جار تفم لەو دیمەنانە کردووە و لەبەرخۆمەوە جنێوم داوەو وتوومە:

(ئاخر دڕندەیی لەوە زیاتر چی؟ چۆن دەبێ کەسێك بکوژی و نەهێڵی بە دڵی خۆشی لنگەفرتێ بکات؟). دیسان قژ زەردم دێتەوە خەیاڵ، حەز دەکەم بێت و داخێك بنێم بە دڵییەوە، کەچی دیار نییە.

وەکو دزێك کاتێ سەرکەوتووانە دزییەکەی دەکات و دەگاتە کۆڵان، لەپڕ دەنگێ شتێکی دێتە گوێ، دەوەستێ و گوێ هەڵدەخات، بزانێ هەر بەڕاستی شتێکی هاتۆتە گوێ یان گوێی زرنگاوەتەوە. منیش هەڵوێستەیەك دەکەم و گوێ هەڵدەخەم، قەدەرێکی باش دەوەستم و گوێ شل دەکەم، زۆر بەلامەوە سەیرە،

هیچ دەنگێکم نایەتە گوێ، وەك ئەوەی بیناکە هەر کەسی تیا نەبێ، هیچ دەنگێکم نایەتە گوێ! هەروا لە شوێنی خۆم رەق رادەوەستم و گوێ قولاغم. ئەمجارە لە جێگایەکی زۆر دوورەوە گرمەی تۆپم دێتە گوێ، بەڵام لەناو بیناکەدا دیسان هیچ دەنگێ نییە. زۆر شتێکی سەیرە، هەرچەند دەکەم و دەکۆشم تێناگەم. دیسان دەست دەکەمەوە بە پیاسە.

هەست دەکەم وردە وردە گرمەی تۆپەکە نزیك دەبێتەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی بوەستم و گوێ هەڵخەم گوێم لە گرمەی تۆپە، پاش کەمێکیتر دەنگی دەسرێژی گوللەشم دێتە گوێ، تەواو مێشکم ئاڵۆزە، هەر چەند دەکەم نازانم لە دەرەوە چی دەگوزەرێ. ناو بیناکەش هەروا کپ و بێدەنگە، ژوورەکەی پشتەوە پەنجەرەیەکی بچووکی هەوایی تێدایە، رێك بە بنمیچەکەوە نووساوە، بیر دەکەمەوە بۆ لەوێوە سەیرێکی دەرەوە نەکەم؟ پێڵاوەکانم دادەکەنم و وەکو پشیلە خۆمی بۆ هەڵدەدەم، دەستێکم دەگاتە شیشی پەنجەرەکە، دەستەکەی تریشمی لێ گیر دەکەم و خۆمی پیا هەڵدەواسم، ئازاری هەردوو قۆڵم ژان دەخاتە دڵمەوە، ماوەیەك لەوێوە سەیر دەکەم، بەڵام دیواری تر بەرچاوم دەگرێ و دەرەوە نابینم. خۆم شۆڕ دەکەمەوە و کاتێ دەستم لە شیشەکە بەردەدەم تەقەی پێم لەسەر کاشییەکە دەنگ دەداتەوە. هەروا گرمەی تۆپ و

تەقـە نزیـك دەبێتـەوە. هـەزار و یـەك شـت لـە مێشـکی خۆمـدا لێـك دەدەمەوە. بیر دەکەمەوە لەوانەیە هێرشـی حکومـەتی بەغـدا بێـت، بەڵام بۆچی هێزی حکومەتی بەغدا هێرش بۆ ئێرە دەکات؟

خۆ بە حساب لەگەڵ ئەمان رێکەوتنی هەیە و بـە پێـی داواکـاریی ئـەمان نـەبێت نایـەت! نـاتوانم بگەمـە هـیچ ئـەنجامێك، شـتەکە زۆر ئاڵۆزە، شتێکی تـریش بەلامـەوە جێگـای پرسـیارە، هەرچـەند گـوێ هەڵدەخەم گوێم لە دەنگی دەبابە نییە!

ئـاخر حکومـەتی بەغـدا بـە بـێ تانـك چـۆن هێـرش دەکـات؟ بـە تایبەتی بۆ ئێرەش کە شارە و شاخ و داخ نییـە. دەنگـی تانـك بـاش دەناسمەوە، سەرەتا وەکـو هـەورێکی دوور گرمـەی دێ، وردە وردە گرمەکـەی نزیـك دەبێتـەوە، کـە تـەواو نزیـك بـۆوە ئـیتر وەکـو بوومەلەرزە عەردەکە دەلەرێنێتەوە و ناوك و دڵی پیاو بەردەداتەوە، دەبێ شتێك هەبێت لـە گرمـەی تانـك ترسـناکتر؟ بڕواناکـەم، راسـتە گرمەی فڕۆکە گەورەترە و موشەکەکانیشی گەورەتر و وێرانکـەرترن، بـەڵام فڕۆکـە بـۆ ماوەیـەك لـە ئاسمانـەوە زەوی کـۆنترۆڵ دەکـات، ناوسکی خۆی هەڵدەڕێژێت و مل دەشکێنێ و لێی دەدا دەڕوات.

بەڵام تانـك هـەموو شـتێ لەگـەڵ خۆیـدا رادەمـاڵێ و تـەڕ و وشـك پێکەوە دەسووتێنێ. ئەگەر فڕۆکە داڵ یان واشە بێت، بێگومان تانك فیلی حەبەشە یان قادسیەیە و هەموو شتێك لە ژێـر قاچـە زلەکانیـدا پان و پلیش دەکاتەوە. نـازانم لـە خۆشـخەیاڵیی خۆمەوەیـە یـان لـە

ترسی ئەو مەرگەی کە وەکو تەوق کراوەتە ملم، خەیاڵێك وەکو بروسکە بە مێشکمدا گوزەردەکات، (بڵێی هێزەکانی خۆمان نەبێ؟!) بە دەم پیاسەیەکی شپرزە و هەنگاوی کوێرانەوە، لەم بگرەو بەردەیەی مێشکی خۆمدام، لەپڕ دەنگێکی زۆر زلم دێتە گوێ، کە لەناو بیناکەوە بەرزدەبێتەوە، دەنگەکەی دەناسمەوە، دەنگی ئەو کوڕەیە کە یەکەمجار دەچمە ژوورەکەی و یەکتر ماچ دەکەین، هاوار دەکات:

(دەرگاکەمان لێ بکەنەوە براینە، دەرگاکە بکەنەوە، بەخوا ئەوان بێن هەموومان دەکوژن.)

من لەوەوە تێدەگەم هێزەکانی ئێمە هێرشیان کردووە. بۆ ساتێ فرمێسکی شادیی لە چاوانما قەتیس دەبێ و ئازارەکانم بیر دەچێتەوە، بەڵام یەکسەر ترسێکیش دامدەگرێ. گوێم لە تەقەی کردنەوەی دەرگاکەی ئەوانە. نیگەرانییەکەم زیاتر دەبێت، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(رەنگە ئەم سەگبابانە بەرلەوەی رابکەن، بێن و لەناو ژوورەکەدا دەسرێژێکم لێبکەن، بمکوژن و بڕۆن، قەت لەو بڕوایەدا نیم لەگەڵ خۆیان بمبەن.) دەچمە ژوورە تاریکەکە و لە پەنایەکدا هەڵدەتروشکێم، وا بڕیاردەدەم بانگیشم بکەن نەیەمە بەرچاو و خۆم گیر بکەم. ماوەیەك بەو شێوەیە دەمێنمەوە، دیسان بێدەنگیی باڵ بەسەر بیناکەدا دەکێشێتەوە. وەك ئەوەی منیان لەبیرچووبێتەوە کەس نایەت بەم ناوەدا، ناو بیناکەش هەروا کش و ماتە.

# 19
# مێردمناڵێك

لــە  بیناكــە دێمــە دەرەوە، ئاوڕێـك دەدەمــەوە  و لــە دەرگـا  و پەنجەرە و بنمیچ و دیوارەكانی ورد دەبمەوە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(لە دەرەوە چـەند ئارامـە؟ لـە ناویشـەوە چ دۆزەخێكـە!) بـەڵام ئەوەی لـە یەكـەم رۆژی جیـا دەكاتــەوە، ئەوەیـە، تـەواو بێخاوەنـە، دەرگاكانی خراونەتە سەر گـازی پشـت و كەسـی لـە دەور نییـە، نـە

پاسەوانیّ، نە چەکبەشانیّ، کەس کەسی لیّنییە. سەرجادە گشتییەکەی بەردەمیشی کە ئەمبەر و ئەوبەری ریزە دوکانە، تاڕادەیەك چۆڵە. زۆربەی دوکانەکان داخراون و تاك و تەرا نەبیّت کەس نابینی. خەڵکی شارۆچکەکە کە روون و ئاشکرایە چاوەڕوانیی هیّزیّکی نویّ و فەرمانڕەوایەکی نویّ دەکەن، خۆیان دەرناخەن و جاریّ چاوەڕیّن. خۆشم نازانم دەبیّ چی بکەم؟ یان بۆ کویّ بچم؟ هەروا بەبیّ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکم هەبیّت بەرەو سەرەوەی بیناکە دەڕۆم. هەست دەکەم شتیّك لە ناخمدا خەریکە دەکولّیّت. سەرەتا نازانم چییە؟ بەڵام وردە وردە خەریکە، لە لام روون دەبیّتەوە. دەگەمە گۆشەی سەرەوەی بیناکە، لە دوورەوە کۆمەڵیّ پیّشمەرگە دەبینم، حەوت کەسن، کە جوان دیقەتیان دەدەم پیّنجیان دەناسمەوە. هەرچەندە چەندینجار بەم شارۆچکەیەدا هاتوچۆم کردووە، تیایدا غەریب نەبووم، بەڵام کاتیّ ئەوان دەبینم وەك ئەوەی لە غوربەتدا یەکتری ببینین لە ناخەوە وەکو گوڵ دەگەشیّمەوە.

چونکە ئەو پیّشمەرگانە نەك هەر هاوڕیّی پیّشمەرگایەتیمن، هاوڕیّی گەڕەکیشمن. بەرەو روویان دەچم، ئەوانیش وەك ئەوەی منیان ناسیبیّتەوە، بەرەو رووم دیّن. فەرماندەکەیان چیا چاومار لە پیّشەوە و ئەوانیتریش بە دوایدا بەرەو لای من دیّن. چەند هەنگاویّکمان ماوە بگەینە یەك، چیا چاومار هاوار دەکات:

(دێـو بەهمـەن تـۆ و ئـەم شارۆچـکەیە، کوجـا مەرحـەبا ؟ خێـرە لێرەوە سەرهەڵدەدەی؟) تەوقە و مـاچ و مـووچ و خۆشـی و چـلۆنی دەسـتپێدەکات، کـە هەناسـەیەك دەدەیـن دیسـان چـیا چـاومار پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوە.

(دێو بەهمەن، پێت نەوتم چۆن رێت کەوتۆتـە ئێـرە ؟ خـۆ هێشـتا هێزەکەی ئەولامان نەگەیشتووە.)

(کاك چـیا چـی بێـت لـە تـۆ نهـێنی بێـت، راسـتییەکەی هاتمـەوە ناوشار و زمانیـان لێـدام، لـەم نزیکانـە گـیرام، ئاخرییەکـەی لێـرەوە سـەرم دەرهێنـا. ئینجـا ئەمـە حیکایـەتێکی دوور و درێـژە، دوایـی هەموویت بۆ باس دەکەم.)

پێش ئەوەی چیا چاومار هیچ بڵێت، مێردمناڵێك کە بە هەڵەداوان بەرەو لای ئێمە رادەکات، سەرنجی هەمووومان رادەکێشێ. دەیـەوێت هاوار بکات و قسەی بۆ ناکرێ. رەشـتاڵەیەکی باریکەلەیـە، ددانێکـی پێشەوەی کەوتووە، ئەوەندە بە خێرایی بەرەو لای ئێمـە رادەکـات، عـارەق بـە لاجانگەکانیـدا دێتـە خـوارەوە. لەبـەردەمی مـن و چـیا چاوماردا دەوەستێ، دەیەوێت قسە بکـات، بـەڵام هەرچـەند دەکـات وشەکانی بۆ نایەت.

تێدەگەین لاڵە، هـەتا وشـەیەکی لـە دەم دێتـە دەرەوە، سـیلمان پێدەکات. بە هەر دەردەسەرییەك بێـت تێمـان دەگەیـنێ، کۆمـەڵێ

چەکداری ئەوان لە ماڵێکدا خۆیان شاردۆتەوە. چیا چاومار یەکسەر دەستدەکاتە ملی و ماچی دەکات. پێی دەڵێت:

(ئەی ئافەرین، شێری خۆمە.) سەیر دەکەم مێردمناڵەکە لە خۆشیدا چاوانی بریسکە دەدا. ئینجا تێی دەگەیەنێ لە دوورەوە ماڵەکەمان نیشان بدات و بڕوات. چیا کە دەزانێ من چەکم پێنییە، سەیرێکی پێشمەرگەکان دەکات، یەکێکیان ئار. بی. جییەك و کلاشینکۆفێکی پێیە، ئار. بی. جییەکەی لێوەردەگرێ و دەیداتە دەستم، گوللەشی لە سەرە، بەلام سوار نەکراوە، بمەوێت ئیشی چەند سانیەیەکە. مێردمناڵەکە وردە وردە پێشمان دەکەوێ و بە چەند کۆلانێکدا دەمانبات، ئەوسا لە دوورەوە دەرگاکەمان نیشاندەداو لێیدەدا دەڕوات. هێشتا کۆلانەکان چۆلن و خەلك بە دەرەوە نییە. لەو چەند دەقەیەدا کە بەڕێوەین، من زیاتر ناخم دەکولێ، رق و قینی تۆڵەسەندنەوە لە ناخمدا سەر دەکات، هەموو سووکایەتییەکانی قڕ زەردم دێتەوە خەیاڵ. جگەلەوەش من هەرچەندە لە بێخەوە دەمەوێت خۆم لەم شەڕ و خوێن رشتنە بێکەڵك و بێهوودەیە بە دوور بگرم، کەچی ئەوان نەك هەر باوەڕم پێناکەن، خەریکە لەسەر ئەم هەستە بشمکوژن. بۆیە حەز دەکەم بێجگە لە قڕ زەرد چەند کەسێکی تریشیان لێبکوژم، رەنگە بەوە ئاگری ناخم دابمرکێتەوە، بۆیە بڕیاردەدەم هەر دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ دریغی نەکەم.

پـێش ئـەوەی لـە دەرگـا بـدەین چـیا چـاومار دوو پێشـمەرگە دەنێرێتـە کـۆڵانی پشـتەوەی ماڵەکـە، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر ویسـتیان لەوێوە رابکـەن ئـەوان دەسـتگیریان بکـەن. دوانـی تـریش دەنێرێتـە ئەمسـەر و ئەوسـەری کۆڵانەکـە. هـەر بـە چـاو ئاماژەیـەك بـۆ مـن دەکات، تێدەگەم، ئار. بـی. جیپەکـە سـوار دەکـەم، ئەگـەر خۆیـان نەدەن بە دەستەوە، گوللەیەك دەنێم بە ماڵەکەوە.

هــەر ئەوەنــدە بلێــی یــەك و دوو ئامــادەی دەکــەم. چــیا و پێشـمەرگەیەك لـە لایەکـەوە، مـن و پێشـمەرگەکەی تـر لـە لاکـەی تــرەوە. دەرگاکــە درزێکــی تێدایــە، تــەواو دانــەخراوە. چــیا میــل دەهێنێتەوە، دەرگاکە دەخاتە سەرپشت و خـۆی دەکـات بـە ژوورا، منیش بە دوایدا، دوو پێشمەرگەکەی تریش بە دوای ئێمەدا. کۆمەڵێ ژن لە حەوشەکەدا دانیشتوون، کە ئێمە بـەو شـێوەیە دەبیـنن، وەك ئەوەی رەوەیـەك پڵـنگ هەڵمـەتی بـۆ بـردبن، زەنـدەقیان دەچـێت، خەریکە بیکەن بە قاو و قریشك و بە ملاو بەولادا رابکەن. چیا تێیـان دەخوڕێت:

(کەس لە شـوێنی خـۆی نـەجووڵێ.) ژنـەکان لـە شـوێنی خۆیـان وشـك دەبـن. حەوشـەکە زۆر گەورەیـە، دەرفـەتی ئـار. بـی. جـی تەقاندنی تێدایە. منیش هاوار دەکەم:

(کێ لە ژوورەوەیە، هەر ئێستا دەسـت هـەڵبڕێ و بێتـە دەرەوە، هەتا ماڵەکەم بە سەرتانا خـاپوور نـەکردووە.) یەکسـەر پیرەژنێکـی

ڕەقەڵــەی باڵابــەرز بــە هەڵــەداوان لــە دەرگــای مەدخەلەکــەوە دێتەدەرەوەو هاوار دەکات:

(بیکــەن بــە خــاتری خــوا، ئــەوەتان ئــەو ســێ کەســەن، بــەخوا ئەوانیش چەند ڕۆژێکە چەکیان هەڵگرتووە.)

سێ پیاو بە دوای ئەودا دەست بەرزدەکەنــەوە و، دێنــە دەرەوە. دووانیــان بیجامــەیان لەبەردایــە، یەکێکیشــیان مراخــانی و دەرپێــی سپی، جامانەیەکی قوتی بەستۆتەوە. چیا و پێشمەرگەیەك دەچنە ژوورەوە، بــۆ ئــەوەی چــاوێك بــە نــاو ژوورەکانــدا بگێــڕن. مــن و پێشمەرگەکەی تریش هەروا مشــتمان لێگرتوونەتــەوە. پــاش کــەمێك چــیا و پێشــمەرگەکە دێنــەوە دەرەوە. چــیا یەکســەر لوولــەی تفەنگەکەی دەخاتە سەرسنگی کابرا جامانە بە سەرەکەو دەڵێت:

(هەر ئێستا پێم نەڵێی چەکەکانتان لە کوێیە، یەك سەلیت پێوە دەنێم.) پیرەژنەکە یەکسەر خۆی دەخاتــە بــەر لوولــەی تفەنگەکــە و دەڵێت:

(بۆ خاتری خوا خاوەنی حەوت سەر خێزانە، گوێ لە دایکی خۆت بگرە، هەرچی چەك و چۆڵەیەك لەمماڵەدایە، من ئەیدەمە دەستت، بەس با خوێن نەڕژێ، بیکە بە خاتری ئــەم ســەرە ســپییەم.) دەزانم چیا بە ڕەحمە و بە قسەی دەکات. ئەوەم پێناخۆشە، بەڵام بێدەنگ دەبم. چیا دەڵێت:

(باشـــە، دەیانبەخشـــم بـــەو پرچـــە ســـپییەی تـــۆ، ئـــەی کـــوا چەکەکانیان؟) پیرەژنەکە دەیەوێت دەسـتی چـیا مـاچ بکـات، بـەڵام ئەو دەست دەکێشێتەوە و ناهێڵێت. ئەوسا دەڵێت:

(بە قوربانی ئـەو ریشـەت بم، بـە قوربـانی ئـەو دایکـەش بم تـۆی خستۆتەوە، بەخوا چەند رۆژێکە بوونەتە چەکدار، چەند جارم پێوتن خـەریکی کـار و کاسپی خۆتـان بـن باشـترە، بـە قسـەیان نـەکردم، حەیایان بێت ئیتر لە قسەم دەرناچن.) ئینجا دەست بـۆ گۆشـەیەکی حەوشەکە رادەکێشێ و دەڵێت:

(ئا ئەوە چەکەکانیانە، هەمووی لەوێدایە.) ئەو شـوێنە سـەرنجی کەسمان راناکێشێ، وەك ئەوەی چەند فەردە گەنمێك بێـت و بـەتانی و سـیپاڵی پێـدا درابێـت. چـیا دوو بـەتانی لادەدا و چـەکەکان دەردەکەون. پێش هەموو شتێك کلاشینکۆفێکی بێقۆنـاغ هەڵدەگرێ و ئاماژە بۆ من دەکات، دەچمە پێشەوە لێی وەردەگـرم و دەیکەمـە شانم. پێنج کلاشینکۆف و یەك ئار.بی.جی و دەیـان مـەخزەن لـەژێر ئەو جل پۆشەدا دەردەکەون.

لــە یەکــەم دەقــەوە کــە خۆمــان دەکــەین بــە ژوورا و ژنــەکان دەشڵەژین شتێك سەرنجم رادەکێشێ، هەر سـەیری دەکـەم و لـە لای خۆمـەوە لێکـی دەدەمـەوە. یـەکێك لـە ژنـەکان روو ناکاتـە ئێمـە و بەردەوام روخساری دەشارێتەوە. هـەر چـەند سـەیری شـان و قـۆڵی دەکەم، لە هی ژنێکی ئاسایی درشتتر و رەقتر دیارە، پەنجەکانیشـی

گەورە تـرو ئەسـتوورتر لـە هـی ژن دێنـە بەرچـاوم. گومـانی تـەواوم پەیـدا کـردووە پیـاو بێـت و بـۆ خۆشـاردنەوە جلـی ژنانـەی لەبـەر کردبێت. مەراقمە خۆم ئەو رازە ئاشکرا بکەم، بۆیە چاوەڕێی هـەلێك دەبم. پێشـــمەرگەکانی تـــریش دێنـــە ژوورەوە، هـــەموو چـــەك و مەخزەنەکان هەڵدەگرین، لەوەداین بـڕۆین، چـیا چـاومار روودەکاتـە پیرەژنەکەو دەڵێت:

(پوریێ من متمانەم بە قسەی تۆ هەیە، با ئەمانـە خـەریکی کـار و کاسپی خۆیان بن، دڵنیام ئەگەر وابکەن، کەس حەقی بە سەریانەوە نییە.) رێك ئەو هەلەیە کە من دەمەوێ، بە هێواشی دەست دەخەمـە سەر شانی چیاو دەڵێم:

(هاوڕێ گیان ئەوەنـدەش خۆشـباوەڕ مەبـە، مـەرج نییـە هـەموو قسـەکانی پـیرەژن راسـت بێـت.) سـەرنجی پیرەژنەکـە دەدەم هەسـتدەکەم رەنگـی تێکدەچـێت، چـیا چـاومار کـەمێك دەوەسـتێ ئەوسا دەڵێ:

(چییە دێو بەهمەن، ئەڵێی تۆ متمانـەت پێـی نییـە، شـتێك هەیـە من نەیزانم؟) دەڵێم: (یەك دەقە لێم بوەسـتە.) ئـار. بـی. جییەکـە دەدەمە دەست یەکێك لە پێشمەرگەکان و دەڵێم:

(ئاگـات لێـی بێـت، لەسـەر پێیـە.) پێشـمەرگەکە سـەرم بـۆ دەلەقێنێ. دەچمە بەردەمی ئەو ژنەی هەر رووی خۆی دەشارێتەوە، دانیشـتووە کـەمێ بـۆی دەچـەممەوە، دەمـەوێ بـە وردی سـەرنجی

بدەم، بە ئاستەم چاو و برۆی دەبینم، وەك ئەوەی ژنێكی شەرمنی بەناز بێ لا دەكات بەو لاوە. چنگ لە لەچكەكەی گیر دەكەم و سەری رووت دەكەم. ئەوسا توند مەچەكی دەگرم و دەڵێم:

(هەڵسە كەر پیاو ئەوە خۆت كەری یان ئێمە بە كەر دەزانی؟) هەتا هێزم تێدایە یەك زلەی لێدەدەم و دەیدەمە بەر شەق. چیا و پێشمەرگەكان بەسەر سوڕمانەوە و پیرەژن و پیاو و ژنەكانیش بە ترس و لەرزەوە سەیری دیمەنەكە دەكەن. چیا دێتە پێشەوە و تفەنگەكەی كە هێشتا میلی هاتۆتەوە دەخاتە سەرسنگی و دەڵێ:

(هەر ئێستا، پێم نەڵێی كێیت و بۆچی جلی ژنت لەبەر كردووە، یەك سەلێت پێوە دەنێم.)

دەڵێم: (كاك چیا جارێ پێویست بە كوشتنی ناكات، من چاكی دەناسم، پاسەوانی ئەو شوێنەیە من لێی سجن بووم، ئەم بەیانییە خواردنی بۆ هێنام، كەمێك پێش ئێستا سمێڵی تاشیووە و ئەم جلانەی لەبەر كردووە.) نەك هەر كابرا، هەموو ژن و پیاوەكانیماڵەكەش زمانیان لاڵ دەبێ، یەك وشەیان بۆ ناوترێ. سەتڵێكی خۆڵی گەورە لە حەوشەكە دانراوە، هەر لە خۆمەوە خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێ جلەكانی كردبێتە ئەوێوە. سەتڵەكە قلپ دەكەمەوە، جلە سەربازییەكانی، پێڵاوەكانی، تەنانەت تاڵە مووەكانی سمێڵیشی دەكەونە سەحرا. چیا شانی كابرا دەگرێ و دەڵێ:

(بەتەمابووی بەو شێوەیە خۆت دەرباز بکەی؟ بڕۆ جلەکانت لەبەر بکەرەوە، با بەم جلانەوە نەتبەم و نەتکەمە گاڵتەی منداڵان، گەوجی بێکەرامەت.)

کابرا هەر لەبەرچاوی ژنەکان جلەکانی دادەکەنێ و جلە سەربازییەکانی لەبەر دەکاتەوە. ئیتر کاتی ئەوەیە بڕۆین. کابرا وەك ئەوەی مەڕ بێت و کەوتبێتە پێش گورگ، بە بێدەنگی پێشمان دەکەوێ. پێش ئەوەی چیا چاومار پێ بخاتە ناو دەرگاکەوە. پیرەژنەکە رووی تێدەکات و بە دەنگە قرخنەکەی پێی دەڵێت:

(بەو خوایە وا بەو سەرەوە لەبەر خۆفی خوا دەرگام لێکردەوە، نە دەیناسین و نە قەت چاومان بەچارەی کەوتووە، ئاخر رۆڵەگیان تۆ یەکێك بێتە پێش قاپیەکەت دەست دەنێی بە ڕوویەوە؟) چیا چاومار بە بێبایەخییەوە دەڵێت:

(تۆ ئاگات لە کوڕەکانی خۆت بێت، خەمی ئەمت نەبێت، خۆ تاوانی نەکردووە، جلی ژنانەی لەبەر کردووە، دوو پرسیاری لێدەکەین و بەرەڵای دەکەین.)

کە دێینە دەرەوە ئەوان فیشەکەکانیان دەدەنەوە و منیش گوللەی ئار. بی. جییەکە دەهێنمە دواوە. بەرەو شەقامە گشتییەکە دەکەوینەڕێ. شان بە شانی چیا دەڕۆم. دەستێك دەدا بە شانمدا و دەڵێت:

(دەستخۆش، چاکت دۆزییەوە، دەزانی تۆمان لەگەڵ نەبوویتایە لەوانەبوو دەرباز بێت؟) دەڵێم:

(سەرخۆش، بەس گرنگ ئەوەیە بە قسەم بکەی؟)

دەڵێت:

(چۆن؟ تێناگەم؟)

دەڵێم: ( لێمگەڕێ با خۆم بیکوژم و دڵم ئیسراحەت بکات.)

دەڵێت: (نابێ، کاکە گیان شتی وا چۆن دەبێ؟ ئێمە تەسلیمی فەرماندەی باڵای دەکەین.) دەڵێم:

(هیچ. ئەویش وەکو دابەستە قەڵەوی دەکات و دوای ماوەیەك بەریدەدات.) هیچ وەڵامێکم ناداتەوە. دەزانم ئەگەر پشتمی پیشان بدەم رەنگە قایل بێت خۆم بیکوژم، بەڵام نامەوێ باسی ئەوە بکەم. کاتێ لە شەقامە گشتییەکە نزیك دەکەوینەوە تووشی سەرسورمان دەبم. پێشمەرگە و خەڵك ئاپۆرەیەکی وەهایان دروست کردووە، دەرزی هەڵبدەی ناکەوێتە سەر زەوی. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(ئەمە کەی کۆبوونەوە؟ خۆ ئێستا کە من لە زیندانەکە هاتمە دەرەوە چوار کەسی لێنەبوو؟)

دەگەینە ناو قەرەباڵغییەکە و لەبەردەمی بینای زیندانەکەدا دەوەستین. ئێمەش وەکو ئەوان چاوەڕوانی گەیشتنی فەرماندەی

باڵا دەکەین. چیا بە پێشمەرگەیەکدا کابرا دەنێرێتە ژوورەوە و پێی دەڵێت:

( بیکەرە ژوورێکەوە و دەرگای لەسەر داخە، خۆشت لەبەر دەرگاکە بوەستە و چاوی لێخافڵ نەکەی، کە فەرماندەی باڵا گەیشت دەنێرم بە شوێنتا و تەسلیمی ئەوانی دەکەین.)

نازانم بۆچی لەم کاتەدا ئەو قسانەم بیردەکەوێتە کە سەبارەت بە دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت، ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا خوێندوومنەتەوە. هەر کە دەوڵەت دامەزرا لەگەڵیدا دامودەزگاکانی دەوڵەتیش دامەزران. یەکێك لەو دامودەزگایانەش بەندیخانەیە، بۆ ئەوەی دەوڵەت نەیارانی خۆی و تاوانبارانی تێدا زیندانی بکات، دەوڵەت یان دەسەڵات بە دەست چ لایەنێکەوە بێت، بەندیخانەش هی ئەو لایەنەیە. جاریوایە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەسەڵات دەستا و دەستی پێدەکرێ. دەشێ یەك سەعات بەس بێت بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە، هەر چەند بیری لێدەکەمەوە زیاتر تووشی سەرسوڕمان دەبم، ئاخر چۆن ئەو هەموو دامودەزگایەی دەوڵەت لە ماوەی سەعاتێکدا، بە تایبەتی لە کاتی کودەتا سەربازییەکاندا دەستاودەستی پێدەکرێ؟ ئەوەتا ئەم کابرایە سەعاتێ پێش ئێستا وەردیان بوو کەچی ئێستا بووە زیندانی!! ئەی دوای ئەوە چی بەسەر دێ؟

# 20

# تفەنگێك

نازانم ماوەی چەند لە ژوورە تاریکەکە دادەنیشم، هەست دەکـەم هەردوو قاچم سڕ بووە، کـە هەڵدەسمـە سـەرپێ ناچـار دەسـت بـە دیوارەکـەوە دەگـرم. وردە وردە دەکەومـە پیاسـە. بـیر دەکەمـەوە ئەگـەر بـەو شـێوەیە لـەو ژوورە تاریکـەدا بمێنمـەوە، چۆن دەربـاز دەبم؟ لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەگەر کەسێك بـە بـەردەمی ژوورەکەشـدا

بڕوات، نامبینێ و هەروا لێرەدا دەمێنمەوە. دەچمە ژوورەکەی پێشەوە و لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی ئەملا لا دەکەم، هیچ شتێك بەدیناکەم.

ماوەیەکی باش گوێ هەڵدەخەم، گوێم لە هیچ نابێ. هیچ هەوڵێك بۆ کردنەوەی دەرگاکە نادەم، چونکە دەزانم لە دیوی دەرەوە بە سێ سورگی و سێ قوفڵ داخراوە، بۆیە هەر هەوڵێك بدەم بێسوود دەبێت. بیر دەکەمەوە ئەگەر پێشمەرگە بێن تاقەتی ئەوەیان نییە بە شیش قوفڵەکان بشکێنن، هەر بە گوللە قوفڵەکان دەشکێنن و دەرگاکەم لێدەکەنەوە. ئەوسا چ زرم و کوت و تەپ و تۆزێك دروست دەبێت، لەوانەیە قوفڵەکان بکەنە نیشانەی دەستڕاستیی و گرەو لەسەر شکاندنیان بکەن.

لە دیوارە بلۆکەکەی بەرامبەر پەنجەرەکە ورد دەبمەوە، هەر لە خۆمەوە هیوایەك پەیدا دەکەم، دێتەوە بەرچاوم، نیوەڕۆ بە خێرایی سەیری لای راستی ژوورەکەم کرد. دەرگایەکی تێدایە دەچێتەوە سەر حەوشەی پشتەوەی بیناکە. بیر دەکەمەوە، ئەگەر پێشمەرگە یان هەر کەسێکی دیکە بێتە ناو بیناکەوە، ئەگەر لە دەرگای پێشەوە بێت، هەروا سەرپێیش بێت، سەیرێکی حەوشەی پشتەوە دەکات، لەو حاڵەتەشدا دەبێت بە بەر ئەم پەنجەرەیەدا رەتبێت، ئەگەر لە حەوشەی پشتیشەوە بێت ئاسایی بە بەردەمی ئەم ژوورەدا رەتدەبێت، کەواتە هەر دەبێت چاوەڕێ بکەم.

شتێکم بیردەکەوێتەوە، لە ساڵانی پێشمەرگایەتیدا، لە خولێکی سەربازیدا فێری بووم. کاتێ دەچیت بۆسە دەنێیتەوە، ئەگەر بە چاو دوژمنت نەبینی چی دەکەی؟ ئەوسا گوێ دەنێی بە عەردەکەوە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر جموجوڵی دوژمن لەو ناوە هەبێت، شتێك دەبیستی و هەستی پێدەکەیت. دیسان هەست رادەگرمەوە هیچ دەنگێ نییە. لەسەرلا رادەکشێم و گوێ دەنێم بە کاشییەکەوە، ماوەیەکی باش هەست رادەگرم، ناوە ناوە گرمەی سەیارە دێت، بەڵام دوورە، وەك ئەوەی بە جادەی بەردەمی بیناکەدا رەتبێت. لەپڕ شتێکم دێتە گوێ، وەك ئەوەی تەپەی پێی کەسێك بێت.

هەڵدەسمە سەرپێ، هەتا دێت دەنگەکەی نزیك دەبێتەوە، دیارە لەناو بیناکەوە دێت، بەوەدا دەزانم یان پاسەوانە و لەناو بیناکەدا ماوەتەوە یان کەسێکە لە دەرگای پێشەوە هاتۆتە ژوورەوە. دەچمە کەنارەوە و چاو لە شوێنی سەرچاوەی دەنگەکە دەبڕم. تا پێش ئەوەی بگاتە بەردەمی پەنجەرەکە، ببینم، ئەگەر پاسەوان بێت، ئەوا بێدەنگ دەچمەوە ژوورە تاریکەکە، ئەگەر کەسێکی تریش بێت، داوای لێدەکەم قوفڵەکان بشکێنێ و دەرگاکەم لێبکاتەوە. وەك ئەوەی پیر بێت یان باری قورس بێت، کەمێك پێی بەسەر عەردەکەدا دەخشێنێت.

جوان جوان دەیبینم، شڕەخۆرە، پیاوێکی لووت قولاپی، تەمەنی سی بۆ سی و پێنج ساڵ دەبێت، چوار پێنج تفەنگی کردۆتە هەردوو شانی و دەیەوێت لە بەردەمی ژوورەکەی منەوە بڕوات و لە

حەوشـــەی پشـــتەوە دەرچـــێت. قســـە ناکـــەم هـــەتا دەگاتـــە بـــەر پەنجەرەکەم، چەند هەنگاوێك لێمەوە دوورە کە دەڵێم:

(کاکـە ئـەو دەرگایـەم لێبکـەرەوە.) وەك ئـەوەی لوغمێـك لەبـەر پێیدا تەقیبێتەوە، هەڵدەبەزێتەوە و رادەکـات، لـەو سـڵەمینەوەیەدا تفـەنگێك لـە شـانی دەکەوێتـە خـوارەوە، بـەڵام وەهـا دەقوچـێنیّ تەنانەت ئاوڕیش ناداتەوە. هەرچەند هاواری لێدەکـەم، ناگەڕێتـەوە. هەر چەند دەکەم نازانم ئەو پیاوە بۆچی وەها لە دەنگی من دەتۆقیّ و هەڵدێت. چارم نییە، دەبیّ دیسان چاوەڕیّ بکەم.

سەیرێکی تفەنگەکـە دەکـەم، کلاشـینکۆفێکی چـینی قۆناغـدارە، سەیرێکی ئەولاتریش دەکەم، یەك دوو بلۆکی ساغ و هەندیّ پارچە و چـەند پارچـە شیشـێکی سـەقف لەوێـدا کۆکراونەتـەوە. لـە خـەیاڵی خۆمدا هەموو وەسیلە و کەرەسەکانی هاتنە دەرەوە ئامادە دەکەم. تفەنگەکە دەبەخشم بەو کەسەی دەرگاکەم لێدەکاتەوە. ئەوە شیش و ئـەویش بلـۆك. هەرکەسـیّ هـات پێـی دەڵـێم یـەکیّ لـە پارچـە شیشەکان بخاتە ناو ئەڵقەی قوفڵەکان و بـە بلـۆك تونـد پیاکێشـێت، ئاسایی ئەڵقەکان دەترازین، بە زرمەیـەك نـا، بـە دووان، لـە خـەیاڵی خۆمدا کارەکە وەك ئاوخواردنەوە ئاسان دەکـەم، لـە بێخـەوە ئـەوە لەبیری خۆم دەبەمەوە کـە دەرگاکـە سـیّ دانـە قـوفڵی پێوەیـە. بـە رێکی نازانم کەی بووە، بەڵام دێتەوە خەیاڵم بەو شێوەیە قـوفڵی لـە مانە گەورەترم شکاندووە...

دیسان بێدەنگیی باڵ بەسەر بیناکەدا دەکێشێتەوە، لە بێتاقـەتی و بێکارییدا دەست دەکەم بە پیاسە. ئەوەندە پیاسە دەکەم، قاچـم

شل دەبێت، دەمەوێت دانیشم دەنگێکی ترم دێتە گویٚ، وەك ئەوەی کەسێك لەبەرخۆیەوە گۆرانی بڵێت و بەرەو ناو بیناکە بێت.

ئەمجارە دەنگەکە لە حەوشەی پشتەوە دێت. دێمە ئەملاوە بۆ ئەوەی بیبینم، خەمی پاسەوان و شتم نییە، دەزانم رایانکردووە. وردە وردە دەنگی پێی نزیك دەبێتەوە، گۆرانییەك دەڵێت خۆشی نازانیٚ چییە. لەوە دەچێت هەر بۆ رەواندنەوەی ترسی خۆی ئەو ورتە ورتە بکات، چونکە دێتە ناو بینایەکی گەورەو چۆڵ و هۆڵەوە. دەیبینم، مێردمناڵێکی پانزە شانزە ساڵانە، دەبێت ئەمجارە نەرمتر قسە بکەم بۆ ئەوەی ئەمیش نەسڵەمێتەوە و رانەکات، بەڵکو هەرچۆنیٚ بێت دەرگاکەم لێبکاتەوە. هەرچەند لێی ورد دەبمەوە بایی ئەوە جورمی نییە بتوانێت سیٚ قوفلٚ بشکێنێت، بەلام هەر دڵیشم پێی خۆشە. وردە وردە دێتە پێشەوە، دادەنەوێتەوە و دەستدەداتە تفەنگەکە، بە ئارامی دەڵێم:

(کاکە ئەم دەرگایەم لێبکەرەوە، من سجنم.) یەکسەر تفەنگەکە فڕێدەدا و هەتا هێزی تێدایە دەقوچێنێت، تەنانەت ئاوڕیش ناداتەوە بزانیٚ من بەشەرم یان دێو و درنج وا لێم دەتۆقیٚ! هەرچەندە هاواری لێدەکەم و لێی دەپاڕێمەوە، چاوم بە چارەی ناکەوێتەوە. لەسەر بەتانییە بۆرەکە دادەنیشم و پالٚ دەدەمەوە بە دیوارەکەوە، دیسان جگەلە چاوەڕوانیی هیچ چارەیەکی ترم نییە. هەر لەخۆمەوە کەتنەکە و بەسەرهاتی سورگی و دەرگای ژووری میوانی خانووە کۆنەکەمانم بیردەکەوێتەوە.

(( باوکم، ئێستا نا کە پیر بووە و تاقەتی هیچی نەماوە، کە هێشتا کاملە، هەر لە خۆیەوە تووڕە دەبێ، وەکو شێر هەڵدەچێ، لەو کاتانەدا هەرچییەکی بە دەستەوە بێت فڕێی دەدا، ئیتر قۆری بێت، قاپە چێشت بێت، سوراحییە ئاو بێت، تەنانەت رادیۆکەش بە داگیرساوی هەڵدەدا، بەوەش دەهری دەبێت کە رادیۆکە هەڵدەدا و لە گۆرانی وتنی خۆی ناکەوێت. شەوێك کە رادیۆکە هەڵدەدا، بەوەوە ناوەستێ و خێرا هەڵدەسێ و بە پێ لەقە دایدەگرێتەوە، هەتا بە تەواوی نەیشکێنێ و بێدەنگی نەکات، دەستی لێهەڵناگرێت. لەبەرخۆشییەوە هەر دەڵێت:

"کەرانباوگاوە دەڵێی بەڕوو لە دەمیدا تەقیوەتەوە، هەر لە گوو خواردنی خۆی ناکەوێ."بە هیچ شێت نابێ بەوە نەبێت کاتێ چامان بۆ تێدەکات، لوولەی قۆرییەکە چای لێوە نایەت، یەکسەر قۆرییەکەی دادەنێ و بە دەرنەفیز تێی دەکەوێ، هەتا شەبەکەی ناو لوولەکەی هەڵنەدڕێ وازی لێناهێنێ. خوویەکی لەوە خراپتریشی هەیە، هەمیشە لە کاتی نانخواردندا لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات و لێمان دەدا.

ئاسایی لە هەیوانەکەدا سفرە رادەخەین و نان دەخۆین، دەرگای ژووری میوانەکەش راست دەکەوێتە پشتمانەوە. دەرگاکە وەکو بەلەمی رزگاریی وایە لە هەر کەسێ تووڕە دەبێت، ئەگەر گورج و گۆڵ بێت، بەرلەوەی دەستی بیگاتێ خۆی دەکات بە ژووردا و خڕ دەرگا لەسەر خۆی دادەخات. ئەگەر مەبەستی نەبێت، فەرامۆشی

دەكات و لە شوێنی خۆی هەڵناسیٚ، بەڵام ئەگەر مەبەستی بێت، بە هەڕەشە و گوڕەشە یان بە قسەی خۆش دەرگاكەی هەر پێدەكاتەوە و حەسیر مەیدانێكی هەر پێدەكات.

ئای لەو ڕۆژەی بەسەر مندا دەتەقێتەوە و خۆم دەكەم بە ژووردا! بە پێچەوانەی ئێستاوە حەزم دەكەم سوورگییە بچووكەكە ببێت بە پۆڵاو هەتا ڕۆژی قیامەت دەرگاكە نەكرێتەوە. پانزە شانزە ساڵانم، سمێلم بۆر كردووە، هەر بەڕاستی شەیدای لەش و لاری ژنم، بەو ئاواتەوەم بەشێكی لەشیشی بێت هەر ببینم. ئیتر پیرەژنیش بێت بەلامەوە گرنگ نییە.

ئێوارەیەك لای كانی ژنانەوە دەڕۆم، كە تەقریبەن ئیتر فەرامۆش كراوە، لەبەرئەوەی ئاوی بەلوعە زۆرە، زۆر كەم ژنان بۆی دەچن، بەڵام دیوارە بلۆكەكەی هەر ماوە، ئەو تووەش كە سێبەری بۆ دەكات هەر سەوز و گەشاوەیە. هەر لە خۆمەوە ئەوەم بە خەیاڵدا دێت لەسەر دیوارەكەوە سەرێك بكێشم، بەبێ ئەوەی هیچ هیوایەكم هەبیٚ ژنی لێیە یان نا، خۆزگە ملم دەشكا و ئەو سەرەم نەدەكێشا.

بڕوا ناكەم سەر كێشانەكەم یەك دەقەی پێچوو بێت، بەڵام دوو وێنە لە زەینمدا تۆمار دەبێت، كە هەرگیزا و هەرگیز ناسڕێتەوە. كە بەو خێراییە تەماشایەك دەكەم دوو ژنی لێیە. یەكەمیان دەم بە هاوارترین ژنی گەڕەك، بێوەژنێكی تەڕ پیر، ئەم رووی لە منە دەستنوێژ هەڵدەگرێت. ئەوی تریشیان ژنێكە پشتی لە منە، دەرپێكەی داكەندووە، هەتا پشتی هەڵداوەتەوە، سمت و كەفەڵی

گۆشتن و وەکو بەفری کوێستان سپی و سۆڵ، هەتا ئێستاش نازانم خاوەنی ئەو سمت و کەفەڵە کێیە؟ بەڵام هەتا ئێستاو هەتا مردنیش دیمەنی ئەو ناسکی و جوانییە لەزەینمدا ماوەو دەمێنێ. دەزانم ژنە دەم بە هاوارەکە قوڕم بۆ دەگرێتەوە و بە لێدانم دەدات، بەڵام تازە تیر لە کەوان دەرچووە، دەبێت چی بکەم. ئاسایی مەسەلەکە بە دایکم دەڵێت، دایکیشم دیتە ئەم ساڵانە زۆری ئازار دەدەم، ئیتر هیچم بۆ ناپۆشێت و ورد ورد بۆ باوکمی دەگێڕێتەوە. مەحاڵە ئەمەم بۆ بپۆشێت، چونکە وەکو خۆیان دەڵێن پەیوەندیی بە بێناموسییەوە هەیە. دەزانم باوکیشم لەسەر سفرەکە ئامبازم دەبێت. تەنیا ڕێگەش ئەوەیە بەرلەوەی دەستی بمگاتێ فریای خۆم بکەوم و خۆم بکەم بە ژوورا و بە هیچ شێوەیەك دەرگاکە نەکەمەوە.

باوکم هەندێ جار تەمسیل دەکات و خۆی ئارام نیشان دەدات، بۆ ئەوەی فریومان بدات و دەستی بمانگاتێ. ئەم ئێوارەیە ئارامە، بەڵام لە روخساری دایکمدا ئەوە دەخوێنمەوە کە کەتنەکەمی بۆ باسکردووە. باوکم قەت پێشان بابەتەکە ناکاتەوە، دەستێك دەوەشێنێ و دەتەقێتەوە، ئینجا دەکەوێتە قسە. کاتێ خۆم لار دەکەمەوە و دەست درێژ دەکەم بۆ نانێك، هەتاهێزی تێدایە یەك زللەم تێدەسرەوێنێ و وەکو هەوری بەهار دەگرمێنێ. بەرلەوەی ئامبازم بێت و بمخاتە ژێر پێ لەقە فریای خۆم دەکەوم و خۆم دەکەم بە ژووردا و خڕ دەرگاکە لەسەر خۆم دادەخەم.

هەڵدەسێ و شان دەنێ بە دەرگاکەوە، هاواری دەگاتە ئاسمان. هێندەی نەماوە دەرگاکە بە چوارچێوەکەیەوە دەربێنێ، منیش لە

ترسا بێهوودە شانی پێوە دەنێم، هەوڵدەدەم نەیەڵم دەستی بمگاتێ. ئای چەند حەز دەکەم دەرگاکە ببێتە شورای چین و تۆپیش زەفەری پێنەبات. حەز دەکەم سوورگییە بچووکەکە ببێتە ئاسنێکی ئەستوور و بە دەبابەش خوار نەبێتەوە و نەکرێتەوە. بەڵام ئەمەی من حەزە لە بەرامبەر هەڵمەتی فیل ئاسای باوکمدا چی پێدەکرێ؟ نازانم ئەم بەربەرەکانێیەی من و باوکم چەند دەخایەنێ؟ ئاخری بە قایمی لە دەرگای حەوشە دەدرێ و لەو حەسیر مەیدانە رزگارم دەبێت، خاڵمە، هاتووە بە شوێن باوکمدا بچن بۆ مزگەوت، کەسێك مردووە.

دوای ئەوە سوورگییەکی بۆ دروست دەکەم ئیتر بە تۆپیش ناکرێتەوە. دیوارەکە گڵە، بۆرییەکی ئاوی سی سانتیمی تێدەکوتم، پارچە شیشێکی کۆنکرێتیشی بۆ دەکەم بە سوورگی، ئیدی کاتێ دەیکەیتەوە یان دایدەخەی هاڕەیەکی لێوە دێت، ئەوەی دەرەوە وادەزانێ میلی تفەنگی لێدەهێنیتەوە. ))

دەنگی کۆمەڵێ کەسم دێتە گوێ کە لە دەرگای پشتەوە بەرەو لای ژوورەکەی من دێن، دیقەتیان دەدەم پێنج گەنجی شانزە حەڤدە ساڵانن. زیتەڵەیی و بزێوی لە ڕوخساری هەر هەموویاندا دەخوێنمەوە، بەڵام لە سیمای رەشتاڵەکەیاندا زیاتر، کە لە پێشیانەوە دەڕوات و لەوان باوی خۆشترە. تفەنگەکە هەڵدەگرێ و دەڵێ:

(دەسکەوت! بەڕاستی دەمێکە حەزم لە تفەنگێکە.) یەکسەر دەڵێم:

(دەگ پیرۆزت بێت، بۆ تۆ نەبێ بۆ کێ؟). بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکم دەکەن. دەڵێم:

(بۆ سەرتان سوڕماوە؟ نابینن منیان بە سجنی بەجیهێشتووە؟ ئادەی ئازابن و ئەو قوفڵانە بشکێنن بابێمە دەرەوە.) ڕەشتاڵەکە دەڵێ:

(ئای بەسەرچاو، کەمێك سەبرمان لێبکە.) تفەنگەکە دادەنێ و پارچە شیشێك دەهێنێت دەیخاتە ناو ئەڵقەی قوفڵی یەکەمەوە. خۆی و یەکێکی تر هەر یەکەیان دەست دەدەنە بلۆکی ساغ و زرمە لە قوفڵەکە هەڵدەسێنن. نزیکەی چارەکە سەعاتێ گوێم لە زرم و کوت و پێکەنین و هات و هاواری گەنجەکان دەبێت، بەو شێوەیە زۆر بە ئاسانی و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەر سێ قوفڵەکە دەشکێنن. کە دێمە دەرەوە لە خۆشیدا فرمێسك و پێکەنینم تێکەڵ دەبێت. ئەوان کە بەو شێوەیە دەمبینن، دێتە کەم ئەزموونن و تازە هەستیان بە هێزی بازوویان کردووە و خۆیان بە بەهێز دەبینن، لە ڕوخسارییاندا ئەوە دەخوێنمەوە کە گاڵتەیان پێم دێت. تەمەنی هیچیان بایی ئەوە ئەزموونی نییە لەوە تێبگات، کاتێ مرۆڤ دەرگای زیندانی لێدەکرێتەوە، هەم هەست بە خۆشی دەکات، هەم گریانی بۆ حاڵی خۆی دێت. بەبێ ئەوەی گوێ بەو نیگا گاڵتەئامێزەیان بدەم، یەك یەك هەر پێنجیان ماچ دەکەم و وەك ئەوەی کارێکی بەپەلەم هەبێت، بە قادرمەکاندا سەردەکەوم.

## 21
# دیل

ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ دەبین، فەرماندەی بالاّ هەر دەرناکەوێ. من بیر لە قژ زەرد دەکەمەوە. ئێستاش ئەو مەتەڵەم بۆ هەڵنایە، بۆچی ئەو دەمڕووتی گەوجە، بەبێ ئەوەی من بناسێ، بەو شێوەیە رقم لێهەڵدەگرێ و سووکایەتیم پێدەکات. ئای چەند حەز دەکەم راینەکردایە. ئەگەر ئێستا لەبەردەستمدا بێت! وەکو ئەو قسە

قـۆڕەی دەڵـێ (باشـترین تۆڵـە لێبووردنـە)، لێـی دەگـەڕێم بـڕوات! نەخێر، دەیبەمە پەنایەکەوە و بە دەستی خۆم دەیکوژم، بەمە ئـیتر دڵـم تـەخت دەبێـت. بـەڵام تـازە ئەمـە روونـادات، خـۆی شـەڕ لـە شەڕگەدا خۆشە، لەوانەیە بابەتەکە کۆن بێت، لەبیری بکەم یان ئـەم رقەی ئێستام دابمرکێتەوە و هیچ حەزێکم نەبێت، بۆ تۆڵەکردنـەوە و کوشتنی. ئێستا هیچ ئومێدێکم بەوە نییـە قـژ زەرد بێتـە بەردەسـتم یـان هـەر هـیچ نـەبێت تەرمەکـەی بـە کـوژراوی ببیـنم. مـن لـەم خەیاڵاتەدام، چیا چاومار بە هێواشـی دەسـتێك لـە شـانم دەدات و دەڵێت:

(سەیری ئەوێ بکە.) مەبەستی لـە لای سـەرەوەی شـەقامەکەیە. هەست دەکەم چیا چاومار ناو دڵم دەخوێنێتەوە. دەزانێ ئەو دیمەنە چەند دڵخۆشم دەکات. دە پانزە کەسیان لە هێزەکانی ئەوان بە دیل گرتووە، وەکو مەڕ پێشیان داون و بە شـەقامەکەدا بـەرەو لای ئێمـە دەیانهێنن. بە جلوبەرگە سەربازییەکانیاندا دیارە. لە ناخـەوە وەکـو گوڵ دەگەشێمەوە. ئای چەند خۆشە ئەگەر قژ زەردیان لەگـەڵ بێـت و بە دەستی خـۆم لـە لـەوەڕی بخـەم! زۆر زۆر تامـەزرۆم بـزانم ئـەو دیلانە کێن و قژ زەردیان لەگەڵە؟ بەڵام پێشم شەرمە بڕۆمە پێشەوە و تەئکیـد لـەوە بکەمـەوە، بۆیـە لەگـەڵ چـیا و ئـەوانی تـردا هـەروا دەوەستم و چاوەڕێی گەیشتنی فەرماندەی باڵا و ئەو دیلانەم.

ئەمبـەر و ئەوبـەری شـەقامەکە پـڕە لـە خـەڵك، بـە ئاسـتەم باریکەڕێیـەکیان بـۆ هاتوچـۆی ئـەو تاکـە تاکـە ئوتومبیلانـە

هێشتۆتەوە، کە بە هێواشی تێدەپەڕن. دیلەکانیش بەو باریکەڕێیەدا بەرەو لای ئێمە دەهێنن، خەڵکەکە وەکو ئەوەی سەیری حەیوانە کێوی بکەن، لێیان ورد دەبنەوە. دیارە ئەوەی بۆتە بەڵای سەریان، جلوبەرگە سەربازییەکانیانە، دەنا دەیانتوانی چەکەکانیان فڕێ بدەن و زۆر بە ئاسانی لەناو خەڵکدا خۆیان ون بکەن.

لەم کاتەدا ناسکەدا کە من دڵم لە مشتمایە بۆ ئەوەی بزانم قژ زەردیان لەگەڵدایە یان نا؟ چیا چاومار پرسیاری شێوازی گرتنەکەمم لێدەکات. هەرچەندە دەمەوێ خۆم لەم بابەتە بدزمەوە و دوای بخەم، چیا لێم دەئاڵێ و لێم نابێتەوە، ئاخر لەم قەرەباڵغییەدا چۆن دەکرێ ئەو بەسەرهاتە بگێڕمەوە؟ بۆیە بڕیاردەدەم وردە وردە بەسەرهاتەکەی بە کلك و گوێ کراوی بە گوێیدا بچرپێنم، ئیتر هەروا شاش و شەش تەقەڵ، وەکو کەسێك نوێژ بکات و یەکێکی دیکە لەبەر دەرگا چاوەڕێی بکات، تا بچن بەلای کارێکی خێرەوە، دیارە کابرا بە خێرایی نوێژەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە. منیش هەندێ شتی بۆ باس دەکەم و لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە. بەڵام چیا چاومار بەو مەرجە دەستبەردارم دەبێت کە دوایی هەموو شتێکی لە نووکەوە بۆ بگێڕمەوە، منیش بەڵێنی ئەوەی پێدەدەم.

کاتێ دووبارە چاو لە دیلەکان دەبڕمەوەو لێیان ورد دەبمەوە، وەختە شاگەشکەبم و هاوار بکەم. قژ زەردیان لەگەڵە! وەکو مەڕێکی رەش کە لەناو کۆمەڵێ حەیوانی سپیدا بێت جوان جوان

دیـاره، قژەزەردەكـەی لـە دوورەوە هـاوار دەكـات. دەڵـێن هـەموو ڕێگاكـان دەچـنەوە بانـە. هـەموو دیـل و دەسـگیركراوێكیش دەبێـت بهێنرێنە ئەو بینایەی من لێی سجن بووم، لـەوەش خۆشـتر ئەوەیـە، دەبێت بە بەردەمی ئێمەدا بێن و بكرێنە ژوورەوە. بۆیە پێویستی بە جووڵـە و خـۆ سـەغڵەت كـردن نییـە، خـۆی بـە پێـی خـۆی دێتـە بەردەستم.

تەنیا چەند دەقەیەك چاوەڕوانیی پێویستە. من هەر چاوم لەسەر ئەوە، وەكو دارگوڵەبەڕۆژەیەكی سەرقورس، سەری شـۆڕ كردۆتـەوە و ملی حیز كردووە، بە هـیچ شـێوەیەك سـەر هـەڵنابڕێت، هـەروا بـە شوێنی ئەوەی پێش خۆیدا هەنگاو هەڵدەگرێ. چەند كەسـێكیان لـە من تێدەپەڕن، ئەویش بەرلەوەی بگاتە ئاساتی من، وەكو گـورگ بـە لاچـاو سـەیرێكم دەكـات و خێـرا نیگـای دەگوێزێتـەوە، وادەزانـێ ئەوەندە گێل و زەین كوێرم نایناسمـەوە، یـان فەرامۆشـی دەكـەم و دەستبەرداری دەبم، بە ترسـەوە هـەنگاو هەڵدەگرێ، هـەتا دەگاتـە بەردەمم، وەك خاوەن ماڵێـك كـە خـۆی لـە دز مـەڵاس دابـێ و لـەپڕ پەلاماری بدات، پەلاماری مەچەكی دەدەم توند دەیگرم. دەڵێم:

(بۆ كوێ سەگی سەگباب؟ دوای ئەو هەموو سـووكایەتیی و ئـازار و ئەشكەنجەیەی من بەتەمای هەروا بێعارەق بۆی دەرچیت؟) پـێش ئەوەی بیەڵێ یەك وشەی لە دەم بێتـە دەرەوە، هـەتا هێـزم تێدایـە، یەك بۆكس دەسرەوێنمە لووتە بەرانییەكەی، خوێن فیچقە دەكـات و

دەم و لووتی پڕدەبێت لە خوێن. دەڵێی سەگە و دەمی لە کەلاك ژەنیوە. دەترسم ئەو خوێنە شەفاعەتی بۆ بکات و چیا و پێشمەرگەکانی تر لۆمەم بکەن، لەسەر ئەوەی لەبەرچاوی خەڵك لە دیلێك دەدەم.

کەچی دوای من، چیا چاومار هەتا هێزی تێدایە یەك قۆناغە تفەنگ دەسرەوێنێتە گازەرای پشتی، ئەوانی تریش دێنە وێزەی، بە شەق و بۆکس و قۆناغە تفەنگ وەکو تەرزە دایدەگرنەوە، تەختی دەکەن، لەسەر عەردەکەش هەر هاواری دەکات و شەق دەخوات. هەر چۆنێك بێت بە سەروچاوی شکاو و خوێناوییەوە، هەڵدەسێتەوە و لەگەڵ ئەوانیتردا دەکەوێتەوە ڕێ بۆ بینای سجنەکەی من. لەم کاتەدا هەستێکی سەیرم هەیە، هەم پێم خۆشە کە بەو دەردەی دەبەن و بەو شێوەیە تێی هەڵدەدەن، هەم پێم ناخۆشە، چونکە نایەڵن بە دڵی خۆم تێی هەڵدەم و تۆڵەی سووکایەتییەکانی لێ بکەمەوە.

بۆ نەگبەتی دوا کەس کە دەگاتە بەردەمم ناسیاوە، پێشان پێشمەرگەی خۆمان بووە، هەمووی چەند مانگێکە لای ئێمە وازیهێناوە و چووەتە لای ئەوان. بۆیە کاتێ دەگاتە بەردەمم وەك ئەوەی فریادڕەسی دیبێت، دەگەشێتەوە، دەست دەهێنێ و تەوقەم لەگەڵ دەکات. ئەگەرچی بەنیاز نیم هیچی بۆ بکەم، بەڵام کەمێك بەزەییم پێیدا دێتەوە. هێشتا دەستی لەناو دەستمدایە، لە

دەموچـاوە ڕەقەڵەکـەی و چـاوە بـە قوڵاچـووەکانی و لووتـە درێـژە خوارەکەی ورد دەبمەوە، کە دەڵێـی هـی مردوویـەکن شـەو و ڕۆژێـك بێت مردبێ. لەپڕ یەك نووکە قەمە دەکەن بەلای گوێچکەیدا و خوێن فیچقە دەکات و منیش خوێناوی دەکـات. ئـەویش دادەگرنـەوە و بـە قۆناغە تفەنگ و شەق و بۆکس تەختی دەکـەن. هەرچـۆنێك بێـت بـە لاشەی خوێناوییەوە هەڵدەسـێتەوە و دەکەوێتـەوەڕێ، ئـەو دەقەیـە وەکو گایەکی دابەستە دێتە بەرچاوم کە چەقۆیەکیان هێنـا بێـت بـە ملیـدا و قورتمیـان هەڵنەهێنابێتـەوە، لـەپڕ هەڵسـابێتەوە سـەرپێ و بەلەسە بووبێت. پێشمەرگەیەکی گـەرمیانی کـە بـەرەو ژوورەوەیـان دەبات، پێم دەڵێت:

(ببوورە مامۆستا، تۆش خوێناوی بووی.) تێناگەم بۆچی ئەمـەی دواییان وا دادەگرنـەوە؟ ئایـا وا دەزانـن ئـەمیش ئەشـکەنجەی مـنی داوە و سووکایەتیی پێکردووم، یان ڕقیان لە جلوبەرگەکەیەتی؟

پاش ماوەیەك دەچمە ژوورەوە، بۆ ئەوەی داوای قـژ زەرد بکـەم بیـــدەن بـــە خـــۆم بیکـــوژم. چـــەند پێشـــمەرگەیەکی گـــەرمیانی لەبـەردەرگای ئـەو ژوورەدا وەسـتاون کـە هـەموو دیلـەکانی تیایـە، نایـەڵن کـەس لێیـان نزیـك بێتـەوە. کەسـیان ناناسـم بۆیـە هیچیان پێنـاڵێم. لـە پەنجەرەکـەوە سـەیری ژوورەوە دەکـەم، قـژ زەرد دەدۆزمەوە، بە ئاماژە هەڕەشەی لێدەکەم. هاوار دەکـات و جنێـوی

پیس بە سەرۆکی حزبەکەی خۆی دەدات، بە قورگی پڕ لە گریانـەوە دەپاڕێتەوەو دەڵێت:

(وازم لێبێنە بۆ خاتری خـوا، مـن دەکـوژرێم، دەکـوژرێم، دڵنیـام دەکوژرێم.)

لەم کاتەدا پێشمەرگەیەکی سوورەی ریش هاتوو، کە لـە دەرەوە دێتە ژوورەوە، وەکو پڵنگێکی بریندار، هەتا بڵێی تووڕە و شەکەت و ماندوو دیارە، لەبەرخۆیـەوە دەڵێـت: (ئـەم هـەرا و قاڵـە چییە دروسـتتان کـردووە؟) پێشـمەرگەکانی تـر لـە دەرگاکـە دوور دەخاتەوە.

کلاشـینکۆفێکی مزەلـی لـە شـاندایە بـە مـەخزەنێکی حەفتاوپێنجییەوە، لـەناو دەرگاکـەدا دەوەسـتێ و سـەیری دیلـەکان دەکات، سەر و سیمایەکی ترسناکی هەیە، لە کەسێك دەچـێت تـازە برایەکی کوژرابێ و خوێن بەری چاوی گرتبێ، جگە لـە تۆڵەکردنـەوە بیر لە هیچ شـتێکی دیکـە نەکاتـەوە، تەنانـەت لـە شـۆردن و کفـن و دفنی براکەشی. دیلەکانیش وەك ئەوەی لە دڵیان چەقی بێت کـە بـە دەستی ئەو کۆتایی بە ژیانیان دێت. هـەر هـەموویان لـە سووچـێکی ژوورەکەدا وەکو جلە کۆنەی بالە، تۆپـەڵ دەبـن، کـە مـەتر و نیوێـك زیاتر نابێت.

زۆر ئاسایی بەوپەڕی خوێنساردییەوە، زۆر بە ئارامی تفەنگەکەی لە شانی دادەگرێ، میـل دەهێنیتـەوە، لوولـەی تفەنگەکـەی دەکاتـە دیلەکان.

من لەناو چاوی تۆقیـوی هـەر هەموویانـدا مـەرگ دەبیـنم، ئـەمما هێشتا پێموایە وەکو یاریی منالان، گاڵتەیان لەگـەڵ دەکـات و تـەنیا دەیانترسێنێ، کەچی پەنجەی پێدا دەنێ و دەیتەقێنێ، هەتا فیشەك لــە مەخزەنەکەیدایــە دەســتی لێهــەڵناگرێ. بــڕوا ناکــەم گوللــەی بەخەســار دابــێ و بــەر دیوارەکــە کــەوتبێ، دەنــا هــەر گوللەیــەك دەگەڕایەوە و خۆی بریندار دەکرد.

بـە دڵنیاییــەوە هــەر حــەفتا و پێـنج گوللەکـەی بـەناو گۆشـت و ئێسقاندا گوزەری کردووە. بۆیە لاشەکان دەبن بـە تۆپـەڵێ خـوێن و گۆشــت و بەســەر یەکـدا دەتلیســێنەوە، دیــارە دیلــەکان بــە قــژ زەردیشەوە لـەو کەسـە بەختەوەرانـەن کـە گیـان سـەخت نـین و بـە ئاسانی دەمرن، بۆیـە هـەر هـەموویان بـەبێ هاتوهـاوار و قـڕەو بـڕە بەبێ دەنگیی دەمرن. هێشتا لەناو دەرگاکەدا وەستاوە، جۆگەلـەی خوێن بە ملاو لاو بە ژێر پێڵاوەکانیدا بەرەو دەرەوە دێت.

سەرەتا کەمێك سەرسام دەبم، دوایی ئاسـایی دەبمـەوە و بـەرەو دەرەوە دەڕۆم بۆ ئەوەی مژدە بە چیا چاومار بـدەم کـە دیلەکـەی ئەویش خۆمان خۆش.

که دەچمە دەرەوە، پـێش هـەموو شـتێك سـەرنجێكی ئاپۆرەكـە دەدەم، ئەگەرچی خەریكە خۆر ئـاوا دەبێـت، بـەڵام هێشـتا خـەڵك و پێشمەرگە لە چاوەڕوانیی گەیشتنی فەرماندەی باڵادان. دەچـمە لای چـیا چـاومارەوە بـە هێواشـی دەسـت دەخـەمـە سـەر شـانی و پێـی دەڵێم:

(دیلەكەی لەمەڕ خۆشمان كوژرا!)

زۆر ئاسایی، بـەبێ ئـەوەی تەنانـەت سـەیری روخساریشـم بكـات دەڵێت:

(كە گوێم لە تەقەكان بوو، تێگەیشتم هەموو دیلـەكانیان كوشـت، ئیتر ئەمە شەڕە شەڕ، لە شەڕدا یان دەكوژی یان دەكـوژرێی، گـوێی مەدەرێ، دڵنیام قژ زەردەكەی تـۆش كـوژراوە، ئـەم حاڵەتانـەم زۆر دیوە، خۆشـت زۆرت دیـوە، كـاتێ فەرماندەیـەكمان شـەهید دەبـێ، ئیتر بەرچـاومان تاریـك دەبـێ و تـەڕو وشـك پێكـەوە دەسـووتێنین. ساڵی شەڕە گەورەكەت بیر نییە؟ ئەوەی فەرمانـدە ئەنـدازیاری تیـا شەهید بوو؟ چەند دیلمان كوشت؟ چـەند دوو بـرا و خزمـی یـەكتری تیابوو؟) بە شێوەیەكی وا دەڵێم:

(بیرمە.)

تێدەگات حەزم بە درێژەپێدانی ئەو بابەتە نییە. بۆیە بێدەنگیی لێـدەكات و ئـیتر هـیچ ناڵێـت. ئـەویش لـە خـەڵكەكـە رادەمـێنێ، بـۆ

ئەوەی بزانیٚ فەرماندەی باڵا گەیشت یان نا، سەیری لای خوارەوەی شەقامەکە دەکات.

ئەگەرچی ئێواران، پێش خۆرئاوابوون جۆرە جۆش و خرۆشێك بە پیاو دەدات و جۆرە شادییەك لە دڵیدا هێلانە دەکات، کەچی من حاڵەتێکی سەیرم هەیە، نە شادم، نە غەمگین، لە بارێکی سەیردام، بەڕاستی خۆشم نازانم چییە؟

دەبوو بە کوشتنی ئەو کەسەی لە ختوخۆڕایی دنیایەك سووکایەتیی پێکردم، خۆشحاڵ بم، کەچی وانیم، دەبوو مادەم هەتا بینەقاقامان بە لەزەلکاوی شەڕی ناوخۆدا ڕۆچووە، غەمگین بم، کەچی واش نیم.

نازانم تۆ ئەو حاڵەتەت تاقیکردۆتەوە یان نا، کاتیٚ کەسێك دوژمنتە یان ناحەزتە، بیرلەوە دەکەیتەوە ئەگەر بمریٚ یان بکوژریٚ، چەند خۆشحاڵ دەبیت، کەچی کاتیٚ ئەو شتە ڕوودەدات، خۆشحاڵ نیت، من نازانم هۆی ئەمە چییە؟ بەڵام لای من ئەوەیە، بۆچی دەبیٚ بە مەرگی دوژمنەکەم خۆشحاڵ بم؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە خۆمی دەکەم، دوایی دەگەمە ئەو ئەنجامەی منیش دەمرم یان دەکوژرێم، ئیتر بۆ دەبیٚ بە مەرگی دوژمنەکەم خۆشحاڵ بم؟

من نازانم خەڵکی چۆن ئەمە لێك دەدەنەوە بەڵام ئەوەی لە ناخی مندایە لە خۆپەرستیی و ترس لە مەرگەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ ئەوەی خۆم لەم نیگەرانییە و چیا چاوماریش لە چاوەڕوانیی قوتار

بکەم، شتێکم بە خەیاڵدا دێت، دەست دەخەمە سەرشانی چیاو پێی دەڵێم:

(بۆچی هەتا فەرماندەی باڵا دەگات، نەچین لە پۆستەوە تەلەفۆن بۆ شارە حەیاتەکە بکەین و بزانین دەنگ و باسی ماڵەوە چییە؟) بە سەرسوڕمانەوە لێم ورد دەبێتەوەو دەڵێت:

(چۆن ئەوەت بە خەیاڵدا هات؟ دەزانی چل ڕۆژە ئاگام لە ماڵ و منداڵ نییە؟ با بڕۆین، لەوە ناچێت فەرماندەی باڵا وا زوو بگات.)

کاتێ دەگەڕێینەوە، هەردووکمان خۆشحاڵین، هەواڵەکانی ئەویش خۆشن، لە شارە حەیاتەکەش ڕایانکردووە. ژنەکەی چیا لە تەلەفۆنەکەدا زۆر بە سادەیی دەڵێت:

(کەس نازانێ چۆن لە ماوەی سەعاتێکدا بە سەری شکاوو قنگی دڕاوەوە قوچاندیان.)

کەمێك دوای ئەوەی دەگەینەوە شوێنی خۆمان، قەرەباڵغییەکە جموجوڵی تێدەکەوێ، فەرماندەی باڵا دەگات، بە سەرشانی کۆمەڵی خەڵکەوەیە، بە دەستی ڕاستی بەردەوام سڵاو لە خەڵکەکە دەکات، شاد و خۆشحاڵ دێتە بەرچاو. من لە هۆی خۆشحاڵییەکەی تێدەگەم، پەرێزی پاکە، یەك دیل بەسەر زیندوو نییە، ئەویش هەر بەو مەبەستە خۆی دواخستووە، بۆ ئەوەی کەس نەچێتە بەردەمی پێی بڵێ فڵان دیل ئازاد بکەن، یان فڵان دیل مەکوژن.

لـه ناوەڕاسـتی شـەقامەکەدا لەسـەر شـانیان دایـدەگرن، هێـدی هێدی رێدەکات و یەك یەك تەوقە لەگەڵ هەمووماندەکات.

زەردەی خۆرئـاوا لـە شـانی بینـا بـەرزەکانی شارۆچـکەکە دەدا. بڕیار دەدرێ هێزەکە بچێتە دەرەوەی شارۆچکەکە و بحەوێتەوە، تـا سبەی بەرەو شارە حەیاتەکە بکەوێتەڕێ.

# 22
# دۆسیێکەم

دەزانم دەردی دەرهێنانـەوەی ناسـنامە چـەند گرانـە، بۆیـە لـە یەکەم قادرمەوە بیر لەوە دەکەمەوە پێش ئـەوەی لـە بیناکـە بچـمە دەرەوە هەرچۆنێك بێت دەبێت ناسنامەکەم بدۆزمەوە. لـەو بڕوایـەدا نیم ئەوان بەو پەلەپڕوزێیە رایانکردبێ و دۆسیێ و شـتەکانیان لەگـەڵ

خۆیـان بردبـێ، بۆیـە پـێم وایـە دەتـوانم ناسـنامەکەم بدۆزمــەوە و بیخەمەوە تەنکەی باخەڵم.

کە دەگەمە سەرەوە، هەڵوێستەیەك دەکـەم، دەڕوانم، سـێ ژوور بەرامبــەرمن. هەرسـێکیان دەرگاکانیـان لەسـەر پشـتە، لــە ژووری ناوەڕاســت دوو دۆلابــی ئاســن دەبیــنم دەرگاکانیــان کراوەتــەوە و کۆمەڵێ دۆسێم دێتە بەرچاو. دەچمە ژوورەوە و دەست دەکـەم بـە گەڕان. ئەوەندە دەگەڕێم ئـارەقی شـین و مـۆر دەردەدەم، یـەك بـە یەك دۆسێکان دەگەڕێم، کەچی نە ناسنامەکەم دەدۆزمەوە و نە لـەو هەموو دۆسێیەشدا ناوم هەیە.

سەرەڕای ئەو هەموو گەڕانە کاتێ لـە ژوورەکـە دەچـمە دەرەوە، بــەو خەیالــەی نــەبا ناســنامەکەم لــە ســەر یــەکێ لــە کاشــییەکان کەوتبێت، ئاوڕێك دەدەمەوە. خۆم دەکەم بە ژووری لای چـەپدا. بـە بۆنەکەیــدا کــە ئێســتاش لــە لووتمــدا مــاوە، دەزانم ژووری کــابرا قرخنەکەیـە کـە دوێـنێ شـەو لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ کـردم ... کـاتێ دەمهێننــە بــەردەمی، یەکـەم دەقــە کــە دەزانم چــاوم ناکاتــەوە بـۆ ئــەوەی ســەر و ســەکوتی نــەبینم، دەمــەوێت ئــەو چرکەســاتە وەکـو هەلێك بقۆزمەوە و لـە خـەیاڵی خۆمـدا وێنـای بکـەم، بیهێنمـە پـێش چــاوی خــۆم و لــە زەینمــدا وێنەیــەکی ســەرەتایی بـۆ بکێشـم. بـە بۆنەکەیـدا کـە بـۆنێکی تیـژە و ژوورەکـەی پـێ قـانگ داوە، دەزانم لادێیەکی تازە پیاکـەوتووە، لەوانـەی بـە شـەو و ڕۆژێـك دەوڵەمەنـد

بوون و ئەتەکێتی پیاوی دەوڵەمەند نازانن. وام دێتە بەرچاو وەك ئەوەی نیوە تۆپێك کرابێتە سەری، تەوقی سەری رووتاوەتەوە، قژی کە تەنیا پشتە سەری و لای گوێچکەکانی پێوەی ماوە بۆیاخکراوە. پێستی تەوێڵ و لای لاجانگەکانی لە ئەنجامی بەکارهێنانی جۆرەها بۆیاخی قژ چرچ و لۆچ بووە و کەس نازانێ بە دیاریکراوی رەنگەکەی چۆنە. دەبێ کەسێکی تێکسمڕاوی ورگن بێت، دوور نییە کۆنە بەعسیش بێت... بۆ ساتێك چاو لێکدەنێم، هێشتا دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە دەڵێ:

(بەهمەن میرزا کەریم، ناسراو بە دێو بەهمەن.) لەسەر کورسییەکەی دادەنیشم، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(بریا ئێستا دوو بە دوو رووبەڕووی یەکتری دەبووینەوە، چەند ناخۆشە روخساری دوژمنەکەت نەبینی! ئەگەر ئێستا لێرە بووایە چیم پێ دەوت؟ ئا، پێم دەوت: باشە بۆچی ئەمرت کرد چل دارم لێبدەن؟ سوودی چی بوو؟ باشە بۆچی سی و پێنج یان سی و شەش نەبوو؟ ...)

سەیری سەر مێزەکەی دەکەم، لای چەپەوە دۆسێیەکی سوور دەبینم لەگەڵ هەندێ قەڵەم و کاغەزی بچووکدا. دۆسێکە هەڵدەگێڕمەوە و دایدەنێم. یەکسەر ناوی خۆم سەرنجم رادەکێشێت. بە خەتێکی ناخۆش نووسراوە: تاوانبار بەهمەن میرزا کەریم ناسراو بە دێو بەهمەن.

لاپـــەڕەی یەکـــەمی فایلەکـــە هەڵدەدەمـــەوە، لەســـەر کۆمـــەڵێ وەرەقەی بێخەت بیست سی لاپەڕە شت لەسەر مـن نووسـراوە. لـەم کاتەدا هـیچ شـتێکم بەقـەد خوێندنـەوەی ئـەو شـتانە بـەلاوە گـرنگ نییـە، هێزێـك لـە ناخـەوە پـاڵم پێـوە دەنێـت زووتـر دەسـتبکەم بـە خوێندنـــەوەی، چـــونکە پـــێم وایـــە وەڵامـــی هـــەموو پرســـیارەکانمی لـەبارەی گرتنەکەمـەوە تیایـەو بـە تـەواویی هاوڕێیـەتی و دڵسـۆزی بارامی سالە بەرازیشم بۆ دەردەکەوێ.

دەسـت دەکـەم بـە خوێندنـەوەی شـتەکان و تـەواو لـە دنیـای دەوروبـەر دادەبـڕێم. نـازانم مـاوەی چـەند سـەرقاڵی خوێندنـەوەی شتەکان دەبم، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە نیو سـەعات زیـاترە، سـەعاتی سەر مێزەکە ئەوەم پێدەڵێ. هۆکاری درێژەکێشـانی خوێندنەوەکـە زیـاتر لەبەرئەوەیـە بـە خـەتێکی زۆر نـاخۆش نووسـراوە، جاریوایـە چەند ساتێك لە وشەیەك رادەمێنم، بۆ ئەوەی بزانم چییە. بەهـەربار، هەرچۆنێك بێـت هـەمووی دەخوێنمـەوە. راپۆرتەکـە دکتـۆر نـەهرۆی نالەدێز نووسیویێتی، لـە خـوارەوە نـاوی سیانی خـۆی نووسـیووە و ئیمزاشی کردووە، دیارە بە پشـت بەسـتن بـە زانیارییـەکانی بـارامی سالە بەراز و خوماری ژنی.

لەگەڵ خوێندنەوەکەدا مچوڕکە بە لەشما دێت و تەواو سەراسیمە دەبم، لـــەو هـــەموو درۆیـــەی بۆیـــان هەڵبەســـتووم و وەهایـــان بـــۆ هۆنیوومەتەوە تا دەرباز نەبم و کوشتنم مسۆگەر بێـت. لـە پاداشـتی

ئەمەشدا تاکە داوای دکتۆر نەهرۆی نالەدێز ئەوەیە، کارێکی باش بۆ بارامی سالە بەراز بدۆزنەوە کە مووچەیەکی باشی هەبێت.

ئێستا بۆم دەردەکەوێ بارامی سالە بەراز ویستویەتی چ خیانەتێکم لێبکات و لەپێناوی ئەوەدا کە چنگی لە کارێکی باش گیر بێت، چۆن ویستوێتی سەرم بکات بە گۆما و بمفرۆشێت.

لە هەمووی سەیرتر ئەو شتانەیە کە لەبارەی گروپێکەوە بە ناوی (چنگی پڵنگ) نووسیویەتی. من ئاگا و خەبەرم لەم مەسەلەیە نییە و قەت شتێکیشم بەو ناوەشەوە نەبیستووە، خۆزگە وابووایە و ناوجەرگیانم ببڕیایە. بە پێی وەسفەکەی دکتۆر نەهرۆی نالەدێز، بۆیە ئەم گروپە ناونراوە چنگی پڵنگ، چونکە وەکو چنگی پڵنگ بەهێزە، هیچ کەسێك ناتوانێت کەشفی بکات و پەی بە نهێنی و ئیش و کارەکانی بەرێت. ئەمە جگەلەوەی دەستوەشاندنی وەکو هەڵمەتی چنگی پڵنگ وایە و گورز لە هەر کەسێك بوەشێنێ ئیتر هەڵناسێتەوە. بۆیە نیشانە گرتنەوەی ئەم گروپە لە نێچیر تەنیا لە سەروو پشتوێنەوەیە، واتە لە سکەوە بۆ سەر بەبێ هەردوو دەست، دیسپلینی ئەم گروپە بە شێوەیەك توندە هەر کەسێك بچووکترین هەڵە بکات لە کاتی جێبەجێکردنی هەر کارێکدا سزاکەی کوشتنە.

بە حسابی راپۆرتەکە من لێپرسراوی ئاشکرای گروپەکەم و چەند کەسێکیش لە پشتی پەردەوە سەرپەرشتی ئەم گروپە دەکەن. دیتە گروپەکە هەموو کاروبارەکانی نهێنییە لە هەموو هەلومەرجێکدا

دەتوانێت لەناو شاردا بمێنیتەوە و قـەت پێویسـتی بـە چـوونە شـاخ نییە. (نەخشەی ئـەمجارەیان کـە جێبـەجێکردنیان بـە دێـو بەهمـەن سپاردووە بریتییە لە کوشتنی ئەو کەسانەی حزبمان کە لەم ناوچەیە نفوزیان هەیە و جێگای متمانەی خەڵکن.)

لە هەمووی سەیرتر ئـەو حیکایەتـە سـاختەیەیە کـە لـەبارەی ژیانی منەوە نووسـیویەتی. هەسـت دەکـەم دکتـۆر نـەهرۆی نالـەدێز سەرەڕای سیخوڕیی، شارەزاییەکی باشی لە دروستکردنی حیکایەتی ساختەدا هەیە. گوایە دایکم کاتێ گەورە کچێکی شۆخ و شەنگ بووە لە گوندەکەی خۆیان، لەلایەن بەرپرسێکی حزبەکـەی ئەوانـەوە لاقـە کراوە.

دیارە لەبەرئەوەی ئەو رۆژگارە حزبەکەی ئەوان باڵادەست بـووە و بکوژ و ببڕ هەر خـۆی بـووە، بەرپرسـی کەتنکـەر وەکـو بـەرزەکی بانـان بـۆی دەرچـووە. بەرهـەمی ئـەو لاقەکردنـەش گوایـە بەنـدەی موخلیستانە، یانی منم. پاشـان دایکـم سـەرەڕای جـوانیی و شـۆخ و شـەنگییەکەی لەبەرئـەوەی بـاری لاردەبـێ و دەرەتـانی نـابێ، بـۆ ئــەوەی لەلایــەن کــەس و کارەکەیــەوە نــەکوژرێ، بەناچـاری شــوو دەکات بە باوکم کە پیاوێکی ناشیرین و هەژار و ریسوا دەبێت. دوای ئەوەی ژنی یەکەمی تەڵاق دەدات، کۆشیێ منالی بەسەردا دەکەوێ.

گوایە هەر لە منالییەوە دایکم حیکایەتەکەی بۆ مـن دەگێڕێتـەوە و ساڵ بە ساڵیش بیرم دەخاتەوە، بۆ ئەوەی تۆوی رق و کینەو تۆڵە

سەندنەوەم تێدا بچێنێ و قەت ئەو زوڵم و زۆرەم لەبیر نەچێتەوە کە بەرامبەر دایکم کردوویانە.

هەر بۆیە دایکیشم زۆر رقی لە بەرپرسان و ئەندامانی حزبەکەی ئەوانە، چونکە لە لایەکەوە مێردەکەی، واتە باوکم زۆر لەگەڵی خراپ و دەبێ و سەرەڕای هەژاریی و نەبوونی هەمیشە لێی دەداو نان و شەقی دەداتێ. تەنانەت ئێستاش کە تەمەنیان هەڵکشاوە و زۆربەی کورو کچەکانیان ژنیان هێناوە و شوویان کردووە، هەر شەڕە دەنووکیانە. کاتێ ئەم دێڕە دەخوێنمەوە، پێکەنینم دێت و لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

(بۆ نەگبەتی ئەم سەگبابە ئەم قسەیەی راستە، ئەشەدو دایک و باوکم ئێستا هەر شەڕە دەنووکیانە و بەردەوام بەیەکا هەڵدەشاخن.) ئەوەی زیاتر سەرسامم دەکات ئەوەیە دکتۆر نەهرۆی نالەدێز چۆن ئەم حیکایەتەی ژیانی منی بە گروپی چنگی پڵنگەوە گرێداوە، کە ئەویش هەر زادەی خەیاڵی خۆیەتی. گوایە گروپی چنگی پڵنگ کە ئیشی سەرەکی کوشتن و لەناوبردنی نەیارە بە نفوزەکانی دەرەوەی حزبە، بە پلەی یەکەم پشت بەو کەسانە دەبەستێ کە گرێیەکیان بەرامبەر بە حزبەکەی ئەوان هەیەو رقێکی ئەستووری تایبەتییان هەیە. ئەمەش بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی نەخشەی کوشتنی هەر کەسێکدا، یەک زەڕڕە دوودڵ نەبن و بە هیچ شێوەیەك نەیەڵن نێچیرەکەیان بە برینداریی یان بە

نیوە گیانی دەربازبێت و ئەگەر پشیلەی حەوت ڕۆحیش بێت هەر حەوت ڕۆحەکەی بکێشن.

لێرەدا بە دوورودرێژیی باسی کوشتنی (شاهین جامانە) دەکات. کە فەرماندەیەکی قارەمان و ماندوونەناسی حزبەکەی خۆیان دەبێت. هەتا بڵێی پیاوێکی جەربەزە و چاونەترس. کاتێ ڕاستییەك دەزانێ دەیڵێت و باکی لە هیچ نییە. چەند جارێك لەسەر هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ رەخنە لە سەرکردایەتی حزبەکەی دەگرێت. تا جارێکیان بە راشکاوی دەڵێت:

(ئەوە لەکەیەکی شەرمەزاریی گەورەیە بە تەوێڵی سەرکردایەتی حزبەکەمەوە، بۆ بەزاندنی حزبەکەی بەرامبەری پەنا بۆ داگیرکەری کوردستان دەبات.)

دوای ئەم لێدوانە نەخشەی کوشتنی بۆ دادەنێن و لە نزیکیماڵەکەی خۆی تەقەی لێدەکەن. یەکێك لە کوڕەکانی خۆی لەگەڵ دەبێت، ئازایانە داکۆکی لێدەکات، نایەڵێت دوای بریندارکردنی بچنە سەری و بە تەواوی هەناسەی لەبەر ببڕن، هەرچەندە پانزە گوللەی بەردەکەوێ، بە برینداریی خۆی دەگەیەنێتە خەستەخانە، کەچی دوای دوو ڕۆژ نیوە شەوێك لە خەستەخانە بە گوللە بە قەرەوێڵەکەیدا دایدەدورن و دەیکوژن. ئەوەندە بە رقەوە دەچنە سەری، بێجگە لە حیمایەکانی دکتۆرێك و پەرستارێکیشی پێوە دەکوژن.

دکتۆر نەهرۆی نالەدێز، کە خۆی زۆرباش ئاگای لە مەسەلەی کوشتنی (شاهین جامانە)یە، بەڵام بۆ مسۆگەرکردنی کوشتنی من، ئەم رووداوەش دەداتە پاڵ ئەو چنگی پڵنگەی کە هەر زادەی خەیاڵی خۆیەتی.

کاتێ ئەم دێڕانە دەخوێنمەوە بێزم لە هەموو شتێك دێتەوە. بێزم لە پێشمەرگایەتی و کوردایەتیش دێتەوە، چونکە بە پێی ئەم لێکدانەوەیە بێت کوردایەتییش جگە لە کوردکوشتن هیچ شتێکی دیکە نییە. ئەم عەقڵیەتە ژەنگاوییە هەم سەرسامم دەکات، هەم نائومێد، لە خۆم دەپرسم ئاخر دکتۆر نەهرۆی نالەدێز و ئاغاکانی چۆن بیر دەکەنەوە؟ ئەگەر کەسێك لە حزبەکەی ئەوان نەبێت، چەندە دڵسۆزبێ، چەندە کوردێکی بێغەل و غەش بێت، تەنیا لەبەرئەوەی لە حزبەکەی ئەوان نییە، وەکو دوژمن، وەکو میکرۆب و قالۆنچە لێی دەڕوانن!! کە پێویستە بکوژرێ و وەکو مار، سەری پان بکرێتەوە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم:

( ئەم پیاوە راپۆرتنووسە دڵڕەشە چ دەعبایەکە؟ بڵێی ئەو حیکایەتەی بۆ ژیانی منی دروستکردووە، بەسەرهاتی ژیانی راستەقینەی خۆی نەبێت و بیەوێ بەو شێوەیە تۆڵە لە من بکاتەوە؟ دەنا ئەو هەموو درۆو دەلەسەیە لەپێناوی چیدا؟ تەنیا لەپێناوی ئەوەدا کە من بە زیندوویی دەرنەچم و بکوژرێم، بۆ ئەوەی قەناعەت بە سەرووی خۆی بکات ئەو هەموو حیکاتەی چنیوە ..) تاکە شتێ

که ئەم دەقەیە دڵم پێی خۆشە، ئەوەیە، کاتێ سمکۆ ڕێوی ئەم بەیانییە پێم دەڵێ، بە دەستی خۆم دەتکوژم. پێی دەڵێم: (بێمنەتبە.)

سەیر لەوەدایە کۆپی ناسنامەکەم بە دەرزی بە دۆسێکەمەوە لێکێنراوە، کەچی ئەسڵییەکەی دیار نییە. هەموو ئەوراق و دۆسیکانی تریش دەگەڕێم هەر نایدۆزمەوە. سەرەتا وام بە خەیاڵدا دێت دۆسێکە لەگەڵ خۆم ببەم و وەکو بەڵگەنامەیەك لای خۆم بیهێڵمەوە، بەڵام دوایی بیرم دەکەوێتەوە، من لە دنیادا رقم لە ئەرشیف و ئەو شتە قۆڕانەیە.

لە سالآنی پێشمەرگایەتیشدا قەت تاقەتی رەسمگرتن و ئەو شتانەم نەبووە. بڕوا ناکەم پێنج رەسمی کاتی پێشمەرگایەتیم مابێ، ئەگەر هەشم بێت ئەوا هاوڕێکانم هێناویانەو ژنەکەم و منالەکانم هەڵیانگرتووە. چونکە من ئەلبوومم هەر نییە. ئێستاش نازانم جگەلە خۆهەڵکێشان و خۆ نواندن رەسم سوودی چییە.

کۆپی ناسنامەکەم لە دۆسێکەم دەکەمەوە و هەر لەناو ژوورەکەدا ئاگری تێبەردەدەم. هەتا دوا لاپەڕەی دەسووتێ بە دیارییەوە دادەنیشم و بە چەقۆی سەر مێزەکە لاپەڕەکانی بۆ هەڵدەگێڕمەوە.

بۆ دواجار چاوێك بە ژوورەکەدا دەخشێنم و دێمە دەرەوە. دەمەوێت یەکسەر بڕۆم بۆ دەرگای پێشەوەو بچمە دەرەوە. کەچی

وەك ئــەوەی هێزێــك بەكێشــم بكــات بــۆ ژووری ســێیەم. قاچــم هەڵنایەتەوە بۆ هەنگاونان.

لە ناكاو دەنگی ئەسكەندەری قالە یەكانە دێتە گوێم. نـازانم چـی دەڵێت، بەڵام دڵنیام دەنگی ئەوە. خۆم دەكەم بە ژووری سـێیەمدا، مێزی ئەم ژوورە گەورەتر و رازاوەترە. هـەر لـە خۆمـەوە خـەیاڵێكی سـەیرم بــە مێشــكدا دێـت. هەســت دەكــەم ناســنامەكەم لەســەر كتێبخانەی پشت مێزەكەیە. بە پێڵاوەكانمەوە دەچمە سەر مێزەكـە و لەوێوە سەیر دەكەم، هیچ شتێكی لەسەر نییە. دێمەوە خـوارەوە، شــوێنپێكانم وەكــو شــوێنپێی پشــیلە لەســەر مێــزە خاوێنەكــە دەردەچن.

دۆســێیەك لەســەر مێزەكەیــە، بەخــەتێكی نــاخۆش لەســەری نووسراوە: هاتوو، دەیكەمەوە و سەیری دەكەم، یەكەم نامە، نامەی ژنێكە، لە خوار نامەكەوە ناوی خۆی نووسیوە و ئیمزای كردووە.

هەرچەند دەكەم تاقەتم نییە نامەكەی بخوێنمەوە، گەرچـی بـۆنی ئەوەی لێدێت نامەیەی سۆزانییەك بێت. بە خێرایی یەك یەك سـەیری نامەكان دەكەم. سێ نامە پێش كۆتایی نامەیەكی ئەسكەندەرم دێتە بەرچاو. لەسەر كاغەزێكی رەسمی حـزب نووسـیوێتی، سـەبارەت بـە گرتنی من ئەو نامەیەی بۆ حاجی ناوێك ناردووە.

یەکسەر دەچمە سەر ناوەڕۆکی نامەکە. دێڕ بە دێڕی مچووڕکە بە لەشمدا دێنێت. لەم نامەیەدا جەخت لەسەر سێ شت دەکاتەوە و چەندجارێکیش دووپاتی دەکاتەوە.

یەکەم: دەبێت زۆر بە وریاییەوە بچنە سەرماڵی بارام و بمگرن، بەبێ ئەوەی هیچ هەرایەك دروست بێت و کەس پێبزانێ، بۆ ئەوەی من هەست بە هیچ نەکەم، بارامیشم لەگەڵ بگرن و بارام و خێزانەکەی لە ئاکامی ئەم کارە دوور بخەنەوە. بۆ ئەوەی دوای کوشتنی من هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەبێت. بە دەق ئاوای نووسیووە:

(ئەم خێزانە خزم و ئازیزی خۆمن و دەبێ لە پای ئەم کارە گەورەیەیان خەڵات بکرێن نەك کێشەیان بۆ دروست بکرێت.)

دووەم: جەخت لە کوشتنی من دەکاتەوە، هەمان شەوی گەیشتنم بەبێ هیچ دواخستنێك دەڵێت:

( حاجی گیان ئەمە هەلێکە و نابێ لە کیسی بدەین، هەتا دنیا ئارام نەبۆتەوە، پێویستە ئەم جۆرە کەسانە لەناوبەرین. راپۆرتەکەی دکتۆر نەهرۆش باشترین بەڵگەیە کە ئەم کابرا خەتەرە شایانی کوشتنە بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەك.)

ئێستا تێدەگەم دوای داوەتەکە ئەسکەندەر و دکتۆر نەهرۆی نالەدێز پێکەوە دانیشتوون و ئەسکەندەر دوای خوێندنەوەی

راپۆرتەکەی دکتۆر نەهرۆ نامەکەی نووسیووە. بەڵام لەوە تێناگەم بۆچی کابرای خاوەنی ئەم مێزە بە قسەی ئەسکەندەری نەکرد و هەمان شەو منی نەکوشت. لە یەك هۆکار زیاتر، عەقڵم بۆ هیچ شتێك ناچێت، ئەم کابرایە خاوەنی رای خۆیەتی و بە عەقڵی خۆی کار دەکات، بۆیە کوشتنی من دەخاتە ئەمشەو. دیارە سمکۆ رێویش فەرمانی ئەمی جێبەجێ دەکرد. دەمەوێت هەر چۆنێك بێت سیمای ئەم پیاوە بهێنمە پێش چاوی خۆم، یەکەم سات خەیاڵم بۆ پیاوێکی رەقەڵەی باڵا مامناوەندی قژ ماش و برنجی ئەسمەر دەچێت. کەچی خۆی کارەکەم بۆ ئاسان دەکات و بواری خەیاڵ و وێناکردنم نادات، سەیر دەکەم لەسەر مێزەکەی رەسمێکی پۆستکارتی داناوە. سەیری پشتەکەی دەکەم، ئەوسا دڵنیادەبم خۆیەتی. کوڵەبنەیەکی قەڵەوی ورگ زلە، بەوەدا کە لووتی کردۆتە ئاسمان بۆم دەردەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی خەپە و کورتە بنەیە، چەندە سەرسەخت و کەللە رەقە، کەواتە خەیاڵی یەکەم ساتم سەبارەت بە قەبارەی قەد و باڵای دەبێتە بلقی سەرئاو!

سێیەم: جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە بارامی سالە بەراز لە بەرامبەر ئەم خزمەتەیدا بە حزب هەم بە پارە خەڵات بکرێت، هەم ئیشێکی باشی بۆ بدۆزرێتەوە بە زووترین کات.

نامەکە لەت و پەت دەکەم و بە خێرایی دەچمە دەرەوە، کە دەچمە ئەودیو دەرگای حەوشە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشم.

## 23
# دەنگێك

بەیانی تیشکی خۆرەکە هەمووومان خەبەر دەکاتەوە. سەیری چواردەوری خۆم دەکەم، پێم سەیرە ئەم هێزە گەورەیە لەناو ئەم خاك و خۆڵەدا بەبێ هیچ راخەر و بەتانییەك حەواوەتەوە. گیانمان بەوەیە هێشتا دنیا سارد نەبووە، هێشتا پیاو دەتوانێ زەوی رابخات و ئاسمان بدات بەخۆیدا. لەناکاو گرمە گرم دەست پێدەکات، هەرئەوەندەی جگەرەیەك بکێشی ریزێك گەلابەی مان لەسەر جادە خاکییەکەی تەنیشتمان ریز دەبن. گوێم لێیە کەسێك لە دەوری فەرماندەی بالاوە بە دەنگێکی زولال کە هەمووومان گوێمان لێیە دەلێت:

(پێشمەرگە، ئادەی قوربانتـان بم سـەرکەون، دەڕۆیـن بـۆ شـارە حەیاتەکە.)

بەبێ ئەوەی دەموچاو شۆردن و نانی بەیانیمان لەبیر بێت، هـەر هەموومان لە ماوەیەکی کەمدا سواری گەلابەکان دەبین. فەرمانـدەی باڵاو هەنـدێ لەوانـەی دەوروبەریشـی سـواری ئـەو دوو لانـدگرۆزەرە دەبن کـە لـە پـێش گەلابەکانـەوە وەسـتاون. وەك ئـەوەی بچـین بـۆ سـەیران بـە خۆشـی و شـادییەوە بەڕێدەکـەوین. گەلابەکـەی ئێمـە دەکەوێتە ناوەڕاستی کاروانەکەوە. لەبەرئـەوەی ژمـارەی گەلابـەکان زۆرن جێگەمان تەنگ نییە، هەر گەلابەی پـانزە بیسـت پێشـمەرگەی تیایە. بە هەمان شارۆچکەدا رەتدەبین کە منی لێ سجن بووم.

پێشمەرگەیەکی چاوشینی ریش هاتوو، کە شـوێنی قەڵبەیـەك بـە لای راستی ملییەوەیەتی و لە شوێنی تیغکردنـی گوللـە دەچـێت، لـە تەنیشتمەوە گۆرانیی دەڵێت. گوێم بۆ شل کـردووە، گـۆرانیی میللـی زۆر خۆش دەڵێت هەتا ئەم کاتە نەمبیستووە. گوێم لە گۆرانییەکانی ئەو گرتووە، بە چاویش سەیری ئەملاو لای جادەکەم دەکەم. ژنێکی نـەرم و شـلی چارشـێو بەسـەری کەڵەگـەت سـەرنجم رادەکێشـێت، کەچی هێندە نابـات پێشـمەرگەکەی تەنیشـتم ئـاوازی گۆرانییـەکانی دەگۆڕێ و گۆرانییەکەی قادر کابان دەستپێدەکات:

(جاده چۆڵ و سێبەر بوو کاتی بەیانی، ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی.)

( تومەس ژنە چارشێو بە سەرەکە سەرنجی ئەمیشی ڕاکێشاوە. لە ڕاستیدا پێشمەرگەکەی تەنیشتم هەم دەنگی لە قادر کابان خۆشترە هەم لەویش خۆشتر گۆرانییەکە دەڵێتەوە. چەند جارێك ئەم بڕگەیە دووبارە دەکاتەوە:

(لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵا بوو– بەدیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو.)

( ئەوسا دەزانم ژنە چارشێو بەسەرەکە لە من زیاتر سەرنجی چاوشینی ڕاکێشاوە. بەڵام هەم ژنە چارشێو بە سەرەکە و هەم گۆرانییەکەی قادر کابان یان ڕاستتر گۆرانیی هاوڕێکەم، من بەرەو دنیایەکی تر دەبەن. ئیتر هیچ گوێم لە دەنگی چاوشین نییە.

خەیاڵم دەفڕێ بۆ ئەو شەوەی خومار ڕقم لێهەڵدەگرێ. ئەو شەوەی ئەگەر بە دڵی خومارم بکردایە، لەوانەبوو بەم شێوەیە نەگیرامایە و ئاوا نەگەیشتمایەتە کەناری مەرگ. ئێستاش لە نەخشەی ئەو شەوەی خومار تێنەگەیشتم، بڕواش ناکەم قەت تێیبگەم.

(( ماوەیەکە ژنەکەم تۆراوە، مناڵەکانیشی لەگەڵ خۆی بردووە، دەمەوێت ماوەیەك بە تەنیا بم، دووربم لە قیژە و هاواری منداڵ و پرتە و بۆڵەی ژنەکەم. بۆیە تاقەتم نییە خۆم بچم بە

شوێنیدا، رازی نیم کەسیش بچێت بە شوێنیدا، دەزانم خـۆی بکـوژێ و خۆی ببڕێ لە بیست شەو مانگێ زیـاتر تاقـەتی نابێـت و خـۆی بـە پێی خـۆی دێتـەوە. هـەموو جـارێکیش کـە ئـاوا دەتـۆرێ و دێتـەوە دەڵێت:

"شێتە ئەوە بۆ نەهاتی بە شوێنمانا؟"

منیش دەڵێم: "یەکەم بڵێ بە شوێنما، چونکە مناڵەکان نەتۆراون و تـۆ بـە زۆر بـردووتن، دووەم ئـەم قنگـە شـەڕانە بـۆ دەمـەزەرد کردنـەوەی عەشـقەکەمان پێویسـتن." ئـیتر ئـەویش بێـدەنگیی لێدەکات.

دە دوانـزە رۆژێکـە ژنەکـەم بوخچـەکەی پێچـاوەتەوە و لێیـداوە رۆیشتووە. ئێوارەیەك لەناکاو بارامی سالە بەراز و خومار و هەر سێ مناڵەکەی بە جێبەکـەی بـارام دەگەنـە بـەردەرگاو دادەبـەزن. ئـەوە یەکەمجارە ژن و مناڵەکانم لـە مـاڵ نـەبن و ئـەوان بـە خێزانـی بـێن. تاڕادەیەك دەشڵەژێم، دەبێ بڕۆم و لە دەرەوە خـواردن بێـنم، بـەڵام هەر زوو بارام فریام دەکەوێ و دەڵێ:

"خـەمی هیچـت نـەبێت دوو مەنجـەڵ چێشـتمان لەگـەڵ خۆمـان هێناوە، تەنانەت مەشروب و مەزەشم لەبیر نەچووە." دەڵێم:

"کەواتە من دەعوەتی ئێوەم."

کارەبـا درەنـگ دێتـەوە، بۆیـە باشـترین ئـامرازی کاتکوشـتن خواردنەوەیە. خومـار خێـرا سفرە بـۆ ئێمـە دەڕازێنێتـەوە، خۆشـی

لەگەڵ منداڵەکانی لە موبەقەکە دەست دەکەن بە نانخواردن، ئێمە نانخواردنەکەمان دەخەینە دوای خواردنەوە. هەتا کارەبا دێتەوە دەخۆینەوە و جگەرە دەکێشین و نوکتەی قۆڕ دەگێڕینەوە. خوماریش کە ئیتر منداڵەکانی خەواندووە، لەولای ئێمەوە دانیشتووە جار بەجاریٚ سەهۆڵ یان شتێکی تر دەهێنیٚ و بە نوکتە و قسە قۆڕەکانی ئێمە پێدەکەنیٚ. یەکی تەشتیٚ خواردن دەکەین بەسەر مەشروبی داماودا، وەکو مانگای مالوان ورگمان دەئاوسیٚ، هێندەی نەماوە بتەقین. بەو حاڵەوە من لە ژووری میوانەکە خەو دەمباتەوە و ئەوانیش لە ژوورێکی نووستن لێی دەخەون... ))

پێشمەرگەیەك دەستێك لە شانم دەدات و دەڵێت:

(چەرخت پێیە،) دەڵێم: (نا گیان، جگەرە ناکێشم.) هاوڕێکەم وەك ئەوەی لەناو خەیاڵی مندا بێت، گۆرانیی (دیسان شەوهات بۆ حاڵی من) دەچڕێت.

(( نازانم چەند سەعاتە خەوم لێکەوتووە، وەك ئەوەی لە خەونما بێت، گوێم لە دەنگێکە بانگم دەکات. هێشتا نازانم خەونە یان راستی. بەڵام ئەوەندە لەشم قورسە، حەز دەکەم ئەو دەنگە دەستبەردارم بێت و بخەومەوە، کەچی هەروا بانگم دەکات و یەخەم بەرنادات. بەرلەوەی چاو بکەمەوە وردە وردە تێدەگەم دەنگی ژنە. هەست دەکەم لێشمەوە دوور نییە. هێشتا حەز دەکەم لێمگەڕیٚ بخەوم، بەڵام لە ناچاریدا چاو دەکەمەوە.

تارماییەکی ڕەش دەبینم بەرامبەرم وەستاوە، لە ڕاستیدا یەکەم سات کە دەیبینم مچوڕکەیەك بە لەشمدا دێت و دەترسم، چاوانم هەڵدەگلۆفم و دیسان سەیری دەکەمەوە. وەك ئەوەی ئاسکە کێوییەکم لە ژوورەکەمدا دیبێت، تەواو دەحەپەسێم. خومارم دەبینم بە چارشێوێکی ڕەشەوە بەرامبەرم وەستاوە، گلۆپەکەم نەکوژاندۆتەوە، بۆیە زۆر بە روونی بەژن و باڵای دەبینم، توند چارشێوەکەی لە خۆیەوە ئاڵاندووە، تەنیا دەموچاوی دیارە، مەکیاجێکی تۆخی کردووە. وەکو ژنێکی باڵاپۆشی گۆشتن کە زۆر بە ئاسانی دەتوانی پەیکەری لەش ولاری لەودیو جلەکانییەوە ببینی، دەتوانم جوان جوان لەش و لاری و یەك بەیەکی ئەندامەکانی ببینم. ئەوەی بەلامەوە سەیرەو جێگای پرسیارە ئەوەیە بەم نیوە شەوە بۆچی ئەو چارشێوەی لە خۆیەوە ئاڵاندووە؟ ئیتر هیچ ناڵێت هەروا بێدەنگ وەستاوە، بە نیگایەکی سێکسییانەوە سەیرم دەکات.

ئەمە یەکەمجارمە بەو شێوەیە لە قووڵایی چاوانی بڕوانم، دەشێ جاران جورئەتی ئەوەم نەبووبێ و ئەم مەشروبەی ئەمشەو ئەو جوامێرییەی پێبەخشیبم، بەڕاستی نیگای چاوانی فیل رام دەکات، پێم سەیرە چۆن ئەوەندە چاوقایمە مێردەکەی بەجێهێشتووە و بەم نیوە شەوە هاتۆتە شوێنی نووستنەکەی من و بەو چاوە حیزانەوە ئاوا سەیرم دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت: "فەرموو سوارمبە!". بیر دەکەمەوە ئەگەر بارام خەبەری بێتەوە و بەو شێوەیە ئێمە ببینێ

چی دەقەومێ؟ کەچی ئەو وەك ئەوەی ناخی منی خوێندبێتەوە، یەکسەر زمانی دێتەگۆ و نیگەرانییەکەی من دەڕەوێنێتەوە کە دەڵێ:

"بەهمەن گیان، بارام ئیشی هەبوو ڕۆیشت، هەتا بەیانی نایەتەوە، منداڵەکانیش خەوتوون، خەونێکی ناخۆشم بینی، زۆر دەترسم توخوا بابێم لە باوەشی تۆدا بخەوم."

کە ئەم قسانە دەکات، باوەڕ بە گوێی خۆم ناکەم، هەرچەندە قسەکانی خۆش و هەست بزوێنن، بەڵام باوەڕ بە گوێی خۆم ناکەم، قەدەرێکی باش بیر لە قسەکانی دەکەمەوە. پێش هەموو شتێك دەزانم مەسەلەی خەونەکە ڕاست نییە و فێڵێکە، سەرەتا دەمەوێ جڵەوی بۆ شل بکەم و خۆم بدەمە دەست ئەسپی ئارەزوو، بەڵام کاتێ بیر دەکەمەوە دەبێ خیانەت لە هاوڕێکەم بکەم، ئەوەندە بێزم لە خۆم دێتەوە، خۆم وەکو قالۆنچەیەك دێتەبەرچاو. دەڵێم:

"ئەوە تۆ شێت بووی خانم؟ فەرموو بچۆرەوە لای منداڵەکانت، من وا حساب دەکەم کە هەر گوێم لەو قسانە نەبووە." بە پاڕانەوەوە دەڵێت:

"بەڵێ شێت بووم، بەڵێ هار بووم، تۆ چیم پێدەڵێی بیڵێ، بەڵام من بە دەست خۆم نییە عاشقی تۆم، شێت و شەیدای تۆم، تاکە ئاواتم ئەوەیە یەکجار لە باوەشتی تۆدا بخەوم." هەست دەکەم خەریکە بە زۆر شتێکم بەسەردا ساغ دەکاتەوە کە لە دوورو نزیك ئاگام لێ نییە، دەیەوێ تاوانێکم پێبکات کە هەتا مردن پێیەوە

بتلێمـەوە، بۆیـە وردە وردە خەریکـە تـووڕە دەبم. بـیر دەکەمـەوە باشـترین شـت ئەوەیـە بیکەمـە دەرەوە و دەرگاکـە دابخـەم و لێـی بخەومەوە. خەریکە هەڵدەسم، کەچی لەناکاو چارشێوەکە فڕێدەداتە لاوەو ڕێك بەرامبەرم دەوەستێ، وەك ئەوەی بۆ یەکەمجار لە ژیانمـدا ژنێکی ڕووت ببینم، ڕێـك چـاوانم ئەبڵـەق دەبـن. ئـاخر کـێ هەیـە لـە حاڵەتێکی ئـاوادا چـاوانی ئەبڵـەق نـەبێ و لـە سەرسـامیدا وڕ نـەبێ؟ ژنێکی کەمێك گۆشتنی بـەدەن بێگـرێ و گـۆڵ و لـووس و بێمـوو بـە ڕووت و قـووتی بەرامبـەرم وەسـتاوە، هـیچ هیچـی لەبـەردا نییـە. تەنانـەت مایۆیـەکی دوو پەنجـەییش کـە تـەنیا دەمـی سـەعاتەکەی داپۆشـێت، بـە نـاز ونـووز و پاڕانـەوەوە وەك ئـەوەی لـە بـەردەمی پاشایەکی دیکتاتۆردا بێت، دەڵێت:

"گەورەم، خاوەن شکۆ، خۆمت پێشکەش دەکەم، چـی بڵێـی بـە دڵی تۆ دەکەم، وەکو لاوێکی تاقانـەی خـاوەن حـەوت خوشـك نـازت دەکێشم، وەکو مـەلێك دەتخەمـە ژێـر باڵمـەوە و نەوازشـت دەکـەم، وەکو عاشقێکی شـێت و شـەیدات بـە برژانگـی چـاو دەتخـەوێنم، بـە هەناسەم، بە گۆی مەمك، بە گۆرانی ناخی ناخم دەتلاوێنم، بەس ڕێم بدە بابێمـەوە باوەشـتەوە." ناوەسـتێ بـۆ ئـەوەی بزانێـت مـن چـی دەڵێم، یەکسەر دێتە پێشەوە و دەستدەکات بە ماچـکردنم و لەگـەڵ هەر ماچێکدا دەڵێت:

"بەقوربانت بم، لەدەورت گەڕێم." لە جیاتی ئەوەی نەرم بم و تەسلیمی ئارەزووی خۆم و وروژاندنەکانی ئەو بم، رقێك لە ناخی ناخمەوە سەرهەڵدەدات، ئەم رقەش نویێ نییە و زۆر کۆنە، کاتێ ژن بە چاوی گەدایەك لە پیاو دەڕوانێ و پێی وایە هەر دەبێ پیاو مەجبوری بێت و هەموو پیاوێك لە بەرامبەر ناز و نووکی ژندا حیز دەبێت و بەچۆکا دێت، ئیتر من شێت دەبم، خۆ من پیاوێکی قۆز و بێوێنە نیم، بەڵام بایی ئەوەندە کەرامەتم هەیە لەبەرامبەر ژندا نەبمە گەدا، تەنانەت بۆ ژنەکەی خۆشم. بۆ یەکەمجار لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا تووشی حاڵەتێکی ئاوا دەبم، بەبێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت لە رێی کانی ژنان لە دوای ژنێکەوە دەڕۆم کە یەك تەشت جلی تەڕی بەسەر سەرەوەیە، لەپڕ لادەکاتەوە و دەڵێت:

"ئەوە شەرم ناکەی لە دواوە دیقەتی سمت و کەفەڵم دەدەی!" بەوپەڕی سەرسامییەوە دەڵێم: "تۆ باسی چی دەکەی پوریێ!" دەم با دەدات و دەڵێت: "دایکت پورێیە، دەزانم خەریکە سوێت بێتەوە بۆم!" شێتی دەمگرێ و دەڵێم: "وەڵڵایی خۆشت رووت بکەیتەوە سەیرت ناکەم!" زیاتر دەم با دەدات و دەڵێت: "ئەی بۆچی دەرپێکەم دانەکەنم و هەروا بەسەر پێوە گانێکت بەمێ!" وەکو بزمار دایدەکوتم بە ناو دڵیدا و دەڵێم: "وەڵڵایی بشم دەیتێ ناتگێم!"

"وەڵڵایی میزەکەشم وەکو شەربەت دەخۆیتەوە." "وەڵڵایی بشمری ناتگێم" ...

لەو دەقەیەوە رقم لەو ژنانەیە وا دەزانن هەموو پیاوێك وەکو نۆکەر لە بەردەمیاندا کڕنووش دەبات. بۆیە لەشی نەرم و لووسی خومار نابێتە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵی خۆم لە دەست بدەم، هەروا پاڵی پێوە دەنێم و لە خۆمی دوور دەخەمەوە، کەچی پێمەوە لکاوەو لێم نابێتەوە، پاڵێکی توندی پێوە دەنێم و هەر لەسەر دۆشەکەکەی خۆم بە پشتا دەکەوێت، وەك ئەوەی بوورابێتەوە، جووڵەی نامێنێ، هەناسەیەك هەڵدەکێشم و لە جەستەی رووتی رادەمێنم. دەنگێك وەك ئەوەی لە ژوورەکەمدا بێت، زۆر بەڕوونیی پێم دەڵێت:

"بۆچی خۆت سەغڵەت کردووە کابرا، کێ لە ژیانیدا هەلی وای بۆ هەڵدەکەوێ؟ خۆشترین ژن بە پێی خۆی هاتۆتە ژوورەکەت و دەیەوێ لەگەڵی بخەوی، کەچی غیرەتت نییە، ئەی کوا پیاوەتیت؟ جەناب! نا، نا جەبببان! دەبێ تەسلیم بیت و دڵی رازیی بکەی. گەمژە تۆ نازانی سێکس هێزی لافاوێکی سەرشێتە، کە قەت ناتوانی رێگری لێبکەی، وەکو پیاوێکی عاقڵ و ژیر ئەم دەرفەتە لە کیس خۆت مەدە و بەبێ دووڵیی وەکو کەر سوارییە و بە دڵی ئەو بکە. ...."

دەچمە پێشەوە سەیری دەکەم، بزانم بۆچی جوولەی لێبڕاوە، لەپڕ باوەشم پێدا دەکات و دیسان دەستدەکاتەوە بە ماچکردنم. هەردوو قۆڵی بۆ گەردنم دەکات بە کۆت، ماچم دەکات و بە قوربان و بە ساقەم دەبێت. هەرچی هێزم تێدایە دەیخەمەگەڕ و لە خۆمی دوور دەخەمەوە. بە هەمان هێزەوە قۆڵی دەگرم و بە تووڕەییەوە بە ڕاکێش راکێش بەرەو لای دەرگاکەی دەبەم. وەها خۆی لە عەردەکە گیر دەکات، دەڵێی شاخی مانگایەکم گرتووە و بە زۆر بۆ سەربڕین بەکێشی دەکەم، هەناسەبڕکێم پێکەوتووە. هەرچۆنێ بێت دەیگەیەنمە لای دەرگاکە، لەوەدام دەرگاکە بکەمەوە و پاڵی پێوە بنێم بۆ ئەودیو. دەست دەبات بۆ ناو گەڵم و توند گەڵوگونم دەگرێ. دیسان دەکەوێتە پاڕانەوە و لالانەوە، دەڵێت:

"بە قوربانت بم، بە میوانت بم، دەبا بیخۆم، هەر یەکجار، هەر یەکجار، ئەها بە قوربانی باوکیشت بم بەخوا خەریکە سوێم دەبێتەوە." هەتا دێت زیاتر تووڕە دەبم، تەواو تووڕە دەبم، بەڵام وەکو ڕێوییەکیش کە گونی بووبێت بە فاقەوە، جووڵەم بۆ ناکرێت، دەبێ فێڵی لێبکەم و بە قسەی خۆش لە خشتەی بەرم.

"باشە، باش، بەس هەر ئەمجارە، بەڵام لای کەس باسی نەکەی، هاااااا." لە خۆشیدا دەست بەردەدا و دەست دەکاتەوە بە ماچکردنم. یەك پاڵی پێوەدەنێم و دەیخەمە ئەودیو دەرگاکەوە،

بەرلەوەی فریا بکەوێت قاچی بخاتــە بەردەرگاکــە، یــان شــانی پێــوە بنێت، خڕ دەرگاکەی لەسەر دادەخــەم. دیــارە بــەو فێڵــە زۆر تــووڕە بووە، گوێم لێیە لەو دیوەوە دەڵێت:

"توخــوا تــۆ پیــاوی، بــە خــۆت دەڵێــی پیــاو، وەڵڵاهــی مــووی پیاوەتیت پێوە نییە، نە پیاوەتیــت هەیــە، نــە وەکــو پیــاو خــاوەنی قسەی خۆتی."

گــوێی نــادەمێ و دێمــەوە جێگاکــەی خــۆم، ســەیر دەکــەم چارشـێوەکەی هــەر لەوێـدا کـەوتووە. لـە راسـتیدا نـاوێرم دەرگاکـە بکەمەوە و چارشێوەکەی بۆ فڕێبدەمە ئەودیو دەرگاکەوە. دەترسـم وەکو دێڵەگورگێکی برینـدار خـۆی بکـات بـە ژووردا و لـە رق و قینـا گونەوێڵم دەربێنێ، یان بە زۆر بمدات بەسەر خۆیدا و تووشی ئـازاری کوشندەی ویژدانم بکات.

دیسان دەنگەکە دێتەوە گوێم، دەڵێت:

"راست دەکـات توخـوا تـۆ پیـاوی و مـووی پیاوەتیـت پێوەیـە؟ پێتوایە کارێکی باش دەکەیت و باسی ویـژدان و تـەڕەماش دەکـەی. تا ئێستا لـە خۆتـت پرسـیوە ویـژدان چـییە؟ ئایـا هـەر ئـەو خـوو و نەریتە قۆڕە کۆمەڵایەتیی و دینییانە نییە کە لە منالییەوە وەکو کەر لێیــان بــارکردووی؟ وەکــو کــۆت و پێوەنــد کردوویانەتــە دەســت و قاچت، بۆ ئەوەی هەمیشە دیلت بکات و نەیـەڵێ هـیچ شـتێ بـە دڵـی

خـۆت بكـەی؟ ئێســتاش كـە بـەخێرێ پیاوێكیـت و خـاوەنی ژن و منالێت، هەر كۆیلەی ئـەو شـتە قۆڕانـەیت و نـاوێری بجوولێیتـەوە و هەمیشە وەكو چاودێرێكی دڵڕەق بەسـەر سـەرتەوەیە و هـەر كاتێـك شــتێكت كردبێــت بــە ئــارەزووی دڵــت بــووبێ و ئارەزووەیــەكت تێركردبـێ، لێـت راسـت بۆتـەوە و هـەنگوینی لێكـردووی بـە ژەهـری مار...

ئێستاش بەبێ ئـەوەی لـە داهـاتوو بڕوانـی، هەڵەیـەكی كوشـندە دەكـەی ئەگـەر ئـارەزووی ئـەو ژنـە پێشـێل بكـەی، كـە ئـارەزووی خۆشتەو درۆ دەكـەی چـونكە دیلـی ویـژدانی! مـن كـە ئەمـە دەڵـێم دڵنیام لای تۆش ئارەزوویەكی شاراوە هەیە و كردووتە بـەژێر تـەپ و تۆزی ویژدانەوە. ئەگەر ئەوە نەكەی، ئەم هەڵەیە لە داهاتوودا وەكو مار لە ملت دەئالێ و هەناسـەت لەبـەر دەبـڕێ، چـاوەڕێ بكـە بزانـە چۆن سەرت بە فەتارەدا دەدات؟"

خومار هەر لە دەرگا دەدات و دەڵێت:

"بیكەرەوە، بیكەرەوە، بیكەرەوە، بیكەرەوە، بیییی ..."

منـیش مـێش میـوانم نییـە و لێـی دەخەومـەوە. خومـار هـەتا دەتوانێت لە دەرگـا دەدات، هـاوار دەكـات، بیكـەرەوە، بیكـەرەوە. ئـاخری هـەر لـە وێـدا خـەوی لێدەكـەوێ، هـەتا بـەیانی لـە وێـدا دەخەوێ.))

سەر هەڵدەبڕم، سەیر دەکەم، لە دەروازەی شار نزیك دەبینەوە، ئـەمجارە هەسـتێکی سـەیرم هەیـە بـۆ شـارەکەم، چـیتر هەسـت بـە نامۆیی ناکەم. لـەو دوورەوە بـۆنی شـار دێتـە لـووتم، ژاوەژاوی شـار دێتە گوێم. هەست دەکەم وەکو بێشکەیەك رۆحم رادەژەنێ.

24

# خافڵکوژیی

ئێستا کە خەریکم دوا بەشی ئەم بەسەرهاتانە دەنووسم.

بیست ساڵ زیاتر بەسەر ئەو شەڕە پڕ ئازار و بەسوێیەدا تێپەڕدەبێ، بەڵام برینە قووڵەکانی شەڕی ناوخۆ هێشتا سارێژ نەبوون. هەرگیز لەو بڕوایەشدا نیم ئەو برینانە قەتماغە ببەستن، ئەو زامانە قەت قەت سارێژ نابن، باوەڕم وایە هەتا کۆن بن لە جیاتی ئەوەی لە یادبچنەوە ئازار و ژانیان زیاتر دەبێت.

به تایبەتی زامی ئەوانە بە ژانە کە لە ڕۆژی یەکەمی جەنگدا بەبێ ئەوەی ئاگا و خەبەریان لە شەڕ بێ کوژران. لەم ڕۆژانەدا یادی شەهیدکردنی سابات نەبەزە، کە بە دەستی ئەسکەندەری قالە یەکانە شەهید کرا. ئێستاش نازانم بۆچی بەسەرهاتی شەهیدکردنی سابات نەبەزم بیردەچێتەوە؟ کە ئەو نیوەڕۆیە ئەسکەندەری قالە یەکانە بە دەم فشەکردن و خۆهەڵکێشانەوە زۆر بە وردیی باسی دەکات، کەچی من وەکو گێلێك لە یادی دەکەم، بۆ خۆشبەختی لەگەڵ هەواڵی یادەکەیدا منیش موو بە موو بیرم دەکەوێتەوە.

(ڕێك لەو کاتەدا کە خومار ریزە چای دووەم دەهێنێ. ئەسکەندەر چاکەی تێکدەدا، کەوچکەکەی لێدەردەهێنێ، لە جیاتی ئەوەی کەوچکەکە لەسەر پشت دابنێ لەسەر دەم دایدەنێ، ڕەنگە ئەو هەر لە خۆیەوە بە بێ هیچ مەبەستێك، بەو شێوەیە دەمەونخون ئەو کەوچکە حیزە دابنێت، بەڵام من خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێت ئەو فیلەگێژە شتێکی قلّپ کردۆتەوە، یان کەتنێکی گەورەی کردووە.

یەك قوم لە چاکەی دەدا و دایدەنێتەوە. دەست دەداتە سەرینە پەڕەکەی پشتی، کە بەرگەکەی ئەنگۆرەیەکی قاوەیی گوڵ مۆرە، سەرینەکە دەخاتە سەر هەردوو ڕانی، هەر دوو ئەنیشکی لەسەر دادەنێ، سەرینەکە لە شوێنی هەردوو ئەنیشکی چاڵ دەبێت، دەستی ڕاستی دەخاتە لای گوێچکەی، دەڵێی دەیەوێ حەیران بڵێت، یان هۆرە بکات، یان حیکایەتێکی کۆن بگێڕێتەوە.

کە لە سەر و سەکوتی ورد دەبمەوە و جوان جوان دیقەتی دەدەم، بۆ یەکەمجار هەست دەکەم سەر و سیمای لە حەیرانبێژێکی کەللەبەرانی نووزەدرێژ دەچێت، ئەگەر ئێستا بەو شێوەیە تێی هەڵبکات، حەوت شەو و حەوت رۆژ دەڕێسێ و نایبڕێتەوە. یان وەکو حیکایەتخوانێکی قەرەچەناخ، هەر کە دەستی بە قسان کرد، بە دەست و سەر و چاو و برۆی دەکەوێتە ئاماژە و دەنگی بەرز و نزم دەکاتەوە و هەتا کۆتایی حیکایەتە ناوەستێ. کەچی بە پێچەوانەی خەیاڵی منەوە هەروا بەبێ جووڵە دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی مچوڕکە بە لەشی هەمووماندا دێنێ:

(لە شەڕدا هیچ شتێك لە خافڵکوژیی گرنگ تر نییە، چونکە بریتییە لە لەناوبردنی دوژمن لەو کاتەدا کە ئاگاو خەبەری لە هیچ نییە. شەڕ جێگای جوامێریی و پیاوەتیی و شتی وای تیا نابێتەوە. دەڵێن لە ژاپۆن ئەگەر سەرکردەیەك لە شەڕدا بدۆڕێ بە خەنجەر خۆی دەکوژێت، وابزانم ئەمانە "سامورای"یان پێدەڵێن. گەلێ شتی سەیر و سەمەرەیان لێدەگێڕینەوە، دەڵێن قەت لە پشتەوە خەنجەر لە دوژمن نادەن و هەتا ئاگاداری نەکەنەوە شەڕی لەگەڵ ناکەن. کوڕە شتی وا سەیرو سەمەرەیان لێدەگێڕنەوە سەربەقوڕ دەهێنێتە پێکەنین. دەڵێن ئەگەر حەز لە ژنی سامورایەك بکەی، هیچت لەگەڵ ناڵێت، تەنیا دەڵێ شمشێرەکەت حازرکە فلان رۆژ شەڕە شمشێر دەکەین، ئەگەر شمشێریشت نەبێت، شمشێرێکت بە دیاری دەداتێ،

ئەگەر شەڕە شمشێرەکەی لێببەیتەوە ئـەوا ژنـی کـابرا دەبێتـە ژنـی خـۆت و وەکـو بـەرزەکی بانـان بـۆی دەردەچـی، ئەگـەر کـابراش بیباتەوە ئەوا بە مایـەی خۆیـەوە هەڵدەسێتەوە. جگـە لـەم قەومـە عەجیبە هیچ کەسێ لە کاتی شەڕدا جوامێریی لێناوەشێتەوە.

لەشـەڕدا مـرۆڤ رێـك دەبێتـە دڕنـدە و دەبێـت فێـڵ و فـەرەج لـە بەرەمبەرەکـەی بکـات بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانترین شـێوە و بـە بـێ قوربانیدان تەفرو تونای بکات.

سـەیری شـێرێك بکـەن کـاتێ دەیـەوێ ئاسـکێکی بەسـەزمان راو بکـات و بیخـوات، ئەگـەر ئاسـکەکە لەبەرهـەتاو خـۆی هەڵخسـتبێ و خەوتبێ، شێرەکە نایکـات بـە نـەڕە نـەڕ و هـەرا و زەنـا بـۆ ئـەوەی نێچیرەکەی لـە کـیس نەچـێت. نـەخێر، هەسـت و خوسـت لـە خـۆی دەبڕێ و هێدی هێدی بێئەوەی بیـەڵێ خشـەی گیایـەکیش بێـت، لـە ئاسکەکە نزیك دەبێتەوەو پەلاماری دەدات.

مـن و دەستەکەشـم ئـاوا پـەلاماری سـابات نەبـەز و دەسـتەکەی دەدەین لە ماوەی چارەکە سـەعاتێکدا، هـەر هـەموویان دەکـوژین و یـەك کـەس دەردەچـێت، یـەعنی لـە سـی کـەس تـەنیا یـەك کـەس قوتاردەبێت، ئەویش ئەگەر راشی نەکردایە، نەمدەکوشت خۆ دەبێت کەسـێك هـەبێ و هەواڵەکـە بـۆ حزبـی (A) بەرێتـەوە بـۆ ئـەوەی پشتیان بشکێ.

پیاو حەق بڵێت، سابات نەبەزی رەحمەتی کوردپەروەرێکی راستەقینە و بێغەل و غەش بوو، یەك زەرە باوەڕی بە شەڕی ناوخۆ نەبوو، هەمیشە خۆی لێلادابوو، کتێبێکی گەورەشی لەسەر زیانەکانی شەڕی ناوخۆ نووسیوە. بەڵام ئەگەر شەڕ یەخەی بگرتایە، بەور ئاسا، دەستی دەوەشاند و پشتی دوژمنی دەشکاند. بە کورتی پیاوێك نەبوو بە شەڕ دەرەقەتی بێی، دەبوو فێڵی لێبکەیت و لەناکاو بیکوژی پێش ئەوەی دەستی بگاتە تفەنگ ...

چوار سەعاتێك دەبێت شەڕ لە نێوان ئێمەو حزبی (A)دا قەوماوە. زۆر گورزی کەمەرشکێنیان لێوەشاندووین، یەکسەر ئەو خەیاڵە شەیتانییەم بۆ دێت سابات نەبەز و دەستەکەی باشترین نێچیرمان دەبن، بەو مەرجەی خافڵکوژیان بکەین.

بارەگاکەی نیو سەعاتێك لە بارەگاکەی ئێمەوە دوورە. نامەیەك دەنووسم و بە کوڕەکەی خۆمدا بۆی دەنێرم، لە نامەکەدا وا خۆم نیشان دەدەم کە ئاگام لەوە نییە شەڕ لە نێوانماندا قەوماوە، داوای لێدەکەم بۆ نیوەڕۆ داوەتمان بکات، بۆیە نالێم داوەتتان دەکەم چونکە دەترسم خەبەری شەڕی هەبێت و تێبگات چیم لەژێر سەردایە. حسابی ئەوەش دەکەم ئەگەر هەتا نیوەڕۆ بشزانێت شەڕ قەوماوە، ئەوپەڕی بیانوویەك دەهێنێتەوە و لە داوەتەکە پەشیمان دەبێتەوە. بۆچی نامەکە بە کوڕەکەی خۆمدا دەنێرم؟ چونکە وت و

وریایە و ڕێوی گـرەوی لێناباتـەوە، هـەتا بڵێـی بـۆ چـاودێریی ورد و خوردە و هەر بۆ سیخوڕیی خولقاوە.

لەلایەکی تریشەوە سابات نەبەز گومانی نامێنێ کە من ئاگـام لـە شـەڕ نییـە، دەنـا چـۆن کوڕەکـەی خـۆم دەنێـرم. حسـابی ئـەوەش دەکەم دنیاش کاول بێت سابات نەبەز نە کوڕەکەم دەکـوژێ نـە لای خۆشــی بــە دیــل دەیگــرێ، لــە هــەموو حاڵەتێکـدا بــە ســەلامەتی دەینێرێتەوە. هێندە نازانم کوڕەکـەم دێتـەوە، هـەر لـە دوورەوە بـە روخساریدا تێدەگەم سابات نەبـەز ئاگـا و خەبـەری لـە شـەڕ نییـە و داوەتمان دەکات. کەمتر لە دوو سەعاتی ماوە بۆ نیوەڕۆ، بۆ ئـەوەی بیانوو نەهێنێتەوە کە خواردنیان پێ حارز ناکرێ و نەیخاتە ئێـوارە، لە نامەکەدا بۆی دەنووسم:

(بـرای خۆشەویسـت خۆتـان سـەغڵەت مەکـەن، پێکـەوە نـانێکی دەروێشی دەخۆین و بـە دیـدارتان چـاومان روون دەبێتـەوە.( خـۆی جوان نییە بە کەسێك بڵێی داوەتم بکە، بـەڵام دەتـوانی وای لێبکـەی لەڕوودا دابمێنێ و پەسەندی بکـات. گـرنگ ئامانجەکەمـە، ئـەی ئـەو کابرا شەیتانە ئیتالییە، نـاوی چییە؟ ئـەها، مـەکیاڤیللی، ئـەی ئـەو ناڵێ "ئامـانج پاسـاو بـۆ هۆکـار دەهێنێتـەوە." بۆیـە گـوێ بـەوەش نادەم. کە گوێ لـە کوڕەکـەم دەگـرم یەکسـەر پـانزە کەسـی ئـازا و شڕەخۆر بانگ دەکەمە ژوورەکەی خۆم و دەکەوینە راو تەگبیر.)

لـەم کاتــەدا یەکســەر هەڵدەسـێ و بەپەلـە بـەرەو ئـاو دەسـتەکە دەڕوات کە لە سووچی خوارەوەی حەوشەکەیە. دیارە میز زۆری بـۆ هێناوە، دوای چەند دەقەیەك دێتەوە، ئـەمجارە سـەرینەکە دەخاتـە پشتییەوە و پاڵی لێدەداتەوە. بەبێ ئەوەی کەس پێی بڵی ئێ دوایی چی روویدا؟ دەست پێدەکاتەوە.

(ئێ تێر و پڕ برنجی سوور و شلەی باینجان و ماستاوی خەست و خۆڵ دەخۆین. ئیتر کاتی ئەوەیە دەستی خۆمان بوەشـێنین. دەزانم سـابات نەبـەز بـە دەسـتی خـۆی بـە دار چـا لێنـەنێت نایخواتــەوە. نەخشەکە وایە لە کاتێکدا سابات نەبەز لـە ئاگردانەکـە خـەریکی چـا لێنانە یەکێك بیکوژیـت و ئێمـەش ئەمانـەی ژوورەوە بکـوژین. کـاتێ سابات نەبـەز هەڵدەسـێ بـۆ ئـەوەی چـاکە لێبنێـت، هـەروا بـە چـاو دەیانـژمێرم، بیسـت و پێـنج کـەس لـە ژوورەوەن. خۆشـم هــەروام حسـاب کـردووە، چـوار کـەس بـۆ کوشـتنی سـابات نەبـەز و پێـنج کەسەکەی دەرەوە تەرخان دەکەم، کە یـەکێکیان لـە دووریـی چـوار سەد مەترێ پاسەوانە.

ئــەو کـە بەڕێکـەوت بـەخت یـاری دەبـێ، هێشـتا نـانی نیـوەڕۆی نەخواردووە چاوەڕێیە کەسێك بچێت و بەدلی بکات، لێیدەگـەڕێم بـە سکی برسی رابکات، باشترە لەوەی بکوژرێ! دەبێت لەگەڵ بیستنی دەنگـی تەقــەدا لــە دەرەوە، دووان لەوانــەی تەنیشــتم خێــرا بــە مەخزەنی حەفتا و پێنجی ئاوڕشـێنی ریزەکـەی بەرامبـەرمان بکـەن،

کــە هــەر هــەموویان بێچــەکن و تفەنگــەکانیان بــە دیوارەکانــدا هەڵواسیوە.

لــە دەرەوە زرمــە هەڵدەســێ، دووانەکــەی تەنیشــتی منــیش ئاوڕشێنی خۆیان دەکەن. من یەکسەر رادەکەمە دەرەوە بۆ ئـەوەی تەئکیـد بکەمـەوە کـە سـابات نەبـەز کـوژراوە. سـەیر دەکـەم لای ئاگردانەکەوە لەسەر لا کەوتووە لنگەفرتێ دەکات. چوارەکەی تر لـە پەلــەقاژە کــەوتوون و ئیســراحەتی خۆیــان وەرگرتــووە. دەچــمە بـەردەمی سـابات نەبـەز و بـە چیچکانەوە لەبەردەمیـدا دادەنیشـم. دەڵێم:

(برای خۆشەویست ئەگەر وەسیەتێکت هەیە حەز دەکـەم بـە مـنی بڵێی.)

بە ئاستەم رۆحی تیا ماوە، بە چاو ئاماژەم بۆ دەکات لێـی بچـمە پێشــەوە. وادەزانم دەیــەوێ شــتێکی گــرنگم پــێ بڵێــت و دەنگــی دەرنایــەت، کەچــی هــەتا دەمــی دەیگــرێ تفــی خوێنــاوی دەدا بــە دەموچاومدا. هاوار لە پێشمەرگەکەی تەنیشتم دەکەم و دەڵێم:

( سەگباب، بیخەوێنە.)

ئـەو کـەر و گایـە واتێـدەگات کـە بڵـێم بیخـەرە سـەر پشـت. بـە هێواشی دەست لە شانی گیردەکات و دەیخاتە سەر پشت. هەرچـی گوللەیەك لە دەمانچەکەمایە دەینێم بە دەموچاوی و سەر سنگییەوە و لە جووڵەی دەخەم، ئینجا روو لە پێشمەرگەکە دەکەم و دەڵێم:

(کوڕی کەر، کەللە پووت، دەڵێم ئاوا بیخەوێنە، ئاوا.)

به پشتوێنەکەم دەموچاوم دەسڕم و ئارام دەبمەوە. قەدەرێك لە تەرمەکەی سابات نەبەز رادەمێنم کە لەسەر پشت کەوتووە، بەڵام باڵای لە کاتی ئاسایی بەرزتر دێتە بەرچاوم، وەك ئەوەی بێباکانە بە پێوە وەستابێ سنگی دەرپەڕاندووە. درۆ ناکەم هێشتا لێی دەترسم و لە ناخیشەوە بەزەییم پیایدا دێتەوە. پێم عەیب نەبێت تێر تێر بەسەر تەرمەکەیدا دەگریم. هیچ شتێ لەوە ناخۆشتر و پڕ ئازارتر نییە پیاوێکی جەربەزە ببینی بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی جوڵاندنی چڵەپووشێکی هەبێت، بێجووڵە لەبەردەمتا کەوتبێ، ئیتر ئەو پیاوە ئازایە لە جیاتی ئەوەی سام و هەیبەتی هەبێ شایانی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە دیمەنی تەرمی ئەو دوژمنە ئازایەمدا بەدی دەکەم، پێش هەموو شتێك بێباکییە لە مەرگ، رێك ئەوە لە روخساریدا دەخوێنمەوە کە بڵێت:

(من لە مەرگ باکم نییە و سڵ لە مەرگ ناکەمەوە، دەبێ مەرگ سڵ لە من بکاتەوە.)

تەرمی دەیان ترسنۆکم دیوە و هیچ کارێکیان لێنەکردووم، هەمیشە بە کوژراویش ترس بە روخساریانەوە دیار بووە. بڕوا ناکەم هەتا مردن دیمەنی تەرمی سابات نەبەزم لەبیر بچێتەوە.)

(دەچمەوە ژوورەوە، سەیر دەکەم نەك هەر بیست و پێنج کەسەکەیان لە جووڵە خستووە، گیرفانی هەر هەمووشیان گسك داوە. بە بینینی ئەو قەسابخانەیە لە جیاتی ئەوەی دڵتەنگ بم، خۆشحاڵ دەبم، هەر زۆریش خۆشحاڵ دەبم.

گەنجێکی تەمەن شانزە حەڤدە ساڵ کە لەسەر دەم کەوتووە، زۆر سەرنجم رادەکێشێ. هەر لە خۆمەوە خەیاڵم بۆ ئەو حیکایەتە سواوە دەچێت کە زۆرجار ژنان دەماو دەم لە کاتی شەڕو شۆڕ و پرسەکاندا باسی دەکەن و دەڵێن:

(ئەو کوڕە گەنجە دەتگوت توولە نەمامە، لە توولی جوانیدا کوشتیان، هەر ئەو کوڕە تاقانەیەیان هەبوو، جەرگی دایك و باوکیان سووتاند و حەوت خوشکیشیان بێ برا کرد.) هەمیشە کاتێ گوێم لەم جۆرە حیکایەتە دەبێت، باوەڕی پێ ناکەم، دەڵێم درۆیە، باشە بۆچی خاوەنی شەش خوشك یان هەشت خوشك نەبووە؟

نازانم چ هێزێکی سەیر پاڵم پێوە دەنێت و هانم دەدا روخساری ئەو گەنجە ببینم، لە دڵم چەقیوە ئەو گەنجە باریکەلە و کاڵە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ئەو جۆرە حیکایەتانە. بڕوا بکەن دڵ و دەستم دەلەرزێ و دەترسم لەوەی تەرمەکەی بخەمە سەرپشت و روخساری ببینم. پێشمەرگەکانی دەوروبەرم هەموویان سەرقاڵی شڕەخۆریین و ئاگایان لە من نییە. لەسەر چیچکان دادەنیشم و وردە وردە لێی دەچمە پێشەوە و بە هێواشی تەرمەکەی دەخەمە سەر پشت. ئەی خوایە چی دەبینم؟ جوانترین جوانووی ئەم دنیایە! جوانترین گەنجی ئەم دنیایە، سەد ئەوەندەی یوسفی کەنعان جوان و گەنج و لە دڵا شیرین. وەك ئەوەی دڵم زەعفی کردبێ، یان گوێچکەی ناوەڕاستم هەوێکی پیسی کردبێ، ناتوانم راست ببمەوە و هەڵسمە سەرپێ. یەکسەر لەسەر عەردەکە تەخت دادەنیشم، سەری

دەخەمە سەر رانم و بانگ هەڵدەدەم، بە دەم ماچکردنییەوە تێر تێر بۆی دەگریم. پڕ بەدڵ حەز دەکەم راست نەبمەوە و یەکسەر رۆحم دەرچێت. پێشمەرگەکان هەموویان لێم کۆدەبنەوە و دەڵێن:

(قوربان ئەوە کێیە؟ بۆچی بۆی دەگریت؟)

دەڵێم: (نایناسم هەروا بۆ گەنجیی و جوانییەکەی دەگریم، ئاخۆ کوڕی چ نەگبەتێك بێت؟)

هەرچەند دەکەم جورئەتی ئەوەم نییە راستی مەسەلەکەیان پێ بڵێم. هەتا لە توانامدایە بۆی دەگریم. دوایی بە هێواشی لە جێگای خۆی دایدەنێمەوە.

دەکەوینەڕێ، بارەگاکە بەو هەموو تەرمەوە بەجێدەهێڵین و دەیدەنە دەست خوا. هەر ناوە ناوە لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

(ئای کوێراییم دایە، ئای خاڵت کوێر بێت.)

هەرچەندە ئەو کاتە باسی ناکەم و مەسەلەکە دەشارمەوە، بەلام دوایی هەموو شتێك ئاشکرا دەبێت. هەمووان دەزانن کوڕە تاقانەکەی تاقە خوشکەکەمە. لە دوای حەوت کچ ئەو تاقە کوڕەی دەبێ ئەویش بە دەستی من، بە دەستی بێمروەتترین و دڵڕەقترین خاڵ دەکوژرێ. کەس وەکو من نازانێ خوشکەکەم چەندە ئەو کوڕە تاقانەیەی خۆشدەوێ. ئێستاش نازانم بۆچی کوێراییم دادێت و بەشارەتم دەبەسترێ، لە کاتی نانخواردن و پێش نانخواردندا خوشکەزاکەی خۆمم نابینم، ئەگەر بمدیایە لەوانە بوو هەر لە بێخەوە نەخشەکەم هەڵبوەشێنمەوە، یان بە ددانیش بووایە خوشکەزاکەی

خۆم بپاراستایە. هەڵەکەی من لەوەدایە کە کوڕەکەی خۆم نابەم بۆ چالاکییەکە، دەنا ئەو هەر دەیدۆزێتەوە و دەیناسێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەمە ئەو راستیەیە کە قەت خوشکە تاقانەکەم بڕوای پێناکات، لەبەردەمیدا خۆشم بکوژم متمانەم پێناکات، هەر لە پرسەکەیدا جوابێکی دڵتەزێنم بۆ دەنێرێت و دەڵێت:

(خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو وەکو بێگانەیەکی حەفتا بێگانە، لاقەم بکات و زۆڵێکم پێ فڕێ بدات، بەڵام قەت قەت خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو بە دەستی خۆی تاقە کوڕەکەم بکوژێت و ئاگر لە جەرگم بەربدات، مەرگی نەبێت بەڵام قەت قەت خێر لە خۆی نەبێنێ، هەتا قیامەت نامەوێ لەبزم لە لەبزی بگەڕێ و چاوم بە چارەی بکەوێ. کە مردیشم قەرزاری رۆژی قیامەتم بن نەیەڵن بێتە سەر گۆڕەکەم.)

کە سەیری دەکەم فرمێسك لە چاوە شێتەکانیدا قەتیس ماوە. لە روخساری شێواویشیدا هەتا سەرئێسقان پەشیمانیی دەخوێنمەوە، ئەی بۆچی ئاوا بە راشکاویی وردەکاریی ئەو تاوانە بۆ ئێمە باس دەکات. بەڵام جوان جوان دەرك بەوەش دەکەم کە ئەمە لەو ساتەوەختانەیە کە مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات و دەیەوێت ناخی خۆی هەڵڕێژێت بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بۆ چەند ساتێکیش بێت ئۆخژنێك بە ناخی خۆی بدات.

## کۆتایی 2016

## بەرهەمەکانی تری نووسەر

1- سێ دڵۆپە خوێن 11 چیرۆکی سادقی هیدایەت، وەرگێڕان، 1999.

2- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا، نووسینی حجت مرتجی، وەرگێڕان، 2001.

3- بەرەو مەدەنیەتی نوێ، نووسینی، ئەلڤین تۆفلەرو هایدی تۆفلەر، وەرگێڕان، 2002.

4- کافکا، کتێبی گیرفان، نووسینی، سادقی هیدایەت ویوسف حاجی میرزایی، وەرگێڕان، 2002.

5- تیۆری رۆمان، نووسینی، کۆمەڵێ نووسەر، وەرگێڕان، 2003.

6-ساڵی ئاشووب، رۆمانی عەباسی مەعروفی، وەرگێڕان، 2005.

7- عەقڵ و هەست، کۆمەڵێ بابەت، نووسینی، کۆمەڵێ نووسەر، وەرگێڕان، 2005.

8- نیتشەو فێمینیزمی هاوچەرخ، کتێبی گیرفان، نووسینی، نوشین شاهندە، وەرگێڕان، 2006.

9- فەیلەسوفە مەزنەکان، نووسینی، برایان ماگی، وەرگێڕان، 2006.

10- خەونی سپی، کۆمەڵە چیرۆك، نووسین، 2006.

11- پـۆلێ چـیرۆکی ئـاوەکی، نووسـینی، کۆمـەڵێ نووسـەر، وەرگێڕان، 2007.

12- خۆشەویسـتیی لـەزەمانی کـۆلێرادا، رۆمـانی گابریـل گارسـیا مارکیز، وەرگێڕان، 2008.

13- دەشتی سـووتێنەر، نووسـینی خـوان رولڤۆ، کۆمەڵـە چـیرۆك، 2008.

14- من هەمیشه نیگەرانم ، رۆمان، نووسین، 2010.

15- وەرزی دروێنـەی فریشـتەکان، کۆمەڵـە چـیرۆك، نووسـین، 2010.

16- رازو رەمزەکـانی رۆمـان، دیـدارو بابـەتی ئـەدەبی، وەرگێـڕان، 2012.

17- شاسواریك بەسەر پشـتی بـاوە، رۆمـانی محەمـەد قاسـم زادە، وەرگێڕان، 2012.

18- جەنـەڕاڵی سـوپای مـردوو، رۆمـانی ئیسـماعیل کـادارێ، وەرگێڕان، 2012 .

19- حیکایەتەکانی ئۆشۆ، ئۆشۆ، عیرفان، وەرگێڕان، 2016.

20- پاسـەوانی کێڵگـەی هـەرزن، رۆمـانی جـەی. دی. سـالینجەر، وەرگێڕان، 2017.